# دجلەی هزرم

# دجلەی هزرم

## کۆمەڵە وتارێکی رۆشنبیرییە بە شێوازێکی ئەدەبی – هونەری نووسراوە

**بەرگی دووەم**

**نووسینی**

**دوکتۆر مارف خەزنەدار**

**چاپی یەکەم – هەولێر**

**٢٠٠٩**


**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **دجلەی هزرم (کۆمەڵە وتارێکی رۆشنبیرییە بە شێوازێکی ئەدەبی- هونەری نووسراوە)**
- نووسینی: دوکتۆر مارف خەزنەدار
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسین
- پیتچنین: کاوە حسین
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: (٥١٣)
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٩
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب ( ٣٦٠)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

## ناوەرۆك


١٠٣- سەدەی بیست و یەکەم و هەزارەی دووەم ١
١٠٤- رۆشنبیر و دەسەلآت ٤
١٠٥- سانسۆری دەسەلآت ٧
١٠٦- رۆژێ لە ژیانی مووچەخۆرێکی هەولێری ١٠
١٠٧- مۆسیقای کوردی ١٣
١٠٨- لانەی جاسووسی رووسیا ١٦
١٠٩- مەلا شەریفی هەولێر ١٩
١١٠- گورجستان و برسیەتی ٢٢
١١١- جەژنی رەمەزان و قوربانی هەولێر ٢٥
١١٢- پووشکین چۆن کوردی ناسیوە...؟! ٢٧
١١٣- بتەکانی ئەفغانستان یا یادگارە بێ هاوتاکان ٢٩
١١٤- باباگورگور ٣٢
١١٥- سێ شارەکەی مۆزەی لووڤر لە پاریس ٣٥
١١٦- یەشار کەمال و نەجیب مەحفووز ٣٨
١١٧- کە ئایین دەبێتە سامانی نەتەوەیی ٤١
١١٨- بە شەڕ ئەنگێزی لەسەر ئاشتی دەکەنەوە ٤٤
١١٩- بۆ چ مەلیکیان کوشت؟! ٤٧
١٢٠- قوربانییەکانی کورد لە جەنگی یەکەمدا ١٩١٤-١٩١٨ ٥٠
١٢١- هەزار و یەك شەو یا شەهرزاد ؟! ٥٣
١٢٢- گێرەشێوێنێ کە کای کۆنی بەبادا لە کنت ٥٦
چاکە هەر لێی خوڕی سەیری دەم و کاوێژی نەکەی
١٢٣- ئەکادیمیە و زانستگا ٥٨
١٢٤- پزیشکێکی تورك تیماری نەخۆشێکی کورد ناکا! ٦١
١٢٥- قسەی پێ دەگوترێ تەنیا لەبەر ئەوەی کوردە!! ٦٤
١٢٦- (قبول خاص) وەرگرتنی تایبەتی ٦٦
١٢٧- هەندێ ئەتیکێتی رۆژنامەگەری ٦٨
١٢٨- من بەڕاستی پەنابەری سیاسی بووم ٧١
١٢٩- ((سەرەوە)) و ((بنەوە)) و ((هاتنە خوارەوە)) ٧٤
١٣٠- عوسمان سەرسۆر ٧٧
١٣١- قەبرستانی گەورەی هەولێر ٧٩
١٣٢- مێشوولە دەچێ بەگژ قوللەی قافا ٨٢
١٣٣- کاك.. مامۆستا.. ٨٤
١٣٤- تەزبیحەکەی شێخ مەحموود ٨٧
١٣٥- من نەسووتێم.. تۆ نەسووتێی... کێ بسووتێ! ٩٠
١٣٦- ((تعال فهم حجی أحمد اغا!)) ٩٢
١٣٧- رووسیای ئۆتۆکرات و بیروکرات! ٩٥
١٣٨- یەکێتیی نووسەرانی کورد-لقی هەولێر ٩٨
١٣٩- فیستیڤالّی مەحوی (١) ١٠٠
١٤٠- فیستیڤالّی مەحوی (٢) ١٠٢
١٤١- فیستیڤالّی مەحوی (٣) ١٠٤
١٤٢- دیواری یادگاری ١٠٧
١٤٣- کەسانی بە نەژاد کورد ١٠٩
١٤٤- Made in Scotland ١١١
١٤٥- تۆڵەسەندنەوە! (١) ١١٤
١٤٦- تۆڵەسەندنەوە! (٢) ١١٦
١٤٧- تۆڵەسەندنەوە! (٣) ١١٨
١٤٨- کتێب فرۆشانی بن قەلآی هەولێر ١٢١
١٤٩- جاسووسیەت! ١٢٤
١٥٠- مارف بەرزنجی ١٢٧
١٥١- گردی قارنچاغا ١٣٠
١٥٢- شۆڕشی رووس لە ١٩١٧ دا ١٣٢

١٥٣- جەودەت ئەحمەد ناجی ١٣٤
١٥٤- چوومە ولاّتی کەس نەناس! ١٣٧
١٥٥- حزبی هیوا ١٤٠
١٥٦- سەدەی بیست و یەکەم و رژێمی مەلیکی ١٤٣
١٥٧- کێشەی شیعری پەشێو کێشەیێکی گشتییە ١٤٦
١٥٨- خراپە نابێ زوو لەبیر بچێتەوە ١٤٨
١٥٩- خاوەنی ئیمتیاز و سەرۆکی نووسین ١٥١
١٦٠- پرۆتۆکۆڵ ١٥٤
١٦١- پلیخانۆڤ ١٥٧
١٦٢- بیافرا ١٦٠
١٦٣- کۆمەڵەی فابی (فابیزم) ١٦٢
١٦٤- کۆنگرەی تاران (١٩٤٣) ١٦٥
١٦٥- درۆی دیپلۆماسی و هەڵوێستی راست ١٦٨
١٦٦- بە تەما نەبووم لەسەر نەورۆز بنووسم ١٧١
١٦٧- لە ئێران مۆسیقای کوردی دەکوژرێ لە تورکیا زیندوو دەبێتەوە ١٧٤
١٦٨- ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی لە سانت پیترسبۆرگ ١٧٧
١٦٩- لە هەموو شتێکدا یەکەم! ١٨٠
١٧٠- سەربازی نەناسراو ١٨٣
١٧١- یۆنیسکۆ UNESCO ١٨٥
١٧٢- هەندێ تێبینی لە بابەت رۆژنامەگەرییەوە (١) ١٨٨
١٧٣- هەندێ تێبینی لە بابەت رۆژنامەگەرییەوە (٢) ١٩٠
١٧٤- هەندێ تێبینی لە بابەت رۆژنامەگەرییەوە (٣) ١٩٢
١٧٥- حەمید عوسمان ١٩٤
١٧٦- پامپ — سیپان ١٩٦
١٧٧- تەموینی ئەوساو ئازووقەی ئێستا ١٩٩
١٧٨- دیسانەوە سەلاحەدین (١) ٢٠١
١٧٩- دیسانەوە سەلاحەدین (٢) ٢٠٣
١٨٠- دیسانەوە سەلاحەدین (٣) ٢٠٥
١٨١- ماهاتما غاندی ٢٠٧
١٨٢- سووریا وەك مەڵبەندێکی رۆشنبیری کوردی ٢٠٩
١٨٣- ئامۆژگاری بۆ هەندێ لە رۆژنامەنووسان ٢١١
١٨٤- بەرەی رزگاری (ڤیت کۆنگ) ٢١٣
١٨٥- ((مدیریەتی معارفی کوردستان)) ٢١٦
١٨٦- ئازاد شەوقی ٢١٨
١٨٧- زانستگاکانمان قوتابخانەن ٢٢٠
١٨٨- سەرای سلێمانی مەڕووخێنن ٢٢٢
١٨٩- ژمارەی سپاردن ٢٢٥
١٩٠- مۆزە ٢٢٧
١٩١- ماکیاڤیللی ٢٢٩
١٩٢- کۆمەڵەی مانگی سوور ٢٣٢
١٩٣- کەنداو ٢٣٤
١٩٤- چاوی سروشت — تابلۆی یەکەم ٢٣٦
١٩٥- چاوی سروشت — تابلۆی دووەم ٢٣٨
١٩٦- چاوی سروشت — تابلۆی سێیەم ٢٤٠
١٩٧- چاوی سروشت — تابلۆی چوارەم ٢٤٢
١٩٨- چاوی سروشت — تابلۆی پێنجەم ٢٤٥
١٩٩- چاوی سروشت — تابلۆی شەشەم ٢٤٧
٢٠٠- چاوی سروشت — تابلۆی حەوتەم ٢٤٩
٢٠١- چاوی سروشت — تابلۆی هەشتەم ٢٥١
٢٠٢- چاوی سروشت — تابلۆی نۆیەم ٢٥٣
٢٠٣- چاوی سروشت — تابلۆی دەیەم ٢٥٥
٢٠٤- چاوی سروشت — تابلۆی یازدەم ٢٥٧
٢٠٥- چاوی سروشت — تابلۆی دوانزە ٢٥٩
٢٠٦- ماڵاوایی ٢٦١

## (١٠٣)

# سەدەی بیست و یەکەم و هەزارەی دووەم

چوار رۆژ تێپەڕیوە لە سەدەی بیست و یەکەم و هەزارەی دووەمدا، رووداوی گەلێ گرنگ لەو رۆژانەدا بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتوون و مێژوو هەندێکی تۆمار کردوون و بەشێکی زۆریشی لە بیرچوونەتەوە.

چوار رۆژە ئەو یادە گرنگە دەور دەکرێتەوە، بەڵام وەنەبێ ئەو کەسەی ئەو رۆژژمێرە مەسیحییەی داناوە زۆر بە وردی و راستی و دروستی کارەکەی بۆچووبێتە سەر، راستە لەدایکبوونی مەسیح و خەتەنە سوورانەی دەوری دیارییان هەیە، بەڵام وا زەن دەکەین ئەو رۆژەی بۆ رۆژی یەکەمی کانوونی دووەمی ساڵی یەکەمی مەسیحی دانراوە و هەر چۆنێبێ و لەبەر هەر هۆییێك بێ ئەو رۆژی یەکەمە بە سەرەتای حسێبکردنی مێژوو دانراوە و ئیش و کاری مرۆڤایەتی پێ ئاسانکراوە، بەتایبەتی لە بابەت نووسینەوەی مێژوو و بەسەرهاتی ئادەمیزاد. بەم پێیە ئەو ماوە دووروردرێژەی کۆن، هەزاران ساڵ بێ یا بە ملیۆن بێ، بە ((پێش مەسیح)) ناونراوە.

لە هەزارەی دووەمدا سێ نێوەندی ژیانی گەورە لەسەر رووی زەویدا بووە، دوانیان کۆن و یەکێکیان تازە، دووە کۆنەکە یەکێکیان هیندستان و چین و ئاسیای ناوەڕاست بوو. ئەوی دیکەیان رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەفقاس و باکووری ئەفریقیا بوو، تازەکەشی ئەورووپا بوو، لە پاشانا ئەمەریکا، ئەمەش بە بەردەوامی ئەورووپا حسێب دەکرێ.

لە ماوەی هەزارەی رابردوودا کورد لە ناو کۆمەڵە دەوڵەتێکدا ژیاوە، ئێستا هیچ یەکێکیان بەناوە کۆنەکەی خۆیانەوە نەماون. هەندێ جار میرنشینی سەربەخۆ و نیوە سەربەخۆ لە ناوەوە بوون و سەر بەو دەوڵەتانە بوون. هەندێ جاری دیکە بنەماڵەی کورد دەوڵەتیان بەڕێوە بردووە ئەهالی ئەو دەوڵەتانە نموونەی هەموو نەتەوە موسڵمانەکانیان تێدابووە.

گرنگترین رووداوی هەزارەی رابردوو بەلای ئێمەوە ئەو دەوڵەتە موسڵمانانەن کورد پێوەندیی پێیانەوە بووە، هەی وەکو گەورەترین رووداوی هەزارەی رابردوو کە پێوەندی بە هەموو ئادەمیزادەوە هەبێ بە گشتی و پێوەندی بە کوردەوە هەبێ بەتایبەتی، بەلای ئێمەوە ئەمانە:



١- دەوڵەتی ئەیووبی (١١٧١-١٢٦١) لە میسر و شام و شەڕ و شۆڕی خاچپەرستەکان لە پێناوی داگیرکردنی قودس لە فەلەستین و دەوری گرنگی فەرماندەی لەشکری هەموو شوێن و زەمانێك سەلاحەدینی ئەیووبی، سەلاحەدین دروشمێکی پرشنگداری قارەمانییەتی دوێنێ و کوردایەتی ئەمڕۆی ئێمە و هەموو مرۆڤایەتییە.

٢- جەنگی چاڵدێران (١٥١٤) بۆ یەکەمین جار خاکی کوردەواریی لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی دابەشکرد، لە دواییدا کورد بوو بە قوربانی چوونە مەیدان و چەند و چوونی نێوان هەردوو ئایینزای سوننەو شیعە لە پێناوی داگیرکردنی خاکی یەکدی و هاوسێکانیان لە هەموو لایێکەوە.

٣- لە ساڵی (١٥٨٢) بۆ جاری دوایی رۆژژمێری گریگۆری، واتە ئەو رۆژژمێرە مەسیحییەی ئێستا لە ناوەوەیە، بڕیاری لە سەردرا لە دوای ئەوەی کەم و کوڕییەکانی راستکرایەوە.

٤- لە ساڵانی ١٥١٩-١٥٢٢ سەرزەوی ئەمەریکا دۆزرایەوە، هەردوو کۆنتینێنتی ئەمریکا، باکوور و باشوور (لاتینی). لە ماوەیێکی کەم لە ئەمەریکای باکوور و وڵاتەیەکگرتووەکان بوو بە گەورەترین دەوڵەت لە رووی ئابووری و سوپاییەوە، بە زۆر بێ یا بە خواهشت جارێ هەموو کەسێك دەبێ ملی بۆ شۆڕ بکا!!

بەلای ئێمە سەدەی بیستەم تەنیا ماوەی هەردوو هەزارەی رۆژژمێری مەسیحی دەورناکاتەوە، بەڵکو مێژووی هەموو مرۆڤایەتی دەور دەکاتەوە لە ژیانی ئەشکەوتەوە تا رۆژی ئەمڕۆ. ئەمە لە رووی زانستی و تەکنیکییەوە. بەمجۆرە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم (١٩٤٨) ترانزیستۆر پەیدابوو، لە ساڵی ١٩٦١ گاگارینی رووس گەڕانێکی دەرەوەی ئاسمانی زەوی ئێمەی کرد، لە ساڵی (١٩٦٩) ئارمسترۆنگی ئەمەریکی پیاسەی ناو مانگی کرد، ئینجا کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت، ئەمە هێشتا کەمە و زۆریشی ماوە. ئەگەر سەدەی بیستەم لە رووی زانستییەوە بایی هەموو مێژووی کۆن بووبێ و ئەلبێرت ئەنشتاینی دروستکردبێ لە نالەباریشدا هەر وابووە، لەم سەدەیەدا دوو جەنگی گێتی بەرپا بوون، یەکەمیان (١٩١٤-١٩١٨) و دووەمیان (١٩٣٩-١٩٤٥)، هەروەها جەنگە لاوەکییەکان تا ئێستا دواییان نەهاتووە. لەم سەدەی بیستەمدا بوو خاکی کورد بۆ جاری دووەم لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی دابەشکرایەوە، لە یەکەمیان کوردستان بوو بە دوو، لە ئەنجامی دابەشکردنی ئەمجارەیان بوو بە پێنج.

بەلای ئێمە دەبوو کورد لە سەدەی بیستەمدا بگاتە هیوا و ئامانجە نەتەوەییەکانی، چونکە لە ماوەی هەزار ساڵەی دووەمدا کورد وەکو نەتەوەیێکی مۆدێرنی ئێستا ئاسایی دروست بوو، مێژووی هەیە، پاشماوە و میراتی مەتریاڵی و گیانی هەیە، ئەدەب و هونەر و ئەندازیاری هەیە،

مەرجەکانی بوونی نەتەوەیی هەیە، سەرەڕای هەموو ئەمانە گیانی خەباتی قەڵەم و چەك و سیلاحی هەیە. هەر لەبەر ئەوەشە سەدەی بیستەم بوو بە خەباتی چەکداری ئەم نەتەوەیە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، تەنانەت کوردی پشت قەفقاسی رووسیاش لەم مەینەتییە رزگاریان نەبوو، لەو رۆژانەی کە لە قەرەباغ لەسەر خاکی کورد ئەرمەن و ئازربێجانی لە جەنگدا بوون، زۆربەی کوژراوی هەردوولا کوردی موسڵمان و ئێزیدی بوون.

بەم جۆرە، چوار رۆژە کەوتووینەتە رۆژگاری دوو هەزارەو سەدەی بیست و یەکەمی رۆژژمێری گشتی، بەڵام کورد نەگەیشتە ئەو ئاواتەی خەونی پێوە دەبینێ، دەبوو لە سەدەی بیستەم بیگاتێ، ئەمەیان نەبوو، بەڵام لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەبێ بیگاتێ، چۆن؟! ئەمەیان دەبێ بڵێم من نایزانم! چونکە کەس بە قسەم ناکا!

**٤ی کانوونی دووەم ٢٠٠١**



## (١٠٤)

# رۆشنبیر و دەسەڵات

لە رۆژنامەی ((خەبات))ی ژمارە (١٠٦)ی رۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠ وتارێکی مامۆستا فەلەکەدین کاکەییم بە زمانی عەرەبی خوێندەوە، ناوونیشانی وتارەکە سەرنجڕاکێشەر بوو، ئەوەی دەگەیاند ((هەڵوێستی رەسمی وڵاتانی عەرەب پێشکەوتووترە لە هەڵوێستی هەندێ رۆشنبیری عەرەب)) وتەکانی نووسەر بەجێبوون، بۆچوونەکانی ژیرانە و هێمنانە بوون، ناوەڕۆکی وتارەکە وروژاندمی و هانیدام لەم وتارەدا هەندێکی دی لە مەسەلەکە بدوێم.

لێرەدا ئێمە بەرامبەر دوو دیاردەی گەلێ گرنگی هەموو کۆمەڵێك دەوەستین، یەکێکیان دەسەڵاتە و دووەمیان رۆشنبیرە.

یەکەمیان چەشنی زۆرە، مەلیکی و کۆماری، دیموکراتی و دیکتاتۆری، پەرلەمانی هەڵبژاردنی تاکەکەسی و فرەکەسی، هەموو ئەمجۆرە دەسەڵاتانە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا هەیە. دووەمیان کە رۆشنبیرە لە وڵاتانی عەرەبیدا سەر بە ئیدیۆلۆجییەت و رێبازی جیاوازن. بە گشتی دەتوانین بەسەر سێ بابەتدا دابەشیان بکەین:

یەکەمیان قەومی، دووەمیان ئایینی، سێیەمیان دیموکراتی لەگەڵ بەرەی چەپ، ئەمە بەلای ئێمەوە لە رووی تیۆرییەوە، بەڵام لە رووی پراکتیکەوە هەربەشێك لەمانە کۆمەڵێك ئینتیهازی و دووڕوو و ئیبنولوقتیان تێدایە و لە هەموو لایێك دەخۆن.

جا لێرەدا با بێینەوە سەر هەڵویستیان بەرامبەر بە کورد.

زۆربەی ئایینییەکان بەلایانەوە مەسەلەی کورد شتێك نییە پێویست بە بیر لێکردنەوە بکا، چونکە بە لای ئەوانەوە مەسەلە ئیسلامە و نەتەوایەتی نییە، هەروەها قەومییەکان سنووری وڵاتانی عەرەبیان ئەگەر لەسەر کاغەزیش نەکێشابێ لەسەر پەڕەی مێشکیان کێشاوە، ئەوەی لەسەر خاکی عەرەب بژی عەرەبە.

دەمێنێتەوە دیموکراتییەکان، لە ناو ئەمانەدا رەنگە پیاوی واهەبێ بابەتییانە بیر بکاتەوە، زۆربەیان لە چاکە و بەرژەوەندی دەوڵەت دەگەڕێن، ئیتر بەلای ئێمەوە دیاردەییێکی سەیر لەگۆڕی دەبێ، کە نووسەرێکی دیموکراتی پێشکەوتنخواز بە گوێی بیر و باوەڕی خۆی ناکا و بە گوێی دەسەڵات دەکا، واتە لە لای ئەو هەموو شتێك بە گوێی مامۆستایە.

بۆ ئەم مەبەستە ئەم بەسەرهاتەی خۆم دەگێڕمەوە:

لە هاوینی ساڵی **١٩٨٧** لە دەرەوەی وڵات گەڕامەوە نیشتمان، کتێبی (پاڕێزەرانی دەروازەی رۆژهەڵات = حراس البوابة الشرقية)م دەستکەوت، ئەمە لە نووسینی نووسەری میسری جەمال غیتانی بوو، نووسینەکانی ئەم کابرایەم نەخوێندبووەوە، بەڵام دەمزانی کەسێکی سەر بەلایەنی دیموکراتی و چەپەکانی میسرە. هەر لە پاییزی ئەو ساڵەبوو ((کۆنگرەی رەخنەی ئەدەبی)) لە شاری قەسەنتینەی جەزائیر بەسترا، من لەو کۆنگرەیەدا باسێکم پێشکێش کرد بە ناوی ((ریالیزمی سۆسیالیست لە رۆمانی (بومەلەرزە)ی تاهیر وەتتاردا)) وەکو هەموومان دەزانین تاهیر وەتتار کەسێکی بەبیروباوەڕ کۆمۆنیستە و یەکێ لە نووسەرە هەرە باشەکانی جەزائیرە، هەروەها یەکێکە لەو نووسەرە کەمانەی جەزائیر کە تەنیا چیرۆك و رۆمانەکانی بە زمانی عەرەبی دەنووسێتەوە.

دۆستایەتیم لەگەڵ ئەم نووسەرەدا هەبوو، لە رۆژانی کۆنگرەکەدا لە یەکترییەوە نزیك بووین، وابوو رۆژی یەکەمی کۆنگرەکە وتی جەمال غیتانیش بانگکراوە. بەڵام فرۆکەیان دواکەوتووە، رەنگە سبەینێ بگاتە جێ، بەم هۆیەوە ئارەزووم ئەوەیە بە یەکتریان بناسێنم. ئەوی راستی بێ من بە تاهیر وەتتارم نەووت خۆشم ناوێ، بەڵام وتم: گلەییم لێی هەیە، نووسەرێکی هاوڕێی تۆ شتی وا لەسەر کورد بنووسێ سەیرە! لە وەرامدا گوتی: من کتێبەکەم نەخوێندۆتەوە. بەڵام وابزانم تاهیر وەتتار راستی نەکرد، چونکە زۆر لە یەکترییەوە نزیك بوون و باوەڕناکەم هەردووکیان بەرهەمی وایان هەبێ هی یەکترییان نەخوێندبێتەوە.

هەرچۆنی بێ لەسەر داوای تاهیر وەتتار بەڵێنمدا ناسیاوی لەگەڵ جەمال غیتانی پەیدا بکەم هیچ نەبێ ئەو کاتە دەتوانم سووکە گلەییەکی لێبکەم. وا بوو رۆژی دووەمی گۆنگرە گەیشتەجێی و تاهیر وەتتار هەردووکمانی بەیەکتری ناساند، کە جەمال غیتانی لە دەمی تاهیر وەتتارەوە گوێی لە وشەی کوردی عێراق بوو زەرد هەڵگەڕا و منیش زۆر بە نەرمی و لەسەرخۆ وتم: چاوەڕوان نەدەکرا شتێکی وا بنووسییەوە، لە وەراما وتی گوێ مەدەرێ، ئەمە قسەی وەختی خۆی بوو، ئەم قسەیەشی راست نەبوو، چونکە لەم رۆژانەدا لە دوای بەستنی گۆنگرەی جەواهیری شەپۆلێکی رق و کین لای هەندێ لەبەد نمەکەکانی نووسەرانی عەرەب لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە و کۆوارەکانیان سەرچاوە و کانیاوەکانمان لێڵ دەکەن، لە ناو ئەم دەنگانەدا دەنگی جەمال غیتانیش دەبیسترێ، ئەوەی بە پێشکەوتنخواز ناسراوە!!!



دەمێنێتەوە هەڵوێستی رەسمی دەسەڵاتەکانی عەرەب، ئەمەیان ستراتیجی نییە لەبەر ئەوە جێی متمانە و باوەڕکردن نییە، مەسەلە دیپلۆماسییەتی رۆژانەیە. زۆرجار لەبەر چاوی رەشی کورد لەسەری ناکەنەوە، بەڵکو لەبەر چاکە و بەرژەوەندی خۆیان، ئەگەر بۆیان باش بێ لەسەر کورد بکەنەوە، بە چاکە باسی دەکەن، ئەمە وەکو تەکتیکێکی بەدەم و کات و هەڵوێست دەگۆڕێ. لە کاتێکدا رێگە بە جەواهیری و مەحموود دەرۆیش دەدەن شیعر لەسەر کورد بنووسن و لە رۆژنامە و کۆوار و دیوانەکانیاندا بڵاویان دەکەنەوە، لە کاتێکی دیکەدا کە دیوانەکانیان دووبارە و سێبارە چاپ دەکرێنەوە سانسۆر ئەو شیعرانە لە دیوانەکاندا لا دەبا، ئەمە لەم دواییەدا لەگەڵ جەواهیری و مەحموود دەرویشیش کراوە، بەڵام ئەوان بۆ رازی بوون!

هەرچۆنێ بێ هەڵوێستێکی دیاریکراو لە وڵاتە عەرەبییەکاندا نییە، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی نزیك عێراق، بەرامبەر بە کورد، بەڵام بێگومان لەسەر کورد پێویستە سوود لە هەڵوێستە چاکە و وەختییەکان وەربگرێ.

**١١ی کانوونی دووەم ٢٠٠١**

## (١٠٥)

# سانسۆری دەسەڵات

لە وڵاتی سۆڤیەتی کۆن هەرچی بڵاوبکرابایەوە بە نووسین و گوتن و وێنە دەوڵەت بەرپرسیار بوو، دەوڵەتیش پارتی کۆمۆنیست بەڕێوەی دەبرد، بڕیار لە دەست ئەو بوو، جێبەجێکردن بە دەست ئەو بوو. نووسینی بڵاوکراوە، واتە کتێب و ڕۆژنامە و کۆوار و هەموو چاپەمەنییەك لە ژێر چاودێری دەسگای تایبەتی بوون. خەڵکێکی زۆر لە پسپۆر و زانایان بۆ ئەم مەبەستە دانرابوون، دەسگاکە ((گلاڤلیت))یان پێدەگوت (واتە سانسۆری دەوڵەت لە سۆڤیەتی کۆن).

نووسین بەبێ ڕەزامەندی ئەم دەسگایە بڵاونەدەکرایەوە. ئەم دیاردەیە بووبووە هۆی ئەوەی هەر بیروڕاییێك بڵاوبکرابایەوە و بە دڵی لایەنێکی دەرەوەی بێگانە نەبوایە، بالیۆزخانەی ئەو وڵاتە لە مۆسکۆ ڕاپۆرتی لەسەر ئەو بڵاوکراوەیە دەنووسی و بەڕێی وەزارەتی دەرەوە بۆ دەسەڵاتی سۆڤیەتی دەنارد. ئەمە هەمووی لەبەر ئەوە بوو، چونکە هەموو بیروڕاییێکی بڵاوکراوە ڕەنگدانەوەی بیروڕای حیزب و دەوڵەت بوو، کەچی ئەم دیاردەیە لە ناو دەوڵەتەکانی ئەورووپا و ئەمەریکادا نییە، چونکە دەوڵەت وای لە خەڵکی گەیاندووە هەرچی بڵاودەکرێتەوە بیروڕای خاوەنەکەیەتی، دەوڵەت بەرپرسیار نییە، بەڵام بەرامبەر بەمەش دادگای تایبەتی هەیە، ئەگەر شتێکی بڵاوکراوە لە بەرژەوەندی دەوڵەت یا هەر کەسێك نەبێ، داوا لە دادگا دەکەن خاوەن بیروڕا و بەڕێوەبەرانی چاپەمەنییەکە، بەرپرسیار بن، ئیتر دادگا مەسەلەکە دەگەیەنێتە ئەنجام.

بۆ کۆمەڵی ئێمە دەڵێن سەربەستی بیروڕا هەیە، واتە دیموکراتییەت پشتگوێ نەخراوە، ئەمە کارێکی باشە و بەڵگەی ئەوەیە لای ئێمە دیکتاتۆرییەت ئەو هێزەی نییە، لەبەر ئەوە پێویستە دەوڵەت یا حیزبی دەسەڵاتبەدەست وا لە خەڵکەکە بگەیەنێ، کە هەرچی لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا بڵاودەکرێتەوە خۆیان بەرپرسیارن، ئەو کاتە کەس گلەییان لێناکا، بەڵام خەڵکەکە بە پێچەوانەوە وا دەردەخەن، کە دەسەڵات بەرپرسیارە، بۆ نموونە هەندێ جار ئەوە ڕوودەدا دەڵێن فڵانە کاربەدەست لەبەر خاتری دۆستێك یا کەسێکی نزیکی گلەیی لە فڵانە



ڕۆژنامە کردووە، چونکە شتی وای نووسیوە بە دڵی دۆستی کاربەدەستەکە نەبوو، بە لای ئێمەوە لەم حاڵەتەدا ڕاستتر ئەوەیە ئەو کاربەدەستە دۆستەکەی خۆی تێبگەیەنی ئەوەی نووسراوە بیروڕای خاوەن وتارە و بیروبۆچوونی دەسەڵات نییە، ئەگەر بە چاکی دەزانی دەتوانێ بەرگری لە خۆی بکا بەوەی لە دادگادا شکاتی لێبکا.

بە گشتی پێویستە خەڵکی تێبگەیەندرێن لە کۆمەڵی دیموکراتیدا هەرچی دەنووسرێ بیروڕای دەسەڵات نییە، بەپێچەوانەوە لە فەرمانڕەوای دیکتاتۆری و تۆتالیتاریدا تەنیا فەرمانی حیزبی فەرمانڕەوا یا دیکتاتۆر دەڕوا.

بۆ ئەوەی میللەت لەو ڕاستییە بگا، پێویستی بە پەروەردە هەیە، ئەمەش بە ڕۆژێك و دوو ڕۆژ نایەتەدی، بۆیە پێویستە ئەم بیروڕایە پراکتیك بکرێ، ڕاوێژکاری هەر حیزبێك یا دەسەڵاتێك پێویستە خەڵکی واتێبگەیەنی هەرچی بڵاودەکرێتەوە خاوەنەکەی جوابدارە.

لە یەکێتی سۆڤیەتی کۆن لە هەموو شتێکدا پارتی کۆمۆنیست بەرپرسیار بوو، ڕۆژانە وەزارەتی دەرەوەیان کۆمەڵێك ڕاپۆرتی بێزاری وەردەگرت لە بالیۆزخانەکانی وڵاتانی دەرەوە، بۆ بەڵگە ڕووداوێك لەم لایەنەوە پێوەندی بە ئێمەوە هەبوو، لەو کاتەی کتێبێکم بە زمانی ڕووسی لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە، بڵاوکردەوە، دەوڵەتێکی هاوسێی ئێمە و هاوسێی ئەوان بێزاری دەربڕیبوو لە بابەت هەندێ زانیاری کە لە ناو کتێبەکەدا بڵاوکرابووەوە، گۆیا ئێمە ناوی کوردمان لەو وڵاتە هێناوە، بەڵام ئەوان نووسیبوویان کورد لەوێ نییە و پێویستە ئەو قسانەی ئێمە بە درۆ بخرێتەوە، بێگومان دەسەڵاتی سۆڤیەتیش بەوە بەرگری لە خۆی کردبوو کە خاوەن کتێب قوتابییەکی عێراقی بوو، لای ئێمە خوێندنی بەرزی تەواو کردبوو، ئەوەی لە کتێبەکەدا نووسراوە بیروڕای خاوەن کتێبەکەیە.

ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکا ڕۆژانە وتارێکی هەیە، تەعبیر لە بیروڕای دەوڵەت دەکا، واتە دەوڵەتی ئەمەریکا بەرپرس نییە لە هەموو ئەو بیروڕا و زانیارییانەی لە ڕاگەیاندندا بڵاودەکرێتەوە، تەنیا بەرپرسی ئەو وتارەیە، کە بیروڕای خۆیەتی، لەبەر ئەوە دەڵێ ئەو وتارەش ئەگەر بە دڵی کەسانێك نییە با بۆمانی بنووسن ئێمە لەم بەرنامەیەدا بڵاویان دەکەینەوە.

پێویستە کاربەدەستانی کۆمەڵی ئێمە خەڵکەکە وا تێبگەیەنن، کە هەرچی لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا بڵاودەکرێنەوە مەرج نییە لەگەڵ بیروڕای فەرمانڕەوا یا ئیدیۆلۆجییەتی دەسەڵات بگونجێن، ئەمە ئەوە دەگەیەنی، کە دیموکراتییەت لەناوەوەیە و گیروگرفتی دەسەڵاتیش لەم لایەنەوە کەمتر دەبێتەوە.

دوا وتەمان ئەوەیە، هەرچەندە زۆر کەس هەن وا دەزانن، سەربەستی رۆژنامەگەری لەسەر رووی زەویدا نییە، مەسەلەکە بە لای ئەوانەوە نیسبییە، ئەمە رەنگە لە هەندێ رووەوە راست بێ، بەڵام بە هیچ جۆری ئەوە راست نییە بۆ نەبوونی ئەم سەربەستییە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ ئەورووپا و ئەمەریکا وەکو یەك بەرامبەر بکرێن! جیاوازی نێوانیان وەك ئاسمان و رێسمانە.

**١٨ی کانوونی دووەم ٢٠٠١**



## (١٠٦)

# رۆژێ لە ژیانی مووچەخورێکی هەولێری

مەبەستم لە ژیانی ئەو مووچەخۆرە هەولێرییە ئەوەی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو سەردەمی رووداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ دوای جەنگی دووەمی گێتی و لە سەرەتای پەنجاکاندا بووە، رۆژەکەش رۆژی هاوین بوو، بێگومان بەسەرهاتی ئەو رۆژەی مووچەخۆر بەسەر هەمواندا ناشکێتەوە، واتە هەموو مووچەخۆرێك ژیانی رۆژانەی بەمجۆرە نەبووە، کە من باسی لێوە دەکەم، بەڵکو بە گشتی ئەوە بووە.

بە زۆری مووچە لە شەش دینارەوە دەستی پێدەکرد تا سی دینار، کە مووچەی هەر کەسێك بگەیشتایە سی دینار فەرمانی شاهانەی بۆ دەردەچوو (الأرادة الملكية). دامەزراندنی یەکەم جار بە مووچەخۆر ئەوەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبوایە هەژدە دینار بوو، لە شارەکاندا جگە لە بەغدا چەند کەسێکی وەکو موتەسەریف (موحافیز) یا کارگێری پۆلیس ئەگەر کۆن بوونایە لە وەزیفە مووچەیان دەگەیشتە پەنجا شەست دینار.

نموونەمان مووچەخۆرێك دوازدە یا پازدە دینار وەردەگرێ، لە بەیانییەوە تا کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ لەسەر کورسی دادەنیشێ و دەنووشتێتەوە سەر ئەو مێزەی لە پێشی دانراوە، یا دەنووسێ یا کاروباری خەڵکی بەڕێوەدەبا، پاش نیوەڕۆ روو دەکاتە ماڵەوە، بەپێ دەڕوا، چونکە پێویستی بە ئۆتۆمبیل نییە، لەو سەردەمەدا شار بچووك بوو، دایەرەکانی میری هەموویان لە ناو قشلە (سەرا) بوون یا لێیەوە نزیك بوون. ئیتر ماڵی مووچەخۆر هەرچەند دوور بوایە بە دە دوازدە دەقیقە بە پێ دەگەیشتەوە ماڵی خۆی.

لە دوای نانی نیوەڕۆ سەرەخەوێکی رۆژانی هاوینی دەشکاند، گەرما گیروگرفتێکی ئەوتۆ نەبوو، قەڵاچۆی گەرما لەو سەردەمەدا بە باوەشێن دەکرا، چونکە بوونی پانکە لە پێویستەکانی ناو ماڵ نەبوو، مەگەر ئەوە ناڵێم کەسێکی دەسترۆیشتوو پانکەی لە ماڵەوە هەبوایە بۆ ئەوەی رۆژی گەرما بتوانێ بەسەر گەرمادا زاڵ بێ.

قارەمانی ئەم ماوەیەمان مووچەخۆر لە دوای ئەوەی کە لە خەوی نیوەڕۆ هەڵدەستا رووی دەکردە چایخانە، لەوێ کاتی بە دەمەتەقێ یا هەندێ یاری وەکو دۆمینە و تاولە دەبردەسەر. پێشی

رۆژئاوا لەگەڵ هاوڕێیەکی یا زیاتر دەچوونە پیاسە، پیاسەی ئەو کاتە بۆ سێ لابوو، واتە سێ شەقامە قیرتاوەکەی هەولێر، نێوەندی هەولێر پێش چایخانەی حەسەن رەزا بوو (مەچکۆی ئێستا).

شەقامی یەکەمیان رێی کەرکوك بوو، ئەو سەردەمە شار لەودیو پردەکەی لای گۆرستانی چراغ و بەرامبەرەکەی ماڵی عەبۆی قاوەچی بوو تەواو دەبوو، دووەمیان رێی موسڵ لەم لایەش شار لە جێی نەخۆشخانەی ددان (ئەو کاتەی نەخۆشخانەی گشتی بوو) تەواو دەبوو، سێیەمیان رێی شەقڵاوە لێرەدا شار لای مزگەوتی شێخ مستەفا کۆتایی دەهات، بە هەموو جۆرێکش ئەوانەی پیاسەیان دەکرد لە شار رەتدەبوون، ئەوانەی رێی کەرکوك دەگەیشتنە ئاوی میری (جێی شیراتۆنی ئێستا) و گردی قارنچاغا (جێی مۆزەی هەولێری ئێستا)، ئەوانەی رێی مووسڵ دەگەیشتنە ئۆردووی سوپا و گۆرەپانی نیشتنەوەی فڕۆکە، تەیارەخانەیان پێدەووت.

لە دوای رۆژئاوا کاکی مووچەخۆر رووی دەکردە یانەی فەرمانبەران، ئەم یانەیە باغ و باغاتی بەهەشتێك بوو بۆخۆی، جێی دانیشتنی هاوینە لە دەوروبەری حەوزێکی گەورە بوو، قەراغ حەوز بە شەنگەبی و شۆڕەبی رازابووەوە، لقی درەختەکان شۆڕ بووبوونەوە ناو ئاوی حەوزەکە، چیمەن تەڕ و سەوز بوو، باغەکە هەموو جۆرە گوڵێکی لێبوو، بەڕاستی باغچەی یانەی فەرمانبەران لە هەولێر ئەوەندە سەوز و جوان بوو تۆڵەی هەموو وشکێتی شاری هەولێری کردبووەوە، چونکە لەم رۆژگارەدا ئەگەر لەسەر قەڵاوە تەماشای خوارەوەت بکردایە لە سەوزایی یانەی فەرمانبەران بەولاوە هیچ جۆرە سەوزاییەکی دیکەت نەدەکەوتە بەرچاو.

کاکەی مووچەخۆر هەر کە دەچووە باغەکە یەکسەر رووی دەکردە لای جەماعەتی خۆی، هەر کۆمەڵە هاوڕێیەك جێی تایبەتی خۆیانیان هەبوو و ئیتر زۆری پێنەدەچوو کاتی خواردنەوە نزیك دەبووەوە، دیارە هەر کەسە و چارەکی خۆی و مەزەی داوا دەکرد، هەر لەو کاتەشدا داوای کەباب و سی و جگەر یا خواردنی دیکەی دەکرد بۆ شیوی شەو.

ئینجا کاغەزی قومار دەهاتە ناوەوە هەر کەسە لە پاڵەوە بەدەم یاریکردنەوە قومی لە عەرەقی خۆی دەدا، هەرچەندە سەریشی گەرم بوایە ئاگاداری مەسەلەی قومارەکەی دەبوو سەری لێنەدەشێوا.

باباییێکی وەکو من ئەگەر لە دەوروبەری پاش بانگی شێوان رووی بکردایە یانەی فەرمانبەران بێگومان چاوی بە دیمەنێك دەکەوت ئەم دیمەنە بە هیچ جۆری نەدەگۆڕا، ئەوەی لەوێ بوون هەر هەموویان بە حەڵقە لە دەوری مێز دانیشتبوون و خەریکی قومار بوون، بە



هیچ جۆری دوو کەس یا زیاترت نەدەدی دانیشتبن خەریکی گفتوگۆ و باس و خواس بن، هەروەها ئەگەر ئاوڕت لەو مێزە گەورەیە بدایایەوە کە کورسی لە دەوری رێز کرابوون و رۆژنامە و کۆواری وڵاتیان لەسەر دانرابوو، چاوت بە کەس نەدەکەوت لە دەوری مێزەکە دانیشتبێ و خەریکی خوێندنەوەی چاپەمەنی بێ، ئەگەر من بچووبامایە ئەوی دەبوو بە تەنیا دابنیشم، لە کەسی ناشارمەوە گواستنەوەی ئیداری من (واتە ئاوارە کردنم بە رەسمی لە هەولێرەوە بۆ شاری کوت لە خوارووی عێراق) لە بنجدا لەسەر کوردایەتی بوو، هۆی دیکەش هەبوو، یەکێك لەوانە ئەوە بوو لەبەرچی کردەوەم وەکو ئەو خەڵکەی یانەی فەرمانبەران نەبوو!!

**٢٥ کانوونی دووەم ٢٠٠١**

## (١٠٧)

# مۆسیقای کوردی

لەگەڵ پەیدابوونی گەردوون ((بوون)) مۆسیقا پەیدا بووە، کاری کردگار لە دروستکردنی سروشتدا بە پێی ئاوازی مۆسیقا بووە، یا کردەوەکە ڕەنگی لە ئاواز داوەتەوە، لە ئەنجامدا بزووتنەوەی سروشت خۆی بووە بە ئاوازی خوڕەی شەپۆڵی ئاوی زەریا و ڕووبار و جۆگەلە و جۆبار، وەرینی گەڵای درەخت لە شنەی شەماڵ، گرم و هۆڕی هەورە تریشقە و ڕمان و هەرەسهێنانی شاخ و کێو یا دەنگی خشەی زیندەوەری ناو جەنگەڵستان.

ئادەمیزادی یەکەمی ناو ئەشکەوت بە قسە ئاوازی دروستکردووە، واتە گۆرانی گوتووە، فەیلەسووفەکانی گریك زاراوەی ((شیعر))یان بە وشەی ((لیریك)) ناودێر کردووە. ((لیریك)) بە زمانی ئەوان ((گۆرانی)) دەگەیەنێ، دیارە هەر لە بنجیشدا شیعر بۆ گۆرانی بەکارهاتووە، واتە ئادەمیزادی کۆن شیعری گوتووە بۆ ئەوەی بە ئاوازەوە بیچڕێ.

خەڵکی لە کۆنەوە مۆسیقایان بۆ گەلێ پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە، لە دواییدا بووە بە بەشێك لە هونەرەکانی میللەت، کە لە ئەتنۆگرافیا و فولکلۆر خۆیان دەدۆزنەوە. لەو سەردەمەی کە میللەت دروست بووە مۆسیقا وەك هونەرێك بووتە جەوهەرێك لە جەوهەرەکانی بوونی نەتەوایەتی وەکو زمان و ئەدەب و هەموو دیاردەییێکی شەقڵی نەتەوایەتی پێوە بێ.

ئێمەی کورد وەکو نەتەوەکانی دیکە مۆسیقاییێکی میللی فولکلۆری ڕەسەنمان هەیە، پشتاوپشت ڕۆڵەی نەتەوە بە میرات بۆیان ماوەتەوە و پاراستوویانە، بێگومان لە سەدەی بیستەمیشدا ماگنیتۆفۆن لە کۆمەڵی کوردەواریدا پەیدا بوو. گەلێ لەو ئاوازانە تۆمارکران، بەتایبەتی ئەو ئاوازانەی بەدەم شیعرەوە دەکەوتنە ناوەوە.

وەکو ئاشکرایە کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بە هۆی دابەشبوونی وڵاتەکەی لەگەڵ هاوسێکانی پێکەوە دەژیان، ئەمانە عەرەب و تورك و فارس بوون. دەوڵەتی ئەمانە لە فرە نەتەوە پێکهاتبوون، نەتەوەکان زۆر و کەم کاریان لە یەکتریکردووە. ڕەنگە لە پارچەکانی کوردستاندا کارتێکردنی عەرەب و تورك و فارس زیاتر بێ لە کارتێکردنی لەو نەتەوانە.



لە بارەی مۆسیقاوە گومان لەوەدا نییە کارتێکردنی نەتەوە گەورەکان لەسەر کورد زیاتر بووە، ئەمەش بەپێی وڵاتەکان دەگۆڕێ، بۆ بەڵگە مۆسیقای میللی لە کوردستانی عێراقدا پارێزگاری ڕەسەنایەتی نەتەوەیی خۆی کردبوو، هەروەها بۆی هەبوو هوشیارانە کەڵك لە مۆسیقای عەرەبی وەربگرێ، بەڵام لاساییکردنەوە کارێکی لایەق نەبوو. بەدەگمەن وا ڕێك دەکەوت ڕووبکەینە خوالێخۆشبوو شەماڵ سائیبی برادەرمان و پێی بڵێین ئاوازی فڵانە گۆرانیت لە مۆسیقاری بەناوبانگ فەرید ئەترەش وەرگیراوە، ئەم بابەتە وەرگرتنە هیچ جۆرە کارەساتێکی لە دوادا نەبوو، چونکە دەکرێ شیعری کوردی لەگەڵ هەموو ئاوازێکی نەتەوەکانی گێتی بگونجێنرێ، من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە باس لەم لایەنە بکەم، بەڵکو مەبەستم ئەو گێرەشێوێنییەیە کە لەگەڵ گۆرانی و مۆسیقای کوردی لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لە ئێرانا دەکرێ.

پێش هەموو شتێك قسەییێکی نەستەقی کوردی هەیە دەڵێ: ((ئاوازی کوردی لە سابلاغ (مەهاباد) لە دایك دەبێ و لە سلێمانی نەشونەما دەکا)). ئەم قسەیە زۆر ڕاستە، مێژووی مۆسیقا و گۆرانی کوردی عەلی ئەسغەر و حەسەن زیرەك و محەمەدی ماملێ و گەلێکی دیکەمان بۆ دەوردەکاتەوە، ئەمانە ڕەسەنایەتی گۆرانی کوردییان پاراستووە و پەرەیان پێسەندووە و پێشیان خستووە، بەڵام هونەرمەندێکی وەکو مەزهەری خالقی لەگەڵ ئەوەی دەنگی خۆشە و ئەگەر بەزمانی تیۆری مۆسیقای گێتی لەگەڵ گۆرانییەکانی قسە بکەین دەبینین لە پلەییێکی بەرز دان، بەڵام ریتمی (تۆن، ئەکسێنت)ی فارسییە، ئاوازە کوردییەکە وەکو ئەوە وایە کابراییێکی فارس تازە فێری کوردی بووبێ، ئەمە جگە لەوەی ئامێرەکانی زیاتر فارسین و ئاوازیشیان دەشکێتەوە سەر فارسی، ئەم ڕێبازە لە مۆسیقای کوردی ئێران لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بە هۆی ڕادیۆ کوردییەکانی دەوڵەتی ئێران بوو لە پێناوی ئەوەی کورد لە ناو فارس بتوێتەوە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا تیپی مۆسیقی لەمجۆرە لە ئێراندا بە هەرمێنە، هەروەها گۆرانبیژێ لەم بابەتەش ژمارەیان لە زیادبووندایە، لەبەر ئەوە پێویستە سنوورێك بۆ ئەم سەرلێشێواندنە دابنرێ. من کە ئەم قسەیە دەکەم مەبەستم تیپی مۆسیقای کوردی و هەندێ لە گۆرانبێژەکانە ئەوانەی خۆیان بە خوێندەوار دەزانن. ئەگینا گۆرانیبێژەکانی کوردستانی ئێران بە گشتی ڕەسەنایەتی ئاوازی کوردییان پاراستووە.

لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنج ڕاکێشان بێ مەسەلەی مۆسیقای میللی کوردی کوردستانی تورکیایە بەپێی ئەو بۆچوونەی سەرەوەمان دەبێ مۆسیقای کوردی لە تورکیا بە تەواوی

لەناوچووبێ و بووبێ بە تورکی، کەچی پێچەوانەکەی راستە، چونکە کوردی ئەوێ توانیویانە مۆسیقای خۆیان بپارێزن وەکو زمانەکەیان، بۆیە دەبینین مۆسیقای کوردی کاری لە مۆسیقای تورکی کردووە، چونکە مۆسیقاکە رەسەنایەتی خۆی پاراستووە، لە لایێکی دیکەوە گەلێ لە گۆرانیبێژانی تورکزمان لە تورکیا بە نەژاد کوردن بۆیە سوودیان لە مۆسیقای میللی خۆیان وەرگرتووە و رەسەنایەتییان پاراستووە، هەر لەو کاتەشدا مۆسیقای تورکییان پێدەوڵەمەند کردووە.

**١ی شوباتی ٢٠٠١**



## (١٠٨)

## لانەی جاسووسی رووسیا

دەوڵەتی تازەی مودێرن و سەردەمی ئێستای رووسیا لەو سێ سەدەی دواییەدا بەسێ قۆناغی سیاسی-کۆمەڵایەتی جیاواز تێپەڕیوە. ئەوەی ئاشکرایە دەوڵەتی رووس لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە لەسەر بنچینەیێکی دەرەبەگی زیاتر سیستێمی رۆژئاوایی و کەمتر رۆژهەڵاتی دروست بووبوو. پیتری گەورەی بینادنەری شاری سانت پیترسبۆرگ لە سەدەی هەژدەهەمدا بناغەی دەوڵەتێکی تازەی هەڵکەند لەسەر بنج و بناوانی دەوڵەتانی دیکەی ئەورووپای رۆژئاوا، بایەخێکی زۆری بە زانستی و تەکنولۆجیا و پیشەسازی ئەو سەردەمەی ئەورووپایی دەدا. بۆ ئەم ئامانجە گەلێ دەسگای وەکو ئەکادیمییە و زانستگای زانستی و ئەدەب و هونەری دروستکرد.

سێ قۆناغی پەرەسەندن و گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵی رووس ئەنجامی سێ ئینقیلابە هەرە گەورەکە بوو کە لە رۆژگارانی ئەو سێ سەدەیەدا روویاندابوو، سنووری جۆری دەسەڵات و فەرمانڕەواییان لەو کۆمەڵەدا کێشابوو، وەکو لەلای خوارەوە روونی دەکەینەوە:

١- دەوری یەکەمی لەگەڵ فەرمانڕەوایی پیتری گەورەوە دەستپێدەکا تا دەگاتە جەنگی یەکەمی گێتی، بەر لە کۆتایی ئەم جەنگە لە پێشانا هەڵگیرسانی شۆڕشی بۆرجوازی بە سەرۆکایەتی ئەلێکساندر کیرنسکی (١٨٨١-١٩٧٠) ئینجا شۆڕشی ئوکتۆبەری (١٩١٧)ی بۆلشەفیکە رووسەکان.

٢- دەوری دووەمی فەرمانڕەوایی تاکە پارتی کۆمۆنیست بوو لە ساڵی (١٩١٧)ەوە تاساڵی (١٩٩١) کە بە ماوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی سۆڤیەتەکان ناسراوە.

٣- دەوری سێیەم هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە ساڵی (١٩٩١)ەوە تا ئێستا و دروستبوونی کۆمونوێلسی رووسی.

ئەوەی لەم وتارەدا دەمانەوێ روونی بکەینەوە خاسیەتەکانی دەسگای لانەی جاسووسییە لەم وڵاتەدا لە هەر سێ قۆناغی گۆڕان و پێشکەوتنیدا.

لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆرییەتی رووس، واتە لە سەردەمی دامەرزاندنی دەوڵەتی تازە لە لایەن پیتری گەورەوە لانەی جاسووسی لەو وڵاتەدا خاسیەتێکی تایبەتی هەبوو، راستە دەسەڵات لە هەموو شتێکدا لاسایی دەوڵەتەکانی تری ئەورووپای دەکردەوە، بەڵام دروستبوونی لانەی جاسووسی لە پێناوی ئاسایشی دەوڵەتی رووس و لەدواجاردا دانانی سانسۆر لەسەر چاپەمەنیدا خاسیەتێکی تایبەتی هەبوو، لەمەو لە گەلێ لایەنی دیکەی فەرمانڕەواییدا جیاوازی لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەی دیموکراتی ئەورووپا هەبوو.

لە ماوەی دوو سەد ساڵەی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی تازەی رووس گەلێ نەریت و یاسا و خوورەوشت دروست بوون لە پێناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی.

ئەمە رەنگی لە زەبروزەنگی دەوڵەت دابووەوە بەرامبەر هەموو جۆرە بیروباوەڕێکی سەربەست و دیموکراتخوازانە، لەبەر ئەوە گەلێ زانا و نووسەر و هونەروەر و رۆشنبیر تووشی دەردیسەری بوون و بەرهەمەکانیان لە لایەن سانسۆرەوە قەدەغە دەکرا و نەدەگەیشتە دەستی خوێنەر و خوێندەواران.

لە سەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان گەلێ لە نەریت و خوورەوشتی ئاسایشی دەوری قەیسەر بۆ کۆمۆنیستەکان مابوونەوە. ئەوەی لە دەسگای جاسووسی و سانسۆر کاری دەکرد رەچاوی چاکە و بەرژەوەندی دەوڵەتی دەکرد، نەریتێکی زۆری سەردەمی قەیسەری لەم لایەنەوە کۆبووبوونەوە، لە تواناد‌ا نەبوو بگۆردرێ، بەڵکو هەر بەو شێوازە لە رۆژگارانی فەرمانڕەوایی سۆڤیەتەکان لانەی جاسووسی کاری دەکرد، بەڵکو زەبروزەنگی کۆمۆنیستەکان لەهی قەیسەرییەکان دژوارتربوو.

لە دوای رووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەت ئەو لانە جاسووسییەی کە بە (کا گێ بێ) ناوبانگی دەرکردبوو، لە لایەن دەسەڵاتدارانی تازە دەسکارییەکی ئەوتۆ نەکرابوو. زۆربەی ئەوانەی کاریان تێدا دەکرد وەکو خۆیان مانەوە. نەوەکو تەنیا ئەمە، بەڵکو یەکێکی وەکو یەلتسین ئەندامی مەکتەبی سیاسی (پۆلیت بیرۆ)ی پارتی کۆمۆنیست بوو کەچی بوو بە سەرۆکی دەوڵەتی رووسی بۆرجوازی یا سەرمایەداری یا ناوی دەنێی چی ئارەزووی خۆتە، تەنیا ناتوانی ناوی بنێی کۆمۆنیست!

کابراییێکی وەکو پووتین پەروەردەی لانەی جاسووسی (کا گێ بێ) دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان بوو، بەڵام ئێستا سەرۆکی دەوڵەتی کۆمومویلسی رووسیایە، لە کامەیاندا لەگەڵ خۆی و خەڵکی راستگۆبووە؟!



ئێستاش لە دوای تەقینەوەی کەشتی ژێر زەریا (کوورسك) سەد هەژدە کادیری گەورەی زەریایی لە رووسیا لەناوچوون، پووتین بێباك بوو، کردەوەی لەم لایەنەوە بووە هۆی ئەوەی یەکێك لە ژنە کوڕ مردووە زگ سووتاوەکان لەگەڵ ئەفسەرێکی گەورەی زەریایی بە رەقی قسە بکا. یەکێك لە لانەی جاسووسی لەوێ دەبێ، بۆ دەمکوتکردنی ژنەکە دەرزییەك لە لەشی دەدا بۆ ئەوەی لە هۆش خۆی بچێ و لە قسە رەقەکانی بکەوێ.

لاموایە ئەوە لە سەدەی نۆزدەهەم لە رووسیای قەیسەری یا لە ماوەی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان رووی بدایە دیسانەوە دەرزی بەکاردەهێنرا بۆ بێدەنگ کردنی زگ سووتاوەکە.

لانەی جاسووسی ئێستا لە رووسیا کردەوەکانی ئەم دەسگایەی قەیسەری و سۆڤیەتەکان بەمیرات بۆی ماوەتەوە و بەکاریان دەهێنێ، چونکە سوودیان لێوەردەگرێ.

**٨ی شوباتی ٢٠٠١**

## (١٠٩)

# مەلا شەریفی هەولێر

جەنگی دووەمی گێتی کۆتایی هات، ئێمەی منداڵی ئەو سەردەمە هەندێ بزێو بووین و کوردایەتی لە کەللەی دابووین، هەندێکیان وایان دەزانی کورد لە ڕێگەی نازی و هیتلەرەوە دەگاتە ئامانجی.

ئینگلیز خۆشەویست نەبوو، ناوی بەخراپە دەهات، بەڵام بە نهێنی، لەو لاشەوە ناوی رووس کەوتبووە ناو ناوانەوە، زاراوەی ((بۆلشەڤیك)) لە زاراوەی ((شیووعی، کۆمۆنیست)) زیاتر کەوتبووە سەر زاری خەڵکی.

لەناو دانیشتوانی هەولێر دەنگی ئەوە هەبوو کابرایێکی گەنج لە ناو شاردا پەیدابووە فەقێیکی زیرەکە ناویانناوە ((مەلا عرووس))، چونکە قسە بۆ چاکەی بۆلشەڤیکەکانی رووسیا دەکا ئەوانەی کۆمەڵی سۆسیالیستی دادەمەزرێنن و بەسەر نازیدا سەردەکەون و کۆشش دەکەن بۆ وەدەستهێنانی سەربەستی و ئازادی بۆ هەموو میللەتانی سەر رووی زەوی، هەموو کەسێك لەسەر ئەو رایەبوو ئەگەر ئەم قسەیە راست بێ پێویستە کورد لە هەموو کەس زیاتر پێشوازی لە بۆلشەڤیکەکان بکا، دواییش هەر واکەوتەوە.

ئەو رۆشنبیرەی بە ((مەلا عرووس)) ناوبانگی دەکردبوو ناوی مەلا شەریف و لەقەبی رەنگەرێژانی بوو، ئینجازەی مەلایەتیی وەرگرتبوو، لەوەوە خۆی گواستبووەوە ناو کۆمەڵی رۆشنبیرانی کە ئەو سەردەمە ئەفەندییان پێدەووتن.

خوێندنەوەی زۆربوو، ئاگاداری هەموو کاروبارێکی سیاسەتی رۆژانەی وڵات و دەرەوە بوو.

بە راستی من بۆ یەکەمجار کە ناوی (مەلا عرووس)م بیست وەك مژدەیێکی خۆش کەوتە بەر گوێم. هەر لەو کاتەدا ئارەزووی ئەوەم دەکرد چاوم پێی بکەوێ، من خۆشم لەم لاو لەولا هەواڵی سەرکەوتنی رووسم بیستبوو، ئەوەم بەرگۆی کەوتبوو لە رووسیا شۆڕش بووە، هەوڵ دەدەن یەکسانی لە سەر رووی زەوی هەبێ و هەموو نەتەوەییێکیش چارەنووسی دیاری بکرێ.

بۆ مەبەستی ناسینی مەلا شەریف پرسیارم دەکرد، ئەو هەواڵەم زۆر پێخۆش بوو، کە زانیم باوکیشم نەك ناوبانگیی بیستووە، بەڵکو ناسیاویی لەگەڵدا هەیە و بەقسەی باوکیشم مەلا شەریف ئادەمیزادێکی زیرەك و کوردێکی پاکە.



نێوەڕۆییێکی بەهار بوو لە مەڵبەندی شارەوانی جارانەوە (خانووەکە بەرامبەر شوێنی پارێزگای ئێستابوو) لەگەڵ باوکم لە شەقامی گشتی شۆڕدەبووینەوە ماڵەوە. لە نزیك شوێنی یادگاری مام گیوی ئێستا تووشی کابرایێك هاتین، لەگەڵ باوکم دەستی یەکترییان گوشی و چاك و چۆنییان کرد، ئینجا باوکم رووی کردە من و وتی: ئەمە مەلا شەریفە، ئەوەی خۆشت دەوێ، ئەویش لە هەواڵی پۆل و قوتابخانەی پرسیم و ئامادەیی پیشاندا پێوەندی لە دوا رۆژدا لە نێوانماندا خۆش بێ.

بە راستی ئەم یەکتری ناسینە بەختیاری کردم، خۆشییەکی گیانی گەیاندە ناو دڵ و دەروونم، وامدەزانی گەلێ شتی لێ فێردەبم ئەنجامەکەش هەر ئەوەبوو، ماوەیێك ئەو ماڵی ئێمەی نەدەناسی، هەروەها منیش نەمدەزانی ئەو لە کوێ دەژی، بەڵام هەر کاتێکی بمویستابە، چاوم پێی دەکەوت چونکە ئەو هەمیشە لە ناو خەڵك بوو، لە هەموو شوێنێکی شار دەبینرا، دەچووە ناو بازاڕ، لە چایخانەکاندا دادەنیشت، دوکانی ناسیاوانی خۆی بەسەر دەکردەوە. لەگەڵ خوێندەوارانی یەکجار نزیك بوو بەتایبەتی قوتابیانی ناوەندی و ئامادەیی ئەوانەی کوردایەتییان دەکرد و دەمیان لە سیاسەت دەدا، لەبەر ئەوە هەر کاتێکی ئارەزووم بکردایە چاوم پێی بکەوێ دەمتوانی بیدۆزمەوە.

هاوڕێتیمان رۆژ بە رۆژ بەهێزتر دەبوو تا وای لێهات هاتووچۆی ماڵمانی دەکرد. لەو سەردەمەدا من دەمزانی مەلا شەریف ئەندامێکی گەورەیە لە پارتی کۆمۆنیستی عێراق و یەکەمین کوردە دەبێ بە ئەندامی ئەو پارتییە، بەڵام تا کۆچی دواییشی کرد هیچ پێوەندییێکی حیزبایەتیم پێیەوە نەبووە.

لەو رۆژگارە بوو بە سەرباز (عەسکەری ئیجباری)، ماوەیێك دەستبەسەرکرا و خرایە بەندیخانەی سوپا لە ئۆردووی عەسکەری هەولێر، دووجار لەگەڵ قوتابیانی ناوەندی سەردانی بەندیخانەی عەسکەری ئۆردووی سوپای هەولێرمان کرد. لە پاشانا مەلا شەریف لە بەندیخانەدا ئازاد کرا و خزمەتی عەسکەری گوێزرایەوە فیرقەی دووەمی عەسکەری لە کەرکوك.

بە رێکەوت منیش بۆ تەواوکردنی قوتابخانەی ئامادەیی چووم بۆ کەرکوك، لەو رۆژگارەدا زیاتر لە یەکتری نزیك بووینەوە، دەتوام بڵێم رۆژانە ئێواران لە چایخانەی مەجیدییەی کەرکوك یا چایخانەکەی بەرامبەری لە تەنیشت گەراجی هەولێر پێکەوە دادەنیشتین، جار جارە (نووری باویل ئاغا)ش لەگەڵماندا دەبوو، لەو کاتەدا بە فەرمانی دادگا لە کەرکوك بە دەستبەسەری دەژیا. لەو ماوەیەدا مەلا شەریف پێوەندی بە پارتی کۆمۆنیستەوە نەمابوو، بەڵام لە هیچ رێکخراو و تاقم و حیزبێك نزیك نەبووەوە تا کۆچی دوایی. لەو کاتەدا مەلا شەریف قسەی وای

له بابەت پارتی کۆمۆنیست و سەرۆکەکانی دەگێڕایەوە، ئەمن و نەکەسی دیکە نەبوو باوەڕی پێبکا، کەچی لە دواییدا قسەکانی راست دەرچوون.

لە سەردەمی خۆیدا بە دەگمەن رۆشنبیر و خوێندەواری وەکو مەلا شەریف هەڵدەکەوت، مەلای چاك، خوێندەواری باش، بەبێ یارمەتی هیچ کەسێك خۆی فێری زمانی فرەنسی کردبوو، ئیتر منیش لە هەولێر بووبێ یا لە کەرکوك یا لە بەغدا، هاوڕێیەتی مەلا شەریفم کردووە. لە دوای گەڕانەوەم لە رووسیا جارێکی تریش لە یەکتری نزیك بووینەوە تا کۆچی دوایی، بە هۆی ماڵئاوایی ماتەمنامەیێکم لەسەری نووسی و بڵاوکرایەوە.

پێش کۆتایی بەم وتارەم بێنم پێویستە بڵێم: مەلا شەریف شاعیری چاك بوو بە نازناوی ((رەنگەڕێژانی)) شیعری لە گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە. مەلا شەریف وێنەی جوان و لەباری رۆشنبیری کورد بوو لە هەولێری سەدەی بیستەمدا.

**١٥ی شوباتی ٢٠٠١**



**(١١٠)**

## گورجستان و برسییەتی

میللەتی گورج هۆزێکی کۆنی نەتەوەکانی هیندۆئەورووپی قەفقاسین. خاکی گورجستان دەکەوێتە رۆژهەڵاتی زەریای رەش، لە باکوور سنووری لەگەڵ رووس هەیە لە باشووریشدا هاوسێی عوسمانی کۆن و تورکی ئێستایە.

گورج نەتەوەییێکی کۆنی قەفقاسییە، بە ئایین مەسیحین، لەبەر ئەوە هەمیشە بەدرێژایی مێژوو سەر بە ئیمپراتۆرییەتی رووس بوون، ئەم دەوڵەتە گەورەیە لە هێرشی دەوڵەتی عوسمانی دەیپاراستن. پایتەختیان شاری ((تفلیس))ە، ئەوان ((تبیلیسی)) پێدەڵێن. شاری گەورەیان ((باتووم)) و ((سوخووم))ە لەسەر زەریای رەش، ئەم دوو شارە هەرگیز هێمنییان بەخۆیانەوە نەدیوە، هەمیشە مەیدانی جەنگی نێوان رووس و عوسمانی بوون.

گورجستان وڵاتێکی شاخاوی خۆشی بە دیمەنە، چیا و شیو و رووبار وێنەییێکی سروشتی هونەراوییان لەم خاکەدا دروستکردووە. کچی گورج بە جوانی ناوبانگی دەرکردووە. لە کوردستانی ئێمەدا کە وەسفی کچی جوانیان دەکرد، دەیان وت ((وەکو گورجی ئەستەموولە)). ئەم دیاردەیە بووبووە هۆی ئەوەی لە سەدە کۆنەکاندا بازرگانی بەم کچانە بکەن، تەنانەت کۆشك و باڵەخانەکانی سوڵتانی عوسمانی لەناو جارییەکانیان کچی گورجی دەبینران، جا مەبەس لەو وتە کوردییە ئەو کچە جوانانەن کە بە نەژاد گورج بوون و لە کۆشك و باڵەخانەکانی سوڵتاندا دەژیان.

جگە لەمە ئێمەی کورد جالییەمان لە گورجستاندا هەیە، زۆربەی ئەو کوردانەی ئێمە لە شاری تفلیس و گوندەکانی دەوروبەری دەژین.

نەتەوەی گورج خاوەنی ئەدەب و هونەرێکی بەرزە، لەم لایەنەوە کوردناسی گەورەی رووس ئەرمەنی نەژاد یووسف ئۆربێلی دەڵێ: فیردەوسی فارس و رووستاڤێلی گورج و ئەحمەدی خانی کورد لە گەورەترین شاعیرانی رۆژهەڵات دەژمێردرێن.

لە دوای پەیدابوونی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان گورج و ئەرمەن و ئازربێجانی دەوڵەتیان بۆ دروستکرا، ئەمانە لە زوڵمی دەسەڵات رزگاریان بوو، بەتایبەتی گورجستان نێوەندی هێزبوو لە دەسەڵاتی سۆڤیەتدا، چونکە دەوروبەری فەرمانڕەوایی ستالین وەك دیکتاتۆرێك بەنەتەوە گورج

بوو، لەم دواییەشدا ئیدوارد شیڤەرنادزە، گەیشتە پلەی ئەندامییەتی مەکتەبی سیاسی و وەزیری دەوڵەتی سۆڤیەتی کۆن. ئێستا سەرۆکی دەوڵەتی سەربەخۆی گورجستانە. ئیتر بە درێژایی فەرمانڕەوایی دەسەلاتی سۆڤیەت نەتەوە بچووکەکانی دیکەی قەفقاس هەموویان تووشی دەردەسەری و ئاوارەیی بوون، تەنیا گورج و ئەرمەن و ئازربێجانی نەبن، بێگومان سەرۆك و کاربەدەستانی ئەم نەتەوانە دەوری گرنگیان هەبوو لە ئازاردانی نەتەوە بچووکەکان، بەتایبەتی دەسەلاتی ئازربێجان لە دەوروبەری فەرمانڕەوایی (باقیرۆڤ)دا. کورد لە هەموو ئەو نەتەوە بچووکانە زیاتر تووشی ئازار و ئەشکەنجە و دەربەدەری و ئاوارەیی بوو.

لە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر گورجستان بوو بە کۆمارێکی سەربەخۆ، من لەو ماوەیەدا لەسەر دەسەلاتی سۆڤیەت ناکەمەوە، بەشان و باهوویاندا هەڵناڵێم، رووخانەکە رووداوێکی مێژوویی بوو دەبوو هەربێ، بەڵام لە نزیکەوە ئاگادارم و بەچاوی خۆم گەلێ شتم دیوە، لەبەر ئەوە رێگە بەخۆم دەدەم هەندێ لەم لایەنەوە بگێڕمەوە.

گورجستان یەکێ بوو لە کۆمارە دەوڵەمەندەکان نەك تەنیا لە قەفقاسدا، بەڵکو لە هەموو وڵاتی سۆڤیەتی فیدراڵیدا، لە کشتوکاڵدا بێهاوتابوو، ناوبانگی میوە و سەوزە و گوڵی گورجستان لە سەرانسەری وڵاتی سۆڤیەت دەنگیان دابووەوە.

لە شارێکی گەلێ دوور، لە ئەوپەڕی باکووری رۆژئاوای رووسیا سانت پیترسبۆرگ (لینینگرادی ئەوسا) لە زستان و بەهاری سەهۆڵبەنداندا ئەگەر تەماتە و خەیار و گوڵاڵە و قەنەفڵ (گوڵەمێخەك) و هەموو جۆرە سەوزە و میوەیێك بکەوتنایە بەرچاو دەیان وت ئەمانە لە گورجستانەوە بەفڕۆکە گواستراونەتەوە لەبەر ئەوە نرخیان گرانە.

مخابنە لە وڵاتێکی وا دەوڵەمەند و تێروتەسەل لە سایەی دەسەڵاتێکی کە دەبوو برووخێ و لەناوبچێ، لە دوای رووخان ببێ بە یەکێ لە کۆمارە هەژارەکانی دەوڵەتی سۆڤیەتی پێشوو.

لەم رۆژانەدا لە میدیای گێتی ئەو بڵاوکرایەوە کە سێ چارەکە ملیۆن کەس لە گورجستاندا برسین. ئێمە لێرەدا تەنیا لە رووی گوزەرانەوە دەنواڕینە مەسەلەکە.

لە دەوروبەری فەرمانڕەوایی سۆڤیەتەکاندا ژمارەیێك دەوڵەمەند هەبوون، بەڵام سواڵکەر و لەبرسان مردوو شوێنەواریان لەو کۆمەڵەدا نەبوو، زۆربەی هەرە زۆری میللەتەکە ژیانێکی ناوەنجییان هەبوو، پێویستە بنچینەییەکانی ژیان لە ئیش و کار و ماڵ و ئاو و کارەبا بەر هەموو کەسێك کەوتبوو، بەڵام بە هیچ جۆری بیر لەوە نەدەکرایەوە دەرۆزەکەرێکی وەك



هاوولاتی ئەمەریکی و ئینگلیز و فەرەنسی لە شار و گوندەکانی گورجستان ببینرێن، کەچی ئێستا لە سایەی بیروڕای ئێمەی رۆشنبیر، کە دەڵێین دەبوو دەسەڵاتی سۆڤیەت برووخێ لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەکو گورجستان سێ چارەکە ملیۆن کەس نانیان نییە بیخۆن، دەبێ وەك سواڵکەرەکانی ئەمەریکا دەست لە ئەمەریکا پان بکەنەوە!.

**٢٢ی شوباتی ٢٠٠١**

## (١١١)

## چەژنی ڕەمەزان و قوربانی هەولێر

سەرەتای مانگی ڕەمەزان و هەردوو جەژنی ڕەمەزان و قوربان بەبینینی مانگ دیاریدەکران، لەسەر خەڵکی هەموو ئاوەدانییەکی گێتی ئیسلام پێویست بوو لە مانگی یەك شەوە بگەڕێن، ئەمە ڕێورەسمی تایبەتی خۆی هەبوو. لە دوای ڕۆژئاوا دەبوو قازی شار چاوەنۆڕی ئەو کەسانەبێ کە مانگیان دیوە. ئەویش یا لە کارگێڕی میری یا لە مزگەوتەکەی کاری تێدا دەکرد پێشوازی ئەوانەی دەکرد کە مانگیان دیوە.

دوو شایەد دەست بکەوتنایە ئەوانەی مانگیان دیوە لە دوای سوێندخواردن قازی بۆی هەبوو فەرمان دەربکا و بکرێ بە ڕەمەزان یا جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان و لەدایکبوونی پێغەمبەر. لە دەوروبەری جەنگی دووەمی گێتی ئەم بڕیارە بوو بە کارێکی ناوەندی. واتە لە شارەکان ئەگەر مانگیان بدیایە تەلەفۆن بۆ بەغدا دەکرا و لەوێوە بڕیار دەردەچوو لە هەموو وڵاتدا دەکرا بە جەژن.

بە زۆری لە ناوچەی ئێمەدا ئەگەر مانگیان بدیایە ئەم بڕیارە دەکەوتە دوای نوێژی عیشا، ئیتر هەر کە هەواڵەکە دەبیسترا بازاڕی شاری هەولێر دەکرایەوە و پێشتر گلۆپی کارەبا بۆ دوکانەکان ئامادەدەکرا. دوکانی بەقاڵ و قەساب و عەتار دەکرانەوە. مەڕیش سەردەبڕا. ناو بازاڕ دەبووە چراخان. گۆشت فرۆشەکان سەروپێ و سیوجگەر و گورچیلەیان فڕێ دەدا و بەیانی جەژن کرێکارانی شارەوانی ناو بازاڕیان پاك دەکردەوە. منداڵی وردە تا درەنگ بە کۆڵانەکانی شاردا دەسوڕانەوە بەدەم گۆڕانییەوە داوای نوقڵ و شیرینییان لە ماڵان دەکرد.

هەموو ماڵێك دەوڵەمەند و هەژار ڕۆژی جەژن بەیانیان خواردنیان ئامادە دەکرد. خواردنەکە بریتی بوو لە پلاوی برنج و بە زۆری شلەی بامیە و هەندێ ماڵ شلەی دیکەشیان دروستدەکرد. چێشتی شێخ مەحشی و قەیسی (شلە — قاورمە) لە هەندێ ماڵدا لە خواردنە بنچینەییەکانی بەیانیانی جەژن بوو. نەریتی دروستکردنی خواردن لە بەیانیانی جەژن لەوەوەهاتبوو، لە ڕەمەزانا خەڵکی بەرۆژوو دەبوون، واتە بە درێژایی مانگ بەیانی و نیوەڕۆ خواردن نەدەخورا، تەنیا ئێواران بوو، ئیتر لەبەر ئەوەی یەکەمین ڕۆژوو شکاندن بەیانی جەژن بوو، خواردنی ئەو ڕۆژەی ئێوارانیان هێنابووە بەیانی بەناوی ڕێزگرتن لە جەژن. ئەمە لە لایێك لە لایێکی دیکەوە لەو سەردەمە کۆنانەدا لە هەولێر خواردنی بنچینەیی ڕۆژانە ئێواران بوو، نیوەڕۆیان خواردەمەنی سووك دەخورا،



ئەمە بەپێی کەژی ساڵ دەگۆڕا، ئەم خواردەمەنییانە چایە و شیر و هێلکە و ماست و پەنیر و قەیماغ و خەیار و تەماتە و سەوزە و میوە و شووتی و کاڵەك و شتی تر بوون.

شەوی جەژن بە زۆری خەڵکی نەدەنووستن بەتایبەتی ژن و کیژی ناوماڵ. ئەمانە خەریکی دروستکردنی خواردەمەنی جەژن دەبوون. لە دوای نوێژی بەیانی سەماوەر دەکەوتە جۆش و کەلوپەلی چایە دیمەنێکی تایبەتی هەبوو، لەگەڵ ڕۆژهەڵات پیاوی ماڵ دەچوونە نوێژی جەژن، ئەمەیان لە دوای ڕۆژهەڵات دەگەیەنرایە ئەنجام، ئینجا لە پاش ئەوەی پیاو لە مزگەوت دەگەڕانەوە نانی بەیانی جەژن دەخورا، منداڵ و گەورە و بچووك جلی ئالوالای جەژنیان لەبەر دەکرد.

یەکێ لە دیاردە هەرە جوان و بەرچاوەکانی شاری هەولێر ((چەرخ و فەلەك)) بوو، ((بن لەلووك))یشیان پێدەووت. وەك دەگێڕنەوە لە سەرەتای سییەکاندا چەرخ و فەلەکی هەولێر لە جێی ((باغی شار))ی ئێستا بوو، بەشێك بوو لە گۆڕستانی گەورەی هەولێر، لەو ماوەیەدا گۆڕەکانیان تێکدا و باغی شاریان دروستکرد و چەرخ و فەلەکیان گواستەوە لای دەڵاڵخانەی ئێستا لە پشت گۆڕستانی گەورە و بەرامبەر گۆڕستانی چراغ و قەسابخانەی کۆنی شار.

ئەو چەرخ و فەلەکانە لە ڕاستیدا بۆ منداڵان بوون، شتێك بوو وەکو شاری یاری ((مدینة الالعاب)) تەنیا بۆ ڕۆژانی جەژن. بەیانی و نیوەڕۆیان بە زۆری منداڵی لێ بوو، ئەگەر گەورە لەوێ بوونایە لەبەر منداڵی بچووکیان بوو. ئێواران هەندێ قەڵەبالغتر دەبوو. بەوەی پیاوی گەورەش پیاسەی ئەو ناوەیان دەکرد. ئەمە تا ڕۆژئاوای دەخایاند. لە پاش داهاتنی تاریکایی هەندێ پیاوی بە تەمەن و گەورە لەگەڵ خاوەن چەرخ و فەلەکەکان ڕێك دەکەوتن ئەوانیش بە شەو سواری چەرخ و فەلەك دەبوون و سەیرانی خۆیانیان دەکرد.

هەموو خۆشی ئافرەتی کوردیش ئەوەبوو خۆیان لە چارشەو و پەچە و عەبا و بەچە لوول دەدا و لە جێگە بەرزاییەکانی دەوروبەری چەرخ و فەلەك دادەنیشتن و تەماشای ئەو حەشاماتەیان دەکرد.

ڕۆژ بە ڕۆژ چەرخ و فەلەك قەڵەبالغتر دەبوو، تا پاش نیوەڕۆی دوا ڕۆژی جەژن کەس لە ماڵەوە نەدەما، ژن و پیاو دەڕژانە جێی چەرخ و فەلەك، بەڵام ئەوە نەبوو چاوت بە چاوی هیچ مێینەیەك بکەوێ، سەر بەرزاییەکان بە عەبای ئافرەت ڕەش دەچوونەوە، هەموو شاری هەولێر دەڕژایە ئەو جێگەیە، گەورە و بچووك.

لاو و گەنجی هەرزە خەونیان بە جوانانی ناو عەبا دەدی. هەر کەسە بەپێی چێژ و خەیاڵی خۆی.

**١ی مارت ٢٠٠١**

## (١١٢)

# پووشکین چۆن کوردی ناسیوە...؟!

پووشکین شاعیرێکی گەورەی سەدەی نۆزدەمی رووسە، ناوی ئەوەندە گەورەیە هەموو مێژوو ئەدەبی رووسی دەور دەکاتەوە. ئەوەی ئاشکرایە ناوی خەڵکی دیکە لە کۆمەڵی رووسیادا هەرچەندە بەرز و نزم بێتەوە، ناوی پووشکین هەر بڵند دەبێ، ئێمە هەندێ جار لەگەڵ رووسەکان، کە گفتوگۆمان دەکرد دەمان وت:

دەسەڵاتی رووسیا لە سامانی کولتووریدا ئەوەی بۆ لینین و پووشکینی دەڵێ هەمووە و هیچی تر نامێنێتەوە، بۆ خەڵکی دیکە. ئەوان ئەم قسەیان پێ خۆش بوو، بەڵام ئەگەر بووترایە لە دوا رۆژدا وا رووبدا پلەی رێزی لینین کەم دەبێتەوە یا نامێنێ و کەچی دەست لە پووشکین نادرێ، ئەم وتەیە هەندی گرژی دەکردن.

سەیر نەبوو ئەم بۆچوونانە لە دوا ساڵانی سەدەی بیستەم بێنە دی و لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم لینین زۆر بێتە خوارەوە و پووشکین وەکو خوێ بمێنێ، چونکە بەرهەمەکانی ماکی نەمرییان تێدایە هەمیشە لەگەڵ ویست و ئارەزوو و هیوا و ئامانجی خەڵکی دەژین.

من تا نەچووبوومە وڵاتی رووسیا نەمدەزانی پووشکین کوردی ناسیوە، یا هەندێ زانیاری بیستووە لە بارەی کوردی ئێزدییەوە.

ئەوەی پووشکین زانیویەتی ئەوەبووە ئێزدی کۆمەڵە خەڵکێکن لە وڵاتی مێزوپۆتامیا (خاکی نێوان دوو رووباری کۆن و عێراقی ئێستا) دەژین. ئەمانە بە ئایین «شەیتان پەرستن». ئەم تەعبیرە شتێکی نائاساییە نەك تەنیا لە لای هەموو کەسێك لەسەر هەر بیروباوەڕ و ئیدیۆلۆجییەتێك بێت.

جارێ مەسەلەی «شەیتان پەرست» بە درێژایی رۆژگار دەسەڵاتی عوسمانی ئەم تەعبیرەی بۆ دیاریکردنی ئایینی ئێزدییان دروستکردبوو، نەك تەنیا ئەمە، بەڵکو شتێکی وای بۆ (یارسان)ەکانیش دانابوو، ئەمانە بە هەموو هۆز و تیرە و سارەلوو و ئەهلی هەق «عەلیی ئیلاهی»یان پێدەووتن، ئیتر ئێمە بابیر بکەینەوە یا بەخەیاڵ وێنەیێك لە مێشکماندا دروست بکەین، لە کۆمەڵی تورکی عوسمانییەدا ئەگەر یەکێك پەنجە بۆ کەسێك درێژ بکا و بە کەسی سێیەم بڵێ ئەمە «شەیتان پەرستە» یا «عەلیی ئیلاهی»یە، دەبێ هەڵوێستی ئەو کەسی سێیەمە چۆن بێ! وابزانم هەر ئەوە دەبێ یا شیری لێ هەڵدەکێشێ یا بەخەنجەر لەتی دەکا.



دەسەڵاتی عوسمانی ئەم سیاسەتە چەوت و چەوێڵەی بەکاردەهێنا لەو کۆمەڵە دەربەگی و دەوڵەتە ئۆتالیتارییەی کە بەڕێوەی دەبرد. لە ئەنجامی ئەمەدا هەڵوێستی نامرۆڤانە بەرامبەر ئایینە نا ئیسلامییەکان وەکو مەسیحی و ئایینزاکانی تر پەیدا دەبوو لە دواییدا کارەساتی لێدروست دەبوو.

پووشکین (١٧٩٩-١٨٣٧) لە گەشتەکەی بۆ ئەرزەڕۆم لە سەردەمی جەنگی (١٨٢٩)ی نێوان رووس و عوسمانی کە دەگاتە شاری ئەرزەڕۆم و ماوەیێك میوانی فەرماندەی سوپایی جەنگەکە دەبێ دەبیستێ کە چەند ئێزدییەك لە لایەن رووسەوە بەدیل گیراون و لە گرتووخانەدا بەندکراون، داوا لە کاربەدەستان دەکا چاوی بەو ئێزدییە کوردانە بکەوێ. بۆ ئەم مەبەستە پووشکین خۆی دەچێ بۆ لایان، بە قسەی ئەو پێنج شەش کەسێك بوون، برا گەورەیان بانگ دەکا و دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵی.

لێی دەپرسێ: ئایا راستە ئێوە شەیتان دەپەرستن؟

لە وەرامدا دەڵێ: جەناب ئەم قسەیە راست نییە، درۆ و هەڵبەستەیە، ئێمە خوا دەپەرستین و دەزانین شەیتانیش خوا دروستی کردووە و بووە بە رەمزی خراپە، ئەمەش دیارە هەر ئیرادەی خوایە، ئێمە لە پێناوی ئەوەی خراپە بە خەڵکی نەگەیەنێ ناوی نابەین، ئێمە خوا دەپەرستین، ناوی لای ئێمە «ئێزەد»ە لەبەر ئەوە ناوی ئایینەکەمان ئێزدییە.

پووشکین دەڵێ قسەکانی ئەم کابرا نەخوێندەوارە وەك وتەی فەیلەسووفێك یا خوێندەوارێکی بەرز کەوتە بەر گوێم، ئەم راستییە بووە هۆی ئارامی دڵ و دەروونم.

بە راستی ئەگەر بیبلیۆگرافیای کوردناسی نەبوایە هەرگیز نە من و نە کەسێکی دیکە ئەم بەسەرهاتەی نێوان پووشکین و کوردێکی ئێزدییان بەرچاو نەدەکەوت، چونکە ئەم هەواڵە لە بەرهەمە پەخشانییە ئەدەبییەکەی پووشکین «گەشتێك بۆ ئەرزەڕۆم» کەوتۆتە ناوەوە.

من خۆشم لە کاتی خۆیدا کە خەریکی بیبلیۆگرافیای کوردناسی بووم وەکو بڵێی سەرچاوەیێکی تازەم دۆزیوەتەوە گەلێ گرنگە، ئەویش ئەوەیە شاعیری رووس باسی کوردی ئێزدیی کردووە، هەر لەبەر ئەوەش بوو بەرهەمە ئەدەبییەکەم هەمووی خوێندەوە، وابوو بەرامبەر کارێکی ئەدەبی یەکجار بەنرخی پووشکین وەستام. راستە کارەکە شیعر نییە و پەخشانە، بەڵام پەخشانێکی شیعرئامێز و شێوازی پووشکینانە هێزێکی دیکەی هونەری بەرزی داوەتە بەرهەمەکە، بۆیە لە کاتی خۆیدا بڕیارمدا «گەشتێك بۆ ئەرزەڕۆم»ی پووشکین لە رووسییەوە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی و «کۆمەڵەی فەرهەنگی سوید — کوردستان» لە شاری سوللەنتوونا، لە سوید، لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ خوێنەری کوردی خۆشەویستی چاپ بکا.

**١٠ی مارت ٢٠٠١**

## (١١٣)

# بتەکانی ئەفغانستان یا یادگارە بێ هاوتاکان

شەوێك لەشەوە دەگمەکانی ژیانم بوو، کە گوێم لە رادیۆ نەگرتبوو ئاگاداری هەواڵی گێتی نەبووم، چونکە خەریکی بە ئەنجام گەیاندنی باسێکی مێژوویی ئەدەبی کوردی بووم.

بەیانییێکی خۆش بوو، سروشت لە بزە و شادی دابوو، قوتابیانی کۆلێج چووبوونە ژووری خوێندن، مامۆستایان خۆیان ئامادە دەکرد بۆ وتنەوەی زانست و زانیاری، لە پڕ یەکێکیان دەم بە پێکەنین و لە خۆشیانا سەمای دەکرد و چەقەنەی لێدەدا، بە دەنگی بەرز دەیووت: «گوڵ! گوڵ بلیمەتێکی وەکو لیۆنید بریژنێڤ چۆن هەڵە دەکا! وانەبێ میللەتی ئەفغان رزگاری نابێ».

من لە مەسەلەکە نەگەیشتم، چونکە شەوی رابردوو گوێم لە رادیۆ نەگرتبوو، ئیتر خوا کاریان راست بێنێ مامۆستایان بۆیان روونکردمەوە کە سوپای سووری سۆڤیەتی کۆن چۆتە ناو ئەفغانستانەوە، بۆ ئەوەی رزگاری بکا و دوایی بەم هەموو تەنگوچەڵەمەیە بێنێ کە موخابەراتی ئەمەریکی نەك تەنیا بۆ ئەفغانستان، بەڵکو بۆ هەموو گێتی دروستی دەکا. بەڵێ! ئەو «پێشکەوتنخوازانەی» بەم «گوڵە!» دەگەشانەوە و وایان دەزانی پاش ماوەیێك کۆمەڵی ئەفغانستان بەختیاری و سەرکەوتن بەدەست دێنێ و ژیانی دەبێتە هەنگوین و کەرە یاغنیش بوون، بە راستی مەسەلەکە بەپێچەوانە کەوتەوە. بە هەزاران لاوی رووس و هەندێ لە نەتەوەکانی سۆڤیەتی کۆن کوژران و دایك و باوکیان وەك زگ سووتاوێك و پشت شکاوێك چوونە ناو گێتی ونبووی ملیۆنانی خەڵکی رووی ئەم زەوییەی کە تووشی کارەسات و تاڵان وماڵوێرانی دەبن.

لە دوای ئەم هەموو ئەشکەنجە و نالەبارییە سوپای سوور بەسەرشۆڕی لە ئەفغانستان دەرچوو، لێرەدا بۆ دەبێ سەرشۆڕی ئەمانە لەوەی ئەمەریکا کەمتر بێ کە ناچارکرا لە ڤێتنام بچێتە دەرەوە.

وڵاتێکی دواکەوتووی وەك ئەفغانستان هەر بە مەفهوومی کۆمۆنیستەکانی رووس خۆیان چۆن بە زۆری سوپا دەوڵەتی سۆسیالیستیان بۆ دادەمەزرێ! لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە چەوت و چەوێڵەی رووسیای سۆڤیەتی کۆن نەك تەنیا ئەفغانستان، بەڵکو لە هەموو وڵاتە دواکەوتووەکان بەتایبەتی وڵاتانی ئەفەریقای ناوەڕاست «سۆسیالیزم» تەپی و لە پراکتیك کەوت.



ئەفغانستان وەزعێکی تایبەتی هەیە. لە دوای جەنگی یەکەمی گێتییەوە و بە درێژایی سەدەی بیستەم و تائێستاش دەوڵەت دەسگاییێك بووە پڕ لە گێروگرفت، زیاتریش ئەمە لە ئەنجامی بەرژەوەندی نێوەندی هێزە گەورەکان (سۆڤیەتی کۆن و ئەمەریکا و ئەورووپا) پەیدابووە.

ئێستاش ئەفغانستان لە دەست حیزب و لایەنە سیاسییەکان چۆتە دەرەوە، کێشەکە بەدەست لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکانەوەیە. ئەمانە زۆرن، هەموویان دژی یەکترین، هەر لایەنەی بە گوێی مامۆستای خۆی دەکا، ئەوەی خەرجی بۆ جێبەجێ دەکا ئەویان زیاتر دەستی دەڕوا.

لەم رۆژانەدا بە ناوی ئایینەوە دەسەڵاتبەدەستانی ئەفغانستان یاخود مەلا **محەممەد** عومەر بڕیاریانداوە پاشماوەی مەدەنییەتی پێش ئیسلامی بووزی و ئایینەکانی دیکە لە ناو ببەن.

ئەگەر بە وردی تەماشای ئەم پاشماوە هونەرییە هەرە بەنرخانە بکەین، دەبینین لە مەنزووری بیروباوەڕی ئایینی چوونەتە دەرەوە و لایەنی هونەری ئیستێتیکی دەخەنەڕوو، گەورەیی و دەست رەنگینی ئەو هونەروەرە بلیمەتانە ئاشکرا دەکەن، کە بە چەکوش و قەڵەمی ئاسنین لە سەنگی خارا چی داهێنانێکیان نواندووە و چی بەرهەمێکی هونەری بەرزیان بۆ نەوەکانی داهاتوو بە میرات بەجێهێشتووە.

میللەتی ئەفغانستان بە ئایین موسڵمانە، ئەم یادگارانە پاشماوەی پێش ئیسلامن، پاشماوەی ئایینە کۆنەکان لە ئەفغانستان نەماون، تاکو رووبکەنە ئەم پەیکەرانە و نوێژ بکەن و لە بەریان خوارببنەوە و بیانپەرستن، لەبەر ئەوە هیچ جۆرە دەسەڵاتێك هەقی ئەوەی نییە ئەم رەمزە مێژووییانە، کە بوون بە یادگارێکی ئەرکیۆلۆجی (ئاسار) هەموو مرۆڤایەتی ئازاریان پێبگەینی یا لەناویان ببا. کورد لە هەموو کەسێك زیاتر بێزاری خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر ئەم کارەی دەسەڵاتی ئەفغانستان، چونکە کورد لە هەموو کەسێك زیاتر کەوتۆتە بەر تاڵان و لە ناوبردنی پاشماوەی مەدەنییەتی دێرنی خۆی.

لێرەدا پێویستە دوو بەڵگە لەم لایەنەوە بەرەوڕوو بکرێنەوە:

١- لە دوای راپەرینیساڵی ١٩٩١ لە کوردستانی عێراق هەندێ دوژمن لە سەرەتادا نەبوونی دەسەڵاتێکی بەهێزیان (١٩٩٢) بەهەلزانی بۆ ئەوەی گێرەشێوێنی و کارەساتی رۆشنبیری بەرپابکەن. ئەوانەی لە ساڵانی پاش جەنگی یەکەمی گێتی لە کوردستانی سەروودا چیرۆکی شیعری مەم و زین یان دەسووتاند، پیلانیان دانابوو بۆ تەقاندنەوەی ئەشکەوتە دێرینکەی «گوندۆك» لە نزیك شاری ئاکرێ.

دەیان گوت: مەبەس دۆزینەوەی نهێنییەکانی ئەشکەوتەکەیە، بەڵام لە راستیدا بۆ لەناوبردنی ئەو نەقش و وێنانە بوو کە ئادەمیزادی کۆن بە هەزاران ساڵ پێش ئەمڕۆ و پێش مێژوو لەو ئەشکەوتەدا ژیابوو هونەری خۆی نواندبوو لە هەڵکەندنی ئەو نەقش و نیگارانە لەسەر دیواری ناو ئەشکەوت.

٢- ئەمە لەولا، بەڵام لەم لادا، نزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا لە بەستۆڕە بە هۆی لێدانی کەناڵێك بۆ راکێشانی ئاو لە بەستۆڕەوە بۆ قەڵای هەولێر لەسەر تاتە بەردێك چەند هەواڵێکی ئەم پرۆژەیە هەڵکەندرابوو بۆ یادگاری دوا رۆژ. ئەم بەردە بۆ ماوەی سێ هەزار ساڵێك لە جێی خۆی بوو، کەچی لەم دواییەدا دزرا.

ئەمەیان ئەگەر وردوخاش نەکرابێ رەنگە کارەسات نەبێ، بەڵام نووسینی دیوارەکانی ئەشکەوتی «گوندۆك» لەناوچوون، ئێمە نامانەوێ یادگارە بێ هاوتاکانی ئەفغانستان لەناوبچن.

**١٥ی مارت ٢٠٠١**



## (١١٤)

# بابا گوڕگوڕ

ئەگەر وشەی «گوڕگوڕ» لە وشەی دەنگی گڵپەی ئاگرەوە نەبێ «گڕ گڕ» دەبێ چی بێ!? ئەگەر وشەی «بابا» لەقەبی گەورە پیاوان و ئەولیاکانی ئەهلی هەقی یارسانان نەبێ دەبێ چی بێ!?

سترابۆ (٥٨-٢٥ پ. ز) پسپۆڕی زانستی جوگرافیای گریگ دەڵێ: «ئەسفەلت Ashpalte» «نەفت Naphte»یشی پێ دەڵێن لە میزۆپۆتامیا لە وڵاتی بابلدا هەیە.

هەروەها باس لە نەوتی کەرکوك دەکا و دەڵێ: لە خوارووی شاری «ئەربلس» (ئەربیل) و نێوان ئەو و شاخی «نیکاتۆریم» (زوورگەکانی باکووری بابا گوڕگوڕ زێی «کاپرس» (زێی بچووك، زێی کۆیە، زێی دوکان) دەبینرێ. لە پێش ئەو زێی «لیکس» (زێی گەورە، زێی بادینان) بەرچاو دەکەوێ، ئەم هەرێمە «ئەربلس»ی پێی دەڵێن.

نزیك شاری «ئەربلس» شاری «دیمتریاس» دەبینرێ (ئەمە دەبێ شاری پردێ، ئالتون کۆپری بێ)، لە دوای ئەوە سەرچاوەکانی نەفت دەست پێ دەکا.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفەی عەباسی قادر بیلڵا (٣٩١ھ/ ١٠٠٠م) ناوی کەرکوك بە شێوەی ((کەرخینی)) لە ناوەوە بووە و لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو تۆمارکراوە.

کارستن نیبۆری گەڕۆکی دانیمارکی (١٧٦٦) شاری کەرکوکی دیوە، دەڵێ لە نزیك شار سەرچاوەی نەفت و قیر هەیە «بابا گوڕ گوڕ»ی پێ دەڵێن.

مامۆستای گەورەم تۆفیق وەهبی لە ژیانی خوێندەواریدا حەیران و عاشقی «پیرە مەگروون» و «بابا گوڕ گوڕ» بوو، لە هەموو کۆڕ و دانیشتنە رۆشنبیرییەکانی لە دیوەخانەی نامەخانەی بەغدا لە گەڕەکی وەزیرییە ئەوەی دەگێڕایەوە کە «بابا» و «پیر» لە کۆمەڵی کوردەواری پێش ئیسلام دروشمی ئەو کەسانە بوو، کە گەیشتبوونە پلەی «کردگار» یا لێیەوە نزیك بوون.

«مەگروون» یەکێ لەو دیاردانەی کردگار بووە لە ئایینی کۆمەڵی کۆنی رۆژهەڵات (میتراییزم).

«گوڕگوڕ» رەمزی ئاگر بووە، ئاگرپەرستەکانی ئەو رۆژگارە کۆنە «ئاگری هەمیشەیی» نزیك کەرکوکیان بە دیاردەی کردگار حسێب کردووە و لەقەبی «بابا»یان بۆ بەکارهێناوە هەروەکو لەقەبی «پیر»یشیان داوەتە «مەگروون»ی سلێمانی. بەم جۆرە لە دێرزەمانەوە «پیرەمەگروون» سلێمانی دەپارێزێ وەکو حەزرەتی نالی (١٨٠٠-١٨٥٦) لە شیعرێکیدا دەڵێ:

**له سایەی هیمەتی شەخسی بڵند ئاسوودەیە شارێ**
**بەڵێ خیتتەی سلێمانی سەوادی زیللی گودروونە**

هەرچی «بابا گوڕگوڕ»یشە کەرکوك دەپارێزی، ئەم تەعبیرە هەمیشە لەسەر زاری تۆفیق وەهبی بوو. ئەم زانایە ئەگەر بۆی بکرایە وەسیەتی دەکرد لەهەردوو لا بنێژرێ، لە نزیك بابا گوڕگوڕ و لەتەك پیرەمەگروون، بەڵام لەبەر سلێمانی بەر پیرەمەگروون کەوت.

«بابا گوڕگوڕ» تەنیا پلەیێکی بەرزی لەلای باپیرە هەرە کۆنەکانی کوردی ئێستا نییە، کە دەکەوێتە دەورانی زۆر پێش ئیسلام و ئایینەکانی دیکە، بەڵکو کوردی ئێستا کە لەسەر ئایینی ئیسلامە، بەتایبەتی چینەکانی میللەتی خوارەوەی کۆمەڵ «بابا گوڕگوڕ» بە کەسێکی نزیك لە کردگار دەزانن، بە وەلی و پیاوچاك و ئیماندارانی موسڵمانەتی دەزانن، لەبەر ئەوەیە ژنان دەچنە زیارەتی و ڕێزی لێ دەنێن و دەپاڕێنەوە و نیازی لێ دەخوازن، بەتایبەتی بووکی تازە ئەگەر ساڵێك یا دوو ساڵ بەسەر مانگی هەنگوینی تێپەڕبکا و منداڵی نەبێ، ئەو ژنانە بە زۆری لە بەهاران و جەژنی نەورۆز و چوارشەممە سووری دەچن بۆ سەیران و زیارەتی «بابا گوڕگوڕ» و ئەم گۆرانییە دەگەیەننە بەرگوێی:

**بابا گوڕگوڕ**
**هاتم بە گوڕ**
**ناچم بێ کوڕ!**

بە زۆریش بابا گوڕگوڕ نیازی قەبووڵ دەکا و لە ساڵی داهاتوودا، کە تازە ژنی شۆخ و شەنگ لە سەیرانا بۆ زیارەتی باباگوڕگوڕ دێتەوە. منداڵی نەوزادی تازەی لە باوەشیدا دەبێ.

لەقەبی «بابا» بە زۆری یارسانەکان (ئەهلی هەق) بۆ پیاوە ئایینییە گەورە و وەلییەکانییان بەکاری دێنن وەکو: «بابا سەرهەنگی دەودانی» و «بابا تاهیر» و «بابا یادگار» و «بابا جەلیلی دەودانی» و هی دیکە. ئیتر بەم هۆیەوە لەسەر ئەم بنچینەیە، باپیرانی کۆنی کورد لە ناوچەی کەرکوك «گڕ»ی ئاگری هەمیشەیی ئەو شوێنە، کە لە ژێر زەوییەوە گڵپە دەکا و هەڵاوی لێ هەڵدەستێ وەکو هێزی کردگاری تەجسیدیان کردووە لە ئادەمیزادێك دا و ناویان ناوە «گوڕگوڕ» و لەقەبی «بابا»یان داوەتێ و بووە بە «باباگوڕگوڕ» لە دواییدا وەکو هەموو دیاردە کۆنەکانی دیکەی لەم بابەتەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی ئایینی موسڵمانیدا باباگوڕگوڕ بووە بە کەسێکی وەلی و ئیمانداری نزیك لە خوا.



باباگوڕگوڕ سەرچاوەیێکی میتیۆلۆجی گەلێك گرنگە لە ڕێڕەوی مەدەنییەت و ڕۆشنبیری کوردی، گەلێ حیکایەتی بەر گوێیێ ئاگردانی لێ دروست بووە. دیاردەیێکە لە زۆر کۆنەوە وەك دروشمێك بۆ کورد ماوەتەوە. بێگومان ئەم جۆرە دروشمانە هێزیان لە ئایین وەردەگرن، لە ڕۆژگاری زۆر کۆندا تەعبیر لە بتپەرستی دەکەن. لە دەوری داهاتنی ئایینە ئاسمانییەکاندا دەبن و ڕەمزی ئەو ئایینانە، لە دەوری موسڵمانەتیدا وێنەی ڕاستەقینەی ئەو ئایینە وەردەگرن. هیچ نەبێ لە ناو چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ و خەڵکە ساکارەکە.

باباگوڕگوڕ بوو بە مێژووی دێرینی ئاوانەبوو و دروشمی ئازادی و سەربەستی و ژیانی شادی هەمیشەیی هەتا هەتایە.

**٢٠ی مارت ٢٠٠١**

## (١١٥)

# سێ شاکارەکەی مۆزەی لووڤر لە پاریس

قوتابی کۆلیجی ئەدەبیاتی بەغدابووم. لە بەهارێکدا سەیران و گەشتێکی قوتابیانمان کرد بۆ ناوچەی پاشماوەکانی دێرینی میزۆپۆتامیای کۆن (عێراقی ئێستا) لە بابل و نزیك شاری حیللە.

چاومان بە کەلاوە پاشماوەکان کەوت، شێری بابل سەرنجی راکێشاین، وێنەی ئەم پاشماوانەمان لە کتێبی جوگرافیای خوێندنی قوتابخانە دیبوو. دەیان وت گەلێك لەم شوێنەوارە دێرینانە بەدار و دیوارەوە ئەورووپاییەکان دزیویانە و بردوویانە بۆ ولاتی خۆیان بۆ ئەوەی مۆزەکانیان پێبرازێننەوە.

لە دوای چوار ساڵ لە بەرلین لە ناو چەند سالۆنێکی مۆزەی کۆندا لە ناو هەندێ لە کۆشك و بالاخانەکانی سەردەمی بابلییان خۆم دی. وتیان کەلوپەلی کەرەستە لە خشتی سوورەوەکراو و بەرد و دار لە کاتی خۆیدا بە پاپۆر گوازرانەتەوە ئەڵمانیا. لە بەرلین لە ناو سالۆنە گەورەکاندا دووبارە دروستیان کردوونەتەوە. ئەم کارە ئەگەر دزیش بێ لە کوێ و تەقاندنەوەی ئەو هەموو بینا و پەیکەرانەی لە شاخ هەڵکەندراون لە ئەفغانستان و لە ناوبردن و تەفروتووناکردنیان لە کوێ!؟

ئێمەی کورد کۆمەڵێك دەستنووسمان لە نامەخانە و مۆزەکانی ئەورووپا پارێزراون، ئەم دەسنووسانە ئەگەر لە نیشتمان بوونایە لە ناو دەچوون، چونکە لە بیستەکان و سییەکاندا لە تورکیا هەموو نووسینێکی کوردییان دەسووتاند، لە شەستەکاندا قاچاغچی دەسنووسی کوردییان بەپارەی باش دەکڕی و ئاودیوی کوردستانەکەی ئەو لایان دەکرد و دەیانگەیاندە جێیەك و «ساڤاك» دەسنووسەکانی دەکرد بە خوراکی ئاگر.

من لێرەدا نامەوێ لەوەبدوێم تاوانێکی گەورەیە کە هیتلەری ئەڵمانی و ماکارتی ئەمەریکی کتێب و رۆژنامە و کۆوار و چاپەمەنی گرانبەهایان سووتاندووە، یا چینییەکان بەناوی «پێشکەوتنخوازی»ەوە بە ئاهەنگ و تەپڵ و دەهۆڵ و زوڕنا لە گۆڕەپانەکانی شارانیاندا ئاگری زەماوەندیان بە کتێب کردۆتەوە، بەڵکو لێرەدا دەمەوێ بەرگری لە مافی خاوەن یادگارە مێژووییە دێرینەکە بکەم.



هەر رۆشنبیرێکی گەشتی پاریسی پایتەختی فەڕەنسا بکا بۆی ناکرێ چاوی بە مۆزەی «لووڤر» نەکەوێ. ئەمە وەکو ئەوە وایە کرمانجی سییەکان و چلەکان کە دەهاتنە شاری هەولێر بێ کەباب خواردن بگەڕانایەوە گوندەکانی خۆیان.

لەناو مۆزەی لووڤریش هەموو کەسێك پێویستە سێ یادگار دەوربکاتەوە و سەردەمێکی باش سەرنجیان بداتێ و لێیان وردبیێتەوە، ئەم یادگارانە ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- «نووسەری دانیشتوو» هەروەها «نووسەری میسری»یشی پێدەڵێن. ئەمە پەیکەرێکی بچووکی ئەو نووسەرەیە، کە کاروباری خەڵکی ئاسان دەکرد لە کۆمەڵی کۆنی فیرعەونیدا. ئەو پەیکەرە هەرە بەنرخ و بێ هاوتایە لە (٢٥٠٠) ساڵ پێش مەسیح لە سەردەمی فەرمانڕەوایی نەوەی پێنجەم (سولالەی پێنجەم)ی دەسەلاتی فیرعەونەکان دروستکراوە و لە ناوچەی «سەقارە» دۆزراوەتەوە.

بێگومان ئەم یادگارە موڵکی ولاتی میسرە و کەسی دیکە مافی دزین و داگیرکردنی نییە، بەلام لە دەست میسر دەرچووە و کەوتۆتە دەست فەرەنسییەکان و لە لای ئەوان پارێزراوە.

٢- پەیکەری بەناوبانگی خوای جوانی «ڤینۆس»، ئەمە یەکێکە لە پەیکەرە زۆرەکانی کە بەناوی ڤینۆسەوە لە رۆژگارانی دێریندا لەبەردی مەڕمەڕ داتاشراون، بەلام جوانترینی ئەو پەیکەرانەیە، لەبەر ئەوەیە بە ناوی «ڤینۆسی میلۆ» ناوبانگی دەرکردووە. میلۆ ناوی ئەو جزیرەیەیە لە زەریای ئیجە کە پەیکەرەکەی تێدا دۆزراوەتەوە. ئەم یادگارە نایابە لە ساڵی (١٨٢٠) تیپی ئەرکیۆلۆجی (اثاري) یۆنانییەکان لە ناو دار و بەرد و کەلاوە رووخاوەکانی پاشماوەی گریکی کۆن دەریان هێناوە و لە دواییدا کەوتۆتە فەڕەنسا و لە مۆزەی لووڤر پارێزراوە.

٣- رۆشنبیری بلیمەتی سەدەی رینیسانس لیۆناردو داڤینشی (١٤٥٢-١٥١٩) خاوەنی گەلێ کاری هونەری شێوەکارییە. لە ناو ئەمانەدا پڕترێتی «مۆنالیزا = جوکوندا» بەناوبانگترینیانە، ئەمەش کەوتۆتە فەڕەنسا و لە مۆزەی لووڤر لە پاریس پارێزراوە.

بەمجۆرە ئێستاکە دەوڵەتەکانی میسر و یۆنان و ئیتالیای ئێستا خۆیان بە خاوەنی ئەم یادگارە هونەرییە بێ هاوتایانە دەزانن، بەتایبەتی لە دوای جەنگی دووەمی گێتییەوە داواکاری ئەوەن هەر کەسە یادگارەکەی خۆی بگەڕێتنەوە ولاتی، زیاتر لەبەر ئەوەی دەوڵەتی فەڕەنسا قازانجێکی ئابووری زۆر گەورە لەم یادگارانە دەکا، چونکە زۆربەی ئەو کەسانەی لە هەموو دانیشتوانی گێتی زیاتر کە گەشتی مۆزەی لووڤر دەکەن مەبەسیان بینینی ئەم شاکارە گرنگانەیە، دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین پلیتی چوونە ناو ئەم مۆزەیە هەرزان نییە.

ئەمە وەك دیاردە گیروگرفتێکی دیکەیە لە نێوان دەوڵەتەکانی سەر رووی زەوی، هەرچی پێوەندی بەم کێشەیە و هی وەك ئەمە هەیە خراوەتە بەردەم «یۆنیسکۆ». ئەم کێشەیە بە هیچ جۆرێ ناگاتە ئەو تاوانە گەورەیەی ئەم یادگارانە بسووتێنرێن یا بەهەر شێوەیێك لە ناوبرێن!

ئێمەی کورد قازانجمان لەوە کردووە ئەگەر هەندێ لە سامانی نەتەوایەتیمان گەیشتبێتە ئەورووپا چونکە وەزعی کۆمەڵایەتی و سیاسیمان بە جۆرێك لە بار نەبووە ئەم سامانە بەنرخەی لای خۆمان بپارێزین بەتایبەتی «دەسنووسەکانمان»، بەڵام زیانێکی کوشندەمان پێگەیشتووە لە ئەنجامی ئەوەی کتێب و دەسنووس و پاشماوەی مەتریالی (ماددی) سووتێنراون و لە ناو براون.

**٢٩ی مارت ٢٠٠١**



## (١١٦)

# یەشار کەمال و نەجیب مەحفووز

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و تا ئەمڕۆش هەر دوو نووسەری گەورەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەشار کەمالی (بەنەژاد کورد) و نەجیب مەحفووزی میسر ناویان لە راگەیاندنی گێتی پڕ کردووە. لە گەلێ ماڵی خوێندەوار و رۆشنبیرانی هەموو گێتی بەرهەمە داهێنراوە ئەدەبییەکانیان بە زمانانی ئەو خەڵکە جیاوازە لە نەژاد و ئایین و نەتەوە دەخوێنرێنەوە، گەلێ کەسی خەڵکی ئەم رووی زەوییە ئاشنایەتییان لەگەڵ بیروبۆچوونیاندا هەیە، بەمجۆرە دەچنە رێزی ئەو نووسەر و شاعیرانەی ناوبانگیان هەموو گۆشەیێکی ئەم زەوییەی ئێمەی گرتۆتەوە. ئەوەی ئاشکرایە یەشار کەمال بەرهەمەکانی بە زمانی تورکی دەنووسێ و نەجیب مەحفووز بە زمانی عەرەبی. هیچ جۆرە تەنگوچەڵەمەیێك لای دووەمیان نییە. بەڵام یەکەمیان یەشار کەمال گرێیێ سایکۆلۆجی لە ناو دڵ و دەروونی هەندێ کورد و هەندێ تورك دروستکردووە، من لای خۆم ئەم گرێیە بەدی ناکەم. چونکە ئاگاداری ئەوەم یەشار کەمال زمانی دایکی دەزانێ، بەڵام کوردییەکەی لە پلەی ئەوەدا نییە بتوانێ ئەو بەرهەمەی بە تورکی تۆماری کردووە، بە زمانی کوردی بینووسێتەوە، چونکە هەلێکی ئەوتۆ بۆ خۆی و زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەکەی هەڵنەکەوتووە تا زمانی کوردی بە شێوەیێك فێرببێ لە پلەی زمانە تورکییەکەی بێ بۆ ئەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی پێ بنووسێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەوەمان لە بیر نەچێتەوە بەشێکی زۆر لە رۆمان و چیرۆکەکانی بە ناوەڕۆك لە ژیانی کۆمەڵایەتی کوردی کوردستانی تورکیا دەدوێن و جێگەو شوێن و قارەمان، هەموویان کوردن. مەبەست و هیوا و ئامانج هەموو کوردین، بەڵام لە رووی رووخسارەوە بەرهەمەکان تورکین، چونکە بە زمانی تورکی نووسراوەتەوە. ئەدەبی هەموو نەتەوەکانی گێتی لە جەوهەردا یەك شتە، زمان نەتەوایەتی پێدەبەخشێ، واتە ئەوەی بە عەرەبی نووسراوەتەوە عەرەبە و ئەوەی بە کوردی نووسرابێتەوە کوردە، یا بە هەر زمانێکی دیکە نووسرابێتەوە شوناسنامەی لەو زمانە وەردەگرێ، کەچی یەکێکی وەکو یەشار کەمال کە هەندێ جار بە کوردی بیردەکاتەوە و بە تورکی دەنووسێ، ئەم دیاردەیەی نووسەر

مەیدانێکی فراوان دروست دەکا بۆ ئەدەبی بەراوردکاری. دەمێکە ئێمە دەبیستین کە یەشار کەمال پالێوراوە بۆ وەرگرتنی پاداشتی نۆبیل، هەروەها دەمێکیش بوو باس و خواسی ئەوە کەوتبووە ناوەوە کە نەجیب مەحفووز پالێوراوە بۆ وەرگرتنی پاداشتی نۆبیل. ئەوەی ئاشکرایە پالاوتن یا دەستنیشانکردنی کەسانێك بۆ وەرگرتنی پاداشتی نۆبیل مەسەلەیێکی زۆر نهێنییە، تا رۆژی جاڕدانی وەرگرتنی پاداشتەکە خاوەنەکەی خۆی ئاگادار نییە وەکو هەموو ئەو خەڵکە هەواڵەکە لە میدیای گێتی دەبیستێ.

خەڵکی زیاتر بە مەزەندە دەزانن ئەگەر یەکێك بۆ ئەو پاداشتە دەستنیشان کرابێ. زۆرجار راگەیاندن دەورێکی باڵا لەم لایەنەوە دەبینێ. وتاری زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە دەنووسرێ، وەکو ئەوەی: بۆ چ تائێستا عەرەبێك ئەم پاداشەی وەرنەگرتووە؟ ئایا عەرەب بە خۆی و دوو سەد میلیۆنەوە لە ئیسرائیل کەمترە؟ بۆ چ بە تورك نەدراوە؟ دەڵێن تا بە عەرەب نەدرێ تورك بەشی لەم پاداشتەدا نابێ. پرس و خواسێکی زۆر لەم لایەنەوە بووە و تا ئێستاش لە ناوەوەیە.

ئەوەی ئێمە بیزانین با مەزەندەش بێ لە دوای جەنگی دووەمی گێتییەوە بیر لەوە کراوەتەوە جوگرافیای ئەم پاداشتە فراوانتر بکرێ بۆ ئەوەی هەموو کۆمەڵەکانی رووی زەوی بگرێتەوە، هەروەها هەوڵ بدرێ بەر ئەو نووسەرانەش بکەوێ کە لە نەتەوە بچووکانن، چونکە داهێنانی ئەدەبی بەرز پێوەندێکی ئەوتۆی بە گۆڕانی ئەو نەتەوانە نییە، کە لە زانست و تەکنیکدا پێشکەوتوون.

دەمێنێتەوە لایەنی سیاسی مەسەلەکە. هەرچەندە خاوەنەکانی پاداشتی نۆبیل سوورن لەسەر ئەوەی کە هیچ جۆرە پێوەندییێکیان بە سیاستەوە نییە، بەڵام ئەمەیان راست نییە، ئەویش لە هەڵسوکەوتیان دیار بوو لە سەردەمی جەنگی ساردی نێوان رووسیا و ئەمەریکا (١٩٤٥-١٩٩١)، لەگەڵ هەموو زرووفێکی ناوەوەی سۆڤیەتی کۆن ئەدەبی رووسی لە پلەی هونەریدا لە ئەدەبی هەرە پێشکەوتووی گێتی کەمتر نەبوو، کەچی سێ کەس پاداشتی نۆبیلی وەرگرت: پاستیرناك ئەو گیروگرفتەیان بۆ دروستکرد، سۆلژینیتسین لەبەر ئەوەی دژی دەسەلاتی سۆڤیەت بوو، تەنیا بۆ شۆلۆخۆڤ مەسەلەکە ئاسایی بوو. لە راگەیاندندا ناوی نەجیب مەحفووز دەهات، هەندێ دامودەسگای ئەدەبی هونەری دەستەی بەڕێوەبەری نۆبلیان هان دەدا رێز لە نووسەری میسری بنێ و پاداشتی بکا، هەموو کەسیش دەیزانی نەجیب مەحفووز پێش یەشار کەمال پاداشتەکە وەردەگرێ، چونکە نووسینەکانی گەیشتبوونە ئەو پلەیەی شایانی ئەو پاداشتە بن و لە رووی سیاسیشەوە بێگومان حسێب بۆ عەرەب زیاتر دەکرا و دەبوو ئەو پێش تورك بکەوێ، لێرەدا دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین دەستەی نۆبیل و



دەوڵەتە گەورەکان بە تایبەتی ئەمەریکا بە تەنگ ئەوەوە بوون نەجیب مەحفووزی میسری و عەرەب ئەم پاداشتە وەربگرن بۆ ئەوەی لەنگەر و تەوازنێك دروست ببێ لە نێوان عەرەب و ئیسرائیل کە هەر دوو لایان کەوتوونەتە حاڵەتێك تا ئێستا مەسەلە سیاسییە پڕ لە گرێ و تەنگوچەڵەمەیان کۆتایی نەهاتووە.

هەرچی یەشار کەمالی لای خۆشمانە دەستەی نۆبیل بیدرکێنن یا هەر بەنهێنی بیهێڵنەوە ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە یەشار کەمال دەمێکە پالێوراوە بۆ وەرگرتنی ئەو پاداشتە، ئەمڕۆ بێ یا سبەی، بەڵام من ئارەزووم ئەوەیە هەر چەندە زووتر بێ باشترە، چونکە پاداشتی نۆبیل بەو نووسەر و شاعیرە دەدرێ ئەوەی لە ژیان دایە، یەشار کەمالی بە نەژاد کورد و بە نووسین تورك شایەنی وەرگرتنی ئەم پاداشتەیە. ئەو کاتە کورد و تورك سەریان پێ بڵند دەبێ.

**٥ی نیسانی ٢٠٠١**

## (١١٧)

# که ئایین دەبێته سامانی نەتەوەیی

ئەگەر به زمانی هەموو کوردیش قسه نەکەم و تەنیا به زمانی خۆم بدوێم دەڵێم له دەوری منداڵیمدا به جۆرێك تووشی گرێکوێرەی «کوردایەتی» بووم و ئێستاش به جۆرێکی دیکه، هی ئەو رابردووەم رەسەنایەتی تێدابوو، هی ئێستام هەندێ بیر و فیکری تێدایه، لەبەر ئەوه مەبەسم ئەوەیه بڵێم: به کردەوه بەلای منەوه نووسین بۆ کورد ئەو گرێیه هەندێ شل دەکاتەوه.

سەیر نییه ئەوەی به منداڵی لەم رووەوه هەستم پێدەکرد له پاش ماوەیێك ئەو گرێیەم له کوڕی خۆمدا ببینم، بەڵام لەگەڵ هەندێ جیاوازی، چونکه من سەردەمی منداڵیم له شاری هەولێر بردەسەر، بەڵام کوڕەکەم له لەدایکبوونەوه تا تەمەنی هەشت و نۆساڵی له بەغدا ژیا.

من له سەردەمی منداڵیمدا سەرم لێشێوابوو، له ماڵەوه به زمانێك قسەمان دەکرد کوردی بوو، له قوتابخانه به زمانێکی دیکەمان دەخوێند عەرەبی بوو، پێویسته لێرەدا ئەوەش روون بکەمەوه قوتابخانەی ئوولای هەولێر له قوتابخانه کوردییەکان بوو، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی کتێبەکانی خوێندن به عەرەبی بوون، بەڵام مامۆستاکانی خۆمان به کوردی وانەیان دەووتەوه، کەچی هەندێ مامۆستای کوردی نەزان و هەندێ جاریش فەلەستینی وانەیان هەر به عەرەبی دەووتەوه، هەرچۆنێ بێ ئەم وەزعه دوو زمانییه مێشکی تێکدابووم، لەبەرچی خوێندن به زمانی کوردی نییه؟ بۆچ رۆژنامەی کوردی نییه؟ بۆ کتێب به زمانی کوردی زۆر کەمه؟ لەبەرچی تەنیا کتێبێك له قوتابخانه هەیه ئەویش بۆ فێربوونی زمانی کوردییه؟ وەرامی ئەم پرسیارانه هەرچی بوایه نەدەچووه مێشکمەوه و گرێکوێرەی ناو دەروونمی نەدەکردەوه.

له دوای سی ساڵ ئەم دیاردەیەم له کوڕەکەی خۆمدا دی، ئەوەی ئەمجاره له کۆمەڵی کوردەواری خۆماندا نەبوو، بەڵکو له بەغدا بوو، ئەوه راسته کوڕەکەم تا پۆلی دووەمی قوتابخانەی سەرەتایشی له بەغدا تەواو کرد لەوێ دەژیاین، بەڵام له سەردەمی له دایکبوونیەوه هێشتا شیرەخۆر بوو ئێمه بەماڵەوه هاتوچۆی سلێمانی و هەولێرمان دەکرد، تاکاتی تەمەنی سێ چوار ساڵیش منداڵەکه هێشتا هەستی بەوه نەدەکرد ئێمه له بەغداین و خەڵکی لەوێ به



عەرەبی قسه دەکەن، کەچی خەڵکەکەی لای خۆمان له هەولێر و سلێمانی به کوردی لەگەڵ یەکتریدا دەدوێن.

منداڵەکه هێشتا زۆر بچووك بوو تازه زمانی دەکرایەوه به شیعری «خاکی جزیری بۆتان...»ی حاجی و شیعری «له بیرمه وەك شتی مەعلووم...»ی فایەق زیوەر، رۆژێکیان پرسیاری کرد: لەبەرچی ئێمه له ماڵەوه لەگەڵ یەکتری به زمانێك قسه دەکەین و له هەولێر و سلێمانیش بەو زمانه قسه دەکەن، کەچی خەڵکی بەغدا و هەندێ له میوانەکانمان له ماڵی خۆیان به زمانێکی دیکه قسه دەکەن.

بێگومان وەرامی ئەم پرسیاره ئاسان نەبوو، هەردەبوو ئەوه بڵێین که ئێمه کوردین و خەڵکی سلێمانی و هەولێریش کوردن، بەڵام خەڵکی بەغدا عەرەبن و سەری بادەدا!! بەڵام ئێمه نەماندەزانی تا چەند له وەرامی ئێمه گەیشتووه و مێشکه بچووکەکەی تاچ رادەیەك ئەم هەموو چەند و چوونه هەڵدەسەنگێنێ!

دایکی کوڕەکه جار ناجار منداڵی دەبرده کازمییه بۆ زیارەتی ئیمام مووسای کازم، هەروەها هەرچەنده رێشی بکەوتایه بابولشێخ له بەغدا زیارەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانیی دەکرد. له دوای چەند زیارەتێك، کوڕە هات و پرسی: بابه، ئیمام مووسای کازم و شێخ عەبدولقادری گەیلانی عەرەبن؟ وتم: بەڵی عەرەبن، وتی: کورد پیاوی گەورەی وەکو ئەمانەی هەیه؟ وتم: تێناگەم مەبەستت چییه؟ وتی: نابینی ئەم هەموو خەڵکه له دەوری مەرقەدیان دەسوڕێتەوه نوێژیان بۆ دەکەن و لێیان دەپارێنەوه و دەروێشیان زیکر و تەهلیلەیان بۆ دەکەن، وتم: بەڵێ راسته تێگەیشتم، بەڵی ئێمەی کوردیش پیاوی وامان هەیه.

لەو دەمەدا هەستم بەوه کرد بزەیێکی خۆشی و باوەڕ بەخۆکردن نیشتۆته سەرلێوی، ئیتر لەسەر قسەکانم رۆیشتم و وتم: ئێمه پیاوی وامان هەیه، تۆش مەرقەدیانت دیوه، بەڵام زۆر منداڵ بووی و نایەتەوه بیرت. وتی: چۆن لەکوێ؟ وتم: له سلێمانی تۆ هێشتا تەمەنت سێ چوار مانگ بوو، که دایکت له سلێمانی چووه زیارەتی کاکەحەمەدی شێخ له مزگەوتی گەوره، کوڕە ئیتر به تەواوی گەشایەوه، وتی: به راستته. وتم: بەڵێ، تۆ زۆر جار مەرقەدی کاکەحەمەدت دیوه، بەڵام لەبەر ئەوەی منداڵ بووی لەبیرت نەماوه.

له گەشتی داهاتووماندا بۆ سلێمانی هەر که گەیشتینه ماڵی خانەخوێمان کوڕەکه ماوەی ئەوەی نەداین بحەسێینەوه و پەلەی لێکردین بچین بۆ مزگەوتی گەوره. بەسەرسامییەوه تەماشای دەروازه و حەوشه و گومەز و منارەی مزگەوتی دەکرد. که خۆمان له دەوروبەری

مەرقەدی کاکەحەمەدی شێخ دی بێگومان کوڕەکە دیمەنی مەرقەدی ئیمام مووسای کازم و شێخی گەیلانی هاتەوە یاد.

خەڵکی دەوروبەری مەرقەدەکە بە ژن و پیاوەوە هەموویان کورد بوون. کابرایێکی شارەزووریش لە کونجی ئارامگادا دانیشتبوو بە دەنگە خۆشەکەی بەسەر شێخی گەورەی هەڵدەووت: بێگومان ئەوەش بووە جەوهەرێکی دی، کە کوڕەکە باوەڕی بەوە هەبێ کوردیش نەتەوەیە.

**١٢ی نیسان ٢٠٠١**



## (١١٨)

# بە شەڕئەنگێزی لەسەر ئاشتی دەکەنەوە

ئاشتی دروشمی ژیانە، ژیان بۆ ئاشی دانراوە. لە پاشانا شەڕ پەیدا بووە، ئادەمیزاد لە سەرەتادا لە حاڵەتی ئاشتی لەسەر رووی زەوی پەیدا بووە، دەبوو ئەم دیاردەیە هەتا هەتایە بمێنێ، بەڵام لەبەر هەر هۆیێك بێ ئاشتی درزی تێکەوت، هیوا و ئامانجی ئادەمیزادی ئەمڕۆ ئەوەیە بگەڕێتەوە رۆژگاری سەرەتای ژیانی کە ئاشتی لە ناوەوە بوو.

سەردەمی ئاشتی لەبەرەبەیانی ژیانی ئادەمیزاد لەسەر رووی ئەم زەوییە کورت بووبێ یا درێژ مەسەلەی باس نییە، لەو کاتەی قابیل هابیلی کوشت ئاشتی دوژمنی بۆ پەیدا بوو کە «شەڕ» یا «جەنگ»ی پێدەڵێن. لە سەردەمی هەرەکۆنی کۆنەوە، یا لە ئادەم و حەواوە «ئاشتی» بووە بەهیوا و ئامانجی ئادەمیزاد.

ئێمە لێرەدا بە قسە کەس نابینین داوای ئاشتی نەکا، یا ئاشتیخواز نەبێ، لە سەرانسەری مێژووی مرۆڤایەتی هەڵوێستێکی زەقی وا نابینرێ بە قسە و تیۆری خەڵکانێك لایەنی جەنگ بووبن، ئەگەر هەندێ جار جەنگیش کەوتبێتە ناوەوە بەڵگەی ئەوەیان بە دەستەوە بوو گۆیا شەڕ دەکەن لە پێناوی ئاشتی، واتە شەڕ دیاردەیێکی کاتییە و ئاشتی پێویستە دیاردەیێکی هەمیشەیی بێ لە کۆمەڵی ئادەمیزاددا. رۆژی ئەمڕۆش هەر کەسێکی داوای جەنگ بکا، لە پێناوی هەر ئامانجێك بێ، دەڵێ بۆ ئەوەیە مافی خۆم وەربگرم، بەمە ئاشتی هەمیشەیی دەکەوێتە ناوەوە.

مەسەلەی ئاشتی لە کۆمەڵی هەموو نەتەوەکانی گێتی بووە بە دروشمێك کەس ناتوانێ خۆی لێ لابدا. بەرزکردنەوەی ئاڵای جەنگ بووە بە شەرم، بێگومان ئەوەی لە ناخی دڵییەوە لەبەر هەر هۆیێك بێ جەنگی پێ خۆش بێ بە ئاشکرا نایخاتەڕوو.

لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە لە مەسەلەی ئاشتی بدوێم، چونکە کارێکی ئاڵۆز و پڕ لە تەنگوچەڵەمەیە، کاتێکی زۆری گەرەکە لە رووی فەلسەفییەوە لێی بکۆڵرێتەوە، بەڵکو مەبەسم ئەوەیە هەندێ لایەنی مەسەلەی «ئاشتی» لە رووی پراکتیکییەوە بەتایبەتی ئەوەی پێوەندی بە ناوچەی ئێمەوە هەیە، چونکە ئێمەی کورد بەتایبەتی و عێراق بە گشتی رۆژگاری جەنگ و ناخۆشیمان زیاتر بووە لە رۆژگاری ئاشتی و خۆشی.

لە دوای جەنگی دووەمی گێتی و دروستبوونی «جەنگی سارد» لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا یا بلۆکی سۆسیالیست و کەپیتالیست بیری ئاشتیخوازی پەیدابوو و پەرەی سەند، ئێمە زاراوەی «ئاشتیخواز»مان لە زمانی خۆماندا دروست کرد، بۆ ئەو کەسەی هۆگری ئاشتییە و کۆشش دەکا لە پێناوی بەرپابوونی لەسەر رووی هەموو زەوی، بەرە بەرە رێکخراوی «ئاشتیخوازی» «انصار السلم» لە ناو هەموو کۆمەڵانی گێتی پەیدابوو، ئەمە کارێکی پێویستە هەموو کەسێك بە دڵسۆزییەوە پێشوازی لێبکا و بچێتە ناویەوەو لە هەموو جێیێك ئاڵای ئاشتی هەڵبکا و نەفرەت لە شەڕخوازی و جەنگ بکا.

بزووتنەوەی ئاشتیخوازی کارێکی پیرۆز بوو، هەر کەسێکی رۆژێ لە رۆژان کاری لەم بزووتنەوەیەدا کردبێ پێویستە سەربڵند بێ لە ناو کۆمەڵ و هەموو کەسێکیش رێزی لێ بنێ و بەچاوێکی بەرز تەماشای بکا.

بێگومان رێکخراوی ئاشتیخوازان لە هەموو لایێك بە سەرپەرشتی کۆمۆنیست و مارکسیست و چەپڕەوەکانی سۆسیالیزم بەڕێوەدەچوو، پارتی کۆمۆنیستی رووسیا لە وڵاتەکانی دەرەوە لە سەرووی ئەمانەوە بوون.

مەبەس لەم وتانەم پێشەکییەك بوون بۆ ئەوەی باس لە کۆنگرەی دووەمی ئاشتیخوازی هەموو گێتی بکەم کە لە بەغدا لە (١٤)ی نیسانی ساڵی (١٩٥٩) بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا عەبدولکەریم قاسم قسەی کرد. دانیشتوان (٣٧) جار هەڵسانە سەرپێ و بە چەپڵەرێزان سڵاویان لێکرد و دەم خۆشیان پێوت. ئینجا وتاری نوێنەرانی ئاشتیخوازانی هەموو گێتی خوێندرایەوە، هەموو بیروڕا و بۆچوونێك لە پێناوی ئاشتی بوو.

بە رووکەش ئەگەر یەکێك ئەدەبیاتی هەموو کۆنگرەکە بخوێنێتەوە باوەڕناکەم گرژی و نارەزاییێك دڵ و دەروونی داگیر بکا. بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنج بداتە بیروڕا و بوچوونەکان ئەوەی بۆ دەردەکەوێ وەکو بڵێی ئەوانەی لەوێ قسەیان کرد لایەنی جەنگ بن، واتە لە قسەکانیاندا لەوە دەردەکەوێ کوشتن و بڕین و تیرۆر و بەزەیی نەهاتن و هێز و هێرش و شۆڕشیان دەوێ لە پێناوی ئاشتی.

لەو کۆنگرەیەدا پڕۆپاگەندە کردن بۆ دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەتی کۆن وەك دروشمی ئاشتی گەلێ زیاتر بوو لە هێرش بردنە سەر دەوڵەتە ئەمپریالیستەکان بەتایبەتی ئەمەریکا.

ئەوانەی لەوێ قسەیان کرد هەموویان زانا و نووسەر و رۆشنبیر و کەسانی داهێنەری گەورە بوون. دەبوو هەندێکیان دروشمی ئاشتیخوازی نەکەن بە زرێ بۆ بەکارهێنانی ئیدیۆلۆجییەتی شەڕخوازی، دەبێ ئەوەش بووترێ زۆربەی ئەو کەسانەی ئاشتیخوازانی لای خۆمان بوون واتە



رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق. ئەمانە بە کوڵ دەسەڵاتی عێراقیان هان دەدا پەتی قەنارەکە توندتر بکرێ بۆ خنکاندنی نەیارانی رووداوی (١٤) تەمووزی (١٩٥٨). دیارە لێرەدا هەموو ئەو قسانە بەرەوڕووی عەبدولکەریم قاسم دەکرانەوە.

شاعیری ناسراو محەمەد مەهدی جەواهیری قەسیدە (٧٦) دێڕییەکەی خوێندەوە، من لێرەدا باس لە شیعرەکە ناکەم لە رووی جوانکارییەوە، چونکە ئەمە شتێکی نیسبییە و پێوەندی بە چێژی کەسێتییەوە هەیە، بەڵام لە سەرانسەری شیعرەکە ئەوەی بۆ قاسمی وتووە موتەنەبی بۆ سەیفولدەولەی نەوتووە.

ئیتر لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدا ئایا لە کۆنگرەی ئاشتیخوازاندا پێویست بەوەدەکا لە شیعرەکەدا روو بکاتە قاسم و پێی بڵێ: «کوریسەکە توندتر بکە، قورقوڕاگەیان زیاتر بگوشە، لەوانەیە بەشلکردن زیانمان پێبگا»؟؟ جارێکی دیکە دەیڵێمەوە ئەم قسەیە لە کۆنگرەی ئاشتیخوازاندا کراوە.

**١٩ی نیسان ٢٠٠١**

## (١١٩)

# بۆچ مەلیکیان کوشت؟!

ڕەنگە ڕژێمی مەلیکی کە لە کۆنی کۆنەوە لەسەر ڕووی هەموو زەوی و تا دوای شۆڕشی فڕەنسا (١٧٨٩-١٧٩٩) لە ئەورووپا و تا ئێستاش لە وڵاتەکانی تری گێتی و بەتایبەتیش لە ناوچەی ئێمە ڕژێمێکی ڕەزا قورس بێ و بەشی زۆری خوێندەوار لە هەموو بابەتەکانی زانست و زانیاری بە نیزامێکی باشی دانەنێن بۆ فەرمانڕەوایی کۆمەڵ، زیاتریش لەبەر ئەوەی دەوڵەتی مەلیکی لەسەر دەستووری میراتگری بەڕێوەدەچێ، واتە کە مەلیك دەمرێ پێویستە کوڕی گەورەی لە جێی دابنیشێ، واتە ئەو کەسە بە توانا و کۆششی خۆی نابێتە گەورەی وڵات، بەڵکو بە میرات لە باوکییەوە بۆی دەمێنێتەوە. جا وارێکدەکەوێ هەندێ جار مەلیکێك مەرجی ئەوەی تێدا نەبێ شایانی ئەو جێگەیە بێ، جگە لەوە جاری واش هەیە ئەو توانایەی لە باوك دابووە، لە کوڕیدا بەدی ناکرێ.

لێرەدا مەبەسم لە مەلیك، مەلیکەکانی ئەورووپا نییە بە پیاو و ژنەوە لە دوای شۆڕشی فڕەنسا کە دەوڵەت لە کەنیسە جیاکرایەوە، بەڵکو مەبەستم مەلیکی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، کە ئێمە بەشێکین لەو ناوچانە و لە پاش جەنگی یەکەمی گێتی ئەو دەوڵەتە تازانەی کەوتنە ناوەوە، زۆربەیان لەسەر بنج و بناوانی نیزامی مەلیکی دروست بوون لە شێخ و سەرۆك و والییانی لە دەوروبەری فەرمانڕەوایی عوسمانی دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو، هەر ئەوانەش بوون بە مەلیك و میر لە دەوڵەتە تازەکاندا، لەمانە عێراق و ئوردون و میسر و مەغریب و سعودییە و میرنیشن و شێخ و سوڵتانەکانی کەنداو و ئێران و هی دیکە.

لە دروستکردنی ئەمجۆرە نیزامە هەرچەندە ئینگلیز لاسایی نیزامی خۆی دەکردەوە، بەڵام بەڕاستی لە وڵاتی خۆیدا مەلیك دروشم بوو تائێستاش هەروایە، بەڵام لەو وڵاتانەی لای ئێمە مەلیك دروشم و فەرمانڕەوا بوو، لەبەر ئەوە هەرچی کەموکوڕی و ناگزووری و دواکەوتوویی کۆمەڵ لە ئەنجامی سیاسەتی نیزامەکەوە بوو، کە مەلیکییە بە ناوی نیزامەکەوە بەسترابوو، بۆیە ویست و ئارەزووی گەل ئەوە بوو نیزامی مەلیکی بڕووخێنێ و نیزامی کۆماری دامەزرێنێ، وابوو لە پاش جەنگی دووەمەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بە شۆڕشی



جیاواز گەلێ لەم نیزامە مەلیکییانە رووخێنران لە وڵاتانی وەکو میسر و عێراق و ئێران، لەو وڵاتانەدا مەلیك کشکران و خەڵکی دیکە هاتنە جێیان، بە ناوی کۆماری دەبوو بە هەڵبژاردن سەرۆك کۆمار دابنرێن و بگۆڕدرێن بەڵام ئەمە ڕووی نەدا!!

ئێمە لێرەدا مەبەستمان دەوڵەتی عێراقە، لە دوای جەنگی یەکەم و دروستبوونی دەوڵەتی عێراق مەرجی تایبەتی خۆی هەبوو، جڵەوی کارەکە بەدەست ئینگلیز بوو، خەبات و زۆرانبازی لە نێوان پاشماوەی عوسمانی و ئینگلیز و خەڵکی میزۆپۆتامیا بە کورد و عەرەبەوە ماوەیێکی خایاند. نەوت جەوهەرێکی گرنگ بوو لەو خەبات و زۆرانبازییە. عێراقییەکان لە سەر دانانی مەلیك ڕێك نەکەوتن، خەڵکی بەغدا بێ یا بەسرە، شیعە بێ یا سوننە، ئینگلیز زەیرەك بوو، یەکێ لە کوڕەکانی شەریفی مەککە حوسێن کە ناوی فەیسەڵ بوو، هێنای کردی بە مەلیکی عێراق، ئەمە پاداشتی ئەو پیاوەتییە بوو، کە لە ٩ی شەعبان بە تەقەیێکی دەمانچە جاڕی هەڵسان و جەنگیدا لە دژی دەسەڵاتی عوسمانی، ئەو فەیسەڵە ماوەیێك لەمەوبەر کرابوو بە مەلیکی سوریا، بەڵام ئەوەی ئەوێ سەری نەگرت، هەرچۆنێ بێ فەیسەڵ بوو بە مەلیکی عێراق، ماوەی فەرمانڕەوایی کەم بوو. لە دوای مردنی غازی کوڕی بوو بە مەلیك. ئەمە کەسێکی خوێنگەرم بوو، کەوتبووە ژێر کاریگەری هەندێ لە ئەفسەرە قەومییەکانی عەرەب و لایەنی ئەڵمانیای نازیی دەگرت. هەرچۆنێ بێ پیلانێکیان بۆ دانا و لە تامپۆنێکی ئۆتۆمۆبیل لەناو شوورەی باڵەخانەی خۆی دوایی بەژیانی هات.

ئەو کاتەی غازی مرد فەیسەڵی دووەمی کوڕی تەمەنی سێ چوار ساڵان بوو، ئەو کرایە مەلیك لە جێی باوکی. عەبدولئیلاهی کوڕی مەلیك عەلی کە خاڵی فەیسەڵ و ئامۆزای باوکی بوو کرا بە «وەسی» بەجێنشینی مەلیك تا فەیسەڵ دەگاتە تەمەنی هەژدە ساڵی.

ئەو سێزدە چواردە ساڵەی عەبدولئیلاه فەرمانڕەوایی تێدا کرد دەورێکی گرنگی هەبوو لە سیاسەتی دەوڵەت و هەمووشی لە ژێر چاودێری ئینگلیز بوو، دەورێکی پڕ لە زەبروزەنگ بوو. ئەوی ڕاستی بێ دواکەتوویی و ناڵەباری کۆمەڵی عێراق و هێز و داپڵۆسین و نەبوونی دیمۆکراتی لە بەڕێوەبردندا هەمووی لە عەبدولئیلاه دەزانرا، کە بە شێوەیێکی ڕاستەوخۆ بەریتانیا دەستی لە هەموو کاروبارێکی ڕەسمی دەوڵەتی عێراق وەردەدا، بە زۆریش بە هۆی کۆمپانیاکانی نەوت، کە بەدەست ئینگلیزەوە بوون و کارگێڕەکانیان دەوڵەتی بەریتانیا دەستنیشانی دەکردن و عێراق تەنیا کاری ئەوە بوو فەرمانی دامەزراندنی بۆ دەربکا.

مەلیك فەیسەڵ تا تەمەنی هەژدە ساڵی بەڕێکرد (١٩٥٣) وەك منداڵێك بەشداری لە فەرمانڕەوایی نەکردووە، لە دوای پێنج ساڵ لە ژیانی مەلیکی، واتە تا (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨) نەبیستراوە بەوە راگەیشتبێ کارێکی خراپ بەرامبەر بە کۆمەڵی عێراق یا بنەماڵەییێك یا کەسێك کردبێ و خەڵکی بە تاوانباری دابنێن.

بەیانی ١٤ی تەمووز ١٩٥٨ کە هێرش برایە سەر کۆشکی ریحاب لە بەغدا، فەیسەڵ و عەبدولئیلاه هەردووکیان لەوێ بوون، بەلای ئێمەوە ئەگەر هۆییێك لەناوەوە بووبێ عەبدولئیلاه بکوژرێ، هیچ جۆرە بەڵگەییێك بە دەستەوە نەبوو فەیسەڵ بکوژرێ، هەر لە رۆژانی دوای ١٤ی تەمووز گەلێ کەس لە خەڵکی عێراق بەزەییان بە فەیسەڵ دەهاتەوە و بە ئاشکرا بیروڕایان دەردەبڕی، کە نەدەبوو بکوژرێ چونکە هیچ تاوانێکی نەکردبوو. دەمێنێتەوە عەبدولئیلاه ئەمەیان رەنگە گەلێ کەس هەبن سوور بن لەسەر ئەوەی کە نەدەبوو بکوژرێ، بەڵام دەبوو لاشەی مردوو بەمجۆرە لەسەر شەقامی بەغدا بە گوریس رابکێشرێ تا دەگاتە بابولموعەزەم تەنیا پارچەییێك لە دەستی بە پەتەکەوە بمێنێ؟!

**٢٦ی نیسان ٢٠٠١**



## (١٢٠)

# قوربانییەکانی کورد لە جەنگی یەکەمدا

## ١٩١٤-١٩١٨

جەنگی یەکەمی گێتی ئەگەر لەگەڵ جەنگی دووەم بەراورد بکرێ لە بابەت ئەو کارەساتانەی بەسەر کورد هاتوون، دەبێ بڵێین لێشاوی خوێنی کورد، لە یەکەمیاندا ئەگەر زەریاییێك بووبێ ئەوەی دووەمیان جۆگەلەییێك بوو، بەڵام ئەوە هەیە هەردوو جەنگ بەپێی سەردەمی روودانیان کوردیان هوشیار کردەوە، ئەو میللەتەی لەدوا ساڵانی سەدەی نۆزدەهەمەوە بە شێوازێکی نوێ بە قەڵەم و چەك خەباتی دەکرد لە پێناوی دەستخستنی چارەنووسی نەتەوەیی خۆی.

وەکو ئاشکرایە لە پێش جەنگی یەکەم خاکی کوردستان بەسەر دوو دەوڵەتی گەورەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابەشکرابوو یەکەمیان عوسمانی و دووەمیان ئێران، ئەم دوو دەوڵەتە هەردووکیان دەوری گرنگیان لەو جەنگەدا هەبوو، بەڵام بێگومان دەوری عوسمانی زیاتر بوو.

ناوچەکانی قەفقاس و کوردستان (رۆژهەڵاتی ئەنادۆل) مەیدانی شەڕ و شۆڕێکی تووش و بێ ئامان بوو لە نێوان سوپای رووس و عوسمانی و ئێران، ئەو سێ دەوڵەتەی هەمیشە نێوانیان کۆك نەبووە و دوژمنایەتییان نەك لە رووی قەومییەوە، بەڵکو لە رووی ئایینیشەوە بەهەردوو ئایینزای سوننە و شیعەوە قووڵ بووە. نەتەوەکانی ئەو سێ دەوڵەتە... ئازاری زۆریان پێگەیشتبوو لە ئەنجامی جەنگ، بەڵام ئازار و ئەشکەنجەی کورد زۆر زیاتر بوو. شاخ و ناوچەکانی کوردەواری جێگەییێکی ستراتیجی بوون لە رووی سوپاییەوە، لەبەر ئەوەی لەسەر رێ و لە ناو مەیدانی جەنگی سوپای هەر سێ دەوڵەتە جەنگکەرەکان بوو، زیان وماڵوێرانییێکی قورس و دژوار بەریان کەوت.

ئێمە لێرەدا مەبەسمان ئەوە نییە درۆی دیپلۆماسی بخەینەڕوو، مەبەسمان ئەوە نییە پێویست و ئارەزووی ئەو رۆژگارە باس لە شەڕی کورد بکەین بۆ چاکە و بەرژەوەندی عوسمانی، مەبەسمان ئەوە نییە بەڵێنەکانی عوسمانی و لە دوایی تورك بۆ کورد بە درۆ

بخەینەوە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە هەندێ لەو خەبات و ئازایی‌و لەخۆبووردنە بدوێین کە کورد لە سەردەمی جەنگی قەفقاس نواندبووی لە پێناوی سەرکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی ئیسلامیی بەسەر دەوڵەتی رووسی مەسیحی.

پێش هەموو شتێك لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩١٤) کە دەوڵەتی عوسمانی چووە ناو جەنگەوە، لە جێگەیێکی وەکو ناوچەی ئەستەموولێ دوور لە کوردستان، دوو فەیلەقی دووەم و پێنجەم و بەشێك لە شەشەمی لێبوو، لە ناو ئەمانەدا چەند ئالا (لیوا)یێکی کوردیان تێدابوو، لەو جێگە دوورە ئەم هەموو سەربازی کوردە لەناو سوپادا بووبێ، دەبێ لە ناوچە کوردییەکانی خاکی عوسمانی چەند لاوی کورد لە ناو سوپاکانیاندا بووبن!

لە جەنگی یەکەمدا عوسمانی لەگەڵ ئەڵمانیا بوو، رووس لەگەڵ سوێندخۆران بوو بە سەرۆکایەتی بەریتانیا. جەبهەی قەفقاس نەك تەنیا لە هەموو جەنگەکەدا، لە دەست پێکردنییەوە تاکۆتایی رووداوێکی گرنگ بوو، بەڵکو بۆ ئێمەی کورد هەرچی کارەساتێکی بەسەر کورددا هاتبێ لەو جەنگەدا هاتووە تا رۆژگاری نزیك بوونەوەی کۆتایی جەنگ وەکو ئەوەی سوپای رووس گەیشتە رواندز، ئەمەش لە جەبهەی قەفقاس حسێب دەکرێ لەو کاتەی کە رووس سەرکەوتنەکانیان دەست خست و بەسەر عوسمانیدا زاڵبوون.

شەڕە گرنگەکانی قەفقاس لە نێوان عوسمانی و رووس و لە ناوچەی ئەرزەڕۆم بوو. ئەمە یەکەم و دوا شەڕ نەبوو، بەڵکو لە ماوەی دوو سەدەی دوایی ئەم ناوچەیە ئارامیی بە خۆیەوە نەدیبوو. جەنگەکانی ئەم ماوەیەی ناوچەی ئەرزەڕۆم لە (ساری قامیش) و (یەنی کۆی) بوو، ئەمانە لە ئێستگە ستراتیجییە گرنگەکانی ناوچەی قارس بوون، بەپێی گێڕانەوەی مێژووی جەنگی یەکەمی گێتی لەم ناوچە کوردنشینانە زۆرانبازی قورس لە نێوان سوپای شەڕەکەرەکاندا بووە.

لای باشووری ئەو هەرێمانە کە ناوچەکانی بایەزید و وان و ئەرارات دەگرێتەوە مەیدانی جەنگی پڕ لە کارەسات بوو، نالەباری ناوەوەی ناوچەکە بووبووە هۆی غەم و پەژارەی هەموو دڵسۆزێك، چونکە بێگومان کوردی ئەوێ لەگەڵ سوپای عوسمانی بوون، کەچی ئەرمەنەکان لایەنی رووس بوون، لە ئەنجامی جەنگەکە ئەو ژمارە کەمەی ئەرمەنەکان کە لە ناوچەکەدا زیندەگانییان دەکرد، ئەوانیش کۆچیان کرد بۆ دەرەوە.

لەو جەنگەدا کورد لە هەموو میللەتانی دیکەی عوسمانی زیاتر زیانی لێکەوت. بەخوێن رشتن و ماڵ تالانکردن و ئاوارە بوون. بەڕاستی هەر لە دوای جەنگ ئەو دەنگەی دەیووت:



«سەربازی نەناسراوی جەنگەکانی قەفقاس لە جەنگی یەکەمی گێتیدا بەنەتەوە کوردبوو» راستی کردووە و قسەکەی لەجێی خۆیەتی.

جا لێرەدا زۆر ئاساییە کورد پاداشت لە دەسەڵاتی عوسمانی وەرنەگرێ، چونکە دەوڵەتی عوسمانی لە ئەنجامی جەنگدا رووخا و کۆتایی هات، بەڵام میراتگرانی عوسمانی لە بزووتنەوەی لاوانی تورك بەحسێب پێشکەوتنخواز بوون، هەڵوێستی ئەمانە بە تەواوی دوژمنانە بوو، چونکە ئەوەی عوسمانی ئەگەر جۆرێك سۆزی تێدا بووبێ بەناوی موسڵمانەتی، ئەو جۆرە سۆزە لای ئەمانە نەما و کەوتنە ئەوەی بڵێن «کورد نییە» تائێستاش ئەم مەفکوورەیە هەر لە ناوەوەیە، بەڵام بێگومان سەر ناگرێ!

**٣ی مایس ٢٠٠١**

## (١٢١)

# هەزار و یەك شەو یا شەهرزاد؟!

نازانم چۆن بوو لە پێشانا وا بەمێشکم داهات ناوی ئەم وتارە بنێم «هەزار و یەك شەو»، ئەگەر نا لە لای من ئەم ناوە و ناوی «شەهرزاد» وەکو یەك بۆ ناوەڕۆکی وتارەکە دەگونجێن، لەبەر ئەوە ئەگەر ناوی «شەهرزاد»یش بوایە ئاسایی بوو، بۆیە ناچاربووم وتارەکە بەناوی هەردووکیان ناوزەد بکەم.

هەرچۆنێ بێ چیرۆکەکانی «هەزار و یەك شەو» هەزار و یەك چیرۆك نین، بەڵکو کۆمەڵە چیرۆکێکی کورت و درێژن بە هەزار و یەك شەو، یا هەزارویەك جار لە لایەن حیکایەتخوانەکانەوە بێژراون. حیکایەتەکان زادەی بیری مرۆڤایەتی کۆنن دەتوانین بڵێین لە ئادەمیزادی پێش مێژووەوە پەیدابوون، هیچ نەبێ لە دوای کۆچە گەورەکەی ئینسان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ هەرێمەکانی گریکی کۆن و قەفقاس و پان ئێرانی رۆژگارانی سەردەمی ئەرکیۆلۆجی.

چیرۆکەکانی هەزارویەك شەو رەنگدانەوەی ژیانی شارستانین لەو سەردەمانەی کە «دەوڵەتی شار» لە ناوەوەبوو، واتە ئەو شارەی جێگەی زینەدەگانی ئیمپراتۆر بووە وەك پایتەختێك و دەوروبەری بریتی بووە لە دێهات و زیاتر خەریکی کشتوکاڵ بوون و لە شاریشدا پیشەسازی لە مالان و کارگەی بچووك لە ناوەوە بوون.

ناوەڕۆکی حیکایەتەکان لەسەر شانۆی ئەو رۆژگارە روویانداوە لەو کاتەی ئاوەدانی لەسەر رووی زەویی ئێمەدا پەیدابووە، ئەمە ئاسیای ناوەڕاست و چین و هیندستان و قەفقاس و پان ئێران و جزیرەی عەرەب و رۆژهەڵات و باشووری زەریای سپیی ناوەڕاست دەگرێتەوە.

لە حیکاتەکاندا زیاتر شارانی وەکو بەغدا و بەسرە و قاهیرە بەدی دەکرێن و پەنجە بۆ ئۆقیانووسی هیندی و کەنداو و زەریای سوور (قلزم) و زەریای سپی (رۆم)  درێژ دەکرێ.

ژیانی شارستانی مەبەسی سەرەکی حیکایەتەکانە ئەمە خۆی لە پێوەندی ئادەمیزاد دەدۆزێتەوە بە یەکترییەوە، لە خۆشی و ناخۆشیدا، لەبەر ئەوەیە ژیانی بازرگانی و پیشەسازی و جیاوازی گوزەرانی هەژار و دەوڵەمەند دەخاتەڕوو، دەچێتە ناو ناخی دەروونی ئادەمیزاد و باس لە چاکە و



خراپەی دەکا. وێنەی ژیانی ئۆروستۆکراتی ئەو سەردەمانە دەکێشێ. مەکری ژنان جێگەی دیاری هەیە لە ناو چیرۆکەکاندا.

چیرۆکەکان ناسنامەی کامە نەتەوەیان پێیە؟! بێگومان ناوەڕۆکی حیکایەتەکان یادگار و بیرەوەری هەموو مرۆڤایەتی دەور دەکەنەوە لە کۆنی کۆنەوە تا دەستکردن بە تۆمارکردنیان لە ماوەی هەزار ساڵ پێش ئێستا.

دیارە لە بنجدا حیکایەتەکان هی سەر زار و فۆلکلۆری بوون، لە دێر زەمانەوە پشتاوپشت بۆ یەکترییان گێڕاوتەوە، بە درێژایی رۆژگار رووداوی نوێ بووە بە ناوەڕۆکی حیکایەتەکان.

واتە ئەگەر بەگشتی تەماشایان بکەین دەبینین رووداوی پێش مێژوو و پاش مێژوو تا دەگاتە رۆژگاری فەرمانڕەوایی عەباسییەکان رەنگیان لە حیکایەتەکاندا داوەتەوە.

خاسییەت و ئەدگاری جیهانییەت لە حیکایەتەکاندا بووە هۆی ئەوەی لە دوای رینیسانسی ئەوروپا نەتەوەکانی ئەوێش ئاگاداری ناوەڕۆکی حیکایەتەکان بن بە وەرگێڕانیان بۆ زمانەکانی خۆیان. بەمجۆرە هەزارویەك شەو بوو بە بەرهەمێکی گێتی و هەموو نەتەوەیێك دەتوانێ جەوهەری بوونی نەتەوەیی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. لەوانە ئێمەی کوردیش مافی ئەوەمان هەیە، ئەگەر رۆشنبیرەکانمان بۆی بچن و لێی بکۆڵینەوە، گومان لەوەدا نییە جەوهەری حیکایەتی «زەمبیل فرۆش» لە حیکاتەکانی هەزارویەك شەو دەدۆزنەوە.

هەزارویەك شەو لە رووی رووخسارەوە، واتە زمانەوە عەرەبییە، چونکە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عەباسییەکانەوە دەستکراوە بە تۆمارکردنی حیکایەتەکان، تا ئەو سەردەمە حیکایەتی سەرزاری خەڵکی بوون، ئەوانەی حیکایەتەکانیان تۆمار کردووە وەنەبێ رۆشنبیری گەورە و عەرەبیزانی چاك بووبن، هەر وەکو لە تێکستەکاندا دەردەکەوێ گەلێ نووسەر بەشدارییان لە تۆمارکردنیدا کردووە، چونکە شێوازی نووسینی جیاجیا لە تێکسەکاندا دەبینرێن.

پێشەکی حیکایەتەکان، کە بەشێك نییە لە حیکایەتەکانی هەزارویەك شەو خۆی لە خۆیدا حیکایەتێکە لە رووی هونەری و جوانکاری و ئەفسانەییەوە بارتەقای هەموو چیرۆکەکانە.

شەهریار ئیمپراتۆری «دەوڵەتی شارێك بووە» شاژن خیانەتی لێکردووە، لەبەر ئەوە باوەڕی بە ژن نەماوەو بڕیاریداوە هەموو شەوێك کچێکی بۆ بە بووك ببەن و بۆ بەیانی لەسەری بدا. ماوەیێك خەریکی ئەم کردەوە پڕ لە کارەساتە بووە تا شەهرزادەی کچی وەزیری لای دەستی راستی داوا دەکا ببێ بە بووکی ناو پەردەی شەوێکی شەهریار.

لە شەوی یەکەمدا دەست دەکا بە گێڕانەوەی حیکایەتێك، لە پڕ لە هەڵوێستێکی قانگدراو بە تەنگوچەڵەمە دەوەستێ و خەو دێنێتەوە خۆی. شەهریار بۆ بەیانی فەرمانی کوشتنی دەرناکا

بەهیوای ئەوەی شەوی دووەم بگاتە ئەنجامی حیکایەتەکە، نەخێر شەهرزاد لە شەوی دووەمیشدا لە گرێیێکی دیدا لە گێڕانەوە دەوەستێ، بەمجۆرە گێڕانەوەی حیکایەتەکان هەزارویەك شەو دەخایەنێ، لەو ماوەیەدا شەهرزاد منداڵی لە شهریار دەبێ.

لە ئەدەبیاتی گێتیدا شەهرزاد بووە بە بەڵگەی جوانی و ژیری و بلیمەتی، ناوی لە رووی راگەیاندنەوە گەیشتۆتە پلەی ناوی حیکایەتەکانی «هەزارویەك شەو» واتە حیکایەتەکان ناوی ئەو ژنە بلیمەتە دەگەیێنن، لەبەر ئەوە گەلێ جار بەرهەمی ئەدەبی و هونەری تازە رەنگدانەوەی کاریگەری حیکایەتەکانن بەناوی شەهرزادەوە کەوتوونەتە ناوەوە، نەك تەنیا لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لای ئێمە، بەڵکو لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی ئەورووپاش.

رەنگە «سەمفۆنیەی شەهرزادە»ی مۆسیقاری رووسی ناودار ریمسکی کۆرساکۆڤ (١٨٤٤-١٩٠٨) بەڵگەی کارکردن و زادەی حیکایەتەکان بێ بەسەر ئەدەبی میللەتانی هەموو گێتی.

**١٠ی مایس ٢٠٠١**



## (١٢٢)

## گێرەشێوێنێ کە کای کۆنی بە بادا لە کنت
## چاکە هەر لێیخوڕی سەیری دەم و کاوێژی نەکەی

باوەڕ ناکەم خوێندەوار و رۆشنبیری کورد هەبێ ئەم دێڕە شیعرە جوانەی شوکری فەزڵی لەبەر نەبێ یا نەیبیستبێ. ئەم دێڕە شیعرە بە شیعری ((ئیش ئێستاکە رووی لە هەورازە سەرەو لێژی نەکەی..)) دەست پێدەکا، هەر دێڕێکی وەکو قسەیێکی نەستەق دەکەوێتە بەرچاو، یا وەکو پەندی پێشینانێك خۆی دەنوێنێ. لەڕووی مێژووییەوە پێویستە ئەوە روونبکرێتەوە کە ئەم شیعرە لە بنەڕەتدا وەك پەند و ئامۆژگارییێکە بۆ شێخ مەحموود وتراوە لەو سەردەمەی مەلیکی ناوچەکانی خوارووی کوردستان بووە.

بەڕاستی گەلێ جار من لە لێکۆڵینەوەکانم لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە ئەوەم درکاندووە کە لە ناو هەر نەتەوەییێك نووسەر یا هونەروەرێکی داهێنەری وا پەیدا دەبێ بە شیعرێك یا قەسیدەییێك ناو و ناوبانگی دێنێتە ناو مێژووی ئەدەبی میللەتەکەیەوە، بە پێچەوانەی ئەو پەندی پێشینانەی کە دەڵێ ((بە تاکە گوڵێك بەهار نایە)) جا ئەگەرچی شوکری فەزڵی شیعری جوانی زۆرە و بەرهەڵستی لەندەهووری شیعری کوردی شێخ رەزای تاڵەبانی کردووە و بە گەورەیی و شاعیریەتی خۆی هاتۆتە ناو مێژووی ئەدەبی میللەتەوە بەڵام ئەم شیعرەی سەرنجی هەموو جوانیخوازێك رادەکێشێ و دەچێتە ناو دڵیەوە، هەروەها مێشکی هەموو داناو تێگەیشتوویێك دەجووڵێنێ بەو بیروباوەڕە بلیمەتیانەی کە بۆ شێخ مەحموودی نووسیوە لەبارەی سەرکەوتنەوە کە یەکجار گرنگە لە ژیانی نەتەوەدا، بەڵام پارێزگاری ئەو سەرکەوتنەکە سەر نەگرێ کارەسات تازە دەبێتەوە.

لێرەدا شوکری فەزڵی وەکو راوێژکارێکی دانا دێتە بەرچاو، هەرچەندە زیاتر لە شیعرەکە قووڵ ببینەوە زیاتر تاقیکردنەوەی زۆری شاعیرمان دەکەوێتە بەرچاو، هەندێ جار وەکو فەیلەسووفە کلاسیکییەکان کە راوێژکاری ئیمپراتۆر و مەلیکە کۆنەکانی رۆژگارانی کۆن بوون دێتە بەرچاومان، دەمێکیش دەڵێی یەکێکە لە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتە زلهێزەکاندا.

قوولّی مانای ناوەڕۆکی ئەم دێڕە شیعرە و دێڕەکانی دیکەی شیعرەکە بۆ هەموو دەور و زەمانێك دەستدەدەن، بە تایبەتی بۆ ڕۆژی ئەمڕۆشمان، هەر دەڵێی شوکری فەزڵی ئێستا لە ژیاندایە و ئەم شیعرەی بۆمان نووسیوەتەوە.

جا ئەم دێڕە شیعرە بەرەو رووی هەموو کەسێك دەکرێتەوە بەو ئامانجەی گوێ لە گێرە شێوێن و دوو روو نەگرێ و بە قسەی ئەو کەسانە نەکا کە ئاژاوە لە کۆمەڵدا دەنێنەوە و هەمیشە هەوڵدەدەن بە کاسەلێسی و کوێرە رێگاکانیان شیرازەی کۆمەڵ تێك بدەن بە زۆری ئەوانەی درۆ و دەلەسە هەڵدەبەستن بۆ مل شکاندنی خەڵکی یا وەکو قسەی نەستەقی کوردی و شوکری فەزڵی دەڵێن کای کۆن بەبادا دەکەن لە پێناوی ئەوەی خراپە بە کەسێك بگەیەنن، بەڵام زۆرجار لە ئەنجامی ئەم کارە ناهەموارەیان خۆیان تووش دەبن و زیانەکە بەرەو رووی خۆیان دەکەوێتەوە، وەکو قسە نەستەقەکەی کوردی دەڵێ ((مل شکان مل شکانی لە دوایە)) یا ((ئەو کەسەی گۆڕ بۆ خەڵکی هەڵدەکەنێ خۆی تێی دەکەوێ)).

هەرچۆنێك بێ بەو هۆیەوە دەمەوێ بڵێم لەو رۆژەوە ئەم شیعرەی شوکری فەزڵیم بیستووە هاتۆتە بەرم و لە بیرم نەچۆتەوە، لەگەڵێ لە نووسینەکانمدا بە زۆری لە وتارە ئەدەبییەکانمدا هەندێ رستە و بیروبۆبچوونم لەو شیعرە وەرگرتووە و وەك بەڵگە هێناومەتەوە.

پەنجەم بۆ ماناکانی درێژ کردووە چونکە بۆ هەموو سەردەم و رۆژگارێك دەستدەدەن، بەڕاستیش ئەمە یەکێکە لە خاسیەتەکانی بەرهەمی ئەدەبی و داهێنانی هونەری بەرز.

لە ژیانی رۆژنامەگەریمدا ئەم شیعرەی شوکری فەزڵی ((مامۆستا مقەس)) بووە بۆ من، لە هەر کاتێکدا دوایی هەر نووسینێکی رۆژنامە و کۆوار ئەگەر لە دامەنی لاپەڕە شوێنی دوو سێ سانتیمەتر بمابایەوە لەباتی ئەوەی وێنەیێکی هیڵکاری بچووك یا نەقشێکی مۆزاییکی دابنێم، دێڕێکم لەم شیعرە هەڵدەبژارد و جێیە سپیەکەم پێ پڕ دەکردەوە، ئەو کۆوارانەی من سەرنووسەر یان نووسەریان بووم تیایدا ئەم دیاردەیە دەبینرێ.

لە ئەنجامی ئەمە جارناجار دڵگیری و نارەزایی دروستدەبوو، تەنگو چەڵەمە دەکەوتە ناوەوە، کەچی هەندێ جار بۆ پێکەنین نەبووایە بۆ هیچی دیکە دەستی نەدەدا. جارێکیان وتاری نووسەرێکی ناودارم بڵاوکردەوە، لە دوایی وتارەکەی پێویست بوو ((مامۆستا مقەس)) بکەوێتە کار، جێگە سپییەکە بەدێڕی ((گێرە شێوێنی..)) پڕ کرایەوە. مامۆستای ناودار دڵگیربوو، وتی بە ئانقەست لە دوای وتارەکەی من ئەم دێڕە بڵاوکراوەتەوە. کابرا نەخۆشی دەروونی هەبوو، گرێی سایکۆلۆچی ناخی دڵی گوشیبوو، لەخۆی بە گومان بوو، وەکو کورد دەڵێ ((قانقەلاشك لە خۆی بەشك)). منی سەرنووسەری کۆوار هەر ئەوەندەم بۆ مایەوە بڵێم: ئەگەر وتارەکە بە دڵم نەبووایە بڵاوم نەدەکردەوە.



## (١٢٣)

## ئەکادیمیە و زانستگا

ئەکادیمیە لە وڵاتانی سەر رووی زەوی، بەتایبەتی لە ئەورووپا بە باڵاترین دەسگای زانستی دەژمێردرێ، ئەگەرچی لە هەموو جێیەك بۆ یەك ئامانج دانراوە، بەڵام لە دروستبوونی ناوەوەی لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێ و هەندێ جیاوازی بەرچاو دەکەوێ، ئەم دەسگایە بەناوی هەموو بەشەکانی زانستی (پراکتیکی و کۆمەڵایەتی)یەوە لە ناوەوەیە، وەکو ئەکادیمیەی پزیشکی و ئەکادیمیەی سوپایی.. هتد.

ئەکادیمیە بەگشتی خەریکی لێکۆڵینەوەی زانستییە، بەرنامەی کاری زیاتر پێوەندی بە خوێندنی باڵاوە هەیە. خوێندنی سەرەتایی زانستگا لەوێ بەدیناکرێ (بەکالۆریۆس، لیسانس، دیپلۆم)، بەم پێیە کاری سەرەکی ئەکادیمیە دەکرێ بە دوو بەشەوە: یەکەمیان لێکۆڵینەوە (تیۆری و پراکتیکی)، دووەمیان پێگەیاندنی کادیری زانستی خوێندنی بەرز (ماجستێر، دکتۆرا)، بەم جۆرە دەبینین زانستگا دەسگاییێکی بنچینەیی و سەرەکییە بۆ ئامادەکردنی کادیری خوێندنی باڵا (ماجستێر و دکتۆرا) لە زانستگا دەبینرێ لە ئەکادیمیەش بەرچاو دەکەوێ.

ئەگەر بە وردی لە دروستبوونی ئالیەتی ناوەوەی ئەکادیمیە بکۆڵینەوە دەبینین دەستووری تایبەتی خۆی هەیە، بەوەی ئەوەی روو دەکاتە ئەوێ ئەو کەسەیە باوەڕنامەی یەکەمی زانستگای وەرگرتووە (بەکالۆریۆس)، لە ئەکادیمیە دەبێ بە قوتابی و باوەڕنامەکانی دیکە وەردەگرێ. لێرەدا دەتوانێ لە ئەکادیمیە بمێنێتەوە یا لە زانستگا دامەزرێ بەناوی ئەوەی باوەڕنامەی بەرزی هەیە. ئەگەر لە ئەکادیمیە مایەوە بەکارگەری زانستی (الباحث العلمي) دادەمەزرێ. کاری سەرەکی ئەو دەسگایە لێکۆڵینەوەی زانستییە. پلەکانی کارگەری زانستی لە ئەکادیمیە زۆرن و پڕ لە تەنگوچەڵەمەن و بە ئاسانی دەسگیر نابن، وەکو دەڵێن گەیشتە بە دوا پلەی پاپای فاتیکان. لە ئەکادیمیە پلەی زانستی لە ((یاریدەدەری کارگەری زانستی))یەوە دەستپێدەکا، تا دەگاتە پلەی (ئەکادیمی)، دیارە کارگەرەکانیش لە هەر پلەیێکدا بن سەر بە ئەکادیمیە دەبن، لەبەر ئەوە دەکرێ ((ئەکادیمی)) یان پێ بگوترێ.

له بنجدا وشەی ((ئەکادیمیە)) وشەیێکی گریکی کۆنە، ناوی یەکێك لە دانا کۆنەکانی ئەفسانەی گریك بووە، هەموو شتێکی زانیوە و لە پلەی خوا بووە، گۆیا ئەکادیمۆس لە باغێکدا وانەی فەلسەفەی گوتۆتەوە، لە دواییدا باغەکە بە ناوی ئەوەوە نراوە، لە پاشانا ئەفلاتوون کردوویەتی بە مەلبەندی گفتوگۆ کردن لە فەلسەفە و باغەکە بووە بە بەلگەی زانستی.

زانستگا وەکو لە دروستبوونی وشەکە دەردەکەویّ بە مانای ((جێگەی زانستی)) هاتووە، بە عەرەبی ((الجامعة)) و بە زمانانی ئەوروپا ((University)) و بە کوردی ((زانکۆ)) یان بۆ داناوە. ئەمە دەسگاییێکە لە هەموو گێتیدا ئەو قوتابییانە وەردەگریّ کە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییان تەواو کردووە، واتە یازدە تا دوازدە سالّیان خوێندووە. کاری سەرەکی زانستگا پێگەیاندنی پسپۆری هەموو لایەنەکانی زاستییە لە پێناوی دروستکردنی کادیر بۆ پێگەیاندنی هەموو کاروباری کۆمەلّ بە ئەنجام، قۆناغی یەکەمی خوێندن چوار یا پێنج یا شەش سالّە، قوتابی باوەڕنامەی بەکالۆریۆس وەردەگریّ و دەبێتە کادیری ناوەنجی هەموو پێویستییەکانی کۆمەلّ، مامۆستای قوتابخانە، ئەندازیار، پزیشك، پارێزەر، ئەفسەر..هتد.

بەمجۆرە دەبینی کاری سەرەکی زانستگا خوێندنی بەرایی، یا وەرگرتنی باوەڕنامەی یەکەمی زانستگایە، بەلاّم ئەگەر کادیری زانستی لە باری هەبوو کۆمەلّ پێویستی بە پسپۆڕ بوو زانستگا دەتوانیّ لە هەر بەشێك لە بەشە زانستییەکانی خوێندن قۆناغی ماجستێر یا دکتۆرا بکاتەوە، بە پێی پێویستی کۆمەلّ، لێرەدا لە خوێندنی بالاّ لەگەلّ ئەکادیمیە یەکدی دەگرنەوە، بەم پێیە ئەم دوو دەسگایە تەواوکەری یەکدین، بەلاّم دوو دەسگای جیاوازیشن لە رووی دروستبوون و یاسا و رەوشت و نەریتی زانستی و پلەی زانستی کادیرەکانیانەوە.

وەك گوترا پلە و لەقەبی کارگەرانی زانستی ئەکادیمیە و مامۆستایانی زانستگا جیاوازە، بەلاّم بێگومان گەلیّ کەس دەبینرێن لە زانستگا و ئەکادیمییە کاریان کردووە، بۆیە لەقەبی هەردوو لایان وەرگرتووە، بەلاّم ئەو کەسانەش دەبینرێن هیچ جۆرە پێوەدیێکیان بە ئەکادیمییە نەبووە و لە زانستگا گەیشتوونەتە دوا پلەی زانستی، هەروەها پێچەوانەش هەیە، ئەوەی دوا باوەڕنامە لە ئەکادیمییە وەردەگریّ و هەر لەوێش دەمێنێتەوە وەکو ((کاریگەری زانستی)) هیچ پێوەندییێکی بە زانستگاوە نییە.

ئەم دیاردەیە لای ئێمە تێکەلّ و پێکەلّ بووە، لەم دواییەدا بە تایبەتی ئەو کوردانەی لە دەرەوەی ولاّت بۆ سەردان دەگەڕێنەوە ئەگەر باوەڕنامەی دوکتۆرایان هەبیّ بە هەر هەموویان دەلّێن ((ئەکادیمی)) ئەمە راست نییە، ئەو کەسە ئەگەر لە زانستگاییێکی ئەوروپا کار بکا و



پێویست بیّ پلەی زانستی بخرێتە بەرچاو وەکو ئەوەی بۆ بەلگە ((پرۆفیسۆر)) بیّ، پێویستە ئەم لەقەبەی بۆ بەکاربهێنریّ، خۆ ئەگەر لە ئەکادیمیەش کار بکا، دەتوانریّ ((ئەکادیمی)) پیّ بگوتریّ ((پرۆفیسۆر)) و ((ئەکادیمی)) بۆ ئەو کەسەیە کە لە ئەکادیمییە کار دەکا.

جا نازانم هەندیّ لەو برا ئازیزانەی باوەڕنامەی بەرزیان هەیە لەسەردەمی سەفەرەکەیاندا بەراستی لە زانستگاییێکی ئەوروپا یا ئەکادیمیاییێك کار دەکەن؟! تا رۆژنامەکانمان ((پرۆفیسۆر)) یا ((ئەکادیمی)) یان پیّ بلّێن؟! کەچی لەمەش سەیرتر بێگانەکان دێن بۆ ئێرە هەر هەموویان ((پرۆفیسۆر)) و ((ئەکادیمی))ن!! با ئەوانەش نەبن.

## (١٢٤)

# پزیشکێکی تورك تیماری نەخۆشێکی کورد ناکا!

-١-

پێش هەموو شتێك ((پوکرات))، ((پزیشکی))، ((مرۆڤایەتی)). پوکرات ناوە گریکییە کۆنەکەی ((Hippocrate))ە، گەورەترین پزیشکی گریکی دێرین بە درێژایی رۆژگار بە ((باوکی پزیشکی)) ناودێر بووە، بەو مانایەی لە رووی تیۆری و پراکتیکییەوە یەکەمین و گەورەترین زانای نەخۆشی و تیمارکردنی خەڵکی بووە، گەلێ تیۆری پزیشکی دۆزیوەتەوە، هەروەها هەندێ جۆرە دەرمانی دروستکردووە کە بووە بە پێشدەستی بۆ پەرەسەندن و گۆڕانی زانستی پزیشکی لە دوارۆژدا.

پوکراتی زانای پزیشکی، تەنیا خەریکی ئەم زانستییە نەبووە لە رووی فێرکردنی پیشەکەی و ئامادەکردنی پزیشك و دروستکردنی داو و دەرمان، بەڵکو وەکو فەیلەسووفێك لەلایەنی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی ئەم زانستییە دواوە، خوو و رەوشت و کردەوەکانی بوون بە یاسا و دەستوور لە ئایندەدا ئەم زانستییەیان پتەوترکرد بۆ ئەوەی کەڵکی بۆ ئادەمیزاد زیاتر بێ.

کردەوەکانی پوکرات وەك سامانێکی بە نرخ بۆ مرۆڤایەتی مایەوە، تیۆرییەکانی لە ئەوروپا تا دوای سەدەکانی ناوەڕاست لە زانستگاکاندا دەخوێندران، لەگەڵ پەیدابوونی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی واتە لە سەردەمی عەباسییەکاندا بایەخێکی زۆر بە وەرگێڕانی کتێبی پزیشکی درا لە زمانی گریکییەوە، بێگومان نووسینەکانی پوکرات لەم لایەنەوە دەورێکی دیار و بەرچاویان هەبوو.

دەمێنێتەوە خاڵێکی گەلێك گرنگ ئەویش ئەوەیە پوکرات لە رووی کۆمەڵایەتییەوە تەماشای پیشەی پزیشکی کردووە، لەبەر ئەوە سوێندی تایبەتی بۆ قوتابیانی داناوە، ئەوانەی باوەڕنامەی پێداون و بوون بە پزیشك، سوێندەکە مانایێکە لە پێناوی چاکەی ئادەمیزادی نەخۆش بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئایین و قەومیەت و نەژاد و خوێن و رەگەز، یا هەر دیاردەیێکی دیکەی ئادەمیزاد لە یەکدی جیادەکاتەوە.



لەسەردەمی گریکەکانەوە تا ئێستا قوتابی پزیشکی لە هەموو گێتیدا لەگەڵ سوێندی ئاسایی زانستگاکەی خۆی پێویستە سوێندەکەی پوکراتیش بخوا و بە درێژایی تەمەنی کارێك نەکا پێچەوانەی ئەم سوێندە بێ، چونکە پیشەکەی لە پێناوی هەموو ئادەمیزاد دایە.

-٢-

ئەگەر داهێنان لە زانستی پزیشکیدا هەبێ دەبێتە کردەوەیێکی شارستانی پێوەندی بە تەندروستی گشتییەوە هەیە، پزیشکی زانستێکە مەتریالێکی هەستپێکراو نادا بەدەستەوە، رەنگە چاکترین بەڵگە بۆ ئەم گریمانە رەنگو رووی خەڵکی ناو کۆمەڵ بێ، ئەو تەندروستییەی بەچاو هەستی پێدەکرێ، چونکە هەموو کەسێك تا پلەیێك دەتوانێ نەخۆش لە توندروست جیا بکاتەوە، ئەمە پێوەندی بە چێژەوە نییە، بەڵکو بە واقیعێکەوەیە ((نەخۆش)) یا ((لەش ساغ)) بەمجۆرە کاری پزیشك بەرهەمهێنان نییە، بەڵکو پارێزگاری رەسەنایەتییە، واتە تەندروستی لە بنەڕەتدا دەبێ هەبێ، نەبوونی دەبێتە تەنگوچەڵەمە بۆ کۆمەڵ. بەمجۆرە پزیشك تەبیعەتی مرۆڤـ وەکو خۆی دەپارێزێ، بەمە دەبێتە کردەوەیێکی مرۆڤایەتی، جا ئەگەر بێتو ئێمە بەراوردێك لە نێوان کاری پزیشك و میعماردا بکەین، ئاشکرایە یەکەمیان رەسەنایەتی دەپارێزێ و قسە لەگەڵ بیروهۆشدا دەکا، دووەمیان کاری مەتریاڵی دادەهێنێ و قسە لەگەڵ چێژ و خەیاڵدا دەکا، پزیشك پارێزگاری لەش ساغی دەکا بۆ ئەوەی کۆمەڵێك دروستبێ شایانی ئەوەبێ لە تەك ئەم هەموو داهێنانە میعمارییە بەرزانەدا بژی.

-٣-

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتی تورکیای ئێستاکە (( کوردستانی تورکیا))یە دواکەوتووترین ناوچەیێکە لە هەموو تورکیا، هۆی ئەم دواکەوتنە ئاشکرایە. کارێکی سروشتییە لەوێ پزیشکی چاك یا دەرمانی پێویست دەستنەکەون، بەتایبەتی لە ئاواییە دوورەکانی ناو شاخ.

لەم رۆژانەی دواییەدا میدیای گێتی هەواڵێکی بڵاوکردەوە گۆیا ژنێکی کوردی تەمەن سی ساڵە ناوی (مەکیە پۆلات) بووە لە ناوچە دواکەوتووەکاندا تووشی نەخۆشییێك دەبێ.

لە جێی خۆی چارەسەری ناکرێ، ناچار دەیبەن بۆ یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری ئەنقەرە، لەوێ تووشی پزیشکێکی ئافرەت دەبێ بەناوی (ئیلکە تۆرن) لەکاتی فەحس کردندا پزیشك هەست بەوە دەکا نەخۆشەکەی تورکی نازانێ و مێردی قسەکانی بۆ وەردەگێڕێتە سەر

زمانی تورکی، ئیتر پزیشك دەست لە کارەکەی هەڵدەگرێ، بەناوی ئەوەی پزیشکی ئادەمیزادە و هی ئاژەڵ و حەیوان نییە. ئەمەیە کردەوەی پزیشکێك کە دوو سوێندی خواردووە، سوێندی پوکرات و سوێندی زانستگاکەی خۆی کە دڵسۆزی کارەکەی خۆی بێ و هەموو تواناییێکی تەرخان بکا بۆ چاکەی مرۆڤایەتی.

من لەو باوەڕەدام وێنەی ئەم ژنە فاشستە ڕەگەزپەرستە شۆڤێنییە ڕەنگە زۆر نەبێ، بە بەڵگەی ئەوەی سەندیکای پزیشکانی تورکیا لە شاری ئامەد (دیاربەکر) هەندێ سۆزی مرۆڤایەتی تێدا ماوە، بۆیە بێزاری خۆی دەربڕی بوو بەرامبەر ئەم کردەوە نا مرۆڤایەتییە. دیارە ئامەد شارێکی کوردییە بەڵام سەندیکاکەی دەبێ چەند تورکێکی تێدابێ، سڵاو و ڕێز بۆ ئەو تورکانە.



## (١٢٥)

## قسەی پێدەگوترێ تەنیا لەبەر ئەوەی کوردە!!

لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەر ڕووی ئەم زەوییەی ئێمە کارێکی زۆر ئاساییە کەسێکی وەك خالید بەگداش سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی سووریا بە بنەچە کوردبێ. یا یەکێکی وەکو بەکر سدقی فەرماندەی گشتی سوپای عێراق خەڵکی گوندی عەسکەری ناوچەی کەرکوك بێ و خزمەکانی تا ئێستا شەرواڵی کوردییان لەبەرا بێ و زمانی عەرەبی نەزانن، دەڵێم ئاساییە ئەم کەسەش کوردبێ.

لەلای ئێمە لە ڕۆژهەڵاتدا ئەم مەسەلەیە لە ڕوویێکی دییەوە تەماشا دەکرێ، بیری عەشیرەتگەری و گیانی نەتەوەیی شۆڤینی و دەمارگیری ئایینی دەبێتە هۆی سەراوژێری گەلێ مەسەلەی مێژوویی.

دوو نموونەمان لەبەردەستدایە خالید بەگداشی بەناو کۆمۆنیست و بەکر سدقی حسێبکراو لەسەر ئیدیۆلۆجی نازیزمی فاشی!.

جارێ خالید بەگداش گومان لەوەدا نییە کە کوردە، من خۆم لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا لە مۆسکۆ چەند جارێك هەڵم بۆ هەڵکەوت و چاوم پێی بکەوێ و ئاشنایەتی لەگەڵیدا پەیدا بکەم. بەڵام من ئەوەم پێ خۆش نەبوو، کەچی (ویسال فەرحەی) خێزانی خالید بەگداش لە گەشتێکیدا بۆ شاری سانت پیترسبۆرگ (لینینگرادی ئەوسا) سەردانی ئەو ئامۆژگایەی کرد کە من قوتابی و کارگەری زانستی بووم تیایدا. ویسال بە کوردی قسەی دەکرد، لێم پرسی خالید بەگداش کوردییەکەی وەکو تۆیە؟ وتی: لە منیش باشترە.

نەیسە ئەمە ناوەڕۆکی باس نییە، شایانی باس ئەوەیە، ئایا ئەو ڕێککەوتەی خالید بەگداشی کرد بە سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی سووریا بە چاکە گەڕایەوە یا بە خراپە! پێم وایە بە خراپە. لە پێش هەموو شتێکدا ئەگەر لای ئێمە هۆشیاری شارستانیەتی لە ناوەوە بوایە، مەسەلەی خالید بەگداش نەدەبوو بە بابەتێك بۆ گەلێ لایەن بە خراپە بگەڕێتەوە.

لەبەر ئەوەی ئەم کابرایە بە نەژاد کورد بوو، نەك تەنیا خۆی بەڵکو نەتەوەی کوردیش کرابوو بە بنێشتە خۆشەی ناو دەم، بەم ڕۆژگارە گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپەمەنی هەموو ناسیونالیستە عەرەبەکان خەریکی هێرش بردنە سەر کورد بوون، بەلای ئەوانەوە ئەگەر خالید بەگداش کورد نەبوایە کۆمۆنیزم بە جۆرێکی دیکە ڕەفتاری دەکرد، ئەم دیاردەیە لە جەنگی

دووەمی گێتییەوە تا دوایی سەدەی بیستەم سەرێشەیێکی سیاسی زۆری بۆ کورد و خالید بەگداش خۆی پەیدا کرد.

پیاو لەوە غەمناك دەبێ خالید بەگداشێك هیچی بۆ کورد نەکردبێ، بەڵام بەهۆی ئەوەوە کورد زیانی لێ بکەوێ.

دەڵێن پێش کۆچی دوایی، خالید بەگداش وەسیەتی کردبوو کە کورد نییە! ئەم کردەوەیەی زۆر باش بوو چونکە حەقیقەتی خۆی خستە روو، بەڵام لەپاش چی!!

ئینجا بەکر سدقی، من لێرەدا هەڵوێستم روون و ئاشکرا نییە، بەرامبەر ئەم کەسە سوپاییە، کردەوەو هەڵسوکەوتی ژیانی پڕ لە گۆشەی نهێنی و نادیارین، بۆیە بڕیاری سەر پێیی زیانی بۆ  حەقیقەتی مێژوو هەیە. بەڵام ئەوەی گومانم لێی نییە ئەوەیە ئەگەر ئەم پیاوە کورد نەبووایە ئەم هەموو چەند و چوونەی لەسەر نەدەکرا لە ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا ئەوەندە بە خراپە باسی نەدەکرا.

لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بەکر سدقی تەنیا سوپاییەکی دەوری عوسمانی نەبوو لەم وڵاتەدا، ژمارەیان زۆر بوو، ئەوانەی فەرماندەیی بزووتنەوەی رەشید عالییان کرد (بە هەرای رەشید عالی ناوبانگی دەرکردووە) ئەوانە لایەنگری نازی بوون، لە دواییدا لەسێدارەدران. پرسیارەکە ئەوەیە، بۆ ئەمانە بە نیشتیمانپەروەر لە قەڵەم دەدرێن و بەکر سدقی خائین؟ رەنگە یەکێك بڵێ ئەمانە لەلایەن عەرەبە قەومییەکانەوە بە نیشتمانپەروەر حسێب دەکرێن، ئەمە راستە، بەڵام ئەمانە کە دژی بەکر سدقین لەبەر ئەوەیە کوردە و بەس، ئەگینا بە مەفهوومی ئەوان ئەگەر نازیش بووبێ دەبوو هەڵوێستیان بە جۆرێکی دیکە بوایە بەرامبەر ئەم کەسایەتییە. ئەمە لای ئەوان، بەڵام لای خۆشمان، لەژێر کاریگەری دەمارگیری قەومیەتی عەرەبی هەندێ لە کوردەکان بە شوێن کاری سووك دەگەڕێن لە بابەت بەکر سدقییەوە، وەکو ئەوەی عەرەقخۆر بوو، لە ئافرەت دەگەڕا، زۆردار بوو! ئەمە هەمووی مەوزوعی باس نییە، ئەوەی لێرەدا جێی غەمناکییە کەسی کورد بکەوێتە ژێر کاریگەری خەڵکی ترەوە و بە دوای کارێك بگەڕێ و بیکا بە خەوش وەکو عەرەقخواردنەوە و مێبازی بۆ شکاندنی کەسێکی کوردی وەکو بەکر سدقی.

بەلای منەوە زۆری ماوە یەکێك بتوانێ بڵێ بەکر سدقی نازی بوو، زۆردار بوو، دژی عەرەب بوو، کوردایەتی نەکردبوو. ئەوەی ئاشکرایە بە نەژاد کورد بوو، سوپاییەکی عێراقی بەرزبوو، تا بە وردی لە کون و کەلەبەری ژیان و کردەوەکانی نەکۆڵرێتەوە ناتوانین لە مێژوودا جێی راستی ئەم کابرایە دیاری بکەین.

ئەوەی گومانی تێدا نییە، ئەوەیە ئەگەر بەکر سدقی کورد نەبووایە ئەم هەموو هێرشەی نەدەبرایە سەرو وا بەخراپە باسی نەدەکرا، با رۆشنبیر و خوێندەواری کورد لەم لایەنەوە هوشیار و بێدار بن.



## (١٢٦)

# (قبول خاص) وەرگرتنی تایبەتی

رستەی ((قبوڵ خاص)) وەك زاراوەیێك لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا هەموو کەسێك تێیدەگا و بووە بە بەشێك لە زمانی کوردی قسەکردنی رۆژانەماندا. دیارە لێرە مەبەست لەو زاراوەیە ئەوەیە ئەو قوتابییانەی مەرجی وەرگرتنیان تێدا نییە لە دەسگاییێکی زانستی و پەروەردەیی، بەڵام بە بڕیارێکی تایبەتی دەسەڵات بەدەست لەو دەستگایە وەردەگیرێن.

ئەوی راستی بێ بیرۆکەی نووسینەوەی ئەم بابەتە لە ئەنجامی خوێندنەوەی وتارە بەجێییەکەی عەبدولغەنی عەلی یەحیا بە زمانی عەرەبی بە ناوی ((الاهتمام المناسب بالشخص غير المناسب)) بوو. ناوی وتارەکەی ئەو بەمجۆرە دەکەم بە کوردی (بایەخدانی بەجێ بە کەسی نابەجێ) نازانم وەرگێڕانەکەم چاکە یا نا؟! وتارەکە لە رۆژنامەی (خەبات، ژمارە ١٠٢٣، رۆژی ٢٠٠١/٤/٢٧) بڵاوکراوەتەوە. بێگومان من لێرەدا نامەوێ بیروڕاکانی عەبدولغەنی شیبکەمەوە، ئەو باش بۆ مەسەلەکە چووبوو، بەڵام دەمەوێ لە ((وەرگرتنی تایبەتی)) بدوێم کە کارێکی بەجێ نییە، وەکو ئەوەی لە خەباتدا نووسرابوو ((بایەخدانی بەجێ بە کەسی نابەجێ)) تەنگوچەڵەمە بۆ دەسەڵات دروستدەکەن، بەوەی شیرازەی کۆمەڵ تێکدەچێ چونکە هەموو شتێك لە جێی خۆی دانانرێ و رەچاوی پێویستییەکانی دوارۆژی کۆمەڵ ناکرێ.

ئەوەی ئاشکرایە و پێویست بە گفتوگۆ ناکا ئەوەیە هەموو قوتابییەك دەبێ دەستنیشانکردنی دوارۆژی خۆی بە ئارەزووی خۆی بێ، هەندێ جار هەر لە منداڵییەوە حەز دەکا ببێ بە مامۆستای قوتابخانە یا ئەندازیار، بەڵام لە دوای پەرەسەندنی خوێندن بەناوی بوونی خوێندنی قوتابخانە بە ئیجباری و قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری بۆ هەموو هاووڵاتییەك مەسەلەی نمرەی تاقیکردنەوە هاتە ناوەوە، واتە بەپێی زۆری و کەمی نمرەی قوتابی لە کۆلیژە جیاوازەکانی زانستگا وەردەگیرێ، ئەمە بووە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە قوتابییان ئارەزوویان نەیەتە دی، بۆ ئەمە تەنگوچەڵەمەیەکی دیکە دروستبوو، قوتابی دوو سێ ساڵ لەسەر یەك تاقیکردنەوەی بەکالۆریای دەدا لە پێناوی ئەوەی نمرەیێك بهێنێ بیگەیێنێتە ئەو کۆلیژەی گەرەکیەتی، ئەمە بێگومان درزێکی گەورە لەناو کۆمەڵدا دروستدەکا، چونکە ئەو قوتابییە ئەگەر توانای خوێندنی ئەو کۆلیژەی هەبووایە کە گەرەکیەتی هەر لە ساڵی یەکەم لە تاقیکردنەوەدا نمرەی ئەو کۆلیژەی دەهێنا.

لە ئەنجامی ئەو سیستەمە تازەیەی خوێندنی زانستگا مەسەلەی ((قبوڵ خاص)) کەوتە ناوەوە. ئەم کردارە کۆنە زادەی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە، من لە نزیکەوە ئاگادارم لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ((قبوڵ خاص)) هەبوو، وەستایانە رێك خرابوو، وەکو ئەوەی بلێی ئەو کەسەی نمرەی کەم بوو نەیدەتوانی ئەو کۆلیژەی دەیەوێ تێیدا بخوێنێ بە ((قبوڵ خاص)) وەردەگیرا، بەڵام هیچ رێگەیێکی بۆ خۆش نەدەکرا بە سەرکەوتوویی ئەو کۆلیژەکەی تەواو دەکرد و پسپۆڕێکی باشی لێدەکەوتەوە، بەڵام ئەم حاڵەتانە کەم بوون، زۆربەی ئەوانی دیکە لە دوای چەند مانگێك وازیان لە خوێندن دەهێنا بە تایبەتی لە کۆلیژە زانستییە پراکتیکییەکانی وەکو پزیشکی و ئەندازیاری و هی دیکە.

ئەم دیاردەیە تا ئێستاش لە ناوەوەیە، زۆرباسی لێوەکراوە و لە دوارۆژیشدا زیاتر باسی لێوە دەکرێ. ئەوەی نابەجێیە لەم بابەتەوە ئەوەیە ئەو کەسانەی بە ((قبوڵ خاص)) دەبنە قوتابی لە هەرسێ قۆناغی زانستگا (بەکالۆریۆس و ماجستێر و دوکتۆرا) بە زۆری شایانی ئەوە نین، لەبەر ئەوە لە ئەنجامدا خوێندن تەواو دەکەن و باوەڕنامە وەردەگرن بەڵام چۆن کادیرێکی زانستییان لێ پەیدا دەبێ! رەنگە لە قۆناغی بەکالۆریۆسدا ئەوەندە گرنگ نەبێ چونکە هەڵگری ئەم باوەڕنامەیە هەموویان نابن بە مامۆستای قوتابخانەکانی ناوەندی و ئامادەیی، بەڵام بۆ زانستگا زیانی یەکجار زۆرە، چونکە لای ئێمە هەموو هەڵگرێکی باوەڕنامەی ماجستێر و دوکتۆرا بە مافێکی ئاسایی خۆی دەزانێ مامۆستا بێ لە زانستگا، ئەوی راستی بێ زانستگا و دەسەڵاتی دەوڵەت و هەموو ماجستێر و دوکتۆراییێك مافی ئەوەی نییە مامۆستا بێ لە زانستگا، بۆ ئەم مەسەلەیە جێی خۆیەتی ئەگەر بلێم زانستگای وا لە ئەورووپا هەیە ئەم لەقەبە بەرزانە دەداتە خاوەن باوەڕنامە بەڵام ئەو تێبینییەش بۆ دەنووسێ کە نابێ کاری موحازەرەی پێ بسپێردرێ لە هیچ زانستگایەك، خاوەنی ئەمجۆرە، باوەڕنامانە لای ئێمە دەبینرێن.

بەم پێیە پلەی زانستی زانستگا نزم دەبێتەوە زیاتریش لەو کۆلیژانەی خەریکی زانستییە کۆمەڵایەتییەکانن، چونکە بەپێی ئەوەی لایەنی پراکتیکی لەو کۆلیژانەدا وەك پێویستە رەچاو ناکرێن، لەبەر ئەوە دیاردەیێکی زۆر ئاساییە قوتابییەك دەوام نەکا و سەری ساڵ لە تاقیکردنەوەدا بەشداری بکا. ئەم کارە پشتگوێ خستنی داب و نەریتی زانستگاییە و بە هیچ جۆرێ نابێ دانی پێدا بنرێ، لەبەر ئەوەیە دەڵێین ((زانستگا دەسگایێکی زانستی سەربەخۆیە)) پێویستە دەسەڵات خەرجی بدا و تێکەڵی کاروباری ناوەوەی نەبێ.

٢١ی حوزەیران ٢٠٠١



## (١٢٧)

## هەندێ ئەتیکێتی رۆژنامەگەری

لە کاتێکدا لە کەموکووڕی رۆژنامەگەری کوردی دەدوێم مانای ئەوە نییە هەمووی هەڵە و نادروستییە، من لێرەدا تەنیا لە دوو دیاردەی سەیر دەدوێم، ئەگەر بە وردی لێیان بکۆڵینەوە یەکەمیان دەسەڵات بەرپرسە و دووەمیان رۆژنامەنووس خۆیان.

دیاردەکانی یەکەمیان وەسفکردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی دەوڵەت و حزب و سیاسەت و ئەدەب و کۆمەڵایەتی و هونەرییە، دووەمیان رێپۆرتاژ واتە گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسێك.

### ١

کۆبوونەوە و ئاهەنگ یەکجار زۆربوون، کۆنگرە و کۆنفرانسی حزبەکان، ئاهەنگی هونەری، سیمیناری ئەدەبی و رۆشنبیری و فیکری، ئاهەنگی پێشوازیکردنی میوانان، کۆبوونەوەی پرسە و چلەی مردووان، موحازەرەی ئەو رۆشنبیرانەی وەك میوان سەر لە نیشتیمان دەدەنەوە، گەلێ بابەتی دیکەش.

بۆ بەڵگە ئەگەر وەسفی کۆبوونەوەییەکی وەزارەتێك بخوێنینەوە، بەزۆری وەزارەتی رۆشنبیری ئەمجۆرە کۆبوونەوانە دەکات، کابرای رۆژنامەنووس بەمجۆرە زانیاریانە پێشکێشدەکات.

پێش هەموو شتێك بە شان و باهووی ئەو کەسەدا هەڵدەڵێ کە ناوەڕۆکی بەرنامەکە پێکێشدەکات، ئەگەر لە رۆژنامەگەرییەوە نزیك بێ. لە پاشانا سەرە دێتە سەر ئەوانەی قسەیان کردووە، لێرەدا پاش و پێشخستنی ناوی ئەوانەی بەشدارییان لە کۆبوونەوەکەدا کردووە گرنگ نییە چونکە ئەمە پێوەندی بە لایەنی هونەری و رێکخستنی کۆبوونەوەکەوە هەیە.

بە زۆری لەم کۆبوونەوانەدا خاوەن ماڵ وەزیر یا حزبییەکی گەورە دەبێ، ئەگەر ئەو لەوێ نەبێ دەخوازێ قسەکانی کورت و رەسمی بن، رێخۆشکەرەوە بن بۆ زانینی ناوەڕۆکی ئاهەنگەکە. لە کۆبوونەوەکانی لەم بابەتەدا وتاری سەرەکی لە ناوەوە دەبێ، ئەو وتارە لەلایەن رۆشنبیرێکی ناودار یا نووسەرێکی هەڵکەوتوو یا مامۆستاییێکی هۆشیاری زانستگا پێشکێش دەکرێ.

رۆژنامەنووسی گەڕۆکی لای ئێمە کە بەتایبەتی لە کۆبوونەوەدا ئامادە دەبێ بۆ ئەوەی لەسەری بنووسێ، لە نووسینەکەیدا بایەخێکی تەواو بەکاربەدەستەکە یا حزبییە گەورەکە دەدا بەوەی وتەکەی بەجێبوو، رێکوپێك بوو، ورد و زانستییانە بوو، هەموو لایەنێکی مەسەلەکەی بەجوانی روونکردۆتەوە، هەروەها ئەو وێنەیەش بۆ بڵاوکردنەوە هەڵدەبژێرێ کە وێنەی کاربەدەست بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵبێ، جگە لەوەی هەندێ جاریش وتەی حزبییەکە یا کاربەدەستە میرییەکە هەمووی لەلاپەڕەیێکی دیکەی رۆژنامەکە بڵاودەکرێتەوە.

هەرچی نووسەر و رۆشنبیر و مامۆستاکەی زانستگاشە کە دەوری سەرەکی لە کۆبوونەوەکەدا بووە، جەنابی پەیامنێری گەڕۆك هەر ئەوەندە رێزی لێدەنێ و دەڵێ ((فلانەکەسیش قسەی خۆی کرد)). ئەم کردەوەیە شاردنەوەی راستی و حەقیقەتە، دوورکەوتنەوەیە لە واقیع، کارێکە دەبێتە مایەی پێکەنین، چونکە خوێنەر و خوێندەواری کورد هۆشیار و ژیر و شارەزایە، بەتایبەتی ئەوەی لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبووە و گوێی لە هەموو ئەو قسانە بووە کە لەوێ کراون.

ئێمە نامانەوێ ئەم کردەوە نابەجێیانە ببینین و لەم رووەوە نابێ لە هەموو شتێکدا کاربەدەستێك خۆی بە یەکەم بزانێ و پێویستە پێش هەموو کەس بکەوێ. رۆژنامەنووس لێرەدا نابێ بە قسەی کاربەدەست بکات، بەڵکو پێویستە بەگوێی رەوشت و نەریتی رۆژنامەگەری خۆی بکات.

## ٢

رێپۆرتاژ یا گفتوگۆی رۆژنامەگەری لەگەڵ کێدا دەکرێ؟ لە رۆژگارانی رابردووی نزیکدا واماندەزانی گفتوگۆو یەکدی بینینی رۆژنامەگەری لەگەڵ کەسانی لێهاتوو، پسپۆڕ و زانا و شاعیر و نووسەر و هونەروەری هەڵکەوتووی بەساڵاچوودا دەکرێ.

لاموایە ئەو مەزەندەیەی رابردووی ئێمە بۆ ئێستاش دەستدەدات. لێرەدا من نامەوێ رێگە لە گەنجێك بگرم و بەشایانی ئەم کارەی نەزانم، لەوانەیە نەك لە کۆمەڵی ئێمەدا بەڵکو لە هەموو گێتیدا کەسی وا هەڵدەکەوێ لە تەمەنی لاویەتیدا بلیمەتی لە مەیدانێکی داهێناندا دەکەوێتە روو، هەندێ جار منداڵی بە تەمەن بچووك هەڵدەکەون و خاسیەتێکی تایبەتییان دەبێ لە تێگەیشتنی زانستییەکان و وەڵامی پرسیاری ئەو تۆ دەدەنەوە لە زانستیدا کاری ئەوان نییە و بەڵکو تاقیکردنەوەی دەرچووی زانستگاییێکی گەڕەکە، لەبەر ئەوە دەبینین لەسەر لاپەرەی رۆژنامەکانی هەموو گێتی هەواڵیان بڵاودەکرێتەوە و رێپۆرتاژیان لەگەڵدا دەکرێ.



بەڵام مەسەلەکە لای ئێمە بەمجۆرە نەکەوتۆتەوە، بەڵکو گفتوگۆکردنی رۆژنامەگەری لەگەڵ ئەو کەسانەی شایانی ئەوە نین بووە بە عادەت و نەریتی رۆژنامەگەری. وەکو ئەوەی کچێکی بێژەری رادیۆ ماوەییێکی کەمە دەستی بەم کارە کردووە، گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرێ، کچە گۆرانی بێژێك رەنگە چوار گۆرانی نەچریبێ گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرێ. گۆرانیبێژێکی لاوی کەم ئەزموون تەنیا لەبەر ئەوەی نیشتمانی بەجێهێشتووە و چووە بۆ هەندەران گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرێ! وێنەی بەرگی گۆڤارەکانمان بە وێنەی ئەم کەسانە رەنگین دەکرێ، بێگومان جارێ زووە، لەوانەیە لە دوارۆژدا هەندێکیان شایانی ئەمە بن. لە چاپەمەنی رێکوپێك ئەم دیاردانە بەرچاو ناکەون.

٢٨ی حوزەیران ٢٠٠١

## (١٢٨)

# من بەڕاستی پەنابەری سیاسی بووم

بەپێی یاسای مافی مرۆڤ هەموو کەسێك هەقی ئەوەی هەیە جێگەی ژیانی کاتی یا هەمیشەیی لە هەر کوێیێکی سەر رووی زەوی هەڵبژێرێ و زیندەگانی کاتی یا هەمیشەیی تێیدا بکا. هەندێ دەوڵەتی وەکو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئوستralیا و کەنەدا و هی دیکە تا ئێستا قانوونی هیجرەتیان بەردەوامەو لەکار نەکەوتووە بەپێی دەستوورێکی تایبەتی خەڵکی هەموو لایێکی گێتی وەردەگرن، ئەو کەسانەی دەبن بە هاوڵاتی لە ناو رەوشت و نەریتی ئەو وڵاتانەدا دەتوێنەوە.

هەروەها هەموو کەسێکیش ئەگەر مەترسی لەسەر ژیانیدا هەبێ لە نیشتیمانی خۆیدا مافی ئەوەی هەیە وڵاتێکی دی هەقی پەنابەری سیاسی بداتێ و نیشتیمانی خۆی بەجێبهێڵێ و لەو وڵاتەدا بژی کە پەنابەری داوەتێ تا ئەو هۆیە لادەچێ کە بووەتە مەترسی لەسەر ژیانی ئەو کەسە.

بەم پێیە دەبینین مەسەلەی ئارەزووی کەسێك ئەگەر بیەوێ لە دەوڵەتێکی بێگانەدا بژی و ببێ بە هاوڵاتی ئەو کۆمەڵە جیاوازە لەگەڵ کەسێکی دیکە کە مەترسی لە ژیانی دەبێتە هۆی ئەوەی روو بکاتە دەوڵەتێکی دیکە تا ئەو هۆیانەی مەترسییان لەسەر ژیانی دروستکردووە لە وڵاتەکەی خۆیدا لادەچن. وەکو ئەوەی جەنەڕاڵ دیگولی ناوداری فرەنسی پەنابەری سیاسی بوو لە بەریتانیا لەو کاتەی ئەڵمانیای هیتلەری فاشی فرەنسای داگیرکردبوو، کە ئەڵمان بەسەرشۆڕی لە فەڕەنسا دەرکران، دیگۆل بە چەپڵەڕێزان و شایلۆغان لەژێر تاقی سەرکەوتنی شەقامی شانزلیزێ پێشوازی لێکرا.

ئەم یەك دوو قسەیەم بۆ ئەوە بوو لەم رۆژانەدا لای ئێمە کۆنفرانس دەبەسترێ، کۆبوونەوە دەکرێ، گفتوگۆ لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە و کۆوارەکاندا گەیشتۆتە پۆپە، هەمووی باسی ئاوارەیی و نیشتیمان بەجێهێشتن، راکردن، پەنابەری سیاسی، پەنابەری مرۆڤایەتی، قاچاغچییەکانی کورد و تورك و یۆنان گەلێ زاراوەو وشەی دیکەی فەرهەنگی بەکاردەهێنرێ.



مەسەلەکە تێکەڵ و پێکەڵ بووە، وابزانم ئەوانەی لایەنی ئەوەن خەڵکی کوردستانی عێراق مافی خۆیانە روو لە هەندەران بکەن و ئەوانەی بیروڕای پێچەوانەیان هەیە، هیچ لایێکیان ناگاتە ئەنجام، چونکە بەڵگەی هەر لایێکیان ئەگەر کەسێتی بێ، ئەوا مافی مرۆڤ لەسەری دەکاتەوە، ئەگەر بەرژەوەندی کۆمەڵی کوردیش بێ، ئەو کاتە بەرژەوەندە کەسێتییەکە بەسەر ئەویدیدا زاڵ دەبێ، بەتایبەتی لای ئێمە و رۆشنبیرانی ئێمەش ئەمەیان لە ئەوروپا وەرگرتووە، لێرەدا من بە هیچ جۆرێ، نامەوێ بچمە ناو ئەم باسەوە، چونکە لەوە دڵنیام بێ ئەنجامە و کەس بە گوێی کەس ناکات. ئێمە ئەوە باش دەزانین وەرگرتنی ((پەنابەری سیاسی)) مافی هەموو ئادەمیزادێکە، بەڵام چۆن بەکاری دێنێ، ئەمەیان پێوەندی بە رەوشت و ئەخلاق و واقعیەت و بیروڕاو بۆچوونی ئەو کەسەوە هەیە، ئەوەی پەنابەری سیاسی پێدەبەخشرێ دەبێ ئەوە باش بزانێ کە ئەم پەنابەرییە شتێکی کاتییە، بە هیچ جۆرێ نابێتە هەمیشەیی، ئەو هۆیەی بووە بە مەترسی لەسەر ژیانی کەسەکە ئەگەر لە وڵاتەکەی خۆیدا نەمێنێ مافی پەنابەری سیاسی کەسەکە هەڵدەوەشێتەوە، بۆ ئەم دیاردەیە ناچارم بەڵگە بەخۆم بێنمەوە.

لە (٨)ی شوباتی (١٩٦٣) کە لە بەغدا کودەتاکە بەرپابوو، من قوتابی خوێندنی بەرزبووم لە ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی لە شاری سانت پیترسبۆرگ (لینینگرادی ئەوسا)، دەبوو لەگەڵ تەواوبوونی ئەو ساڵە بەرگری لە نامەی خوێندنی بەرزم بکەم کە لە بارەی مێژووی ئەدەبی کوردیەوە بوو. پێش بەرگریکردنم لە نامەکەم، بەهۆی کارگێڕی ئامۆژگاکەمەوە داواییێکم بۆ ((ئەنجوومەنی سۆڤیەتی بەرز)) لە مۆسکۆ نارد. وا بوو لە دوای بەرگریکردنم لە کانوونی یەکەمی (١٩٦٣) وەرامی ئەنجوومەنی سۆڤیەت گەیشت. زیاتریش رازیبوونیان لەبەر ئەوە بوو چونکە ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی پێویستی پێم هەبوو وەکو کارگەرێکی زانستی لە بەشی کوردییەکەیدا کار بکەم.

لەو سەردەمانەدا نەمدەتوانی بگەڕێمەوە نیشتیمان، چونکە زیاد لەسەر ئەوەی وەزع لەبار نەبوو، بەشە کوردییەکەی کۆلیجی ئەدەبیات لە بەغدا بە قوتابی و مامۆستاوە دەرکرابوون. هەندێ خێرەومەندی دۆستی کورد لە بەغدا بەشەکەیان گواستبووەوە کۆلیجی زمان، ئیدی بەشە کوردییەکە بە ئیفلیجی مایەوە تا ساڵی (١٩٦٧). لەو ساڵەدا ئەنجامی گفتوگۆی نێوان فەرماندەی شۆڕشی کورد و دەسەڵاتی حکوومەت کە عەبدولڕەحمان عارف سەرۆکی دەوڵەت بوو، ئەوەبوو بەیانێك دەرچوو لەبارەی مافی رۆشنبیری بە کردنەوەی زانستگاییێك و مەجمەعێکی زانستی بۆ کورد لەگەڵ رێکخراوی ئەدەبی هونەری و زانستی دیکە. ئەمە بووە

هۆی ئەوەی هەست بەوە بکەم کە ((پەنابەریەتی سیاسی))ی من لە کەڵك کەوت و پێویستە بگەڕێمەوە وڵات چونکە زەمینە لەبار و ئاسایی بوو و زانستگای بەغداش پێویستی بەمن هەبوو، وابوو لە شوباتی (١٩٦٨) گەڕامەوە وڵات.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم قسانەم بێنم نامەوێ ئەوەم لەبیر بچێتەوە، ئەگەر لەدوای بەرگریکردن لە نامەکەم بگەڕامایەوە نیشتیمان ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی بلیتی فرۆکەی بۆ دەکڕیم، بەڵام لەبەر ئەوەی ((پەنابەری سیاسی)) بووم، خەرجی گەڕانەوەم کەوتە سەر رێکخراوی ((خاچی سوور و مانگی سوور))ی ئەو کاتەی دەسەڵاتی سۆڤیەت.

٥ی تەمووز ٢٠٠١



## (١٢٩)

## ((سەرەوە)) و ((بنەوە)) و ((هاتنە خوارەوە..))

وشەی فەرهەنگییەکانی ((سەرەوە)) و ((بنەوە)) و ((هاتنە خوارەوە)) وەکو زاراوەیێکی زانستی بۆ داهێنانی هونەری بەکاریان دێنین، رەنگە وەك زاراوەیێك بۆ مەبەستەکانیان لە زمانی کوردیدا زۆر ورد نەبن. هەرچۆنێ بێ ئێمە لێرەدا مەبەستمان وردکردنەوەی وشەکان نییە، بەڵکو ئەو مەسەلەیەی لەم رووەوە دەبێتە کێشەیێکی زانستی رەخنە. بەهەر حاڵ مەبەستمان لە ((سەرەوە)) ئەو مانایەیە کە (رووکەش، دیار، ئاشکرا، ئاسان) و گەلێ مانای دیکەش دەگەیەنێت، بە عەرەبی دەتوانین بڵێین ((سطح، سهل، مفهوم)) زۆری دیکەش.

هەرچی زاراوەی (بنەوەیە) بە مانای ((ژێرەوە، نادیار، قورس)) بە پێچەوانەی (سەرەوە) دەتوانین بە عەرەبی ئەم زاراوەیە بە ((عمق، غامض، غیر مفهوم)) لێك بدەینەوە، بەڵام زاراوەی ((هاتنە خوارەوە)) لێرەدا بەو مانایە بەکاری دێنین هەندێك لە شاعیرە گەورەکانی گێتی لە قۆناغێکی دیاریکراو گەیشتوونەتە لوتکە، ئیدی لە دوای ئەو هاتوونەتە خوارەوە لە بەرهەمی شیعرییاندا لە رووی ئێستێتیکییەوە دەتوانین لە عەرەبیدا زاراوەی ((الانحدار)) بەکار بێنین.

لە هەندێك لە نووسین و موحازەرە و سمینیارەکانمدا ئەم زاراوانەم بەکارهێناوە. لە دواییدا بەرگوێم کەوتووە لای وا هەبووە، خۆی بە زانا زانیوە لەم بوارەدا و سنگی دەرپەڕاندووە و وتوویەتی چۆن بەرهەمی عەبدوڵڵا گۆران بە گشتی دەچێتە خانەی ((سەرەوە))!

لێرەدا دەمەوێ هەندێك راستی لەم لایەنەوە روون بکەمەوە:

١- ((سەرەوە)) زاراوەیێکە لە رەخنەی ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێ، بەو مانایەی بەرهەمێکی ئەدەبی یا هونەری دیاریکراو دەچێتە خانەی ((السهل الممتنع)) واتە ئاسانی پڕ لە جوانکاری. ئینجا ئێمە ئەگەر لە بەرهەمی هەر شاعیرێك بکۆڵینەوە ئەم شێوازە دەبینین، رەنگە ئەمە بەسەر هەموو بەرهەمەکانیدا نەشکێتەوە، بەڵام بەشێکی زۆر لەم بابەتە دەبێ. ئەم شێوازە لە ئەدەبی هەموو میللەتانی گێتیدا هەیە و پەسەند کراوە و بە چاوێکی پڕ لە شانازییەوە تەماشا دەکرێ، لە شێوازەکانی دیکە بە کەڵکتر لە قەڵەم دەدرێ.

ئەگەر ئاوڕێك لە ئەدەبی گێتی بدەینەوە كۆن و تازە كەڵە شاعیری گەورە لە رەخنەی ئەدەبیدا دەكەونە بەرچاومان لەسەر شێوازی ((سەرەوە)) یا (السهل الممتنع) حسێب دەكرێن، لەمانە شاعیرانی گەورەی گریگ و رۆمان وەكو (هۆمیرۆس و ڤیرجیلۆس)، یا شاعیرانی ئەوروپا (بایرۆن و پووشكین)، لە ناو عەرەباندا (تەها حوسێن و نزار قەبانی) و شاعیرانی (مەهجەر)، لە ناو كورداندا (گۆران و هەردی و كامەران) و گەلێكی دیكە.

ئەمجۆرە بەرهەمانە كەڵكیان زۆرە بۆ سەردەمی خۆیان، بۆیە هێشتا ئەم شاعیرانە لە ژیاندان ناوبانگی بەرز پەیدا دەكەن و لەناو زۆربەی خەڵك خۆشەویست دەبن، چونكە لە بەرهەمەكانیان دەگەن.

٢- ((بنەوە)) بۆ مانای ژێرەوە واتە قووڵ هاتووە، ئەمجۆرە شێوازە لە ئەدەبدا پێویستی بە بیركردنەوە هەیە، بۆیە ئەو كەسەی شارەزاییەكی تەواوی لە گێتی شیعر و ئەدەبدا نەبێ بە ئاسانی تێی ناگا، هەر لەبەر ئەوەشە هەندێك تیۆری لە ناوەوەیە بە چاوی بەرز تەماشای ئەمجۆرە شێوازە ناكەن بە ناوی ئەوەی زۆربەی خەڵكی تێی ناگەن و بۆ چینی سەرەوەی رۆشنبیرانی ئورستوكراتی دانراون، تەنانەت ماركسییەكان سوور بوون لەسەر ئەمە چونكە بەلای ئەوانەوە هەموو بەرهەمێكی داهێنراوی ئەدەبی و هونەری پێویستە لە خزمەتی زۆربەی هەرە زۆری كۆمەڵ بێت. دیارە زۆربەی خەڵكی رووی ئەم زەوییە لە سەدەی نۆزدەم و نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم نەخوێندەوار یا كەم خوێندەوار بوون.

نموونەی ئەمجۆرە شێوازە لە ئەدەبی گێتیدا زۆرە، لەوانە شاعیری گەورەی عەرەب (فەرزدەق)ی سەردەمی داهاتنی ئیسلام، لای ئێمە (نالی) سەركردەی ئەمجۆرە شێوازە بوو. لە بەرهەمی شاعیرانی سۆفیزمی وەكو (مەحوی) و لە هەندێ شیعری (حاجی) ئەم شێوازە دیار و ئاشكرایە.

٣- زاراوەی ((هاتنە خوارەوە= الانحدار)) لە بەرهەمی هەندێ شاعیری گەورەدا دەبینرێ، ئەوەی ئاساییە لە بەرهەمی داهێناندا ئەوەیە ئەم بەرهەمە ملكەچی زانیاری خاوەنەكەی نییە هێندەی ئەوەی ملكەچی خەیاڵ و ئەندێشەیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە قۆناغێكی دیاریكراوی ژیانی شاعیر جۆرە بەرهەمێك دەخولقێنێ خاسیەتی تایبەتی خۆی دەبێ و دەگاتە لوتكەییێك، بەڵام پارێزگاری ئەو لوتكەیە ناكاو دێتە خوارەوە، ئەمەش بێگومان ئەوە ناگەیەنێ كە بەرهەمی دوای لوتكە یا هەتنە خوارەوە رەفز دەكرێ و ناچێتە ناو بەرهەمی بەرزی داهێنراوەوە. بەڵگە بۆ ئەم دیاردەیە بەرهەمەكانی شاعیری گەورەی گێتی (شەكسپیری)



ئینگلیزە، ئەو لە شانۆگەری (هاملێت) گەیشتە لوتكە كەچی داهێنانەكانی دوای (هاملێت) لە پلەی ئەودا نەبوون هی وەكو شانۆگەری ((گەرداوەكە)) كە دوا بەرهەمیەتی.

هەروەها شاعیری لای خۆشمان (گۆران) لەم بابەتانە بوو، لە ساڵی (١٩٤٩) گەیشتبووە لووتكە، بەتایبەتی لە شیعری ((بووكێكی ناكام)) بەڵام لە دواییدا هاتە خوارەوە، بەرهەمە شیعرییەكانی بابەتی ((كورد ئەو لاقم، عەرەب ئەو لاقم)) لە پلەی ((قژكاڵی لێو ئاڵی، جوانی بێناو)) نەبوون لە رووی جوانكاری شیعرییەوە.

١٢ی تەمووزی ٢٠٠١

## (١٣٠)

# عوسمان سەرسۆر

ساڵی پار دوو رۆژ پێش رۆژی ئەمڕۆ عوسمان سەرسۆر تیرۆرکرا، کوشتنی عوسمان هەندێك پرسی وروژاند، هەموو ئەو پرسانە لە چوارچێوەی ئەوە ناچنە دەرەوە عوسمان رووناکبیرێکی جەنگاوەر بوو، رێگەی خەباتی رزگاری نەتەوایەتی گرتبوو، هەر کارێکی کردبێ و هەر رێکخراوێکی خەباتی تێدا کردبێ بەناوی ئەوەوە بووە، ئەو کار و خەباتە رێگە خۆشدەکا بۆ نەتەوەی کورد کە چارەنووسی دوارۆژی دیار بکا و بەدەستی بێنێ.

بەڕاستی من لێرەدا مەبەستم گریان و فرمێسك رشتن و شین و شەپۆڕ نییە بۆ ئادەمیزادێکی بەوەجی لە دەستچوو، بەڵکو زیاتر یادکردنەوەیەتی لە پێناوی ئەوەی جێی راستەقینەی لە تۆماری خەباتی کورد دیاری بکرێ، هەروەها بەم هۆیەوە هەندێك بیرەوەری یادگاری لە بارەی عوسمان سەرسۆر و بنەماڵەی بخەمەڕوو.

قوتابی و هاوڕێی دڵسۆزم عوسمان حەسەن حەمەد دزەیی، لەلای خۆشەویست و نزیکانیدا بە ((عوسمان سەرسۆر)) ناوی دەرکردبوو، چونکە بە رەنگ و روو سوورکەڵە و قژ زەرد بوو، بە زگماك ئەو ئەدگارەی بۆ مابووەوە و بە گەورەییش پێیەوە دیار بوو.

عوسمان کوڕی حەسەن ئاغای دزەیی عەوێنەیی بوو، بە حەسەن ئاغای عەوێنە ناوبانگی دەرکردبوو.

عەوێنە یەکێك بوو لە گوندەکانی دەشتی هەولێر، لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە قوتابخانەی سەرەتایی تێدا کراوەتەوە. بێگومان ئەمە هەمووی بە کۆششی حەسەن ئاغا بووە، شوێنی قوتابخانەی بیناکردووە، کەلوپەل و پێداویستییەکانی سازکردووە، لە هەموو روویێکدا یارمەتی مامۆستاکانی داوە و جێگەی ژیانی بۆ جێبەجێ کردوون، دیارە لە رووی بەڕێوەبردن و بەرنامەی خوێندنەوە بە رەسمی سەر بە کارگێڕی زانیاری (مەعاریف) بووە لە شاری هەولێر.

حەسەن ئاغا قوتابخانەی تەنیا بۆ منداڵانی خۆی و ئاغاکان نەکردبووەوە، راستە ئەوانیشی تێدابوو، بەڵام هانی هەموو دانیشتووانی گوندی دەدا لە کرمانجان بۆ ئەوەی منداڵیان بنێرنە قوتابخانە، هەندێ جار باوکی منداڵێك ئەگەر سەرکێشی بکردایە بە زۆر منداڵەکەی دەبردە بەر خوێندن لە قوتابخانە.



عوسمان هەندێکی خوێندنی لە قوتابخانەی سەرەتایی گوندی عەوێنە گەیاندۆتە ئەنجام، ئینجا خوێندنی دیکەی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر بووە. چێژی زمان و ئەدەبی کوردی و هۆگربوونی بە سامانی نەتەوایەتی کورد و رۆشنبیری گشتی رێی بۆ عوسمان خۆشکرد بەشی زمانی کوردی لە کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدا تەواو بکا و لە پاشانا بچێتە ناو کۆمەڵی پیرۆزترین پیشە کە مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەییە، وەکو لە هاوڕێ نزیکەکانیم بیستووە مامۆستاییێکی سەرکەوتوو بووە.

رۆژگاری نالەبار گەلێ جار بۆتە هۆی ئەوەی پۆلی وانە وتنەوە بەجێبهێڵێ و چەك بخاتە سەر شانی.

جموجۆڵی سیاسی و خەباتی نهێنی بۆتە هۆی ئەوەی ماوەییێك لە بەندیخانە بباتە سەر. ئەو تاوانەی لەسەری گیرابوو لە سێدارەدان بوو. من لە نزیکەوە ئاگادارم چۆن لە پەتی قەنارە رزگاری بوو.

من یادگاری دیکەم هەیە لەگەڵ بنەماڵەی عوسمان لە عەوێنە، لەکاتی خۆیدا بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی لە عەوێنە دامەزرام، بەڵام لە کارگێڕی مەعاریفی هەولێر کاری مووچە خۆریم پێسپێردرابوو، زیاتریش ئەمە پێوەندی بە نووسین و بەڕێوەبردنی رۆژنامەی ((هەولێر)) (١٩٥٠-١٩٥٣)ەوە هەبوو.

ئیدی بە ناوی یەکدی ناسین سەری گوندی عەوێنەمدا، دوو شەو میوانی دیوەخانەی حەسەن ئاغا بووم.

عوسمان لە رەوشت و میزاجی سایکۆلۆجی رۆژانەی شتێکی ئەوتۆی لە رەوشت و نەریتی ئاغایەتی وەرنەگرتبوو، لەگیانی ئورستوکراتییەوە دوور بوو، ژیانی ساکاری ناو میللەتی پێخۆش بوو، هەرچەندە هەوڵم دەدا ئەوی تێبگەیەنم لەگەڵ مندا هاوڕێ بین بەڵام ئەو دەیگوت: تۆ مامۆستا و من قوتابی پێش ئەوەی هاوڕێ بین.

لە مایسی ١٩٩٨ لە هۆڵی کۆنگرەی زانستی کوردناسی لە زانستگای ئازادی بەرلین، پێش ئەوەی دەست بکەم بە خوێندنەوەی باسەکەم، لە دوورەوە لەناو دانیشتووان چاوم بە عوسمان کەوت بەخۆی و دارشەقەکەوە بە نەخۆشی لەبەر من هاتبوو بۆ کۆنگرە. لەو کاتەدا تووشی نەخۆشی بڕبڕەی پشت بوو بوو، لە پاشانا چاك بووەوە.

کەسی وەکو عوسمان حەسەن دزەیی نابێ بکوژرێ، بەڵام من لەوە زیاتر کە یادی پیرۆزی لە دڵمدا هەمیشەیی بێ، هیچی دیکەم بۆ ناکرێ.

١٩ی تەمووزی ٢٠٠١

# (١٣١)

## قەبرستانی گەورەی هەولێر

قەبرستانی گەورەی هەولێر یا گۆڕستانی گەورە ئێستا کەوتۆتە نێوان شێخەڵڵا و شێوی هەولێر یا بەستی هەولێر.

ئەم بەستە بوو بە ناوی عەلەم، جێی خۆی بوو ئەگەر شارەوانی گەڕەکێکی تازەی گەڕەکەکانی دەوروبەری بەستەکەی بنایە بە ناوی ((گەڕەکی بەست)) یا ((گەڕەکی سەربەستێ)).

ئەمە دەڵێم چونکە وشەی ((بەست)) لە سەردەمی منداڵی مندا زاراوەبوو. خەڵکی گەڕەکەکانی ئەم بەرو ئەوبەری بەستەکە هی وەکو تەعجیل ئیسلام و تەعجیل یەهوود (جوولەکە) و سەعدوناوە رۆژانە لە قسەکردندا زاراوەی ((بەست))، ((سەربەستێ)) لەسەر زاریان بوو، جگە لەوەی گەڕەکە کۆنەکانی هەندێ دوور بەتایبەتی قەڵا بە هەموو ئەم گەڕەکانەی دەوروبەری بەستێیان دەگوت ((گەڕەکی بەستێ)).

هەرچۆنێ بێ من ئەوەم لە بیرە گۆڕستانی گەورە کشابوو تا جێی باغی شاری ئێستا، ئەو کاتە ئەو ناوە وەك کاولگە وابوو، گەلێ لە گۆڕەکان تێکچوو بوون و لەگەڵ ئەرزدا تەخت بوو بوون، لە جەژناندا ئەو ناوەی گۆڕستانی گەورە، واتە جێی باغی شاری ئێستا دەکرایە جێی ((بن لەلووگ))، ئەمە ناوی هەولێرییان بوو بۆ ئەو چەرخ و فەلەکانەی لە رۆژانی جەژنی رەمەزان و قورباندا دادەنران وەکو پارکی یاریکردنی سەردەمی ئێستا بۆ منداڵان.

ئەگەر تەمەنی هەولێر بە پێنج هەزار ساڵ دابنرێ ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە گۆڕستانی گەورە لە تەمەنی شارەکە دایە.

بێگومان شار ئەو کاتە قەڵا بووە. بازاڕ هەر لە جێی ئێستای خۆی بووە. زیندەگانی لە قەڵابووە، نیوەی لای چەپی دەرگای باشووری (دەرگای گەورە، بە منداڵی من ناوم نابوو دەرگای کەرکووك) واتە جێی خانەقای ئێستای گۆڕستان بووە تا سەر ((بەستی هەولێر)) کارێکی ئاسایی بووە یەکێك کۆچی دوایی بکا لە قەڵاوە تەرمی بێننە خوارەوە و لە بناری قەڵا بینێژن، تا ئێستاش زۆربەی دانیشتووانی قەڵا مردوویان لە گۆڕستانی گەورە دەنێژن.



ئێمە لێرەدا باس لە هەولێر دەکەین وەکو شارێك لەسەر بنج و بناوانی قەڵا و بازاڕی خوارەوە دامەزراوە و تەمەنی پێنج هەزار ساڵ یا زیاترە، کەچی زیندەگانی لە ناوچەی هەولێر لە کۆنی کۆنەوە بووە، لە ئادەمیزادی نیاندەرتالەوە، ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین و تەماشاییێکی گردی قارنج ئاغا بکەین کە ئێستاکە کەوتۆتە ناوەڕاستی شار دەبینین گەلێ پێش دروستبوونی قەڵاو بیناکردنی شاری هەولێر ژیانی ئادەمیزادی کۆن لە دەوروبەری ئەو گردەدا بووە وەکو لە کارە ئەرکیۆلۆجییەکانی ئەم دواییەدا ئاشکرابوو.

هەولێر جێگەی دیاری لە ژیانی مندا بووە بە تایبەتی گەڕەکەکانی دەوروبەری بەست و گۆڕستانی گەورە و چراغ و قوتابخانەی ئەولا و یانەی مووچە خۆرانی کۆن، لەبەر ئەوە ئەم جێیانە بوونەتە مێرغوزاری باڵندەی خەیاڵم، لە ئاسمانی ئەو شوێنانە لەنجەیان کردووە و لە ئازادی و بەختیاری ئادەمیزادی کورد و هەموو مرۆڤایەتی گەڕاون.

جارێکیان خەیاڵم فڕی بوو بۆ گێتییێکی سیمبۆڵی رۆمانتیکی، هۆشی شاراوەم ویستبووی شانازی بە هەولێریەتی خۆ بکا، بۆ ئەمە پەنای بردبووە بەر گۆڕستانی گەورەی هەولێر، بە خەیاڵ مێژووییێکی سیمبۆڵییانەی بۆ دروستکردبوو، نزیك لە بەرهەمێکی ئەدەبی داهێنراو و دوور لە رووداوێکی مێژوویی.

بەڵێ، بیرم لەوە کردبووەوە، جێگەی ژیانی ئادەمیزاد قەڵایە، جێی هەمیشە سەرنانەوە و ئارامگا بناری قەڵایە، واتە گۆڕستانی گەورە، بەمجۆرە ئەگەر تەمەنی شار لە پێنج هەزار ساڵ زیاتر بێ و ناوی لە تۆمارکراوەکانی سۆمەرییان هاتبێ، دەبێ ئەم شارە لە شارستانیەتی گەلێ لە میللەتە کۆنەکانی ناوچەی مێزۆپۆتامیا و زاگرۆس بەشداربوو بێت. بەم پێیە سۆمەر و ئەکەد و بابل و کلدان و ئاشوور و نەتەوە کۆنەکانی هیندۆ ئەورووپاییانی دەوروبەری زاگرۆسی دیبێ، ئیتر بۆ چ تابلۆییێکی ئەدەبی لە هونەری داهێنان لەم هەموو شارستانییەتانە دروست نەکەم بەوەی گۆڕستانی گەورە بکەم بە شانۆی بەسەرهاتی ئەو تابلۆ جوانە!

بەڵێ، گۆڕستانی گەورەی هەولێر ئێستا گۆڕستانی موسوڵمانانە، جگە لەو گۆڕستانی دیکەی موسوڵمانانیش هەبوو، هەروەها گۆڕستانێکی دیکەی جوولەکان لە شارا هەبوو جگە لە گۆڕستانەکەی مەسیحییان لە عەنکاوە.

ئیدی من شێوازێکی ئەدەبییانە، بۆ روونکردنەوەی کۆنی و دێرینی شاری هەولێر ئەوەم خستەڕوو کە گۆڕستانی گەورە لەگەڵ قەڵا دروستبووە، واتە پێنج هەزار ساڵ مردووی لێنێژراوە

هی هەموو ئەو خەڵکانەی سەر بە میللەتە کۆنەکان بوون بەزۆریش زەردەشتی. لە دوای ئیسلام گۆڕستان کوێربۆتەوە بووە بە گۆڕستانی موسوڵمانان.

من مافی ئەوەم هەیە خەیاڵبازی لە داهێنانی ئەدەبیدا بکەم، بەڵام یەکێك ئەم کارەی من لەڕووی زانستی مێژووییەوە هەڵسەنگێنێ ئەمەیان لەچی پلەیێك لە پلەکانی جەهالەت دابنێم! لەوانەیە باشترین پلە ئەوە بێ کە حەزرەتی نالی دەیڵێ ((جەهلی مورەککەب))، ئەو کەسە وتبووی من زۆر، نەخوێندەوارم بەڵگەی ئەوەبوو وتوومە لە گۆڕستانی گەورەی پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا ئێسك و پریسکی کورد و باپیرانیان دەدۆزرێتەوە کە لەسەر ئایینی جیاوازبوون پێش ئەوەی نەوەیان بین بە موسوڵمان.

٢٦ی تەمووز ٢٠٠١



## (١٣٢)

# مێشوولە دەچێ بە گژ قوللەی قافا!

ناونیشانی ئەم وتارە قسەی نەستەق و پەندی پێشینانێکی ناوچەی سلێمانییە. لەندەهووری شیعری کوردی شێخ ڕەزا ئەم پەندەی لە شیعرێکیدا بەکارهێناوە کە بەراورد دەکا لە نێوان خۆی و کەسێکی ماعیری تەواویش نییە، بەڵام بۆی دەچێتە مەیدان. ئێمە نازانین شاعیر ئەم وێنە شیعرییە جوانەی لە پەندی پێشینان وەرگرتووە یا لە داهێنانی خۆیەتی و بووە بە قسەی نەستەق، هەرچۆنێ بێ جوانە و ژیرانە دروستکراوە.

لەو کاتەی دەستمکرد بە نووسینەوەی ئەم وتارە بە مەبەستی شیکردنەوەی ئەم قسە جوانە و دروستکردنی ناوەڕۆکێك لەگەڵ مانای ڕستەکە بگونجێ، هاوڕێیەکم تەلەفۆنی بۆ کردم، دیاربوو گەرما کارێکی ئەوتۆی لێ کردبوو بەدرێژایی ژیانی ناخۆشی وای بەخۆیەوە نەدیبوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو تەلەفۆنی بۆ من کرد، بە هەنسکە هەنسك و پەشۆکاوی لەدەست گەرماوە گوتی: ئەرێ کاکە پێم ناڵێی ئەم گەرمایە چییە؟! زۆر لەسەر خۆ و بە پێکەنینەوە وەرامم دایەوە و گوتم: کاکی برا، وابزانم مێشوولەیێکی سەیر لەم ڕۆژانەدا لە دەم و چاوی خۆرئاڵاوە و ئارامی لێبڕیوە، سەری لێشێواوە و نەکارێ ئاگاداری ئەو بەرنامەیە بێ کە بۆ دابەشکردنی رووناکی و گەرمایی دایناوە بەسەر هەموو گەردووندا، ئەستێرەیەکیش لەوان گۆی زەوی ئێمەیە، ئیدی تا خۆر رزگاری لەم مێشوولەیە دەبێ خوا بۆمانی چاك بکا لەدەست گەرما.

هاوڕێم گوتی: بەڕاستتە ئەم قسانە دەکەی؟! گوتم: نازانم، بەڵام ئەوەیە لەوکاتەی کە تۆ تەلەفۆنت بۆم کرد من خەریکی نووسینی وتارێك بووم لە بابەت مێشوولە و قوللەی قافەوە، بەڵام مەبەستم ئەوە نەبوو باس لە گەرما بکەم، بە ڕێکەوت و لەپڕ تەلەفۆنەکەی تۆ ئەو بیرەی بۆ هێنام باس لە مێشوولە بکەم چۆن کارێکی لەخۆر کردووە تا پلەیێك بەرنامەی دابەشکردنی رووناکی و گەرمایی لێتێکبچێ! جا نازانم هاوڕێکەم لە دوای داخستنی تەلەفۆن چۆن بیری لەم مەسەلەیە دەکردەوە!

قوللەی قاف ناوی جێگەیە لە حیکایەتە ئەفسانەییەکانی بەرگوێی ئاگردانی ئەدەبی میللی کوردی نەنووسراو، ((چیای قاف))ی پێدەڵێن، شاخێکی گەورەی پڕ لە ئەشکەوتی ئەفسانەیی، لانەی شەیتان و جنۆکە و دێوی ڕەش و سپی و هەموو قارەمانەکانی مێژووی میتیۆلۆجی

کۆنی کورد و هەموو نەتەوەکانی رۆژهەڵاتە، شاخی قافی ئەفسانەیی رەنگە کێوی ((ئەلبورز)) یا ((نەهاوەند)) بێ.

بەراورد کردنێك لە نێوان ((مێشوولە)) و ((چیای قاف)) لە حاڵەتێکدا ئەگەر مێیشوولە بیەوێ لەڕووی شاخەکە بوەستێ، ئێمە چۆن دەتوانین بیر لە ئەنجامی ئەم بۆچوونە مەیدانە بکەینەوە! هەر بۆ ئەم مەبەستە عەرەب گوتوویەتی ((ئەو چڵە پووشەی پشتی وشتری شکاند)) (القش الذی قضم ظهر البعیر)، ئەمجۆرە مەزەندانە ناچنە ناو زانستی لۆجیکەوە (مەنتیق).

مێشوولە دەچێت بەگژ قوولەی قاف، چڵەپووش پشتی وشتر دەشکێنی. لێرەدا وشتر بەڵگەی گەورەییە هەر وەکو چۆن قوولەی قافیش هەر وێنەی مەزنییە، چلەپووش و مێشوولەش رەمزی بچووکی و بێ دەسەڵاتییە، ئیدی ئەم پەندە کوردییە جوانە بوو بە سەرچاوە بڵێم:

زانا و شاعیر و نووسەر و هونەروەر و رۆشنبیری گەورە لەناو هەموو کۆمەڵێکی ئادەمیزاددا دروستدەبن، بەڵگەی رێز و حورمەت و گەورەییان تەنیا بەرهەمەکانیانە. ئەمانە هەندێکیان هێشتا لە ژیاندان مافی خۆیان وەردەگرن و جیگەی دیاریان لە مێژووی نەتەوەدا دەبێ و دەچنە ناو لاپەڕەی کلاسیکەوە، بەڵام هی دیکەیان ئەمەیان بۆ هەڵناکەوێ، چونکە قەوارەی بەرزی بەرهەمیان لەگەڵ ناوبانگی راگەیاندنیان لە پلەیێکی بەرزی جوانکارین، بەڵام بە ناو و ناوبانگ ئەوەندە نەناسراون، لێرەدا راگەیاندن دەوری باڵای هەیە.

مەبەستی من ئەوەیە هەندێك جار راگەیاندن بکەمە ((مێشوولە))کەی چیای قاف و رۆشنبیرە گەورە هەق خوراوەکە بکەم بە ((قوولەی قاف)). لێرەدا موعادەلەکە بەمجۆرە دەبێت: راگەیاندن خەریکی پڕوپاگەندەیە بۆ ئەو رۆشنبیرەی پلەی داهێنانی لەگەڵ قەوارەی پڕوپاگەندەکە رێك ناکەوێ، جا بەلای ئێمەوە ئەو هۆیەی ئەم کارەی خستۆتە ناوەوە حزبایەتی و خزمایەتی و برادەرایەتی و دژایەتی و ((سوودت بۆم هەبێت سوودم بۆت دەبێت)) یا هەر شتێکی دیکە، بەڵکو مەبەستی من ئەوەیە ((قوولەی قاف)) خاوەنی بەرهەمی داهێنراوە، لەو کاتەی راگەیاندن خزمەتی ئەم لایەنە ناکاو خەریکی کەسانێك دەبێت شایانی ئەوە نین لە گەورەکان بژمێردرێن، بەڵام راگەیاندن دەیانخاتەڕوو، ئەو راگەیاندنە ئەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی بە تەواوی و رێکوپێکی نایگەیەنێتە ئەنجام، کەچی ئەوەی ئاشکرایە و نکۆڵی لێناکرێ ئەوەیە ئەو ناو و ناوبانگەی راگەیاندن بۆ کەسانێك دروستیدەکا ئەو کەسانە شایانی ئەوە نین. کارەکە دەبێتە بڵقی بن ئاو، رەسەن دەمێنێ رۆشنبیری کوردیش هۆشیارە.

٢ی ئاغستۆس ٢٠٠١



# (١٣٣)

## کاك.. مامۆستا..

لە رۆژنامەگەری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە هەموو نووسینێکدا ئەگەر ناوی کەسێك بێ وشەی ((کاك)) یا ((مامۆستا)) یا هەر وشەیێکی دیکە بە زمانانی نەتەوەیی خۆیان کە ئەم مانایە بدا بە کاریدێنن. بە عەرەبی وەکو دیارە وشەکانی ((السید)) بۆ هەموو کەسێك ((الاستاذ)) بۆ هەموو خوێندەوار و رۆشنبیرێك بەکاردەهێنرێن.

سەرەڕای ئەمە لە میسر لەقەبی رەسمی کەسەکانیش بەکاردەهێنران وەکو تەها حوسێن کە وتاری لە کۆڤارەکاندا بڵاودەکرایەوە ناویان بەمجۆرە دەنووسی ((بقلم الاستاذ طە حسین بگ)) لەقەبی ((بگ)) هەر ((بەگ))ەکەی لای خۆمان بوو مەلیکی میسر بەرەسمی پێی بەخشی بوو. هەر لەو رۆژگارەدا عەباس مەحموودی ئەلعەقاد کە نووسینی بڵاودەکردەوە بۆیان دەنووسی ((الاستاذ عباس محمود العقاد)) دەمان پرسی بۆ چ ئەمەیان لەقەبی ((بەگ))ی نییە، دەیانگوت: چونکە دەست و دایەرەی مەلیك خۆشیان ناوێ، لەکاتی خۆیدا نووسینی دژیان بڵاوکردۆتەوە و لەسەر ئەمە فەرمانی بەندکردنی دەرچووە و ماوەییێك لە بەندیخانە رایبواردووە. لە دەوروبەری پاش جەنگی یەکەم کە لەقەبی ئەکادیمی و زانستگایی لەناو کۆمەڵانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەیدابوون، بەکارهێنانی ((دوکتۆر)) کەوتە ناوەوە بەتایبەتی لە میسر، بەڵام لە ئەوروپا هیچ جۆرە لەقەبێك زانستگایی و ئەویدیکەیان لەسەر بلاوکراوەی رۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا نابینرێن، کەچی دەبێ ئاگاداری ئەوە بین لە راگەیاندنی رادیۆ و تەلەفزیۆن لە ئەوروپا بەتایبەتی لە بروسکەی سیاسی و دیبلۆماسی رۆژانەدا کە ناوی کاربەدەستانی دەوڵەت دێ، هەندێ جار لەقەبی ((کاك)) یان بۆ بەکاردەهێنرێ. هەرچۆنێ بێ ئەوەی ئەم مەسەلەیەی هێنایەوە یادم ئەوەیە ئەم دیاردەیە لای ئێمە بەچاوێکی دیکە تەماشا دەکرێ. من لە ئەوروپا فێری ئەوە بووم ئەم لەقەبانە لە نووسینمدا بەکارنەهێنم، چونکە منیش وەکو ئەوان گەیشتبوومە ئەوەی بەکارهێنانی ئەمە لە نووسیندا بێ سوودە، هەندێ جار تەنگوچەڵەمەش دەخاتە ناوەوە، وەکو ئەوەی ئێمە لە کوردەواریدا دوو زاراوەمان هەیە ((کاك)) و ((مامۆستا)) ئەوەی

ئاسایی بێ ئەوەیە ((کاك)) بۆ هەموو کەسێك بەرکاربێنن لە باتی ((السید)) بەڵام ((مامۆستا)) بۆ کەسی رۆشنبیر و خوێندەوار و ئەو کەسانەی ئەم لەقەبەیان لێدێ. ئیدی هەندێ جار پیاو تووشی کێشمەکێشیش دەبێ، بەوەی ((کاك)) بۆ کەسانێك بەکاردێنن پێی ناخۆش دەبێ، چونکە خۆی بە ((مامۆستا)) دەزانێ. بۆ خەڵکی دیکە ((مامۆستا)) بەکاردێنن، لەم حاڵەتەدا رەنگە خۆی پێی خۆش بێ، بەڵام بۆ خەڵکانی دی دەبێتە مایەی پێکەنین، لە ژیانی رۆژنامەگەری کوردیمدا گەلێ تەنگوچەلەمە لەم رووەوە بۆم دروستبووبوون. لەکاتی خۆیدا لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا ئەمە کێشەیێك بوو لە ناوەوە، کۆمەڵی خوێندەواری کوردی کردبوو بە دوو بەشەوە، لایەنگرانی بەکارهێنانی لەقەب، بە ئیهانەیان دەزانی بوترێ ((ئەمین زەکی))، بەلایانەوە دەبوو بڵێی: خاوەن بەرزیەتی مامۆستا ئەمین زەکی بەگ وای فەرموو.. ئەمە لەلاییێك، لە لاییێکی دیکەوە هەندێ لەو کەسانەی ناویان دەهات خۆیان حەزیان بەوە نەبوو ناویان لە شوێنیکدا بێ بەبێ بەکارهێنانی لەقەبێك بە دڵی خۆیان نەبێ. هەر چۆنێ بێ من سوور بووم لەسەر ئەوەی پێویستە ئەم جۆرە لەقەبانە بەکارنەهێنرێن. ئەوانەی لەگەڵ من بوون ژمارەیان کەم بوو، بەڵام راستی و لۆجیك لە ئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵ دەبێ هەر سەر بکەوێ، من ئەم دیاردەیە بە دیاردەییێکی دیکەی کۆمەڵی ئێمەی ئەم کوردەوارییە دەچوێنم. نیو سەدە لەمەوبەر کە ماوەییێکی درێژ نییە لە تەمەنی رۆژگار، لەم شاری هەولێرەدا بۆت نەبوو چاوت بە کچێك بکەوێ مەحرەم نەبێ. کیژانی ئامۆزاو خاڵۆزا و پوورزاکانت دەبوو دوور بە دووری چاوت پێیان بکەوێت. لەسەر شەقامە تاقانەکەی هەولێر و بازاڕە کۆنەکە ئەگەر چاوت بەیەك دوو ژن بکەوتایە خۆیان لە عەباو پەچە یا چارشەو پەچە لوولداوە بۆت نەدەکرا دەم و چاوی هیچ مێینەیێکی ئادەمیزاد ببینی. ئەگەر هەندێ چەقاوە سوو بوویتایە و بە تەعلیقەوە بتگوتایە: ئای کە جوانە! لەوانە بوو ئەوەی ژێر عەبا دایکت یا خوشکت یا ئامۆزات بێ! ئەو سەردەمە وابوو، قەدەغەکەی ئەو رۆژگارە ئێستا بووە بە ئاسایی. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا بەکارهێنانی لەقەب باوی نەماوە، من لێرەدا تەنیا دژی ئەوەنیم وشەی ((کاك)) و ((مامۆستا)) و هی دیکە بۆ هەموو کەسێك بەکاربهێنرێ بەڵکو دژی ئەوەشم ((دوکتۆر)) و ((پرۆفیسۆر)) لە رۆژنامەگەریدا بەکاربهێنرێن، چونکە هەندێ کەس بە بێ ئەوەی ئاگاداری هەڵسوکەوتی وەرگرتنی ئەو باوەڕنامەیەبن کە لەقەبی ((دوکتۆر))ی داوەتە خاوەنەکەی، بەبێ ئەوەی لە جەوهەری زانیاری نووسینەکە بگەن، هەر



کە چاویان بە وشە نهێنییە ئەفسانەییە جادووگەرییەکەی ((دوکتۆر)) دەکەوێ شاگەشکە دەبن و وتارەکە بۆ چاپ دەنێرن. بەڵام راستییەکە ئەوەیە مامەڵە لەگەڵ نووسیندا بکرێ، نەك نووسەر، ئەم رەوشتە بۆتە هۆی ئەوەی پلەی گەلێ لە رۆژنامە و کۆڤارەکانمان بێتە خوارەوە، وەکو ئەوەی بڵاوکەرەوە مەبەسی خاوەن وتارەکەیە نەك وتارەکە.

ئەمە هەمووی ئەنجامی ئەو نەریتە چەوتەیە کە لەقەبی ((دوکتۆر)) داویەتییە خاوەنەکەی، واوەیلاکە لەوەدایە ناوەڕۆکی هەڵگری لەقەبەکە لەگەڵ کێشی باوەڕنامەکە هاوسەنگ نین.

٩ی ئاغستۆس ٢٠٠١

## (١٣٤)

# تەزبیحەکەی شێخ مەحموود

لەو سەردەمەی ئەم بیرەوەرییەتان بۆ دەگێڕمەوە قوتابی کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدا بووم. هەروەها مووچەخۆرێکی بچووکی میریش بووم لە قوتابخانەی نێوەندی (الاعدادیة المرکزیة)ی بەناوبانگی بەغدا. لەو رۆژگارەدا کارگێڕی قوتابخانە عەلائەددین رەییس بوو، جێگری کارگێڕ رەفیق حیلمی بوو، لەو ماوەیەدا لەگەڵ رەفیق حیلمی رۆژانە لەگەڵ یەکتری بووین.

شێخ مەحموودی ناودار نەخۆش بوو، لە نەخۆشخانە کەوتبوو، قسە و باس و خواسی هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەییێك لە بابەت نەخۆشی شێخ مەحموودەوە بوو. باوەڕ ناکرێ کوردێکی لای خۆمان، یا کوردی دانیشتووی بەغدا بەتایبەتی رۆشنبیر و خوێندەوارەکان هەبووبن، زیارەتی شێخیان نەکردبێ و لە هەواڵیان نەپرسی بێ، جگە لە ناسیاوانی عەرەبی بەغدا و هەموو دۆستێکی شێخ کە رێگەی بە بەغدا کەوتبێ. بەشێکی زۆریش لەو کەسانەی لە هەواڵییان دەپرسی و سەردانیان دەکرد خەڵکی شارەکانی هەموو عێراق بوون.

جگە لە پیاوانی شێخ ئەوانەی لە نەخۆشخانە لە خزمەتیدابوون و لەگەڵی دەژیان رەفیق حیلمی نزیکترین کەس بوو لێی، تا کۆچی دوایی شێخ هەموو رۆژێ لە پاش نیوەڕۆ لەلای دەمایەوە تا دەرەنگێکی شەو. بە زۆری رەفیق حیلمی سەرپەرشتی سەردانی خوێندەواران و خەڵکە لە رووەکانی کۆمەڵی کوردەواری دەکرد، بەتایبەتی ئەو کەسانەی شێخیان نەدی بوو، بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە بە ناوی هەواڵپرسین ئاشنایەتیان لەگەڵدا پەیدا دەکرد.

دەمێك بوو رەفیق حیلمی بەڵێنی بەمن دابوو لەگەڵی بچمە زیارەتی شێخ. من تا ئەو کاتە چاوم پێی نەکەوت بوو، بە کوڵ ئارەزووم دەکرد بیبینم و رووبەڕوو قسەی لەگەڵدا بکەم.

یەك دوو جار لەگەڵ رەفیق حیلمی رێك کەوتین بۆ ئەوەی ئێوارەییێك ئەم ئارەزووەی من بێنێتەدی. بەڵام لەبەر تەندروستی شێخ خۆی و پێشنیازی پزیشکەکانی ئەم چاوپێکەوتنە دوا دەخرا. تا رۆژێك رەفیق حیلمی پێی گوتم: گیوی موکریانی لە هەولێرەوە هاتووە، ئارەزووی زیارەتی شێخی هەیە، لەبەر ئەوە وای بەباش دەزانم نزیك رۆژئاوا بچیتە دوکانەکەی بەشیر موشیر لە بەرامبەر مزگەوتی حەیدەرخانە و گیوی موکریانیش دێ بۆ ئەوێ، وابزانم بەشیر



موشیریش ئەم هەلە لەدەست خۆی نادا، چونکە باوەڕناکەم شێخی دیتبێ، تۆ تاکسییەك بگرەو روو بکەنە نەخۆشخانە منیش لەوێ چاوەنۆڕتان دەبم.

پاش نیوەڕۆ لە دوکانەکەی بەشیر موشیرەوە کەوتینە رێ بەرەو بابولشەرقی، بەشیر سەری سووڕمابوو، دەیوت بەغدا زۆر گۆڕاوە، لەلای پەیکەرەکەی سەعدون سەری بادەدا و بە عەجایەب عەجایەب قسەی دەکرد و دەیگوت ماشەڵڵا بەغدا زۆر گەورە بووە. بێگومان ئەو سەرسوڕمانەی لەوەوە بوو رەنگ هەبوو تا نزیکی سی ساڵیش لەمەوبەر لە ماڵەکەی خۆی و دوکانەکەی و شەقامی رەشید بەو لاوە چاوی بە شوێنێکی دیکەی بەغدا نەکەوتبێ. کە ئێمە گەیشتینە نەخۆشخانە رەفیق حیلمی لەوێ نەبوو، وەزعی نەخۆشخانەکە واکەوتە بەرچاوان وەکو ئاسایی نەبێ وابوو، پرسیارمان کرد وتیان پێش کاتژمێرێك مەلیك فەیسەڵی دووەم و عەبدولئیلاهی خاڵی بۆ سەردانی شێخ هاتبوون، هەر ئەودەمە هۆی نەهاتنی رەفیق حیلمی بۆم ئاشکرا بوو، وەکو من بیناسم نەیویستووە لەم درەنگ وەختەی بەساڵاچووی تەمەنی بەهۆی شێخەوە بنەماڵەی مەلیك بناسێ. لەو کاتەدا ئاشنایەتی پەیداکردن لەگەڵ دەستە و دایەرەی مەلیك بۆ هەندێ کەس جێی شانازی نەبوو.

هەرچۆنێ بێ پیاوەکانی شێخ پێشوازییەکی گەرمی ئێمەیان کرد. شێخ لەسەر قەریوڵە پاڵکەوتبوو، دوو کورسی لە تەنیشتی دانرابوون، گیو لەسەر یەکێکیان و بەشیریش لەسەر ئەویدیان دانیشتن، شێخ منیشی لەسەر قەریوڵەکە لە تەنیشت خۆیەوە دانا، ئینجا کەوتینە ناساندن. لە پێشاندا گیو گوتی: بەندە برای حوسێن حوزنیم، شێخ کە گوێی لەمە بوو، بەخێرهاتنێکی گەرمی کرد و کەوتە سەر پێداهەڵدانی حوزنی و دەوری گرنگی لە مەیدانی مێژووی کورد. لە دوای ئەو بەشیر گوتی: قوربان من بەشیر موشیری خەیاتم، شێخ کە ئەمەی بیست ناسییەوە، دیاربوو هەندێ شتیشی لەبارەی بەشیرەوە دەزانی. شێخ گوتی: لەگەڵ خەیاتییەکەت چۆنی؟ گوتی: قوربان دەمێکە خەیاتی ناکەم و دوکانەکەم کردۆتە دیوەخانە و کتێب و چاپکراوی تێدا دەفرۆشم.

ئیدی کە سەرە هاتە سەرمن، دەبوو خۆم بەهۆی خزمەکانی سلێمانییەوە بە شێخ بناسێنم، چونکە ئەوان لە شێخەوە نزیك بوون، هاوسێی یەکدی بوون لە گەڕەکی شێخانی کانی ئاسکانی سلێمانی. لە وەڵامدا منی ناسییەوە گوتی: راستە تۆفیق ئەفەندی عزیز ئاغا خزمیان لە مەرگە و هەولێر و کۆیە هەیە، ئێوە ئەوانەی هەولێرن، هەروەها رەفیق حیلمیش باسی تۆی بۆمن کردووە، بەرخوردار بی.

بەڕاستی لەو دەمەدا شێخ مەحموود وەکو هەڵۆییێکی باڵ شکاو هاتە بەرچاوم. کە دەستیکرد بە ئامۆژگاری و باسکردنی چارەنووسی میللەتی کورد، قسەکانی وەکو لاواندنەوەییێك بۆ کورد کەوتنە بەرگوێم، لە قسەکانیدا ئەوە دەرکەوت سەرنەکەوتنی لە خەباتی سیاسی و چەکداریدا کارێکی گەورەی کردبووە سەر هەست و نەست و ناخی دەروونی. رووی لەمن کرد و گوتی: ئێمە سەرنەکەوتین، ئەمە ببێتە دەرس بۆ ئێوەی گەنج، ئەمڕۆ زەمانی عیلم و مەعریفەتە، بە عیلم گۆی هونەر دەبرێتەوە. ئەم تەوازوعەی شێخ خۆشەویستتری کرد لەلام و زیاتر چووە ناو دڵمەوە.

پێش ئەوەی خواحافیزی لێبکەین، داوام لە شێخ کرد دیارییێکی بچووکی خۆی پێشکێشم بکا بۆ یادگار. مشکییەکەی سەری بۆ کردمەوە، بەڵام من دەستم بۆ تەسبیحەکەی درێژ کرد. شێخ گوتی: چاکتر، چونکە مشکییەکە کۆنە.

((تەسبیحەکەی شێخ مەحموود)) وەك یادگارێك تا ئێستا پارێزراوە.

**١٦ی ئاغستۆس ٢٠٠١**



## (١٣٥)

## من نەسووتێم.. تۆ نەسووتێی.. کێ بستووتێ!

لە نێوەندی ئەدەب و رۆشنبیری هەموو گێتی ئەگەر رستەی ((من نەسووتێم، تۆ نەسووتێی، کێ بسووتێ!)) بکەوێتە بەرگوێی هەر کەسێك شاعیری ناوداری تورك نازم حیکمەت دێتە یادی. ئەمە لەبەر ئەوەیە چونکە شاعیر ئەم رستەیەی لە بەرهەمەکانیدا بەکارهێناوە. مەسەلەکە گەیشتۆتە رادەییێك وەکو داهێنانێکی ئەدەبی بەرز و فیکری ژیر و دانایی گەورە بەکاردەهێنرێ. لە رۆژنامە و کۆوارەکاندا، لە پەراوێزی کتێبی داهێنانی ئەدەبی و هونەریدا، لە گەلێ کۆڕ و کۆبوونەوەی رۆشنبیریدا، ئەم قسەیەی دەنووسرێ و تۆماردەکرێ و بەزار دەگوترێ و ئینجا ناوی نازم حیکمەتی پێوە دەنووسێنرێ. دۆستی بەڕێزم خوالێخۆشبوو عەبدولوەهاب بەیاتی تا رادەییێك هۆگری ئەم قەسەیە بوو بوو.

لە سەرەتای هەندێ لە دیوانەکانیدا وەك قسەی نەستەق تۆماری دەکرد، یا هەر بۆشاییێکی بەرچاو بکەوتایە لە لاپەڕەی کتێبەکانیدا، بەم وتە جوانە پڕی دەکردەوە. ئەوی راستی بێ ئەم وتەیە لە داهێنانی ئەدەبی نازم حیکمەت نییە، بەڵکو لە قسەی نەستەق یا پەندی پێشینانی تورکی وەرگرتووە. من لەوە دڵنیام شاعیر رۆژێ لە رۆژان بیری لەوە نەکردۆتەوە ئەم قسە جوانە بە داهێنانی ئەو حسێب بکرێ، چونکە پێویستی پێی نییە، بایی ئەوەندە شیعری نایابی هەیە بە شاعیرێکی گەورە لە قەڵەم بدرێ. ئەم وتەیە پەندی پێشینان یا قسەییێکی نەستەقی ئەدەبی میللی فۆلکلۆری نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. هەندێ لەو پەندانە بە شێوەییێك هاتوون وەکو لە یەکدییەوە وەرگیرابن وەك خۆیان، جاری واش هەیە بە دەستکارییەوە، لە هەموو حاڵەتێکدا ئەم پەندە بە هەر زمانێك بوو بێ هەموو هەر ئەو مانایە دەگەیەنێ ((من نەسووتێم، تۆ نەسووتێی، کێ بستووتێ!)) ئەم قسەی نەستەقە لەناو خەڵکی ناوچەی ئێمەدا باوە، لەناو هەموو هۆز و تیرەکانی بە هەر زمانێك بدوێن، من بەش بە حاڵی خۆم لە سەردەمی منداڵیدا چەند جارێك ئەم قسەی نەستەقەی بە زمانی تورکی وەکو نازم حیکمەت دەینووسێ لە داپیرەم (دایکی دایکم) هەمینی حاجی ئەحمەد ئاغای پیر بەدر بیستووە. ئەم داپیرەیەم کوردی رەسەن بوو، بە کوردی قسەی دەکرد، بەڵام تورکی باش دەزانی و لەکاتی قسەکردندا بۆ روونکردنەوەی بیروڕاکانی قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و ئیدیۆمی بە زمانی تورکی

بەکاردەهێنا. گومانم لەوەدا نییە لەو سەردەمانەی ئەم قسەیەم لە داپیرم دەبیست هێشتا نازم حیکمەت ئەم قسەیەی لە بەرهەمەکانیدا بەکارنەهێنابوو. ئیتر لەمەدا راستییێکمان بۆ دەردەکەوێ کە نازم حیکمەت ئەم قسە جوانەی لە فۆلکلۆری نەتەوەی خۆی وەرگرتووە و وەستایانە لە بەرهەمی ئەدەبیدا بەکاری هێناوە. لەبەر ئەوەی قسەکە جوانی و ژیری و قووڵی مانا و دارِشتنی رەوانبێژی تێدا بەکارهاتووە، هەروەها ئەوەی لە کارە ئەدەبییەکانی نازم حیکمەت بەکارهێنراوە بە دانانی ئەم حسێبکراوە.

بێگومان ئەم کارە لە سوود و چاکە زیاتر هیچ جۆرە زیانێکی نییە، بەوەی قسەکە جوانە، هی نازم حیکمەت بێ یا هی ئەو نەبێ! ئەمە لەوە دەکا یەکێك بڵێ سەکسپیر وەك ئادەمیزادێك نەبووە، جا ئەمە گرنگ نییە بووبێ یا نەبووبێ. بەرهەمێکی بەرز لە ناوەوەیە، ئەگەر شەکسپیر نەبووبێ یەکێکی دی نووسیویەتییەوە. ئەم بابەتە سەرنجمان رادەکێشێ بۆ حاڵەتێکی دیکەی رەنگە بە رووکەش لەو بکا، ئەگەر ئەمەیان (مەسەلەی نازم حیکمەت و قسەی نەستەقەکە) کارێکی بەجێ بێ، ئەوەی ئێستا باسی لێوە دەکەم لە گێتی رەخنە و بەراوردکاریدا کارێکی نابەجێیە! مەسەلەکە بەمجۆرەیە: لە ناوەرِاستی سەدەی بیستەم بەم لاوە کۆمەڵێك نووسەر و رۆشنبیر و مێژوونووسی کورد پەیدابوون، هەندێ کتێبیان بڵاوکردەوە بۆنی زانستییان لێدەهات. بێگومان ئەم کارانە بوون بە سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوەی دیکە بەتایبەتی کە لە زانستگاکانماندا نامە نووسینی زانستی پەیدا بوو، (مەبەست نامەی دەرچوونی بەکالۆریۆس و ماجستێر و دکتۆرایە). ئیدی بەهۆی ئەو سەرچاوانەوە هەموو رۆشنبیر و قوتابییێك سوودیان لەو سەرچاوانە دەبینی و زانیارییان لێوەردەگرتن. ئەوەی سەرنجی منی راکێشاوە لەم لایەنەوە ئەوەیە زۆربەی هەرە زۆری ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەکاندا وەردەگیرێن ئەو زانیارییانە نین زادەی بیری دانەری کتێبەکان بن، بەڵکو ئەوانیش لە بێگانەیان وەرگرتووە ئەو بێگانانەش ئەوانەی هاوسێی خۆمان نین عەرەب و فارس و تورك، بەڵکو ئەوانەی ئەوروپان هی وەکو ئینگلیز و رووس و فەرەنسی و ئەڵمان و هی دیکە.

لەبەر ئەوەی لێکۆڵەرەوەکانی لای خۆمان ئاگاداری سەرچاوە ئەوروپاییەکان نین، هەر قسەییێکی جوان، هەر بۆچوونێکی بەجێ، هەر شیکردنەوەییێکی قووڵ لە کارەکاندا بەرچاویان دەکەوێ دەیدەنە پاڵ دانەری کتێبە کوردییەکە. بەمجۆرە تارِادەییێك حەقیقەتی زانستی دەشێوێنرێ و ناوبانگی رۆشنبیرە کوردەکە شێوەی راگەیاندن (ئیعلامی) وەردەگرێ بۆ ئێستا، لە ماوەییێکی دیکەی داهاتوو ئەو کەف و کوڵە نامێنێ. بەمجۆرە نازم حیکمەت و پەندی پێشینانەکە کردەوەییێکی جوانە، بەڵام دەرکردنی ناو بە کردەوەی خەڵکی دیکە کارێکی ناشیرینە.

**٢٣ی ئاغستۆس ٢٠٠١**



## (١٣٦)

## ((تَعالْ فَهّمْ حَجّي أَحْمَدْ آغا!))

رۆژانی پاییزی درەنگ و زستانی شاری بەغدا بە دەگمەن لەسەر رووی زەوی چنگ دەکەون. دەڵێن ئاو و هەوای ناوچەکانی ئەسوانی باشووری میسر و باکووری سوودان لە زستاناندا وەکو بەغدا وایە، لەبەر ئەوە لە دەور و زەمانی دێریندا ناوچەی بەغدا، واتە تاقی کسرا پایتەختی زستانەی ئیمپرِاتۆریەتە کۆنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەرِاست بووە.

لە دوای ساڵانی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم لەگەڵ نووسەری کورد بەهەشتی عەلائەددین سەجادی (١٩٠٧-١٩٨٤) مامۆستا بووین لە بەشی زمانی کوردی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا. هەندێك جار وا رێکدەکەوت پێش بانگی نیوەرِۆ کاروباری موحازەرە وتنەوەکان تەواو دەبوو، ئیدی بەهۆی هەناسە خۆشەکەی پاییز و زستان هەروا بە پیاسە لە کۆلیژەکەمانەوە لە گەرِەکی وەزیرییەوە رووممان دەکردە بابولموعەزەم، لەوێوە دەکەوتینە شەقامی رەشید و بەرامبەرمان وەزارەتی بەرگری و بە بەردەمی تەکیەی شێخ عەلی تاڵەبانی تێپەرِ دەبووین و یادی شاعیری گەورە شێخ رەزامان دەکردەوە، چونکە دوارِۆژانی ژیانی لەوێ بردبووە سەر. جگە لەوە مەسەلەی ((ماستی هەولێر))یش دەهاتەوە یادمان کە لە دوای جەنگی دووەمی گێتی گەنجێکی هەولێری دوکانێکی بچووکی لە نزیك تەکیەو بەرامبەر بە وەزارەتی بەرگری بەکرێ گرتبوو و ماستی لە هەولێرەوە دەبردە بەغدا و لە دوکانەکەیدا دەیفرۆشت. ماستی هەولێر ناوبانگی یەکجار گەورەی لە بەغدا و شارەکانی خوارووی عێراق دەرکردبوو.

پێش ئەوەی بگەینە مزگەوتە بچووکەکەی عەلائەدین سەجادی کە لەوێ ئیمام بوو و ماوەییێکی زۆریش حوجرەی هەبوو و تێیدا دەژیا، لەسەر شەقامی رەشید تووشی عەرەبانەییێك هاتین ترێییێکی رەشی یەکجار جوان لەسەر عەرەبانەکە هونەروەرانە نوێنرابوو. کابرای ترێ فرۆش کە بینی ئێمە بە کوردی قسە دەکەین گوتی: کاکە ئەمە ترێی لای خۆتانە راستییەکەش ئەوە بوو ترێییێکی رەشمیری شاخەکانی کوردستان بوو.

پێش ئەوەی ئێمە بکەوینە مامەڵەی ترێ کرِین، کابراییێك دەستی بە قسەکردن کرد لەگەڵ ترێ فرۆش. ئێمە نەمانزانی سەودای ترێ کرِینە، یاکێشەییێك لە نێوانیاندا هەیە. زۆری پێنەچوو لێیان بوو بە چەند و چوون و بە دەنگی بەرز وەڵامی یەکتریان دەدایەوە.

هەندێك خێرەومەند كەوتنە نێوانیانەوەو كابرای كڕیاریان دوور خستەوە، بەڵام ئەو كەسە هەڕەشەی دەكرد و ئاوڕی دەدایەوە و دەیگوت: ((تَعالْ فَهّمْ حَجّي أَحْمَدْ آغا!)) (وەرە حاجی ئەحمەد ئاغا تێبگەیەنە!).

من و مامۆستا سەجادی دەمێك بوو ئەم پەندەمان بیست بوو، دەمانزانی لە شاری بەغدا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانیان دروستبووە و خەڵكەكەی بەغداش بەهەر زمانێك قسەیان كردبێ ئەم رستەیان وەكو ئیدیۆمێك هەر بە زمانی عەرەبی دەگێڕایەوە.

ئەوی راستی بێ ئەم پەندە یەكێكە لە پەندە گرنگەكانی كۆمەڵی بەغدا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەوە تا ئێستا لەسەر زاری خەڵكییە، چونكە لە ئەنجامی كردەوەییێك كەوتۆتە ناوەوە، ئەم كردەوەیە بەشێكە لە رەوشت و نەریتی كۆمەڵی ئادەمیزاد بەگشتی لە هەر كوێییێك بێ، بەتایبەتی لە ناوچەی ئێمەدا.

حیكایەتی دروستبوونی ئەم پەندە بەمجۆرەیە:

حاجی ئەحمەد ئاغا لە رۆژگارێكی دیاریكراودا لە دەوروبەری فەرمانڕەوایی عوسمانیان لە بەغدا وەك موختار باشی یا ئامیری ئینزیبات لە دەسەڵاتەوە نزیك بووە، كابراییێكی ژیر و سرك و زۆرزان و فێڵباز بووە، لە شوونهەڵگری و دۆزینەوەی دز هاوتای نەبووە، جۆرێك بووە لە قەرەقۆشكەی سەلاحەدینی لەمەڕ خۆمان لە میسر.

رۆژێكیان پیرێژنێكی دنیا دیدەی سیحربازی لە خوانەترس پیلانێك دادەنێ بۆ چاككردنی باری ژیانی دارایی خۆی. دەچێتە بازاڕ و لای بازرگانێك دادەنیشێ. لە كاتێكدا بازرگانێكی دەوڵەمەند بە بەر دوكانەكەدا تێپەڕ دەبێ پیرێژن لەپڕ پەلاماری دەدا و دەیگرێ و بە دەنگی بەرز پێیێ دەڵێ: رۆڵە، خەجاڵەت بی، من بە شیری سپی بەخێوم كردووی، تۆ كوڕی منی بۆ ئینكاری لەمن دەكەی و بەخێوم ناكەی؟ كابرا دەڵێ: پیرێژن من تۆ ناناسم، هەموو كەس لەو شارەدا دەزانێ كە دایكم مردووە، تۆ شێت بووی، خرفاوی، بۆ شەڕ بەمن دەفرۆشی؟ بەڵام تا دەهات پیرێژن سوورتر دەبوو لەسەر قسەكانی خۆی. هاواری دەكرد، دەیقیڕاند، دەیگوت: ئەمە كوڕی منە و بەخێوم ناكا، حاشام لێدەكا و نەفەقەم ناداتێ!

لەكاتی نواندنی ئەم شانۆیە حاجی ئەحمەد ئاغا پەیدا دەبێ، هەموو شتێك لە پیرێژن دەبیستێ. لە دوای ئەمە روو دەكاتە ئەبوو جاسمی بازرگانی دەوڵەمەند و پێی دەڵێ: بێ مروەت، بۆچی ئەم دایكەت بەخێو ناكەی هەی زاڵم؟ بازرگان دەڵێ: ئاغا من كەسێكم لە بەغدا بەناوبانگم، هەموو كەس من دەناسێ، خەڵكی گەڕەك، بازرگان و دەوڵەمەندانی ناو



بازاڕ، دایكی من هەشت ساڵە مردووە، من ئەم پیرێژنە ناناسم، لەم مەسەلەیە بكۆڵنەوە، چۆن دەبی دایكم مردبێ دایكێكی دیكە بۆ من دروستبكرێ!

ئاغا دەڵێت: قسەی تۆ راست نییە، ئەمە دایكتە، ئیتر فەرمان دەردەكا جەندرمە پیرێژن بخەنە كۆڵی بازرگانەوە بۆ ئەوەی بیباتە ماڵی خۆی و بەخێوی بكا. جەندرمەشی لەگەڵدا دەنێرێ بۆ ئەوەی لە رێگا پیرێژن بەرەڵڵا نەكا.

لە نزیك ماڵیانەوە بازرگانی پیرێژن بە كۆڵەوە تووشی برای دێ. برا لێی دەپرسێت: ئەمە چییە بە كۆڵتەوە؟ دەڵێ: دیكمانە! برا دەڵێ: دایكی چی ئێمە هەشت ساڵە دیكمان كۆچی دوایی كردووە! ئەم دایكە ناهەقە چۆن دەبێ بۆمان دروستبكرێ! بازرگان بە برا بچووكی دەڵێت: ((تَعالْ فَهّمْ حَجّي أَحْمَدْ آغا!)).

ئەم حاجی ئەحمەد ئاغایە بەڵگەییێكی گرنگە لە كۆمەڵی ئادەمیزادی سەر رووی زەوی، لە هەموو جێیەك هەیە، بەتایبەتی لە كۆمەڵی دواكەوتوو و رژێمی دیكتاتۆری و دەوڵەتی بێ قانوون و دەستوور.

**٣٠ی ئاغستۆس ٢٠٠١**

## (١٣٧)

## رووسیای ئۆتۆکرات و بیرۆکرات!

((ئۆتۆکراتی)) وشەیێکی گریکی کۆنە وەك زاراوەییێك بۆ فەرمانڕەوایی تاکە کەسی زۆرداری سەرۆکی وڵات بەکاردەهێنرێ. لەو جۆرە وڵاتانەدا قانوون نییە، ئەگەر بەناویش هەبێ ناچێتە ناو پراکتیکەوە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم چەشنە فەرمانڕەواییە لە هەندێ لە کۆمەڵانی ئەوروپادا باوبوو.

((بیرۆکراتی)) وشەیێکی گریکی کۆنە و وەك زاراوەییێك بە مانای ((کۆیلەی دەقی قانوون)) هاتووە. ڕەوشتێکە زەینی کەسایەتی زیندە بەچاڵ دەکا. کاربەدەست دەکەوێتە ژێر باری ((دەقی قانوون)) ئیتر کاروباری پێ هەڵناسووڕێ، مەسەلەییێکی ساکاری بەدوو رستە جێبەجێ بکرێ بە ساڵ نایگەیەنێتە ئەنجام.

لە سەرەتاوە فەرمانڕەوایی دەوڵەتی رووس لە ئەوروپا ئۆتۆکراتی بوو، بەوەوە مێژووی سیاسی رژێمی رووسیا دەستی پێکرد و لە هەمموو ماوەییێکی پێشکەوتنیدا ئەم حوکمە باڵی بەسەر دەوڵەتدا کێشابوو، ئەمە بەناوی تاقە کەسێکەوە بووبێ، یا کۆمەڵە کەسێك، یا توێژێکی ناو خەڵکییەوە بووبێ. لەباتی ئۆتۆکراتی هەندێ زاراوەی وەك تۆتالیتاری و دیکتاتۆری و هی دیکەش بەکار دەهێنرێن.

سەرەتای لە دایکبوونی رووس وەك نەتەوەییێك، کە ئێستاکە لە ناوەوەیە لە ساڵی ٩٨٨ی زایینیدا لەسەر دەستی ڤلادیمیر بووە، بەوەی ئەم میرە گەورەیە چۆتە سەر ئایینی مەسیحی (ئایینزای ئەرتۆدۆکسی) لەبەر ئەوەبووە بە ((یاری پیرۆز=قدیس=سانت))، واتە ڤلادیمیر دەسەڵاتی دەوڵەت و کەنیسەی بەدەستەوە بووە و جێگری مەسیح بووە لەو کۆمەڵەدا.

فەرمانڕەواکانی رووس لە سەرەتاوە سێبەری خودا بوون لەسەر رووی زەوی. ئەمە بەهەر شێوەییێك بێ لە هەمموو دەور و زەمانێك ڕەمزی فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتە بوو، لە سەدەی چواردەمەوە ئیڤانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم تا سەدەی شازدەهەم فەرمانڕەوای ئەو وڵاتە بوون، بەتایبەتی ئیڤانی چوارەم (١٥٣٣-١٥٨٤)، کە بە ئیڤانی زۆردار، یا ترسێنەر ناوبانگی دەرکردبوو، یەکێك بوو لە دەسەڵات بەدەستە دەگمەنەکانی مێژووی ئادەمیزاد لە



زوڵم و زۆریدا، تاوانەکانی گەیشتبوونە رادەییێك کوڕی خۆی بکوژێ! ئەم سەرۆکە یەکەمین کەس بوو لە رووسیا لەقەبی قەیسەر (تزار)ی درایە.

دەسەڵاتی تاکە کەس، بوو بە نەریت و کارێکی ئاسایی، لە کۆمەڵی رووسدا، بێگومان ئەمجۆرە فەرمانڕەواییە پشت بە چاوەراو و ئاسایش و سیخوڕی دەبەستێ و یەکێ لە ئەدگارە هەرە گرنگ و دیارەکانی بیرۆکراتیزم دەبێ لە بەڕێوەبردنی کاری دەوڵەت، ئەم دیاردەیە بە میرات بۆ هەمموو نەوەکانی دیکەی کۆمەڵی رووس مایەوە.

لە سەدەی هەژدەم لە بنەماڵەی رۆمانۆڤ پیتری گەورە (١٦٨٩-١٧٢٥) پەیدابوو، ئەمە دامەزرێنەری دەوڵەتی مۆدێرنی رووسیا بوو. یەکەمین کاری بۆ دروستکردنی کۆمەڵێکی تازە ئەوەبوو بناغەی شاری سانت پیترسبۆرگی لێدا و بە تەواوی هەوڵیدەدا کۆمەڵی رووس لە ناو رەوشت و نەریتی ئەوروپا بتوێنێتەوە، لەم کارەیدا تا پلەییێك سەرکەوت. کردەوەکانی ئەم قەیسەرە شانازی نەتەوەی رووسە، بەڵام لەلاییێکی دیکەوە فەرمانڕەوایی ئۆتۆکراتی بوو، بیرۆکراتی لە کاروباری دەوڵەتدا باوبوو، سانسۆر لەسەر هەمموو جۆرە داهێنانێکی ئەدەبی و هونەری هەبوو، رۆشنبیر و شاعیر و نووسەر و هونەرەوەری بیر ئازاد دەکەوتنە ژێر درێژی دەسەڵات. ئازاردان و بەندیخانە و لەسێدارەدان کارێکی ئاسایی بوو، لەو رۆژگارەدا ئەگەر کۆمەڵی رووس لەگەڵ ئەوانەی ئەوروپا بەراورد بکرێ دەبینین لەم لایەنەوە ئەوروپاییەکان ئازادتر بوون و شۆڕشی فەرەنسا زیاتر کاری لە گۆڕانی کۆمەڵەکەیان کردبوو بەرەو دۆخێکی چاکتر.

لە ٨ی مارتی ١٩١٧ شۆڕشی سۆسیالیستەکان لە رووسیا سەرکەوت. نیکۆڵای دوا قەیسەری بنەماڵەی رۆمانۆڤ لابرا.

جاڕی کۆماری درا، کیرنسکی بوو بە سەرۆکی کۆماری وەختی کۆمۆنیستەکانی رووسیا، ئەم شۆڕشە پێشکەوتنخوازەیان بە بۆرجوازی لە قەڵەمدا، هەلێکی لەباربوو بۆ ئەوەی ئاژاوەی شۆڕشە بۆرجوازییەکە بکرێ بە بەهانە و بەڵگە، پێش ئەوەی شۆڕشگێڕان کاروباریان رێکبخەن، کۆمۆنیستەکان شۆڕشیان لەناو شۆڕش کرد و بە فەرماندەی لینین دەسەڵاتیان گرتە دەستی خۆیان.

کۆمۆنیستەکان نزیکەی سێ چارەکە سەدە فەرمانڕەواییان کرد (١٩١٧-١٩٩١). دام و دەزگای دەوڵەت مۆدێرن بوو، وەکو سەدەکانی ناوەڕاست و دەوڵەتی تازەی رووسیای پیتەری گەورە (١٧٠٣-١٩١٧) نەبوو، بەڵام لەڕووی سانسۆر و بەربەرەکانی بیری ئازاد و بۆچوونی

سەربەست و داهێنانی هونەری هەناسەی رژێمی کۆنی رووس مابووەوە، ئەمە لە بیرۆکراتییەتی مووچەخۆری بەڕێوەبەری دەوڵەتی رووس دیاربوو، راستە وەکو بیرۆکراتییەتی سەدەکانی ناوەڕاست و دەوڵەتی مۆدێرنی رووسی پیتەری گەورە نەبوو، بەڵام ئەویش لەجێی خۆیدا بە شێوەییێك گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، بیرۆکراتییە کۆنەکە کاری چۆن بوو بەسەر خەڵکی ئەو رۆژگارانە، تازە کە کاریگەری کەمتر نەبوو بەسەر خەڵکی کۆمەڵی نوێ.

هەندێ لە کردەوەکانی ستالین وەکو ڤلادیمیری پیرۆز و ئیڤانی زۆردار و پیتەری گەورە بوو، بەڵام ئەوە هەیە ئەوان رووس بوون و ستالین گورج بوو.

لە ساڵی ١٩٩٢ەوە تا ئێستا، کە ماوەی گواستنەوەیە، ئۆتۆکراتی دەوری ماوە، بەڵام بیرۆکراتی وەکو ئەوەی نەبای دیبێ و نە باران.

**٦ی ئەیلوول ٢٠٠١**



## (١٣٨)

# یەکێتیی نووسەرانی کورد-لقی هەولێر

دامەزراندنی رێکخراوێکی ئەدەبی خەونی شاعیر و نووسەر و رۆشنبیرانی کورد بوو لەو رۆژەوە کە بیری نیشتیمانپەروەری کەوتە ناوەوە بەشێوەییێکی نوێ لە دوای جەنگی یەکەمی گێتییەوە. ئەم خەونە تا رووداوی (١٤)ی تەمووزی ١٩٥٨یش دەرفەتی بۆ رێك نەکەوت وەکو رۆشنبیران ئارەزوویان دەکرد بێتەدی.

رێی خەبات و تێکۆشان ناخۆش بوو، پڕ لە دڕك و داڵ بوو، رێگە بە کورد نەدەدرا لە کاروباری شیعر و ئەدەبی، خوێندەواری و رۆشنبیری، سەندیکا و یەکێتییە کۆمەڵایەتییەکان سەربەست بێ. ئێمە دەمانوت لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و دارایی و سوپا و کاروباری دەرەوە با یەك بین، بەڵام ئەوەی دیکە با ئێمە هی خۆمانمان هەبێت. هەندێجار دەوڵەت لەم مەسەلەیەدا تەگەرە نەبوو، بەڵکو هەڵگرانی ئیدیۆلۆجییەتی ئەنتەرناسیۆنالی بە قەولی خۆیان ئەوان رێگەیان دەگرت، ئەگەر ئەوان نەبوونایە وەکو من ئاگادارم عەبدولکەریم قاسم بۆی نەدەکرا سەرکێشی بکا و نەیەڵێ کورد رێکخراوی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و رۆشنبیری تایبەتی بەخۆی هەبێ.

لە ساڵی (١٩٥٩) بەشی ئێمەی کورد لە هەموو سەندیکا و رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان ئەوە بوو لقێك بە ناوی کوردەوە دابمەزرێنرێ، لەناو هەموو ئەو رێکخراوانە ئەوەی ئێمە ئاگادار بین لە کەرکووك لقی یەکێتی نووسەرانی عێراق دامەزرا. بەڵام بەوە رانەگەیشت هیچ جۆرە جموجۆڵێك بنوێنێ لە مەیدانی رۆشنبیریدا.

لە دوای رووداوە خوێناوییەکەی کەرکووك لە تەمووزی (١٩٥٩) هەموو کاروبارێکی ئەو لقە وەستا، زەمینەییێکی لەباری ئەوتۆ لە ناوەوە نەبوو رێکخراوی ئەدەبی بتوانێ خۆی لە کۆمەڵی ئێمەدا بچەسپێنێ تا شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ کار لە کارترازا، وای لێهات بیرکردنەوە لەم چەشنە جموجۆڵییە ئەدەبی و هونەری و رۆشنبیرییە بە هیچ جۆرێك لە ناوەوە نەبێ.

ئەمە تا ساڵی (١٩٦٩)ی خایاند، لەو ساڵەدا کۆمەڵێك نووسەر و شاعیری کورد لە بەغدا هەوڵیاندا یەکێتی نووسەرانی کورد دامەزرێنن. لە (١٠)ی شوباتی ساڵی (١٩٧٠) بۆ یەکەمین جار لە مێژووی رۆشنبیری کوردیدا بە رەسمی مۆڵەت درایە ئەو کۆمەڵە رۆشنبیرە یەکێتی نووسەران دامەزرێنن. نووسەری ئەم وتارە یەکێك بوو لە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتییەکە.

یەکێتی نووسەرانی کورد لە دەورەی یەکەمیدا واتە مارتی (١٩٧٤) لە بەغدا و هەموو لقەکانی لە شارەکانی کوردستانی عێراق جموجۆڵی هەبوو، ئەمە لە دەرکردنی کۆواری ((نووسەری کورد)) و کۆبوونەوە و بەستنی کۆنفرانس و کۆنگرە و میهرەجان و ڤیستیڤاڵی شیعری و شتی دیدا ئاشکرا و دیار بوو.

لە پاش وەستانێکی درێژخایەن یەکێتی نووسەران تووشی هەڵبەزین و دابەزین بوو لە پێناوی چاکە و بەرژەوەندی ئەو حیزبانەی دەسەلاتیان بەدەستەوە بوو، لەبەر ئەوە هێمنی بەخۆیەوە نەبینی، چالاکییەکەی بریتیبوو لە دەرکردنی کۆواری ((نووسەری کورد))، ئەم کۆوارە بە چەند دەورەیێك تێپەڕ بوو، لە هەر دەورەیێکدا جۆرە حزبێك و رێکخراوێك باڵی بەسەردا دەگرت و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری دەهێنا.

لە دوای راپەڕینی بەهاری (١٩٩١)یش دیسانەوە ئەو هێمنییەی بەخۆیەوە نەدی و ئەم جارەیان مەڵبەندی گشتی و لقەکان لە یەکدی دابڕان و ئەمە بووە هۆی ئەوەی بۆ ماوەیێکی دیکەش یەکێتی نووسەران لە پەلوپۆ بکەوێ وەکو لەکاتی خۆیدا دەموت: ((نە گیانی دەردەچێ بۆ ئەوەی رزگاریمان لێی ببێ و نە برینەکانی سارێژ دەبن بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرین)).

بەڵام لە دواییدا کۆمەڵێك نووسەر و شاعیر و رۆشنبیر کەوتنە خۆ بۆ ژیاندنەوەی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد. ئەوەی راستی بێ لە سەرەتادا من خۆم لەم مەسەلەیە دوو دڵ بووم، گومانم لەوە هەبوو ئەم رێکخراوە ئەدەبییە بتوانێ ئەرکی سەرشانی بێنێتە دی و رزگاری بێ لەو نەخۆشییەی لە رۆژی دروستبوونییەوە تووشی بووە. کەچی ئەو بەڵێنەی ئەو کۆمەڵە رۆشنبیرە دابوویان سەربڵندانە بردیانە سەر. کردەوەکانیان لە دەرکردنی کۆواری ((نووسەری نوێ)) و بەستنی کۆنفرانس و ڤیستیڤاڵی جیاجیا و یارمەتیدانی نووسەران بۆ لە چاپدانی بەرهەمیان و گەلێ خزمەتی دیکە دیار و بەرچاوە، لەبەر ئەوە جێی ستایش و سوپاس و پێزانینە.

یەکێتی نووسەرانی کورد، لقی هەولێر لەو چەند ساڵە کەمەی ژیانی بە روونی ئەوەی خستە روو کە کردەوەکانی شایانی ئەوەن، دەستی یەکێتی نووسەران بگیرێ و یارمەتی بدرێ بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی ئەدەبی پێبکرێ.

بەمجۆرە یەکێتی نووسەران بوو بە دەستگایێك پەنجەی بۆ درێژ دەکرێ، پێویستە جێگە و رێگەی گەورە و جوان و فراوانی هەبێ، پێویستە گیرفانی گەرم بێ چونکە دەستگایێکە لە رووە، ئەو میوانە بێگانەیەی لە دەرەوە دێ حسێبی پلەی شارستانیمان بە بارەگا و کردەوەی یەکێتی نووسەران و ئەندامانی دەکا.

**١٣ی ئەیلوول ٢٠٠١**



# (١٣٩)

# فیستیڤاڵی مەحوی

## ١

کارێکی بەجێ بوو وەزارەتی رۆشنبیری ساڵی پار فیستیڤاڵێکی سازکرد بۆ مەلای جزیری (١٥٦٧-١٦٤٠) لە شاری دهۆك و ئەمساڵیش فیستیڤاڵێکی دیکەی رێکخست بۆ مەحوی (١٨٣٠-١٩٠٦) لە شاری هەولێر. رۆشنبیرانی کورد، هەڵگری بیروباوەڕ و ئیدیۆلۆجییە جیاوازەکان چاوەنۆڕی ئەوەن لە دوارۆژدا ئەم دەستگایە هیوا و ئامانجیان بهێنێتە دی و گەلێ کۆنفراس و کۆنگرە و فیستیڤاڵی زانستی بۆ کەڵە شاعیر و رۆشنبیرانمان ببەستێ.

ئەم فیستیڤاڵە بێ سوود نەبوو، هیچ نەبێ بەوەی هۆیێك بوو بۆ بەشێکی زۆر لە رۆشنبیر و خوێندەوارانی هەموو سووچەکانی وڵات چاویان بە یەکتری بکەوێ و ناسیاوی لەگەڵ یەکتریدا پەیدا بکەن. لە هەمووی گرنگتریش ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە پەراوێزی فیستیڤاڵەکەدا کارێکی گرنگ بوو بۆ ئاشنایەتی پەیداکردن و سوود لە یەکتری وەرگرتن.

وەك ئاشکرایە مەبەست لەم خۆپێشاندانە رۆشنبیرییە ئەوەبوو باس لە مەحوی بکرێ وك شاعیرێك، جێگەی شیعرەکانی دیاریبکرێ لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، بەتایبەتی دیاریکردنی پلەی ئیستێتیکی ئەو شیعرانەو ناوەڕۆکیان چونکە مێژووی ئەدەبی کوردی پێویستی بەو ناوەڕۆکانە هەیە کە لە ئەدەبی نەتەوەکانی دیکەی گێتیدا خۆیان دەنوێنن، بێگومان بوونی ئەو جۆرە ناوەڕۆکانە ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند دەکەن و رووی راستی پیشاندەدەن.

بۆ مەبەستی سەرکەوتنی ئەم بەرنامەیە لێکۆڵەرەوە پەنا دەبا بۆ هەموو سەرچاوە و باس و خواسێکی پێوەندی دوور و نزیکی بە مەحوییەوە هەبێ هی وەکو: مەحوی موسوڵمانێکی کوردی سوننی شافیعی مەزهەب بوو. لە مزگەوت یا خانەقا مەلا و پێش نوێژ و ئیمام و واعیز بوو، لە رێکخراوی سۆفیزمدا سۆفی و مریدی تەریقەتی نەقشبەندی بوو، شێخ خالیدی نەقشبەندی لە کوردستاندا رەمزی کردگار بوو لای مەحوی، گەلێ لایەنی تری شاراوە و ئاشکرای ژیانی شاعیر.

خانەقای مەحوی لە سلێمانی قوتابخانەیێکی سۆفیزم بوو لە رووی تیۆری و پراکتیکەوە، جگە لەمانە هەرچی بە خەیاڵمانا دێ دەتوانین بیری لێبکەینەوە بۆ ناسینی شیعری مەحوی هی

وەكو: لە بەغدا خوێندوویەتی، زانستی لە مەلا گەورەكانی دەوروبەری خۆی وەرگرتووە، چۆتە ئەستەمبۆڵ، هەرچەندە من گومانم لەوەدا هەیە چاوی بە سوڵتان كەوتبێ، بەڵام قەیدی نییە، با سوڵتانی دیبێ، هەروەها مەدحیشی كردووە، لە ئەنجامدا خانەقای بۆ دروستكراوە و دارایی بۆ دابینكراوە لە پێناو بەرێوەبردنی خانەقا، لێكۆڵەرەوە لە شیعری مەحوی پێویستە ئەم هەموو مەسەلە و كێشانە بخاتە تای تەرازووی رەخنەی زانستی بە مەبەستی ئەوەی جێگەی شیعری مەحوی لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا دیاری بكا.

بەشداربووانی فیستیڤاڵ بەهۆی وتارەكانیانەوە هەموو ئەو پرس و خواسانەی باسمان لێوەكردن خستیانەڕوو، بەڵام نەك بە مەبەستی ناسینی شیعری مەحوی، بەڵكو ناسینی مەحوی وەكو مەلاییێكی گەورەی (شەریعەت) و وەكو سۆفییێكی گەورەی (تەریقەت)، نەك مەحوی وەك شاعیرێك.

لەگەڵ ئەوەشدا بەشی مەحوی لە وتارەكاندا زۆر كەم بوو، مەبەستم ئەوەیە بڵێم كە باس لە مەحوی وەك شێخێكیش تارادەییێك هەقی خۆی وەرنەگرت، واتە ئەوەندەی باس لە تەریقەتی نەقشبەندی و دامەزرێنەرەكانیان كرا، بەتایبەتی شێخ خالید ئەوەندە باس لە مەحوی نەكرا، راستییەكە ئەوەبوو دەبوو بە پێچەوانەوە بێ چونكە مەبەست لە فیستیڤاڵەكە مەحوی و شیعری مەحوی بوو، لە كۆبوونەوەكاندا بە مەفهوومی سەرەتای سەدەی بیست و یەكەم مامەڵە لەگەڵ كردەوە و بیروباوەڕی مەحوی كرا نەك نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم.

بەم پێیە شاعیر بوو بە شۆڕشگێڕ و كرێكار و پێشكەوتنخواز و لیبیرالی و رادیكالی و مەلا و شێخ و سەلەفی و ئیمام و واعیز و گەلێ شتی دیكەش، ئەم هەموو سیفەتانە لە ئادەمیزادێكدا كۆببێتەوە لە هەر دەورو رۆژگارێك بێ جێی سەرسووڕمان نییە، بەتایبەتی لای هونەروەر، كە شاعیر یەكێكە لە هونەروەری هەرە گەورە لە هەموو كۆمەڵێكی ئادەمیزادی سەر رووی ئەم زەوییە، بەڵام ئەوەی جێیێ سەرسووڕمانە ئەوەیە مەسەلەییێكی زیاتر لە سەدە و نیوێك لەمەوبەر بە پێوانەی سەردەمی ئێستامان دیاریبكرێ.

بەمجۆرە بەشداربووانی فیستیڤاڵ زیاتر زانیاریان لە مێژووی تەریقەتی نەقشبەندی لە كوردستاندا وەرگرت و كەمتریش لە بابەت مێژووی ژیان و هەڵسەنگاندنی شیعری مەحوی فێری شتی تازە بوون. هەرچی پێوەندی بە دیاریكردنی جێگەی شیعری مەحوییەوە هەبوو لە داهێنانی سۆفیزمدا، ئەمەیان زۆر كزبوو.

**٢٠ی ئەیلوول ٢٠٠١**



# (١٤٠)

# فیستیڤاڵی مەحوی

# ٢

باوەڕ ناكەم لە كۆمەڵی كوردەواری ئێمەدا كۆبوونەوە یا باس و خواسێكی ئەدەبی و رۆشنبیری یا موحازەرەی هۆڵی زانستگا لە ناوەوە بێ باس لە هەردوو شاعیری گەورەی كورد خانی (١٦٥٠-١٧٠٦) و حاجی (١٨١٥-١٨٩٧) نەكرێ، چی جا فیستیڤاڵێكی گەورەی وەكو ئەوەی مەحوی كە لە هەولێر كرا.

گەلی برادەرینە، ئێمە هەموومان منیش لەگەڵتاندا بەسەرهاتی مێژوو تووشی نەخۆشی سایكۆلۆجی كردووین. گرێكوێرەییێكی عەشایەریانە لەناو مێشك و دڵ و دەروونماندا دروستبووە، كارێكی زۆر قورسە ئەم گرێكوێرەیە بە ئاسانی بكرێتەوە.

هەتا ئێستا نەكراوەتەوە و نازانم كەی دەكرێتەوە! ئەویش ((گرێكوێرەی كوردایەتی))یە.

ژێر دەستی و چەوسانەوە و نەبوونی دەسەڵات تووشی ئەم نەخۆشییەی كردووین. هەندێ جار لەكاتی خۆشیدا رەنگە لەبیرمان بچێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی كاتی خۆشیمان زۆر كەمە، لەكاتی ناخۆشیدا ئەم نەخۆشییە سایكۆلۆجییە زیاتر تەشەنە دەكا.

نەخۆشییەكە ئەوەیە شاعیرە كلاسیكییە كۆنەكانمان بەرەو رووی خانی و حاجی دەكەینەوە هەڵوێستێكی نالەباریان بۆ دروستدەكەین، بەوەی رووسوور و خەجاڵەتیان دەكەین بەرامبەر ئەو دوو شاعیرە مەزنە، چونكە ئەوان كوردایەتییان كردووە كەچی ئەوانی دیكە نەیان كردووە. لە فیستیڤاڵەكە ئەمە بەرەو رووی مەحویش كرایەوە.

ئێمە ئەم بیروباوەڕە لەژێر رۆشنایی رەخنەی زانستی رەتدەكەینەوە، چونكە ئێمە خانی و حاجیمان بە شاعیری گەورە نەژماردووە تەنیا لەبەر ئەوەی یەكەمیان لە دیباجەی مەم و زین بە شیعر سیاسەتی كردووە، یا خەریكی كوردایەتی بووە و دووەمیان بڕە شیعرێكی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوایەتی بە زمانێكی میللی وتووە، بەڵكو ((مەم و زین)) و غەزەل و قەسیدەكانی خانی و غەزەلە نایابەكانی حاجی هی وەكو ((لەسەر شەو رۆژی داناوە..)) ئەم بەرهەمانە لە رووی بەرزی داهێنانەوە بوون بە هۆی ئەوەی ئەم دوو شاعیرە لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا بە شاعیری بەرز حسێب بكرێن.

ئەوی راستی بێ لە رووی هونەرییەوە دێڕە شیعرە نیشتمانییەکانی خانی لـە مـەم و زینـدا هەروەها شیعرە سیاسییەکانی حاجی ((خاکی جزیر و بۆتـان..)) لـە رووی جوانکارییـەوە ئـەو نرخە بەرزەیان نییە وەکـو شـیعرەکانی دیکـەیان، بـەڵام بێگومـان وەك شـیعری پـەروەردەیی (تەعلیمی=دیداکتیکی) دەچنە ناو سامانی ئەدەبیمانەوە.

لەبەر ئەوە ئێمە لەسەر ئـەو بـاوەڕەین لـە رووی شـاعیرییەوە نـابێ شـاعیرانی کلاسـیکی دێرینمان رووسوور و خەجاڵەت بکـەین بەرامبـەر بـە خـانی و حـاجی، چـونکە ئـەوانیش بـە مەحوییەوە، لە رووی شاعیرییەوە ئەگەر لەو دوو شاعیرە گەورەتر نەبن لەوان کەمتر نین.

هەر ئەو بیروباوەڕە ناڕاستە رامان دەکێشێ بۆ مەسەلەیێکی دیکە کە فیستیڤاڵی مـەحوی خرایەڕوو ئەویش ئەوە بوو داوایان لە مەحوی کرد بۆچ کوردایەتی نەکردووە! دیارە مەبەسـتیان بە مەفهوومی ئێستایە، ئەگینا هەموو شاعیرە کۆنەکانمان کوردایەتییان کردووە، چونکە هـیچ نەبێ بە کوردی شیعریان داناوە.

مەسەلەی ((کوردایەتی)) تەنیا شیعری کۆنی نەگرتۆتەوە، بەڵکو داوا لە شـاعیری تـازەش کراوە بە جۆرێکی دیکە وەکو ئەوەی بۆ فلاّنە شاعیر شیعری بۆ فلاّنە شۆڕشـی کـورد نـەوتووە! ئەمجۆرە بیروڕایانە لە رەخنەی ئەدەبی نوێدا هەموویان رەتدەکرێنەوە.

داهێنانی هونەری بەڕادان نادرێ ئینفیعالی ناوەوەی ئادەمیزادە بە وشە دەگەیەنرێتە ئەنجام و دەبێ بە بەرهەمی شیعر یا هـەر هونـەرێکی دیکـە. ئێمـە لـەم بابەتـەوە بەڵگـەمان زۆرە. دەپرسین بۆچ شیعرە مللییە سیاسـییەکانی حـاجی لـە رووی هونەرییـەوە لـە پلـەی غـەزەل و قەسیدەکانی نین؟! هەر خۆی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵـێ: لـەم قـسانەمدا مەبەسـتم شیعر نییە، بەڵکو بیروڕایە بە سادە و ساکاری تێتانی دەگەیەنم.

هەروەها بۆچ گۆران لە لوتکەی داهێنانی بەرهەمی شیعرییەوە لـە سـاڵی **١٩٤٩** لـە دوای دانانی شیعرە هەرە جوان و رەنگینەکانی وەکو ((بووکێکی ناکام)) و ((شەوێك لە عەبـدوڵلاّ)) هاتە خوارەوە و ((ئازادیخواز)) و ((گری گری)) وت؟! چونکە ئـەو شـیعرەی دواییـان بـە رادان درابوو، لەبەر ئەوەی لە تەبیعـەت و خـەیاڵ و ئیلـهامی رەسـەنی شـاعیر نـەهاتبووە دەرەوە، شیعرێکی سەرکەوتوو نەبوو.

بـەمجۆرە نـاتوانین بەرنامـە بـۆ شـاعیر دابنـێین، تـەنیا مـافی ئـەوەمان هەیـە ئـەوەی نووسیویەتییەوە وەریبگرین.

بۆمان نییە بڵێین بۆ چ کوردایەتی نەکردووە، یا دڵداری نەکردووە، یا باسی هەژارانی نەکردووە!

**٢٧ی ئەیلوول ٢٠٠١**



## (١٤١)

# فیستیڤاڵی مەحوی

## ٣

کە فیستیڤاڵ بۆ شاعیرێکی وەکو مـەحوی دەکـرێ یادگـاری شـایی و زەماوەنـدی بـووکی شیعرە تازە دەکرێتەوە، ئەو بووکەی مەحوی رازاندوویەتییەوە لە جوانیدا هاوتای نییە.

ئەگەر مەحوی ئەم شیعرانەی دانەهێنایە وەکو مـەلایێکی گـەورە و شـێخێکی تەریقـەتی نەقشبەندی دەچووە ناو مێژووی رۆشنبیری کوردییەوە. دیارە ئەمەش ئێـسگەیێکی گرنگـە لـە مێژووی سامانی نەتەوایەتیدا، بەڵام مەبەست لە فیستیڤاڵەکە تەنیا ئەم لایەنەی شاعیر نەبوو، بەڵکو زیاتر لایەنی بەرهەمی شیعری بوو. ئەنجام واکەوتـەوە کـەم باسـی مـەحوی بکـرێ وەك شاعیرێك، بەڵام زیاتر باسی لێوە بکرێ وەك شێخ و مەلایێك.

لێکۆڵینەوە لە شیعری مەحوی لـە رووی جوانکارییـەوە، کـارێکی ناسـکە، وردە، قووڵـە، فراوانە، بێپایانە، ئیدیۆلۆجییەت دەورێکی بالاّی هەیە لەم مەیدانـەدا، بـاوەڕ ناکـەم لـە هـیچ لایەنێکی مەعریفەت ئەو دووبەرەکییە بەو جۆرە تیژبێ وەکو ئەوەی لە فەلـسەفە و سـۆفیزمدا هەیە، ئەمە کارێکی بەجێیە، بەڵام نابەجێ لێرەدا ئەوەیە پشووی هەر بەرەیێك لەم دوو بەرەیـە دیمۆکراتیانە نەبێ، ئێمە لێرەدا بەکورتی باس لـەم دوو ئیدیۆلۆجییەتـە دەکـەین بەرامبـەر بـە دیاردەی سۆفیزم وەك رێکخراو لە لاییێك، لە لاییێکی دیکەوە کاری لە دروستبوونی ئـەو جـۆرە شیعرەی عیرفانی پێدەڵێین.

تاقمی یەکەم سۆفیزم بـە دیـاردەیێکی گیـانی دادەنـێن، لەگـەڵ دروسـتبوونی ئـادەمیزاد کەوتۆتە ناو مێشك و دەروونییەوە، هەر لەو کاتەوە کە لـە کردگـار گـەڕاوە هـەوێنی فیکـری فەلسەفی و چێژی سۆفیزم لەلای دروستبووە، ئەمە لە سـەرەتای ژیـانی ئـادەمیزادەوە دەسـتی پێکردووە تا ئێستا و لە دوارۆژیشدا بەردەوام دەبێ.

دیاردەی سۆفیزم گۆڕان و بزووتنەوە و ئازادییـە، لـە هـیچ رۆژگارێکـدا بـە درێـژایی مێـژوو ئادەمیزاد ئۆقرەی نەگرتووە و باوەڕی بە قانوون و دەستوور و نەریتی هەمیشەیی نەبووە و نابێ.

تاقمی دووەم سۆفیزم بەناوی ((تەریقەت))ەوە تێکەڵ بە ئایین دەکەن، واتە ((شەریعەت)). ئەمجۆرە سۆفیزمە لە کۆمەڵی ئیسلامیدا پەیدابوو. لە سەرەتای ئایینی ئیسلام بزووتنەوەی ((زوهد)) هەبوو، ئەم دیاردەیە لە خوا پەرستی ئیسلامدا بوو بە بنج و بناوانی سۆفیزمی ئیسلامی. ئەم بەشە سۆفیزمە لە کۆمەڵی عەباسیدا سەری دەرهێنا.

بزووتنەوەییەکی پێشکەوتنخواز بوو لە دژی ئۆتۆکراتییەتی فەرمانڕەوایی خەلیفەکانی عەباسی. لەبەر ئەوە لە سەرەتادا بە توندی سۆفییە بەراییەکان بەربەرەکانی کران، ژیانی هەندێکیان بە سێدارە کۆتایی هات و سەری هەندێکی دیکەیان لە دەروازەی شاری بەغدا هەڵواسی. لە دواییدا هەموو ئەو سەرچاوە و ئەدەبیاتەی لە سۆفیزمی ئیسلامی مابووەوە بوو بە میرات بۆ ڕێبەرانی ئایینی، ئەمانەش بە شەوقەوە گرتیانە ئامێزی خۆیان، واتە سامانی سۆفیزمیان بۆ چاکەی سامانی ئایین ((شەریعەت)) بەکاردەهێنا، بەم شێوەیە لە سۆفیزمی ئیسلامیدا دوو دیاردەی دژ بە یەك ((تەریقەت)) و ((شەریعەت)) لەگەڵ یەکتری گونجێندران و تاکە کەسێك بوو بە ((مەلا)) و ((سۆفی)).

لەم لایەنەوە پێویستە ئەوەش روون بکرێتەوە، لە سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامەوە تا ئێستاش وەنەبێ ئەو تەباییەی لە نێوان ((تەریقەت)) و ((شەریعەت))دا هەیە هەموو زانایێکی ئایینی یا مەلای خوێندەواری گەورە باوەڕی پێی هەبێ. گفتوگۆ و چەند و چوون لە نێوەندی زانایانی ئایینی ئیسلام لەم رووەوە هێشتا لە ناوەوە بە دژایەتی کردنی سۆفیزم لەناو مەلایانی کۆمەڵەکانی باکووری ئەفەریقا (مەغریب و جەزائیر و تونس و لیبیا) ئاشکراترە لەوەی کە لە مەشریقی عەرەبیدا هەیە.

لە فیستیڤاڵی مەحوی باس لە سۆفیزمی ئیسلامی کرا، زۆربەی وتار و تێبینی رۆشنبیرانی بەشداربوو لە فیستیڤاڵەکە لەگەڵ بیروڕای یەکێتی تەریقەت و شەریعەت بوون، ئەگەر هەندێ بۆچوونیان بووبێ لە دیاریکردنی جەوهەری شیعری مەحوی لەژێر رۆشنایی ئەو یەکێتییە بووە کە لە نێوان شەریعەت و تەریقەتدا بووە.

ئەوانەی لەسەر ئەو باوەڕەبوون کە هەندێ لە شیعرەکانی مەحوی بە تەرازووی تیۆری سۆفیزمی کەونی بکێشن لەبەر هەر هۆییێك بێ دەنگیان کزتر بوو.

لێرەدا دەڵێین سۆفیزم تیۆری و بەرهەمی ئەدەبی هەموو سۆفییە بەراییەکانی ئیسلام ئەوانەی کوژران و لە بەندیخانە سەریان نایەوە کۆدەکاتەوە، بۆیە دەچنە ناو ئەو ئیدیولۆجییەتەوە.



خوێنەری کوردی خۆشەویست، ئەگەر ناوەڕۆکی فیستیڤاڵی مەحوی لە کتێبەکەی فیستیڤاڵ بخوێنییەوە دەگەیە راستییێك، ئەویش ئەوەیە زۆر شت لە بارەی مەحوییەوە وترا، بە سوود بوون و کەڵکیان هەبوو، باسەکەی نووسەری ئەم وتارە و نووسینەکەی کەریم دەشتی و هەندێ لە بۆچوونەکانی محەمەدی مەلا کەریم ناڵێم لە ئەوانی دیکە باشتر بوون، بەڵام دەڵێم ئەوان هەوڵیاندا بچنە ناو گێتی دیکە، ناڵێم وتارەکانیان خراپ بوون، بەڵام ئەوە دەڵێم ئەگەر بیریان لە شیعری مەحوی کردبێتەوە لە رووی ئایینییەوە شیعرەکانیان هەڵسەنگاندووە، مەسەلە لێرە لای هەردوو تاقم قووڵی و مەنهەجییەتی لێکۆڵینەوە نییە، بەڵکو ئیدیۆلۆجییەتە، ((سۆفیزمی کەونی)) یا ئەو سۆفیزمییەی تەریقەت و شەریعەت تێکەڵ بە یەکتری دەکا!؟

**٤ی تشرینی یەکەم ٢٠٠١**

## (١٤٢)

# دیواری یادگاری

دەتوانین ((دیواری یادگاری)) یا ((دیواری بیرەوەری)) یا ((دیواری شەرەف)) یا زاراوەییێکی تر بۆ ئەم مانایە بدۆزینەوە. پێموایە ئەو ئاواتەی ئێمە پێشنیازمان کردوون لە زمانی کوردیدا بەکاربهێنرێن جوانترن لە ((الجدارية)) هەرچۆنێ بێ ئەم دیاردەیە نەریتێکی باو نەبوو لە ولاٌتی ئێمەدا تا پاش رووداوەکانی (١٤)ی تەمووزی ١٩٥٨، لەو رۆژگارەدا تارادەییێك بە شێوەییێکی کەم بەکاردەهێنرا و هێشتا تا ئەو پلەیە بلاٌونەبوو بووە بگاتە رادەییێك لە رێی چوونە ناو هەر شارێك و لە سەر هەر شەقامێك و باغچە و پارك و گۆڕەپان و شوێنێکی دیکە چاومان بە ((دیواری یادگاری)) بکەوێ.

وەکو ئاشکرایە مۆدە لە کۆمەڵی ئێمەدا سنووری بۆ نییە، بەهۆی چاولێکەرییەوە زوو بلاٌودەبێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر دەسەلاٌتیش رازی بێ و هەندێ جار خەڵکیش هان بدا تا پایەییێك زیادەڕەوی بکرێ لە پێناوی پراکتیك کردنی ئەو مۆدە تازەیە. وابوو لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە ولاٌتدا ((دیواری یادگاری)) تەشەنەی کرد و گەیشتە رادەییێك لەبەرچاوی خەڵکی لە تام دەرچوو. لە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە بارەی ئەم دیوارە زۆرانەوە جموجۆڵێکی سەیر کەوتە ناوەوە. لەباتی ئەوەی بیری لێبکرێتەوە و بەرنامە بۆ چارەسەرکردنی دابنرێ بەوەی دیوارەکان بمێنن! یا قەدەغە بکرێن! لەلاییێکی دیکەشەوە دیواری تازە دروستبکرێ یا نا؟! هەروەها راییێکی تریش هەبوو دەیوت ئەم نەریتە بنبڕبکرێ، ئەو دیوارانەی لە ناوەوەن بڕووخێنرێن و هی تازەش دروست نەکرێن.

دەسەلاٌتی تازە لەو دەورەدا لە وزەی دانەبوو وەك کێشەییێك تەماشای ئەم دیاردەیە بکا، بۆیە هەر کەسە بە ئارەزووی خۆی تاکە کەس، بنەماڵە، عەشیرەت، رێکخراو، حزبەکان، دۆست و برادەری شەهیدان هەوڵیان دەدا یەکێك لەو دیوارانە داگیر بکەن، یا دیواری تازە دروستبکەن بۆ ئەوەی وێنەی شەهیدەکانیان تیایاندا بکێشن.

دیمەنێکی سەیر لە رۆژانی یەکەمی راپەڕین لە پێش هەندێ لە دیوارەکان دەبینرا، ئەویش ئەوە بوو. کەسێکی چەکدار پاسەوانی دیوارەکەی دەکرد بە درێژایی شەو و رۆژ. ئەوە نالێم لە کاتی درەنگی شەودا نەبێ تا رۆژهەلاٌت، ئەمە بۆ ئەوە بوو نەوەکو یەکێکی دیکە یا خەڵکانێکی تر دیوارەکە داگیر بکەن.



لەو سەردەمەدا رۆشنبیر و خوێندەواری کورد لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە بوو بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان لایەنگری ئەوەبوون دیوارەکان پشتگوێ بخرێن لەبەر ئەوەی لە رووی پراکتیکییەوە نەدەتوانرا پارێزگاری بکرێن، چونکە وێنەکان بە بۆیاغی رەنگا و رەنگ دەکێشران و بە هیچ جۆرێ نەدەتوانرا لە سەرمای زستانێك و گەرمای هاوینێك خۆیان بپارێزن. دەبوو هەموو ساڵ هونەروەر خۆی و قوتووە بۆیاغی رەنگاو رەنگی چەند رۆژێك خەریکی تازەکردنەوە یا سەرلەنوێ کێشانی وێنەکان ببێتەوە. تاقمێکیش هەبوون پێیان وابوو ئەم دیاردەیە دەبێ هەبێ، چونکە بەڵگەی سەرکەوتنی شۆڕشە.

من یەکێك بووم لەوانەی لەسەر ئەو رایە بوون، مۆدەی ((دیواری یادگاری)) لە ناوبڕێ، خۆ ئەگەر هەر نەبێ با دوابخرێ چونکە مەینەتی ئەو رۆژگارە گەلێ شتی لەبیر خەڵکی بردبووەوە، تاکی کۆمەڵ خەریکی ئەوەبوو ژیانی بپارێزێ و لەتێ نان پەیدا بکا بۆ ئەوەی لە برسانا نەمرێ، جارێ زوو بوو بۆ ئەوەی (٠دیواری یادگاری)) تازە بکاتەوە.

من بە قسە بەرگریم لەوە دەکرد، خەڵکی خۆیان بەم دیوارانەوە خەریك نەکەن، بەلاٌم خەڵکێکی وا هەبوون بازرگانیان بەم رایەی من دەکرد. من لەبیرمە بە قسە بیروڕام دەردەبڕی، بەلاٌم ئەوەم لەبیر نەماوە، ئایا بە نووسین رای خۆم بلاٌوکرد بووەوە یا نا! هەرچۆنی بێ یەکێك بە نووسین موزایەدەی بەم قسەیەی من کردبوو، بەوەی ئەم دیوارانە بەڵگەی شۆڕش و یادکردنەوەی شەهیدانی نەمری رێی ئازادی و سەربەستین.

هەرچۆنێ بێ مەسەلەی ((دیواری یادگاری)) تەشەنەی کرد، بوو بە چاو لێکەرییێکی ئەوتۆ گەیشتە ئەوەی هەموو شەهیدێك پێویستە دیوارێکی بۆ بکرێ. ئێمەی کورد لە هەموو شتێکدا ئەگەر بەشمان کەم بێ لە شەهیددا لە هەموو کەسێك زیاترە، ژمارە ئەوەندە زۆرە بە هیچ جۆرێ دیوار بۆ هەموویان ناکرێ.

((دیواری یادگاری)) لە دیاردەییێکەوە بوو بە مەسەلە، لە پاشانا بوو بە کێشە، تا گەیشتە رادەییێك کارەساتی لێکەوتەوە، بەوەی خاوەن شەهیدێك دیوارێکی بۆ خۆی داگیردەکرد، خاوەن شەهیدێکی دیکە لەگەڵیدا دەکەوتە مشتومڕ، ناخۆشی پەیدا دەبوو، لە دواییدا کێشەکە بە کارەساتی کوشتن کۆتایی دەهات.

لە پاش ئەم هەموو تاقیکردنەوە پڕ لە کارەساتە دەسەلاٌت کەوتە خۆی و یەکێ لە کارەباشەکانی ئەوە بوو مۆدەی ((دیواری یادگاری)) وەستاند. لە ئایندەییێکی هێمندا نەتەوە دەتوانێ بیر لەوە بکاتەوە بە چی دروشمێك ناوی شەهیدان بکا بە جاویدانی، ئەمە کارێکی پێویستە و نیشانەی بوونی نەتەوەیە.

**١١ی تشرینی یەکەم ٢٠٠١**

## (١٤٣)

# کەسانی بە نەژاد کورد!

لە ناو لاپەڕەی مێژووی هەموو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی ناو و نازناوی گەلێ لە گەورە پیاوان دەبین، یەکسەر بەهۆی نازناویانەوە شوناسنامەی بە کورد بوونیان دەردەکەوێ. ئەم دیاردەیە سەرانسەری مێژووی هەموو نەتەوە هاوسێکانی کورد دەگرێتەوە، لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامەوە تا ئێستا.

لە ناو ئەم ناوانەدا کەسانی هەڵکەوتوو دەبینرێن کردەوەکانیان بوونەتە مایەی شانازی هەموو مرۆڤایەتی، بەرهەم و دەستکرد و کردەوەی ئەو کەسانە زۆربەی کۆشش و جموجۆڵی هەموو مەیدانەکانی داهێنانی گرتۆتەوە.

لەناویاندا خەڵکی وەکو ئەمانە دەبینین: فەرماندەی سوپا، سەرۆکی دەوڵەت، زانا و نووسەر و شاعیر و هونەروەر و خوێندەوار و ڕۆشنبیری گەورە، هەندێ لەو کەسانە بە نازناویانەوە دەناسرێنەوە، وەکو: کوردی، شارەزووری، گۆرانی، ئامەدی، ئەربیلی و گەلێکی دیکە.

لەناو هەموو ئەنسیکلۆپیدیا و فەرهەنگی تایبەتی و گشت لایەنەکانی زانیاری و زانستی و ئەدەب و هونەری گێتی، بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، بە زمانە پێشکەوتووە جیاوازەکان چاومان بە سەدان ناو دەکەوێ خزمەتی پێشکەوتنی مرۆڤایەتییان کردووە و هیچ پێوەندییێکیان بە کوردەوە نییە تەنیا ئەوە نەبێ لە کەسانی کورد لە دایك بوون، باوك یا دایك یا هەردووکیان.

ئەم خەڵکە ناسراوانە هیچ تاوانێکیان نییە لەسەر ئەوەی بۆچ بە کوردی پەروەردە نەبوون و وناسنامەی نەتەوەی خۆیان وەرنەگرت، بەڵکو بوون بە ڕۆڵەی نەتەوەییێکی دیکە، چونکە کارەکە بەدەست خۆیان نەبووە. کابراییێك لەبەر هەر هۆییێك بێ جێی زێندەگانی لە هەولێر یا دیاربەکر بگوێزێتەوە میسر یا حیجاز منداڵەکانی لە دواییدا دەبن بە عەرەب. ئیتر ئەگەر شیری پاك بێ بنەچە و نەژادی خۆی ون ناکاو نازناوێکی وای بۆ هەڵدەبژێرێ، هەر کەسە بیبیستێ یەکسەر بزانێ بە نەژاد کوردە.

بۆ چ لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا ئەو جۆرە کەسانە گەلێ زۆرن و هەڵیان بۆ نەرەخساوە خزمەتی نەتەوەی خۆیان بکەن؟ بەلای ئێمەوە ئەم دیاردەیە تەنیا لە کۆمەڵی کوردەواریدا نییە،



بەڵکو لەناو کۆمەڵی هەموو ئەو میللەت و نەتەوانەدا هەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆیەتییان ون کردووە و کەوتوونەتە ژێر فەرمانڕەوایی نەتەوەی دیکە، ئیتر ڕۆشنبیری زەبر بەدەست زاڵبووە بەسەر ڕۆشنبیری نەتەوەی ژێر دەست، ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی ئەو کوردەی لە نەژادی نەتەوەی خۆی پچڕاوە جۆرە توانا و بلیمەتییەتێکی تایبەتی هەبێ لە پێناوی ئەوەی بێ دەسەڵاتی نەتەوەی خۆی بە زیرەکی لە مەیدانێك لە مەیدانەکانی ژیانی ئادەمیزاد پڕ بکاتەوە.

بەڕاستی ئەمە گرێییێکی سایکۆلۆجییە لە ئەنجامی نەبوونی دەسەڵات لەناو دل و دەروونی تاکی کورد دروستدەبێ.

بۆ کردنەوەی ئەم گرێیە ئەو کوردە بلیمەتێکی لێدەکەوێتەوە وەك زانایێکی بەرچاو لە هەموو زانستییەکاندا، یا شاعیر و نووسەرێکی گەورە، یا فەرماندەیێکی زیرەکی سوپایی، یا هەر هەڵکەوتوویێکی دیکە لە مەیدانی داهێنانی ژیانی مرۆڤایەتیدا.

ئەم حاڵەتە گرێییێکی دیکەی سایکۆلۆجی دروستکردووە لەناو کۆمەڵی ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی کورد، ئەویش شانازی کردنە بەم کەسانەوە.

بەلای ئێمەوە ئەگەر گرێی سایکۆلۆجی ئەو کەسانەی بە نەژاد کوردن و خزمەتی کوردیان نەکردووە شتێکی بەجێ بێ، گرێی سایکۆلۆجی لە دڵ و دەروونی ئێمە ماناندا بەوەی شانازی بە کورد بوونی ئەمانەوە بکەین شتێکی بەجێ نییە.

لە گفتوگۆی خەڵکی، لە کۆڕی ڕۆشنبیران، لەناو کتێبی کوردی، لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤاراندا، گوێمان لەوە دەبێ، چاومان دەخوێنێتەوە کە فلانە شاعیری عەرەب یا عەجەم یا تورك کورد بوو، فیسارە زانا و نووسەر و مۆسیقار و مەلیك و دەنگخۆش و ئەکتەر کورد بوون، خەڵکەکە شانازییان پێوە دەکەن، هەروەها گلەییشیان لێدەکەن، بەلای ئێمەوە پێویست ناکا شانازییان پێوە بکەین، هەروەها بۆمان نییە گلەییشیان لێبکەین پێویست ناکا ناویان بنێشتە خۆشەی ناو دەممان بێ، با وازیان لێبێنین و ناویان نەهێنین، ئەمە بۆ ئێمە و بۆ ئەوانیش باشترە.

**١٨ی تشرینی یەکەم ٢٠٠١**

## (١٤٤)

# Made in Scotland

ئەوەی بوو بەهۆی نووسینەوەی ئەم وتارە ئەوە بوو لەم رۆژانەدا هاوێیەکم لە لەندەن گەڕابووەوە نیشتمان، کراسێکی بە دیاری بۆم هێنابوو لەسەری نووسرابوو Made in Scotland واتە (لە سکۆتلەندە دروستکراوە)، ئەم دیاردەیە بەلای منەوە ئاسایی بوو، هەروەها بەلای ئەوروپاییەکەوە باوەڕ ناکەم هیچ جۆرە هەستێکی لەلا دروستبکا بەوەی بۆ لەباتی سکۆتلەندە نەنووسرا بەریتانیا یا ئینگلتەرە یا هەر یەکێك لە ناوە زۆرەکانی ئەو وڵاتە کە لە سەرووی هەموویانەوە بە رەسمی ناوی ((مەملەکەتی یەکگرتوو))ە. (U.K) لای ئێمە مەزەندەییێکی وا دروستبووە هەموو ئەو کەلوپەل و شتوومەکە پیشەسازییەی لە وڵاتان دروستدەکرێن بە ناوی دەوڵەتەکانیانەوە تۆمار دەکرێن. بەڵام لە ئەوروپا وانییە وەك بینیمان بۆ ئەم مەبەستە ناوی (سکۆتلەندە) دێ کە ناوی هەرێمێکە لە باکووری بەریتانیا. هەروەها چاومان بە بەرهەمی پیشەسازی وادەکەوێ لەسەری نووسراوە ((لە باڤاریا دروستکراوە)) ئەمە کۆمارێکی فیدراڵییە لە خوارووی ئەڵمانیا و گەلێ بەڵگەی دیکەش لەم بابەتەوە لەبەرچاومان دایە.

ئایا لە رۆژهەڵاتدا، لەناو دەوڵەتانی ئەم هەرێمە پان و بەرینەدا دیاردەییێکی وا بەرچاو دەکەوێ؟ نا، چونکە دیمۆکراتییەت باو نییە، کە ئەمە نەبوو فەرمانڕەوایی تاکە کەس، یا تاکە توێژی کۆمەڵ پەنا بۆ دیکتاتۆریەت دەبا و لەم حاڵەتەدا هەناسە لە تاکی کۆمەڵ دەبڕێ، بۆیە ئێمە لەم رۆژهەڵاتەدا بەرهەمێکی پیشەسازی نابینین بەناوی هەرێمێك یا ناوچەییێکی جوگرافی یا شارێك دەرچووبێ و لەسەری نووسرابێ لە فلانە شار یا هەرێم دروست کرابێ، ئەوە نالێم بە قسەی سەر زار ناوی ئەو جێگایانە دەبردرێ کە لە ئێراندا مافووریان لێ دروستدەکرێ، وەکو کاشان و کرمان و تەورێز و کوردستان (مەبەست سنەیە) و هی دیکە.

ئیتر وەنەبێ لەم لایەنەوە تەنیا ((سکۆتلەندە)) لە بەریتانیادا سەیر بێ، بەڵکو بەریتانیا هەر خۆی سەیرە، لەوانەیە ئەو هەموو پێچەوانە و سەیر و سەمەرەیەی لەوێ هەیە بیرو هۆشی ئێمەی رۆژهەڵاتی بۆ ئەوە ببا بە کۆمەڵێکی لێك ترازاو و پڕ لە تەنگوچەڵەمە و بێ سەروبەر



لە قەڵەمی بدەین و بیر لەوە بکەینەوە چۆن ئەم وڵاتە بە قەوارە بچووك و بە دانیشتووان کەم لە سەدەی نۆزدەمدا گەورەترین ئیمپڕاتۆریەت بوو لە گێتیدا و پییێیان دەوت ((رۆژ لە ئاڵای نیشتمانیاندا ئاوا نابێ)) واتە لە هەر چوار دەوری گۆی زەوی خاکی هەموو، لەبەر ئەوە رۆژ لەسەر ئاڵای بەریتانیا ئاوا نەبوو.

ناوی رەسمی ئەو وڵاتەی بە بەریتانیا ناوبانگی دەرکردووە ((مەملەکەتی یەکگرتوو))ە، ئەمە لە بەریتانیا و ئیرلەندەی باکوور و وڵاتانی ئەودیو زەریا و ئۆقیانووسەکان پێکهاتووە بە ناوی کۆمۆنوێلسی بەریتانییەوە.

جزیرەی بەریتانیا دەکرێ بە سێ بەش یا هەرێمی جوگرافی، بەشی خوارو و رۆژهەڵات و ناوەڕاست بە ناوی ((ئەنگلیا))وەیە، واتە ئینگلتەرە، ناوەکەی لە نەتەوەی ئینگلیز وەرگرتووە، پایتەختی شاری لەندەنە، ئەم هەرێمە مەڵبەند و لانکی نەتەوەی ئینگلیزە بەشی رۆژئاوای هەرێمی وێلز پایتەختی شاری ((کاردیف))ە.

بەشی باکووری سکۆتلەندەیە، پایتەختی شاری ((ئیدینبرە))یە. بەم جۆرە سێ نەتەوە بە نەژاد و بنەماڵەی زمان لە یەکدی جیا دەکرێنەوە، ئینگلیز و سکۆتلەندی و وێڵزی، مێژووی وەك یەکیان نییە، چونکە هەریەکەیان دەوڵەت و کاروباری بەڕێوەبردنی سەربەخۆی بووە. لە رۆژگارانی مێژوودا یەکیان گرتووە. بۆ بەڵگە وێڵزییەکان کە ((غال))یشیان پێدەڵێن زمانەکەیان ((کیلتی))یە و لە ساڵی (١٣٠١) لەگەڵ ئینگلتەرە یەکییێتییان دروستکرد و میری بەریتانیا ئەوەی لە دوای مردنی مەلیك لەجێی دادەنیشێ بە رەسمی ناوی ((میری وێڵزە))ە.

سکۆتلەندییەکان لە رووی زانستییەوە پێشکەوتوون، زانستگایان بە چوارەمین زانستگا دەژمێرێ لە بەریتانیا لە دوای زانستگاکانی ئۆکسفۆرد و کامبردج و لەندەن.

دیاردەییێکی زۆر ئاساییە ئەگەر کەسێك لە بازاڕی شارەکانی سکۆتلەندە چاوی بە پارەی ناوچەیی کە پارەی سکۆتلەندییە بکەوێ لەگەڵ پارەی پاوەن و پێنسی ئینگلیزی. لەبەر ئەوەی جێی سەرسووڕمان نییە چاوت بە رستەی ((Made in Scotland)) بکەوێ.

کوردی لای خۆمان کە ئەم زانیارییانە لە بابەت ئەم وڵاتەوە دەبیستێ لەوانەیە بزەییێك لەسەر لێوی بنیشتەوە و وابزانێ ئەم دیاردەیە لەو وڵاتەدا گیروگرفت دروستدەکا، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەمە بۆتە هۆی پێشکەوتنیان.

دیاردەی لەوەش سەیرتر لەو کۆمەڵەدا دەبینرێت، وەکو ئەوەی هەرسێ نەتەوەی جزیرەی بەریتانیا خۆیان بە بەشێك لە ئەوروپا نازانن. ئەگەر خوانەخواستە پاسپۆرتەکەت لە ناوی

نەنووسرابێ ((مەملەکەتی یەکگرتوو)) و تەنیا ((ئەوروپا)) نووسرابێ هیچ کونسولیەتێکی بەریتانی لە هەموو لایێکی گێتی ڤیزەت پێنادەن. جگە لەمە ئینگلیزەکان ئایینزای مەسیحیشیان تایبەتییە بە خۆیان و لە رابردوودا لە ئایینزای پرۆتستانتی جیابوونەوە و ئایینزای ((ئینگلیکانی))یان دامەزراند و مەلیکیان پاپا و کاهنی هەرە گەورەیانە.

هەر لەم رووەوە ئەگەر هاورێییکت لە ((کاردیف)) یا ((ئیدبنبرە)) بێ و نامەی بۆ بنووسی پۆستەچی ئەگەر لەسەر زەرفەکە تەنیا چاوی بە وشەی ((ئینگلتەرە)) بکەوێ نامەکەت بۆ رەوانە دەکاتەوە و پێتدەڵێ بنووسە ((ویلز)) یا ((سکۆتلەندە)) ئێمە ویلزی و سکۆتلەندین. ئینگلتەرە نین!

خوێنەری خۆشەویست، ئەگەر ئەم دیاردە سەیرانە لە کۆمەڵێکی دواکەوتوودا ببینین زۆر ئاساییە. بەڵام من لام وایە ئەم کردەوانەی میللەت و دەسەڵاتی بەریتانیا جێی پێکەنین نین، بەڵکو تەبابییان پتەوتر و بەهێزتر دەکا.

دەبێ رۆژێك نەیبێ لەسەر بەرهەمێکی پیشەسازی ناوچەکانی کوردی تورکیا بنووسرێ ((لە کوردستان دروستکراوە))؟

**٢٥ی تشرینی یەکەم ٢٠٠١**



## (١٤٥)

## تۆڵەسەندنەوە!

### ١

تیرۆر وەك زاراوەییێکی سۆسیۆپۆلیتیکی بۆ کوشتن و برین و لەناوبردن و کارەسات نانەوە بەرامبەر بە تاك و کۆمەڵ لە هەموو شوێنێکی سەر رووی زەوی بەکاردەهێنرێ. وەك ئاشکرایە لە زمانی عەرەبیدا وشەی ((ارهاب))ی بۆ دانراوە. ئێمەش لەم وتارەدا وشە لاتینییەکە بەکاردێنین کە ((تیرۆرە))، هەروەها زاراوەی ((تیرۆریزم)) بۆ مانای هەڵسوکەوتی وشەکە هەڵدەبژێرین، وەك ئیدیۆلۆجییەتێك یا هەڵوێستێك لە ئەنجامی فەلسەفەییێکی دیاریکراو کەوتۆتە ناوەوە. بێگومان زاراوەی ((تیرۆریست))یش بۆ ئەو کەسەی خەڵکی تیرۆر دەکا، جێی خۆیەتی وەك ناوی بکەر (اسم الفاعل) بەکاربهێنرێ.

لە بنجدا ((Terror)) وشەییێکی فەرهەنگی کۆنی لاتینییە، بە مانای ترس، تۆقین، زەندەق چوون، تەفرو توناکردن هاتووە، ئەم وشە فەرهەنگییە بووە بە زاراوە لە زانستی سۆسیۆپولیتیکیدا بۆ سیاسەتی بەکارهێنانی ترس هاتۆتە ناو زمانەوە، ئەو سیاسەتە هێرش بردنە لەلایەن کەسێکەوە یا کۆمەڵە کەسێکەوە (رێکخراوێکەوە) بۆ سەر نەیارانی سیاسی لە رووی دژایەتی و ئیدیۆلۆجی و بیروباوەڕیانەوە، تیرۆر بە گەلێ شێوە دەگەیەنرێتە ئەنجام تا دەگاتە کوشتن و وێرانکردنی سامانی نەتەوایەتی و رووخانی ژێرخانی ئەو خەڵکانەی تیرۆریستەکان بە دوژمنی خۆیانیان دەزانن.

تا ئێستا یاساو دەستوورێك بۆ ((تیرۆریزم)) دانەنراوە، زیاتریش لەبەر ئەوەیە کارێکی گەلێ قورس و سەختە بە شێوەییێك تەعریف بکرێ کە ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانێ یاساییێکی روون و ئاشکرا دابنێ بە پێی ئەو یاسایە کۆمەڵی ئادەمیزاد و دەستگاکانی دادگا بۆیان بکرێ ((تیرۆریست)) دەستنیشان بکەن و بەپێی یاسا دادگاییان بکەن و مافی لێقەوماو لە تاوانبار وەربگرنەوە.

ئێمە بە رووکەش ئاگاداری ئەوەین هیچ نەبێ لە دوای جەنگی دووەمی گێتییەوە هەر کارێکی کرابێ و بۆنی تیرۆریزمی لێهاتبێ ئەگەر لەلایەن زلهێزەکانەوە کرابێ، یا خەڵکی کۆمەڵی ئەوان

کردبێتیان بە تیرۆر ناوزەد نەکراوە، کەچی بە پێچەوانەوە ئەگەر لە وڵاتێکی دواکەوتوو و خەڵکی ماف خوراوی ئەو جێیانە کارێکی وایان کردبێ بۆنی تیرۆریزمی لێ بێ، بە تیرۆر ناویان هێناون.

بەیانی رۆژی سێ شەممەی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ تەقینەوەیێك لە شارانی نیویۆرك و واشینتۆن روویدا، کارەساتەکە گەورە بوو، یەکجار گەورە بوو. رەنگە لە مێژووی تازەی مرۆڤایەتی سەدەی نۆزدەم و بیستەم لە ماوەی یەك دوو کاتژمێر کارەساتی وا رووی نەدابێ، ئەمە بێگومان رووداوە پشت شکێنەکانی هەردوو جەنگی گێتی و جەنگە لاوەکییەکانی وەکو ڤێتنام ناگرێتەوە.

رووداوەکە ئەوەندە گەورە بوو ناوی رۆژەکەیان نا ((سێ شەمووی رەش)). ئەم رۆژە رەشانە رەنگە لای ئێمەی کورد لە هەموو جێیێکی دیکە زیاتر بێ. هەر لە رۆژی رەشی شەشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ی بەردەرکی سەرای سلێمانییەوە بگرە، پێش ئەو و پاش ئەویش تا دەگاتە ئەمڕۆ.

ئەگەر ئەمە لە ئەمەریکا و تا پلەیێکیش لە ئەورووپا رووی نەدایە، لە جێیێکی وەکو چین یا رووسیا هەتا لە یابانیش ئەم تەقینەوەیە بکەوتایە روو. دەنگو سەدای ئەوەندە گەورە نەدەبوو وەکو ئەوەی لە ئەمەریکا روویدا!

ئەم دیاردەیەیان کردە سنوورێکی ئەوەندە گەورە لە مێژوودا وەکو ((پێش مێژوو)) و ((پاش مێژوو))ەکەی کە لە وڵاتی مێزۆپۆتامیا ئەلفوبێ دروستکرا. لە دوای پێنج هەزار ساڵ سنوورێکی دیکە کەوتە ناوەوە ((پێش ١١ی ئەیلوول)) و ((پاش ١١ی ئەیلوول)).

مەبەستم لە ئێمە رۆژهەڵاتییەکانە. ئێمە بە لووت بەرزی شانازی بەوەوە دەکەین کە تەمەنی مەدەنیەتمان پێنج هەزار ساڵە لە سۆمەرییەکانی مێزۆپۆتامیاوە دەستپێدەکا.

ئەورووپا بە باڵای مێژوو پێنج یەکی ئێمەن. چونکە تەمەنی کۆنترین و گەورەترین نەتەوەیان لە هەزار ساڵ تێپەڕ ناکا هەرچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشە تەمەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی راستەقینەیان لەگەڵ دروستکردنی شاری سلێمانی ئێمە دەستپێدەکا کە لەلایەن برایم پاشای بابانەوە، واتە دووسەد ساڵ و چەند ساڵێکە بناغەی لێدراوە.

ئەمەریکا، ئەم مێرد منداڵە، یا تازە لاوە، بەهێزە، دەست رۆیشتووە، بۆی هەیە لە کاروباری کۆمەڵانی هەموو گێتی بپێچێتەوە، جڵەوی ئەسپی ئەورووپای تەمەن هەزار ساڵە بەدەستی ئەم گەنجە دووسەد ساڵییەوە بێ. هەرچی ئێمەشین سەرکوتکراوین، مەبەستم لە ئێمە رۆژهەڵاتییەکانە، لەناو ئەمانەشدا ئێمەی کورد هێشتا دەستمان نەگەیشتۆتە ئەو کتێبە هەزار لاپەڕەییەی کە بەناوی ((مێژووی گێتی))یەوە هێشتا نەنووسراوەتەوە، ئەگەر بنووسرێتەوە تەنیا جارێك ناوی ((کورد)) لە ئیندێکسی کتێبەکەدا تۆمار دەکرێ.

**١ی تشرینی دووەم ٢٠٠١**



## (١٤٦)

## تۆڵەسەندنەوە!

## ٢

کورد زۆر بە جوانی تەعبیری لە واقیعی ژیان کردووە کە وتوویەتی ((کار بە ریش نییە و بە ئیشە))، ئەمە بووە بە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقێکی هەمیشە زیندوو.

لە ماوەی سەدەی نۆزدەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم تا کۆتایی جەنگی دووەمی گێتی ئێمەی رۆژهەڵاتی خاوەن مێژووی دێرین رۆژ لە دوای رۆژ خەریك بوو ئەستێرەی بەختمان ئاوا دەبوو، ئەورووپاییەکان کلیلی سەرپەرشتی و رێبەری گێتیان بەدەستەوە بوو، بەتایبەتی ئینگلیز و فرەنسی. ئەم نەتەوانەی تەمەن هەزار ساڵە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەمەن دوو سەد ساڵە کلیلەکەی لێیان سەندبووەوە.

ئەمەریکا بە ئیش نەك بە ریش ئەوەی دەیکرد و ئێستا دەیکا تا رادەیێك بۆی دەچووە سەر و دەچێتە سەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەڵە بەدوور نییە.

لە دوای تەقینەوەکەی نیۆیۆرك و واشنتۆن کاربەدەستانی ئەمەریکا رووداوەکەیان بە گەورەترین کاری تیرۆریزم حسێبکرد. بوش تاخمەکەی کە لەمێژ نییە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست کەوتنە حاڵەتێك لە پشت خەونیشەوە بوو، لەبەر ئەوە کاس و بێ هۆش بوون، بە پەلە کەوتنە ئەوەی هێزی خۆیان بە هەموو گێتی پیشانبدەن لە پێناوی ئەوەی نەوەکو کەسێك هەبێ وا زان بکا ئەمەریکا بێ دەسەڵاتە. وایان لە خەڵکەکەی خۆیان گەیاند کە هاوولاتی ئەمەریکی لە خەڵکی دیکە بە نرخترە، ئەمە لە گەلێ شوێنی وەکو کۆسۆڤۆ کردەوەیێکی دیار و ئاشکرا بوو.

بەڵێ دیمۆکراتییەت و لیبرالیەتی کۆمەڵی ناوەوەی زلهێزەکان رەوشتێك بووە لە وڵاتانی دەرەوە بەکاریان نەهێناوە تەنیا بۆ ناوەوە بووە. لە سەرەتای ئەمپریالیزمی ئەورووپاوە بەتایبەتی لە سەدەکانی نۆزدەم و بیستەم تا جەنگی دووەمی گێتی ئینگلیز و فرەنسی و ئەوانی دیکە هەرچی خراپە لە موستەعمەرەکاندا کردوویانە، ئێمەی خەڵکی عێراق لە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەوە بەچاوی خۆمان کاری ئینگلیزمان لە وڵاتدا دیبوو، کە چاومان بە

لەندەن کەوت پێمان سەیر بوو و باوەڕمان بەوە نەدەکرد ئەو دەسەڵاتەی فەرمانڕەوایی بەڕێوە دەبا لە بەریتانیا ئەو فەرمانڕەواییە بێ کە دەسەڵاتی گرتبووە دەست لە عێراق و کوردستانی عێراقدا تا جەنگی دووەمی گێتی.

لە دوای کارە تیرۆرییەکەی نیویۆرک و واشنتۆن، کاربەدەستانی ئەمەریکا راستەوخۆ خەڵکەکەی خۆیانیان تێگەیاند ئەوەی ئەوان ئارەزووی دەکەن بۆیان دەبەنە سەر، لەبەر ئەوە بوو هەندێ لە خەڵکەکە دەستدرێژییان کردەسەر چەند کەسێکی ئەسمەری چاوڕەشی بە ردێن، چونکە وا لە مێشکیان چەسپیوە تیرۆریست دەبێ هەر ئەم جۆرە کەسانە بن!

بەجۆرە مەسەلەکە ئەوەیە کۆمەڵێك تیرۆریست لەناو ئەفغانستان رێکخراو و دامودەزگا و خەرجی و چەك و سیلاحێکی زۆریان هەیە، زۆربەی هەرە زۆریان بێگانەن و هیچ جۆرە پێوەندییێکیان بە تیرە و هۆز و میللەتەکانی ئەفغانستانەوە نییە. بەم رەنگە مەسەلەکە وەکو دیارە بە هیچ شێوەییێك بەرەو رووی هەموو ئەفغانستان ناکرێتەوە کە بریتییە لە نزیکەی سی ملیۆن کەس، پێویستە لە هەموو جۆرە هەڵوێستێکدا ئەمە یەکلا بکرێتەوە و نابێ بە بۆنەی لەناوبردنی تیرۆریستەکان بێ تاوانی ئەفغانی کە زۆربەی هەرە زۆریان دەگرێتەوە لە ناوبچن.

لە هەموو رۆژگارێکدا و لە هەموو هەڵوێستێکدا جێبەجێکردنی هەر کێشەییێك بەهێزی چەك کارێکی بەجێ نییە. ئەوەی ماڵی تۆ دەڕووخێنێ پێویستە ماڵی برووخێنی. خۆ ئەوەی دەتکوژێ یا بڕیاری داوە بتکوژێ ئەگەر بە زیندوویی بیگری باشترە، بۆ ئەوەی بدرێتە دادگا، بەڵام ئەگەر بەرهەڵستی کردی ئەو کاتە ئەگەر کوژرا تۆ تۆڵەی خۆتت کردۆتەوە. ئێستاکە کێشەکەی تەقینەوەی نیویۆرك و واشنتۆن لە ئەمەریکا بەشێوەییێکی دیکە کەوتۆتەوە!

کۆمەڵێك تیرۆریست لە وڵاتێکی وەکو ئەفغانستان بنکە و سەنگەر و هێڵی جەنگیان دامەزراندووە، بنکەکان بە تەواوی دەستنیشان نەکراون. ئایا بۆ لەناوبردنی ئەو کەسانە کارێکی بەجێیە ئەو شوێنانە بەردومان بکرێن؟! گریمان بڵێین لە گوندێك یا ماڵێك یەك دوو تیرۆریست خۆیان شاردۆتەوە، ئایا کارێکی چاکە ئەو جێیە بەردومان بکرێ لە پێناوی کوشتنی یەك دوو تیرۆریست، چەند کەسێکی بێ تاوان بکوژرێن؟!

ئەمە و جگە لە هەڵەی تەکتیکی سوپایی کە تا ئێستا سەدان خەڵکی بێ تاوان لەناوچوون و تاکە کەسێك لە تیرۆریستە گەورەکان نەکوژراوە.

**٨ی تشرینی دووەم ٢٠٠١**



## (١٤٧)

# تۆڵەسەندنەوە!

## ٣

مێژووی دوور و نزیکی ئەفغانستان تەنگوچەڵەمە و بەڵاو پەژمردەییە. سەیرە ناوەکەی مردن و شین و شەپۆر و فیغان دەگەیەنێ، بۆیە ناویان ناوە ((ئەفغانستان)) واتە خاکی فیغان و گریان و کارەسات و داد و فریاد.

چارەنووسی میللەتی ئەفغانی بێتاوان ئەوەیە ئەم ژەهراوە بچێژێت، ئەگەر دەسەڵاتی بوایە و ئەم تیرۆریستانەی لە خۆی دووربخستایەوە ئەمەی ئەمڕۆی بەسەردا نەدەهات. کاربەدەستە گەورەکانی ئەمەریکا قسە دەکەن، ئەوە دەگەیەنن کە ئاسایشی ئەمەریکا ئاسایشی هەموو گێتییە، ئەمە تا پلەییێك راستە، بەڵام ئەو تیرۆریستانەی ئاسایش دەشێوێنن ئەمەریکا خۆی دەستێکی درێژی هەبوو لە دروستکردنیان. بێگومان ئەم قسەیەی ئێمە ئەوە ناگەیەنێ بڵێین لەبەر ئەوەی خۆی دروستی کردوون با بیخۆن، نا بە هیچ جۆرێ مەبەست ئەوە نییە، بەڵکو هەر هۆییێك ئەم تیرۆریستانەی دروستکردبێ پێویستە هێمنانە و دیپلۆماسیانە و لەسەرخۆ مەسەلەکە جێبەجێ بکرێ.

سەیرە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دەڵێ: لە هەموو جەنگێکدا خەڵکی بێتاوان دەکوژرێن، بەڵام بۆ لەناوبردنی تیرۆریستەکان با ئەمانە لەناوبچن! لێرەدا وەك دەبینین کوچك لە ئاگر گەرمترە! ئەمە بە تەواوی پێچەوانەی تیۆرییەکەی ئێمەیە، لەسەر ئەو باوەڕەین ئەگەر تاکە تیرۆرستێك لە ماڵێکدا بێ و ماڵەکەی بنکەی تیرۆریستان نەبێ نابێ ئەو ماڵە بۆردومان بکرێ، پێویستە پیلانێکی وا دابنرێ بۆ گرتن یان کوشتنی تیرۆریستەکە بە مەرجێك هیچ کەسێکی دیکە ئازاری پێنەگا.

ئەمەریکا دانی بەوە داهێناوە تا ئێستا بە تەواوی بنکە و جێگە و رێگەی تیرۆریستە گەورە و بچووکەکانی بۆ دەستنیشان نەکراوە، هەروەها ئیعترافی کردووە کە سەدان کەس کوژراون، لەوانەیە بە بریندارەکانەوە هەزاران بن، لەم ماوەیەدا دوو ملیۆن رایان کردووە و

شەش ملیۆنیش بێنان و جێگە و رێگەن و خەریکە پاییزیش ماڵاوایی دەکا و زستانی سەختیش دەبێ بە میوانی ئەو میللەتە چارە رەشەی ئەفغانی پێدەڵێن، وەك مەتەڵەکەی کورد دەڵێ ((کورد نەبێ و ئەمە حاڵت بێ))!

لەم شەڕە و لە هەموو شەڕێکدا ئەگەر چاوپۆشی بکەین لە بۆردومانی بنکەی سوپایی و ئۆردوگای عەسکەری و فڕۆکەخانە و ئەشکەوتی نهێنی تیرۆریستان و تەلی تەلەفۆن و کارەبا و گەلێ شوێنی دیکە. نابێ چاوپۆشی لەوە بکەین لەبەر هەر هۆیێك بێ بۆمبا بەر مزگەوت و خانەی پیران و نەخۆشخانە و قوتابخانە و ماڵی خەڵکی و جێگەی ئازووقەی کۆمەڵەی مانگ و خاچی سوور بکەوێ.

تەقینەوەی نیویۆرك و واشنتۆن پۆپەی کارێکی تیرۆریستی بوو، بێزاری دەربڕین بەرامبەر بەم کارەساتە کەمترین هەڵوێستێکە پێویستە هەموو دانیشتوویێکی سەر رووی ئەم زەوییەی ئێمە دەربیبڕێ!

بەڵام بەلای ئێمەوە بەو جۆرە جەنگەی کە ئەمەریکا جاڕی داوە و تا ئێستاش بەردەوامە لە سەر خاك و ئاسمانی ئەفغانستان کێشەکە جێبەجێ ناکرێ، چونکە جێگەی تیرۆریستەکان بە تەواوی دەستنیشان نەکراوە.

ئەمە وا، ئەدی کوردی ئێمە دەبێ هەڵوێستی چۆن بێ؟! چارەنووسی ئێمەی کورد وا کەوتۆتەوە لە رابردوو و ئێستادا هەلێکی وامان بۆ هەڵنەکەوتووە خراپەمان بووبێ، زیاتر بۆ خۆمان بووە.

تا ئێستاکە کەس بە دڵسۆزییێکی تەواوەوە یارمەتی نەداوین، رەنگە لەمەدا زیاتر ئێمە خۆمان خەتابار ببین، لەبەر ئەوە بە لای منەوە پێویست ناکا لە مەلیك مەلیکی تر بین.

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە پێویستە پێڕەوی ئامۆژگارییەکانی میکاڤیلی بکەین، لام وایە ئەگەرچی هێشتا هەندێ سادەشین بەڵام کەم فامیمان نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی دەرك بەوە نەکەین ئەمەریکا هەرچەندە ماستاوی بۆ سارد بکەینەوە بە تەنگمانەوە نییە و نایەتە هانامان ئەگەر ئارەزووی ئێمە لەگەڵ خواست و بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو نەگونجێ.

ئێمە مەبەستم کورد تیرۆر بە هەموو شێوە و ئەدگارێکییەوە رەفز دەکەین، لەبەر ئەوە نییە رۆژی ئەمرۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەمەی دەوێ، بەڵکو بیروباوەڕێکی مەبدەئی و عەقیدەییێکی نەگۆڕاوەو چاکەی خۆمان و خەڵکی هەموو رووی زەوی تێدایە.



تیرۆر تازە نییە، دوێنێ و پێرێ لە ناوەوە بوو، ئەوان، مەبەست ئەمەریکا و ئەوروپایە لە زۆری ئەو رووداوانە بێدەنگ دەبوون چونکە دژ بە چاکە و بەرژەوەندی خۆیان نەبوو، بەڵام ئێمە و هەموو کەسێکی شەریف دەبێ لە هەموو جێگە و شوێنێکدا تیرۆر رەفز بکەین. بەرهەڵستی بین، دژی بوەستین.

دووبارە دەیڵێمەوە ئەگەر ئەم تەقینەوەیە، بەمجۆرە، لە ئەمەریکا رووی نەدایە، بەم رەنگە دەنگی نەدەدایەوە، هەرچی راگەیاندنی ئێمەی کوردیشە با دیمۆکراتیانە و سەربەستانە بیرورای جیاواز بلاو بکاتەوە، هیچ نەبێ هەڵوێستمان یا وەکو هەندێ لە بیروڕاکانی رادیۆی ((دەنگی ئەمەریکا)) بێ. ئەمەریکا کە چاو لە قسەکانی رادیۆی خۆی بپۆشێ بێگومان گلەییش لە ئێمە ناکا.

١٥ی تشرینی دووەم ٢٠٠١

## (١٤٨)

# کتێب فرۆشانی بن قەڵای هەولێر

خەڵکی شاری هەولێر و ئەو کەسانەی دەرەوە کە سەری لێدەدەن بە ناوی گەشتوگوزار، یا ئیش و کار، چاویان بە دیمەنێك دەکەوێ لە بناری لای رۆژئاوا و باشووری رۆژئاوای قەڵا، رەنگە دیمەنەکە بە رووکەش بۆنی دواکەوتوویی لێبێ، بەڵام لە جەوهەردا نموونەی ئەوپەڕی پێشکەوتنە چونکە مەسەلەکە پێوەندی بە کتێب و چاپەمنیی تەرەوە هەیە. دیمەنەکە بەمجۆرە خۆی دەنوێنێ:

لەسەر شۆستەی دەوری قەڵا لە شوێنە یادگارییەکەی چاپخانەی کوردستان (١٩٥٠)ەوە تا ئەو رێگەیەی بەرز دەبێتەوە بۆ لای دەرگای باکووری قەڵا، هەر کتێب فرۆشە بە درێژایی دیواری بناری قەڵا سێ چوار مەتری چوارگۆشەیی داگیرکردووە، کتێب و کۆڤار و رۆژنامە و چاپەمەنی دیکەی کۆن و تازەی لەسەر ئەرز داخستووە، هەندێك جاریش تەنافی دروستکردووە و چاپەمەنییەکانی پێدا هەڵواسیوە.

فرۆشیاری سەر شۆستەی شەقام بە زۆری بە پێوە دەوەستێ، ئەگەر ماندووش ببێ یا لەسەر ئەرز دادەنیشێ بەردێکی گەورە یا تەختە شڕەیێکی کۆن بەکاردێنێ بۆ حەسانەوە. زۆربەی ئەم فرۆشیارانە مێردمنداڵ و گەنجن. ئەم کەسانە لە ژیانی داراییاندا بەختیار نین، لەبەر ئەوەیە دوکانێك لە ژێر ئاسمانی شین دادەنێن و بێ کرێیە و هیچی تێ ناچێ و جێگە و رێگەی شیاویان نییە، تەنانەت ناتوانن کورسییێکیش دەست بخەن بۆ ئەوەی لەسەری دابنیشن. هەموو سەرمایەیان ئەو چاپەمەنییانەن بە نرخێك بەدەستیان کەوتووە بۆ ئەوەی بیفرۆشنەوە و شتێکی لێ قازانج بکەن و خۆیان و کەسوکاریان پێی بژێنن.

ئەگەر ئەمانە لە ژیانی داراییدا بەختیار نەبن بەڵای منەوە لە فام و بیرکردنەوە گەلێ هۆشیارن، جگە لەوە شارەزای کاڵای خۆیانن کە کتێبە، هەندێکیان وەك خوێنەرێك باش دەکەونە بەرچاو. کابرای فرۆشیار لە کاتێکدا کڕیاری نەبێ لاپەڕەی کتێبێك لەو کتێبانەی بەدەمی دەکاتەوە و دەستدەکا بە خوێندنەوەی.



من لێرەدا ئەم دیمەنە بەلامەوە زۆر مەزنە، بەڵام ئەم هەژارەی لای خۆمان بەجێدێڵم و روو دەکەمە کۆمەڵانی دیکە.

لە ئەورووپا و لە هەندێ وڵاتانی ئەفەریقا بازاڕی وەختی تایبەتی هەیە بە زۆری لە رۆژانی حەسانەوە واتە یەك شەمووان هەموو جۆرە کەلوپەلێك لەو بازاڕەدا لەلایەن خاوەنەکانیانەوە دەفرۆشرێن، ئەمە هەموو پێویستییێکی ئادەمیزاد دەگرێتەوە لە خواردەمەنییەوە تا جلوبەرگ و هەموو شتییێکی پێویستی ژیان بێ. ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەم بازاڕانە نییە، بەڵکو فرۆشتنی کتێب و هەموو چاپەمەنییێکە بەتایبەتی هی کۆنەی بەکارهێنراو.

دیمەنی کتێب فرۆشانی بن قەڵاتی هەولێر، لە جەوهەردا هەر ئەو بازاڕەیە کە لە رۆژی یەك شەمووواندا لەگەڵێ شوێن لە شارەکانی ئەورووپا دەبینرێ. بۆ بەڵگە لە پاریس لەسەر شەقامەکانی دەوروبەری رووباری سێن. بەڵام جیاوازی لە نێوان بازاڕی ئەوان و بازاڕی ئێمە ئەوەیە لەلای ئەوان شارەوانی هەرچی کەرەستە و کەلوپەلی پێویست هەیە بۆ ئەم کارە ئامادەیان کردووە. بە زۆریش لەوێ مەسەلەکە مەسەلەیێکی ئابووری و دارایی نییە بەڵکو هەوەسێکی دەروونییە فرۆشیاری چاپەمەنی لە رۆژی حەسانەوەدا چەند سائێك تەرخان دەکا بۆ ئەوی ئارەزووە پڕ سۆزەکەی بگەیەنێتە ئەنجام.

لە دەڵاڵخانەی (فلوومارکت) رۆژی یەك شەمووانی شاری بەرلین، لە گەڕانێکمدا لە بەشی کتێب فرۆشان، چاوم بە کچێکی گەنج کەوت لەسەر کورسییێك دانیشت بوو، مێزێکی لە بەردەمدا بوو، هەندێ کتێبی لەسەر دانابوو. لێم پرسی: کتێبت هەیە لە بابەت نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە؟ وتی: کامە وڵات، کامە میللەت؟ وتم: کورد. وتی: تۆ خەڵکی کوێی؟ وتم: خەڵکی کوردستانی عێراقم. دەستی درێژ کرد بۆ ژێر مێزەکەی بەردەمی و کتێبێکی دەرهێنا و پێی پیشاندام. کتێبەکە رۆمانی ((بە نێو کوردستانی ترسێنەردا — Durchs wilde Kurdistan)) نووسەری کارل مایای ئەڵمان بوو. وتم نرخی چەندە؟ وتی: دیارییێکە لە منەوە بۆ تۆ؟ وتم: نابێ تۆ پێویستیت بە کتێبەکە و قازانجی کتێبەکە هەیە. وتی: نا، من قوتابی پۆلی چوارەمی بەشی رۆژنامەنووسیم لە زانستگا، من کتێب فرۆش نیم، بەڵکو کتێب پەرستم، بە هەوەس و بۆ رابواردن هەندێ یەك شەمووان دێم بۆ ئێرە و کتێبەکانیش زۆر بە هەرزان دەیانفرۆشم، لەبەر ئەوە پێویستە ئەم دیارییە لەمن قبووڵ بکەی.

بازاڕی کتێب لەسەر شۆستەی شەقامەکاندا لە هەر کوێییێك بێ رەمزی شارستانیەت و پێشکەوتن و ئاسوودەییە، ئەمە ئەگەر بۆ مەبەستێکی دارایی و ئابووری، یا هەوەسی رابواردن

له ناوەوە بێ ئەنجام هەر یەكێكە. رەنگە لای ئێمە مەسەلەكە زیاتر دارایی بێ، بەلاّم كارو كردەوەییێكی بەرزو بالاّییە، لەبەر ئەوە مـن وای بـە بـاش دەزانم شارەوانی هەولێر پێویستە هەموو هەلومەرجێك بۆ فرۆشیاری كتێبەكانی بن قەلاّتی هەولێر بڕەخسێنی بەوەی رەشمالّی بچووكیان بۆ دروستبكا، كورسی و مێزی تایبەتیان بۆ دابنێ، نەك فرۆشتنی كتێب لەبن قەلاّتی هەولێر قەدەغە بكا. دیمەنی ئەو كتێب فرۆشانە ناشیرین نییە، بەلّكو بەلّگەی جوانی شارستانییە لەبەرچاوی هەموو كەسێك.

**۲۲ی تشرینی دووەم ۲۰۰۱**



## (١٤٩)

## جاسووسیەت!

وەك یادگارێك ئەم بەسەرهاتە دەگێڕمەوە: ئێوارەییێك لە خوێندنی قوتابخانەی ناوەندی هەولێر ئازاد بووین، من و هاوڕێی منداڵیم ئەنوەر تاهیر بەكر لە قوتابخانەوە بە شەقامی گەورە بەرەو ماڵ دەگەڕاینەوە. ماڵمان لە یەكدییەوە نزیك بوو لە گەڕەكی سەعدووناوە. لەو پیاسەیەدا بوو وشەی ((جاسووس))مان زۆر بەكاردەهێنا، لەپڕ هەستمان بەوە كرد خەڵكی گوێیان لە قسەكانمانە، لەبەر ئەوە پێشنیازمان بۆ یەكتری كرد بە دەنگی نزم قسە بكەین، یاخود وشەییێكی دیكە لەباتی ((جاسووس)) بەكار بێنین. وابوو تا گەیشتینە ماڵەوە بۆ وشەییێك دەگەڕاین بۆ ئەم مەبەستە، لە ئەنجامدا وشەی ((سیخوڕ))مان بەباش زانی. رۆژی دوایی گفتوگۆكەمان بۆ هاوڕێكانمان گێڕایەوە، بەمجۆرە لە دوای ماوەییێك وشەكە بوو بە زاراوە بۆ ئەم مەبەستە، نەك تەنیا لەكاتی قسەكردندا بەكاردەهێنرا بەڵكو بە نووسینیش، لە پاشانا زاراوەی ((سیخوڕ)) بوو بە وشەییێكی فەرهەنگی بۆ وشەی ((جاسووس)) ئەمەیان وا، لە كۆمەڵی بەریتانیا وشەی ((جاسووس)) سەیر كەوتۆتەوە، وشەییێكیان هێناوە لە دوور و نزیكەوە هیچ جۆرە پێوەندییێكی لەگەڵ كاری جاسووسیدا نییە، ئەو وشەیە ((ئینتیلیجێنت))ە.

وشەی ((ئینتیلیجێنت)) Intelligent وشەییێكی لاتینییە، بە مانای شارەزایی و پسپۆڕی لە هەموو بەشەكانی زانستی و ئەدەب و هونەر و رۆشنبیریدا هاتووە، ئەم سیفەتە لەم كەسانەدا دەبینرێن: شاعیر و نووسەر و ئەندازیار و پزیشك و مامۆستایانی قوتابخانە و زانا و هونەرمەند ئەفسەری سوپا و مووچەخۆرانی میری.

وشەكە وەك دیارە هیچ پێوەندییێكی بەكاری جاسووسییەوە نییە، بەلاّم ئینگلیز بۆ ئەم مەبەستە بەكاریان هێناوە، بۆ دەستگای جاسووسی و موخابەراتی تەعبیری ((ئینتیلیجێنت سیرڤیس))یان داناوە، واتە ئەم دەستگایە ئەوەندە گرنگە بەلایانەوە وەكو ئەوەیە لە خزمەتی رۆشنبیری و خوێندەواری دابێ و ئەوەی كاری تێدا دەكا رۆشنبیری ئاساییە. ئەمە وەكو تەقلیدێك لای ئینگلیز دروست بووە، بەلای ئەوانەوە كارێكی ئاساییە هەموو تاكێكی كۆمەڵی

بەریتانیا پارێزگاری تاجی بەریتانیا بکا کە دروشمی سەربەخۆیی و سەربڵندی کۆمەڵەکەیە، واتە جاسووس لەوێ بە چاوێکی نزم تەماشا ناکرێ بەڵکو وێنە و مایەی دڵسۆزی کۆمەڵەکەیە.

لە وڵاتی سۆڤیەتی کۆن ((کا گێ بێ KGB)) (کۆمیتەی ئاسایشی دەوڵەت) گەورەترین لانەی جاسووسی بوو، سەرۆکی ئەو دەستگایە دەبوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی بێ، زانایێکی هەڵکەوتوو بێ، لە تیۆری مارکسیزم و لە پراکتیکی گوێزانەوە لە کۆمەڵی سۆسیالیزمەوە بۆ کۆمەڵی کۆمۆنیزم، بێ هاوتا بێ. بەمجۆرە هەموو کۆمۆنیستێك دەبوو لە خزمەتی ئەم دەستگایەدا بێ، لەوەش سەیرتر هەموو کۆمۆنیستی سەر رووی زەوی بەلایانەوە جێی شانازی و سەربڵندی بوو ئەگەر جاسووسی بۆ حیزبی دایك پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی بکەن.

لای ئێمەش وشەی ((جاسووس)) گەلێ شێوەی دیکەی هەیە، وەکو خەفیە، موخبیر، پۆلیسی نهێنی و لەم دواییەشدا ((سیخوڕ)) ئەوەی ئێمەی مێردمنداڵانی دەوروبەری جەنگی دووەمی گێتی دروستمانکرد. لە کۆمەڵی ئێمەدا جاسووس بە چاوێکی نزم تەماشا دەکرێ چونکە تەعریفی جاسووس لەکن ئێمە وەکو لە فەرهەنگی خاڵدا هاتووە بەمجۆرەیە ((کەسێکە کە بەدزییەوە هەواڵ و باسی یەکێك یا شوێنێك ببا بۆ یەکێکی دیکە)). ئەمە جۆرە تاوانێکی کەسێتی و کۆمەڵایەتی تێدا هەیە، کردەوەییێکە دوو لایەنی هەیە، یەکێکیان هەواڵ بردن بۆ دەستگاییێك ئەمەیان ئەگەر راست بێ لەوانەیە سوودی گشتی تێدابێ، لێرەدا رەنگە جاسووس لە پێش کۆمەڵ خەجاڵەت نەبێ. بەڵام ئەگەر درۆ و هەڵبەست و پیلان بێ بۆ ئاژاوەنانەوە ئەمەیان شیرازەی کۆمەڵ دەشێوێنێ و دیموکراتیزم دەخاتە مەترسییەوە.

لە سەردەمی ئێستاماندا دەستگاکانی ئاسایش تاقیکردنەوەیان زۆرە و بە وردی لە هەموو جۆرە هەواڵ و راپۆرتێك دەکۆڵنەوە، بەڵام هەندێ جار پەلە دەکەن و ئەمە دەبێتە هۆی زیانێك لە کەسێك دەکەوێ کە پێویستە ئافەرین بکرێ نەك بە تاوانبار لە قەڵەم بدرێ.

جاسووسی لە دەزگای زانستیدا کارەساتێکە وێنەی کەمە، پیاو رەنگە بەزەیی بە جاسووسەکە بێتەوە زیاتر لەو کەسەی زیانی پێدەگا، چونکە بیرو داهێنان و زانست و هونەر لەگەڵ کردەوەی جاسووسی رێك ناکەون.

چارەنووسی کۆمەڵی ئێمە وا کەوتۆتەوە زوو زوو گۆڕانی بنچینەیی رووبدا، ئەو نەوەیەی ئێستا تەمەنی پەنجا ساڵە کەمی نەدیوە! چەند گۆڕان و گێرمە و کێشەی دیوە! ئەوەی دوێنێ وتوویەتی ئێستا بووە بە تاوان، ئەوەی ئەمڕۆ دەیڵێ سبەینێ دەبێ بە تاوان.



با بیر لە پێش (١٤)ی تەمووزی ١٩٥٨ بکەینەوە، ماوەییێك خۆشی و ئاسوودەیی بوو، بەڵام لە ١٩٦١ کورد بوو بە تاوانبار، لە ساڵی ١٩٧٠ ئاشت بوونەوە، لە ساڵی ١٩٧٤ دابڕان، لە ساڵی ١٩٩١ ئەوەی خەونمان پێوە دەبینی هەندێکی هاتەدی.

من لەناو کۆمەڵی رۆشنبیری و خوێندەواری ئەو نیو سەدەیەدا ژیاوم، راستتر تێیدا کولاوم. زۆر بەختیارم بەوەی کارم کردووە، کۆڵم نەداوە و کۆڵیش نادەم، کەسانێك لەو نیو سەدەیەدا، لە هەموو گۆڕان و شۆڕش و ئینقلابەکاندا کەمتەرخەمییان لە کاری جاسووسی نەکردووە بەرامبەر بە من، باوەڕ ناکەم هیچ رۆشنبیرێکی کورد هێندەی من بە ئاشکرا و نهێنی لەسەری نووسرابێ، بەڵام نهێنییەکە زۆر زیاترە، لەگەڵ ئەوەشدا من هەر لەبەرچاوم و دۆستم زۆرن. چونکە کار دەکەم. ئەوانەی بەپێی مەفهوومی لای خۆمان جاسووس بوون، جاسووسیان کرد، جاسووسی دەکەن، هەمیشە خەجاڵەتبارن.

**٢٩ی تشرینی دووەم ٢٠٠١**

## (١٥٠)

# مارف بەرزنجی

لە پێشەکی ئەم وتارەدا پێویستە ئەوە بدرکێنم من لەم نووسینەمدا بێلایەن و بابەتی نیم، ئەوە راستە بەلای منەوە هونەری وتار نووسین هەر چەندە راستیشی تێدا بێ بەلام شێواز خەیاڵێکی داهێنراوی هونەرییە، کەچی من لێرەدا جڵەوی خەیاڵم شل کردووە بۆ سۆزێکی بە کوڵی دوور لە ئەقڵی لۆجیکی. ئەوەی لە نووکی قەڵەمم هەڵقوڵاوە و بووە بەم دێڕانەی خوێنەری کورد لێرەدا دەیانخوێنێتەوە لەگەڵ مێشکمدا قسە ناکەن بەڵکو گوێیان لە ترپەی دڵمە، ئەمە هەمووی لەبەر ئەوەی مارف بەرزنجیم خۆشویستووە بە هەموو مانایێکی زەمینی سۆفیزمییەوە.

پاییزێکی درەنگ بوو، بەلام ئەو سەردەمە بێ بارانی و نەهات نەبوو وەکو رۆژگاری ئێستا. ئەو کاتە نەگبەتییەکە لەوەدا بوو لافاوەکەی سلێمانی خاکی وێران کردبوو، خەڵکی کوردی کوشت بوو.

لەو رۆژی لافاوەدا بوو لە پێش نیوەڕۆ لە بەغدا بەڕێکەوتم و ئێوارە گەیشتمە کەرکوك. من خۆم ئەم شارەم هەڵبژاردبوو ببێتە ماڵبەندی ژیانی هەمیشەییم، دیارە لەبەر ئەو هۆیە نەبوو ئەوەی ئەمڕۆ کوردی هانداوە ئەم شارەیان خۆش بوێ، بەڵکو من خۆشم نازانم هەر لە منداڵییەوە بۆچ کەرکووکم خۆشویستووە، بۆچ کە تیپی فوتبۆڵی کەرکووك و هەولێر یارییان دەکرد من چەپڵەم بۆ کەرکووك لێدەدا، ئارەزووم دەکرد تیپی ئەوان سەربکەوێ. خۆشویستنی کەرکووکم دەبێ لەبەر ئەوە نەبێ هێشتا لە حوجرەی مزگەوت بووم، نەچووبووم بۆ قوتابخانەی سەرەتایی باوکم ژنێکی تری هێنا، ئەم باوەژنە، یا دایکی دووەمم هێندەی دایکی راستەقینەم خۆشمدەویست، دەبێ لەبەر ئەو نەبێ چونکە باوەژنم خەڵکی کەرکووك بوو؟!

ناوی مارف بەرزنجیم بیست بوو، ناوی منیش ئاشنا بوو لای ئەو. ئەگەر مەسەلەی درهێنان و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ((شەفەق)) بە زمانی کوردی و عەرەبی لە کەرکووك لە ناوەوە نەبووایە لەوانە بوو هەروا زوو بەزوو ئاشنایەتی لەگەڵ یەکتریدا پەیدا نەکەین. پێشتر ناسیاویم



لەگەڵ هەموو ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ((شەفەق)) هەبوو، تەنیا مارف بەرزنجی و حوسێن بەرزنجی کاکی نەبێ.

زۆر زوو لەگەڵ مارف بەرزنجی گەیشتینە پلەیێکی برادەری ئەوتۆ خەڵکی ئێمە بە دووبرا حسێب بکەن، هەندێکیان ئەمەیان نەدەشاردەوە و دەیان وت چۆن دەبێ دوو برا ناوێکیان هەبێ! بە تەمەن من لەو بچووکتر بووم. بەپێی رەوشتی ناو ماڵی کوردەواری من ئاییینی برا بچووکیم بەجێدەهێنا، بەلام ئەو لەمن زیاتر سۆزی براگەورەیی دەنوواند، ئەگەر ئاوڕێك لەو چەند نامەیە بدەینەوە کە لە گرتووخانەی بەغداوە بۆی دەناردمە مۆسکۆ و سانت پیترسبۆرگ لە رووسیا بە روونی ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێ.

مارف بەرزنجی کوردێك بوو هۆشیارانە کوردایەتی دەکرد، لەسەر هەر بیروباوەڕ و عەقیدە و ئیدۆلۆجییەتێکی فەلسەفی و سیاسی بووبێت لە پێناوی ئامانجی سەربەخۆیی کورد و ئازادی کوردستان بووە، کەسایەتییێك بوو ئاشتیخواز و دوور لە سیاسەتی زەبرو زەنگ.

هەستی شاعیری و هەوەسی نووسین و هونەرپەرستی لەلای مارف بەرزنجی خۆرسك بوو. ئەو هەستە لە رۆژی لە دایك بوونییەوە لە ناخی دڵ و دەروونیدا رسکاوە و بە شیری دایك پەروەردە کراوە.

توانای هونەری مارف بەرزنجی بۆ ماوەیێکی زۆر نادیار و نهێنی بوو، شەرمی دەکرد بەرهەمی ئەدەبی بەناوی خۆی بڵاوبکاتەوە، لە پاشانا لاپەڕەکانی کۆواری ((شەبەق)) بوون بە مەیدانی مەشق، بەمجۆرە توانای پڕ هەست و نەستی مارف بەرزنجی لە شیعر و پەخشانی ئەدەبی کوردیدا مشتوماڵ کرا، بەتایبەتی لە نووسینی چیرۆکدا.

من و مارف بەرزنجی ماوەی دوو ساڵ پێوەندیمان بە یەکترییەوە هەبوو، ژیانمان پێکەوە بوو، بە جۆرێك رۆژانە چاومان بە یەکتری دەکەوت، ئەوە نالێم ئەگەر دوو سێ رۆژ چاومان بە یەکتری نەکەوتایە لەو رۆژانەی من سەفەرم بۆ بەغدا و سلێمانی و هەولێر دەکرد، هەرچی ئەویش بوو سەفەری کەم بوو، بۆ سلێمانی نەبێ لە ئەویشیانا من هەمیشە لەگەڵی دەبووم.

برایەتی من و مارف بەرزنجی لەو دوو ساڵەدا نیوەی کەوتە پێش رووداوەکانی (١٤)ی تەمووزی ١٩٥٨ و نیوەی دووەمی کەوتە پاش ئەو رووداوانە.

رۆژانی پێش تەمووز هێمن و لەسەرخۆ بوو. جڵەوی خەیاڵمان شل دەکرد و ئەوەی لە خەوندا دەمانەدی هەوڵمان دەدا لە گێتی راستی بهێنینە دی: چیرۆك بنووسین، کتێب دابنێین، کۆواری ((شەفەق)) پێش بخەین، لە هاویندا گەشتی لبنان و ئێران و ئەستەمبوڵ بکەین، ئەگەر

بتوانین پاسپۆرت دەست بخەین. خۆ ئەگەر بۆمان بگونجێ چاومان بە پاریس بکەوێ ئەمەیان ئەوپەڕی شادییە.

بەڵام ڕووداو لە چاکە و بەرژەوەندی ئێمە نەبوو، پیلانەکانی ئەمپریالیزمی ئەو سەردەمە بە سەرۆکایەتی کۆمپانیاکانی نەوتی کەرکووك ئاژاوەیان نایەوە. کەسێکی ئاشتیخواز و دڵسۆزی خاك و نەتەوە وەکو لە سەرانسەری داهێنانە ئەدەبییەکانیدا دەردەکەوێ، نەیاران کردیان بە پیاوکوژ، حەقیقەتیان هەڵگێڕایەوە، ئاشتیخوازێکی وەك ئەو و هاوڕێکانی دیکەی لەلایەن تیرۆریستی حەقیقییەوە لەناوچوون، پێش لە قەنارەدان لەژێر ئەشکەنجە و ئازار هێزی ئەوەیان نەمابوو خۆیان ئازایانە پەتەکە بکەن بە ملی خۆیانەوە.

هەفتەیێك پێش جەژنی نەورۆز بۆ دواجار چاوم بە مارف بەرزنجی کەوت لە گرتووخانەی بەغدا، یەکتریمان ماچکرد، دوا چاوپێکەوتن بوو، ئیتر یەکتریمان نەبینییەوە.

گومانم لەوەدا نییە کە من لە هەندێك لە نزیکەکانی مارف بەرزنجی دڵسۆزترم بۆی، لەو ڕۆژەوە کە ناسیوومە تا ئێستا، چونکە ئەو کەسانە مارفیان لەبیر چووبووەوە. ئەمانە لەو کەسانە نزیك بوونەوە کە مارفیان شەهید کرد، بەڵام من تا ئێستاش گەردەنی ئەو کەسانەم ئازاد نەکردووە کە مارفیان کوشت.

**٦ی کانوونی یەکەم ٢٠٠١**



## (١٥١)

## گردی قارنچاغا

لە سەردەمێکی هەندێ کۆنەوە تا دەوروبەری پاش جەنگی دووەمی گیتی ئاقار و شوێنە دیارەکانی قەراغ شاری هەولێرمان بە قەڵا بەناوبانگەکەی دەستنیشان دەکرد و بە خەڵکیمان دەناساندن، چونکە قەڵا نێوەندی شار بوو، لە دەوری ئەوەوە فراوان دەبوو.

قەڵا چەند دەرگاییێکی هەبوو، دیارە دەرگا هەرە بەناوبانگەکەی بە ناوی "دەرگاری گەورە"وە بوو، دینواڕییە باشووری شار تا چاو بڕی دەکرد دەبینرا ئینجا لە ئاسۆی خوارووداوون دەبوو. ئەو ڕێگە باریکە قیرتاوکراوە لە خوارووی بەر دەرگای قەڵاوە وەکو مارێکی ڕەش لە دەشت و پانایيدا بخزێ وابوو، ئەمە ئەو شەقامە بوو دەچووە کەرکوك.

جێگە و شوێنەواری مێژوویی و ئەرکیۆلۆجی لە قەراغ ئەو ڕێگەیە دەبینران، لەوانە کارێزی ((ئاوی میری)) کەوتبووە جێگەی ئۆتێلی شیراتۆنی ئێستا، لای ڕاستی ڕێگەی کەرکووك دەکەوتە بەرچاو. ئەم کارێزە مێژووی هەیە، بەڵام زۆر کۆن نییە، کەچی لە دوای ماوەییێکی کەم بە پێ ڕۆیشتن و چەند هەنگاوێك بە ئۆتۆمبێل لای دەستی چەپ گردێك دەبینرا، ناوی گردی ((قارنچاغا)) بوو. ئەگەر تەمەنی ئاوی میری چەند سەد ساڵێك بووبێ، تەمەنی گردی قارنچاغا چەند هەزار ساڵێك بوو.

گومان لەوەدا نییە ئەم گردە پاشماوەی ڕۆژگارانی پێش قەڵای هەولێر و پێش مێژووە،ئەو دەورە دێرینانەی بە ناوی دەوری بەردی کۆن ناو دەبران و هێشتا ئادەمیزاد ئەلفوبێ و نەقشی نەدۆزی بووەوە بۆ تۆمارکردنی هەموو بیروڕاییێکی زانستی، یا قسەییێکی جوانی داهێنانی تێدا بێ کە ئێمە شیعر و پەخشانی هونەری پێدەڵێین.

لە بارەی ناوی گردەکەوە ئەوەی ڕاستی بێ من لە سەردەمی منداڵیمەوە زیاتر لە دایکم ناوی ئەم گردەم بیستووە. لە ماڵی ئێمە و گەڕەکەکانی لای باشووری قەڵا ئەم ناوە و ناوی ((ئاوی میری)) زیاتر دەبیسترا، چونکە ئەم شوێنەوارانە لە خوارووی ئەو گەڕەکە بوون کە بنەماڵەی ئێمە تێیدا دەژیا.

وەك وتم، من ناوەکەم بە شێوەی ((قارنچاغا)) بیستووە، بەڵام بۆ یەکەمین جار بە نووسین لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا بە شێوەی ((گردی قالیچاغا)) کەوتە بەرچاوم، لێرەدا زیاتر

بیرم بۆ ئەوە دەڕوا لە شەستەکاندا کە دەستگاکانی ئەرکیۆلۆجی (الآثار) خەریکی هەڵکەندن بوون لەو گردەدا بۆ دۆزینەوەی کەلوپەل و قاپ و قاچاغی کۆن، ئەوانەی خەریکی ئەو کارە بوون کوردیان نەزانیوە و ناوی گردەکەیان لە خەڵکی پرسیوە ئیتر دەنگی تیپی وشەکە بە شێوەی ((قالیچاغا)) وەکو چۆن لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی ((باپشتیان)) بوو بە ((بافستیان)) و ((حاجی ئۆمەران)) بوو بە ((حاجی عیمران))!

ئەمە بۆچوونێك بوو، لەلایێکی دیکەوە پیاو بیری بۆ ئەوەش دەچێ مەسەلەکە زۆرانبازییێك بێ لە نێوان دەنگی ((ل)) و ((ر)) بەوەی خەڵکی دەشتی هەولێر (کرمانج) هەموو لامێك (ل) دەکەن بە رێ (ر) ئەگەر مەسەلەکە وابێ دەبوو ناوی گردەکە بە شێوەی ((قالیچاغا)) چونکە من خەڵکی ناو شاری هەولێرم، بە هیچ جۆرێ قسەی من ناچێتە ناو فۆنیمی کرمانجەوە ماڵی ئێمە نە (لام) دەکەن بە (رێ) و نە (عەین)یش دەکەن بە (حێ) و پێچەوانەکەشی هەر لە ناوەوە نییە.

هەموو هەولێرییێك ئەوەی زانیوە کە گردی قارنچاغا لە کۆنی کۆندا جێی مەڵبەندی ژیان بووە. ئێمە وامان دەبیست کە ئەم شوێنە زۆر کۆنە و هی سەردەمی کافرانە، واتە پێش ئیسلام، خەڵکەکە ئەمەیان لە کتێب نەخوێندبووەوە، چونکە لە مەیدانی ئەرکیۆلۆجیدا باسی ئەم گردە نەکراوە، بە گێڕانەوەی سەرزار ئەم هەواڵە لە نەوەییێکەوە بۆ نەوەییێکی دیکە گوێزراوەتەوە.

من بەش بە حاڵی خۆم هەر بە قسەی سەرزار زانیاریم لە بابەت ئەم گردەوە هەبوو، ماوەییێکی درێژیش لە شاری هەولێر و هەموو نیشتمان دوور کەوتمەوە. لە دوا ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا کە گەڕامەوە هەولێر جێی گوشادی بوو بۆم کە چاوم بەو کرێکارانە کەوت لە ژێر چاودێری دەستگای ئەرکیۆلۆجی خەریکی گەڕان و کۆڵین بوون لە ((گردی قارنچاغا))دا.

وابوو لە ئەنجامی کارەکە ئەو راستییەیان خستەڕوو کە ئەم گردە مێژوویێکی کۆنی هەیە، لە پێش مێژوو و رۆژگارانی دەوری بەرد مەڵبەندی ژیان بووە. نموونە ئەو کەلوپەل و قاپ و قاچاغانەبوو کە لە ئەنجامی کۆڵینی ئەرز دۆزرانەوە. یەکێك لە رەوشت و نەریتی ئادەمیزادی ئەو سەردەمە ئەوەبوو مردوویان لەناو کەندوویێك دەناشت و هەر لە ژووری نووستنی خۆیان دەمایەوە هەتایە.

**١٣ی کانوونی یەکەم ٢٠٠١**



## (١٥٢)

# شۆڕشی رووس لە ١٩١٧ دا

رەنگە خوێنەری ئەم وتارە لەو کاتەی چاوی بە ناونیشانی نووسینەکە دەکەوێ وابزانێ من لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ی بۆلشەڤیکەکانی رووس دەنووسم، لەمەدا ناهەقی نییە چونکە ((مێژوویێك)) وایکردووە خەڵکی بۆ ئەم مانایە بچن، کەچی مێژوویێکی دیکەی کە لە راستی دەگەڕێ و ئەو هەوڵە مێژووییانەی لە سەدەی بیستەمدا خەرجکراون بۆ ئەم ئامانجە ئەوە دەگەیەنن کە شۆڕشی رووس ١٩١٧ شۆڕشی ئۆکتۆبەر نییە، بەڵکو شۆڕشێکی دیکەی کلاسیکییە وەکو شۆڕشەکانی کرۆمۆیلی بەریتانی و شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی ئەمەریکی، بە کورتی شۆڕشێکی بورجوازییانەیە بە قەولی کۆمۆنیستەکان خۆیان، ئامانجی سەرەکی ئەوەبوو تەخت و تاراجی قەیسەری رووس تێك بدا و دەستووری دەوڵەت لە مەلیکی ئۆتۆکراتییەوە وەربگێڕێتەوە سەر رژێمی کۆماری پەرلەمانی فرە حزبی.

لە دوای ساڵانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بەتایبەتی لە ماوەی جەنگی یەکەمی گێتی دەوڵەتی رووس بە شێوەییێك پەکی کەوت بوو، توانای ئەوەی تێدا نەمابوو بەرگری لە خۆی بکا و لە هێرشی خەڵکی رووس بە سەرۆکایەتی ئینتلیجێنت خۆی بپارێزێ، وابوو لە ١٥ی مانگی مارتی ١٩١٧ ئەم شۆڕشە داگیرسا. سەرکەوتنی بنچینەیی شۆڕشەکە لەوەدا بوو فەرمانڕەوایی قەیسەری لابرد و جاڕی رژێمی کۆماریدا.

بەڕاستی ئەمە شۆڕشی دووەمی نەتەوەی رووس بوو لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە پێوەندی بە شۆڕشی یەکەمەوە هەبوو. ئەمەیان وەکو مەشق و تاقیکردنەوەییێك بوو بۆ شۆڕشی دووەم.

شۆڕشی یەکەم لە ساڵی ١٩٠٥ داگیرسا لە دوای شکانی رووس لە جەنگی رووسی و یابانی بەناوبانگ. راستە مەبەستی ئەم شۆڕشە گۆڕینی رژێم بوو لە مەلیکییەوە بۆ کۆماری، کەچی لەمەدا سەرنەکەوت. بەڵام ئارەزووی خەڵکی رووس وایکرد داواکارییەکانی بهێنرێتە دی. لێرەدا ئەوەی گرنگ بێ ئەوەبوو بۆ یەکەم جار پەرلەمانی رووسی دامەزرا بەناوی ((دووما)) یەکەم کۆبوونەوەی لە رۆژی (١٠)ی مایسی ١٩٠٦ بوو.

لە دوای ئەمە دەستکرا بە چاککردنی باری ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵکی رووسیا، دیموکراتیزم سەری دەرهێنا و تاکی کۆمەڵ تا پلەیێك هەناسەی ئازادی کێشا. هەر ئەم وەزعە دیموکراتییە بووە هۆی ئەوەی بیروباوەڕی مارکسیزم زیاتر پەرە بستێنێ و هەندێ سەرۆکی دیاریان لێ هەڵبکەوێ هی وەکو ڤلادیمیر لینین و لیڤ ترۆتسکی و هەروەها هەندێ زاراوەی تازە کەوتە ناو زمانی قسەکردن و نووسینی رووسی وەکو ((بۆلشەڤیك، مینشەڤیك، سۆڤیەت..)) و هی دیکە.

شۆڕشی بۆرجوازی رووس لە رۆژی (٨)ی مارتی ١٩١٧ هەڵگیرسا، هەر لەو رۆژەدا قەیسەر نیکۆلای خۆی گەیاندە هێڵی جەنگی رۆژهەڵات و فەرماندەیی شەڕی رووس و یابانی کرد. بەڵام سوپای رووس هەر لە کشانەوە و دۆڕاندنی جەنگ دابوو، لە هێڵی رۆژئاواشدا نەیدەتوانی بەرامبەر هێرشی ئەڵمانیا خۆی بگرێ.

میللەت سەرشەقامەکانی شاری پیترۆگرادی پایتەختی داگیرکرد. کرێکاران و ژنان دەوری کاریگەریان هەبوو. لە دوای دوو رۆژ پاش هەڵگیرسانی شۆڕش لە (١٠)ی مارت، سەربازانی سوپا فەرمانی ئەفسەرەکانیان بەجێنەگەیاند، تەقەیان لەگەڵ نەکرد.

لە (١٤)ی مارت قەیسەر لەسەر تەخت هاتە خوارەوە و بەوە رازی بوو برای لە جێی دابنیشێ، حکوومەتێکی کاتی دامەزرا، زۆری پێنەچوو ئەویش لابرا، کیرنسکی وەك یەکەم سەرۆکی رووسیای کۆماری باوەڕی پێکرا بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوکارانی دەوڵەت بەپێی دەستووری کۆماری تازە بەرێوە ببا.

لەگەڵ دامەزراندنی دەسەڵاتی کۆماری رووسیا بە دانانی کیرنسکی وەك سەرۆك کۆمار هەلێکی لەبار بۆ کۆمۆنیستەکان هەڵکەوت لەناو شۆڕشی سۆسیالیستی بەرپا بکەن، بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی بۆرجوازییەکەوە بیگوێزنەوە ناو ناوەڕۆکی سۆسیالیزمی. وابوو لە ماوەی حەوت هەشت مانگدا توانیان حکوومەتی ساوای کیرنسکی سەراو ژێر بکەن و لە (٧)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٧) پارتی کۆمۆنیست دەسەڵات بگرێتە دەستی.

وەکو لە سەرەتای ئەم وتارەدا وتمان مەبەستی ئێمە، ئەم شۆڕشە نییە، بەڵکو هەردوو شۆڕشە بۆرجوازییەکەی رووسە، ئەوەی ساڵی (١٩٠٥) و ئەوەی مارتی ١٩١٧.

ئەگەر شۆڕشە بۆرجوازییەکەی رووسی مارتی ١٩١٧ کۆمۆنیستەکان دەستیان بەسەردا نەگرتایە و لەبەر رۆشنایی شۆڕشە بۆرجوازییەکانی دیکەی ئەوروپا و ئەمەریکا، هی وەکو شۆڕشی فەرەنسی پەرەی بسەندایە و بەرێوەبچووایە، ئایا پێشکەوتنی میللەتی رووس وەکو ئەو پێشکەوتنەی ماوەی فەرمانڕەوایی کۆمۆنیستەکان (١٩١٧-١٩٩١) دەبوو؟! ئەمە پرسیارێکە ئێرە جێی وەڵامدانەوەی نییە قسەی زۆر هەڵدەگرێ.

**٢٢ی کانوونی یەکەم ٢٠٠١**



## (١٥٣)

## جەودەت ئەحمەد ناجی

لە قوتابخانەی ئوولای سەرەتایی هەولێر ئەو رۆژەی من بووم بە قوتابی پۆلی یەکەم جەودەت ئەحمەد ناجی پۆلی سێیەم بوو. لە دوای دوو سێ رۆژ یەکتریمان ناسی، لەو رۆژەوە بە درێژایی تەمەنم لەو سەردەمانەی لە هەولێر بووبم پێوەندیم بە جەودەتەوە بووە تا رۆژی کۆچی دوایی لە هەفتەی رابردوودا.

ئەوەی لەدایك بووانی پێش جەنگی دووەمی گێتی کە جەودەت یەکێك بوو لەوان، لەناو جیهانێکی پڕ لە گرێی سایکۆلۆجی دەژیاین وەك رۆڵەی میللەتێکی مافخوراوی بێ خاوەنی دواکەوتوو، دەتوانم بڵێم یەکێکی وەکو جەودەت و هەموو هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی دژی دەسەڵاتی رووخاوی کۆنی عوسمانی بوون، چونکە لە دواکەوتوویی بەولاوە هیچی بۆ نەتەوەی ئێمە بەجێنەهێشت بوو، دژی ئینگلیز بوون چونکە هیچ جۆرە چاکەیێکی بۆ کورد نەبوو، دژی تورکە کەمالییەکان بوون چونکە زمانی کوردی لە نەتەوە قەدەغەکردبوو. ناچار ئەو نەوەیە روویان کردە رووس و رژێمە تازەکەی چونکە وایان دەزانی ئامانجی چارەنووسی نەتەوەیی بۆیان دێنێتە دی و سەرەڕای ئەوەش لانەوازی و هەژاری لەناو کۆمەڵدا نامێنێ. تاقیکردنەوەیێکی سەخت بوو، نەگەیشتە ئەنجام.

جەودەت لەو فیردەوسە دەگەڕا چارەنووسی کوردی تێدا بدۆزێتەوە کە ئازادی و سەربەستی بوو. مخابن بۆی نەچووە سەر، بەڵام بەوەی باش بوو پیاوانە لە گۆڕەپانی یاری هاتە دەرەوە و هۆشیارانە و بە وریایی لەودیو پەرژینی گۆڕەپانەکەوە تەماشای یاری دەکرد.

جەودەت لە ساڵی ١٩٤٧ خوێندنی قوتابخانەی ئامادەیی لە هەولێر تەواو کرد. بۆ خوێندنی زانستگا رووی کردە بەغدا و لە کۆلێژی مافی ئەو سەردەمە بوو بە قوتابی. کە خوێندن لەو کۆلێژەدا دەستپێکرد، کەوتە ناسینی خەڵك و پەیدا کردنی برادەری تازە لەو کۆمەڵە نوێیەی بەغدادا.

بەپێی گێڕانەوەکانی خۆی بە تۆمارکراوی سێ مانگ و نیو پێش رووداوەکانی راپەڕینی (وثبە)ی کانوونی ساڵی ١٩٤٧ بووە بە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عێراق. جموجۆڵی

سیاسی لە ساڵی ١٩٤٨ دا بووە، لە سێ شانەی پارتی کۆمۆنیستدا کاری کردووە، ئەم سێ شانانە هەریەکەیان بە جەودەتەوە لە سێ ئەندام پێك هاتبوو. ئەم ناوانە لە مێژووی ئەم حزبەدا ئاشکران.

جەودەت لە (١٣)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ لە هێرشە گەورەکەی پۆلیس بۆ سەر پارتی کۆمۆنیست گیراوە. خەباتی دەرەوەی لەناو ئەم ڕێکخراوە نزیکەی ساڵێك و سێ مانگ بووە.

لە ئەنجامی دادکردنی جەودەت بە فەرمانێکی قورس دەخرێتە بەندیخانەوە لە دوای ماوەییێك و پاش هەوڵ و تەقەلاییێکی زۆری ئەحمەد ناجی باوکی و بە هۆی سەید عەلی حیجازییەوە جەودەت داوا دەکا لە بەندیخانە ئازاد بکرێ. ئەم هەوڵەیان سەر دەگرێ، لەم بابەتەوە جەودەت خۆی دەنووسێ ((بۆم دەرکەوت توانای ئەوەم نییە کارێك بکەم پێویستی بە چاونەترسی و ئازایەتییێکی قورس هەیە، بۆیە بڕیارمدا ئەم کارانە بۆ ئەو کەسانە بە جێبێڵم کە توانای ئەوەیان هەیە بیگەیەننە سەر)).

بەمجۆرە جەودەت لە بەندیخانە رزگاری بوو، وازی لە خوێندنی کۆلێژی ماف هێناو گەڕایەوە هەولێری مەڵبەندی هەمیشەیی ژیانی و بە مووچەخۆرێکی مێری رازی بوو.

بەڕاستی مێژووی ژیانی جەودەت رووناکییێکە پێویستە هەموو کەسێك بەتایبەتی رۆشنبیری کورد پێڕەوی بکا. ئەو ماوە کەمەی کە خەریکی سیاسەت بوو بۆ ئەوەی بوو کورد بگاتە هیواو ئامانجی، کە حەقیقەتی دۆزییەوە و زانی بەو شێوازە مەسەلەی بۆ ناچێتە سەر وازی لێهێنا، لێرەدا نەك وازهێنانی ئاسایی وەکو ئەوانەی هەر رۆژێ لەسەر پەتێك یاریدەکەن و ناوی دەنێن سەنگەر گۆڕین، بەڵکو سووربوو لەسەر بەڵێنی خۆی. یەکێ بوو لەو رۆشنبیرە کوردە دەگمەنانەی بە بێلایەنی مایەوە تا ئەو رۆژەی سەری نایەوە.

من جەودەت و چەند رۆشنبیرێکی دیکەی هەولێر هەن وەکو ئەو، بە ئاوێنەیان دەچوێنم، چونکە هەمیشە شاری هەولێر وێنەی راستەقینەی خۆی لە پەیکەر و سیمای ئەوان بینیوە، ئەمانە وایان بۆ رێککەوت لە هەولێر لەدایك بن و هەموو ژیانیان لە هەولێر ببەنە سەر و هەر لەوێش بنێژرێن.

لە چلەکانی سەدەی بیستەمی سەردەمی قوتابییەتی قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی جەودەت یەکێك بوو ناڵێم لە قوتابییە زیرەکەکانی وانەی قوتابخانە، بەڵکو یەکێك بوو لە قوتابییە هەرە دیارەکان، وەکو خوێنەرێکی بە کوڵی کتێب و رۆژنامە و کۆوار و هەموو جۆرە



چاپەمەنییەك، بەم شێوەیە هەر لەو سەردەمەوە دەتوانم بڵێم زانیارییێکی ئەنسیکلۆپیدی بەرزی هەبوو، هەر کتێبێکی دەست بکەوتایە لە فەلسەفەوە تا کتێبی منداڵان دەبوو بیخوێنێتەوە، خوێنەرێکی نیوەچڵ نەبوو، ئەوە ناڵێم ئەگەر بە دەگمەن کتێبێکی دەست بکەوتایە و هەمووی نەخوێندبایەوە، ئەگینا هەر نووسراوێکی دەست بکەوتایە دەبوو لەلاپەڕەی یەکەمەوە تا دوایی هەمووی بخوێنێتەوە.

رەنگە کەم کەس ئاگاداری ئەوە بن کە جەودەت بایەخی زۆری بە سینەما دەدا، وەك هونەر و پیشەسازی، گەلێ وردبوو لە رەخنەگرتن چونکە شارەزای هەموو زانیاری و کون و کەلەبەرەکانی پیشەسازی سینەما بوو.

جەودەت هەر لە سەرەتای ژیانییەوە ویستی ببێ بە خوێنەر و نەیویست ببێ بە نووسەر ئەگەر نا نووسەرێکی باشی لێدەکەوتەوە.

جەودەت ئەحمەد ناجی شانازی و سەربڵندی بوو بۆ هەولێر، هەندێ لە مێژووی ئەو شارە و لە ئاوێنەی ژیانی ئەودا دەور دەکرێتەوە لە سەرانسەری سەدەی بیستەمدا.

گۆڕی جەودەت ئەحمەد ناجی پڕ لە رووناکی و جێگەی هەمیشەیی بەهەشتی بەرین بێ.

**٢٧ی کانوونی یەکەم ٢٠٠١**

## (١٥٤)

# چوومە وڵاتی کەس نەناس!

ناوی ئەم وتارە لە داهێنانی من نییە، لە بنجدا وتەییێکی ناتەواوە، تەواوی رستەکە ((چوومە وڵاتی کەس نەناس، خۆم هەڵکێشا پڕ بەکراس))ە، ئەمە قسەییێکی نەستەق یا پەندێکی پێشینانی ناو کۆمەڵی کوردەوارییە. وەکو ئاشکرایە و خەڵکی دەیزانن، هەموو پەندێك یا قسەی نەستەقێك لە ئەنجامی رووداو یا بەسەرهاتێك دروستدەبێ. لێرەدا ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە ئەو بەسەرهاتە بگێڕینەوە کە لە ئەنجامیدا ئەم پەندە لەدایك بووە، بەڵکو دەمانەوێ باس لە دوو هەڵوێست بکەین. ئەگەر ئەم پەندە بکرێ بە ناونیشانان، کاڵا بە قەد باڵا و ناو پڕ بە پێستیان دەبێ. ئەم دوو هەڵوێستە یەکێکیان ئەوەی ئێرە لە دەرەوەی وڵات دەری دەبڕێ، ئەویدیکەیان کەسی ئێرە کە لە دەرەوەی وڵات دێتەوە دەیخاتە کار.

## ١

لە دوای جەنگی دووەمی گێتی کەم کەس خەڵکی وڵاتی ئێمە وەك نیشتەجێی هەمیشەیی یا وەختی لە ئەوروپا دەبینران، بێگومان ژمارەی نیشتەجێ و وەختییەکان واتە قوتابیانی خوێندن زۆرتر بوو لەوانەی ئەوروپایان بە یەکجاری کردبووە جێی ژیانی خۆیان. ئەم قوتابیانە لە پاش تەواوکردنی خوێندن دەگەڕانەوە نیشتمان.

زۆربەی ئەم قوتابیانە بە هییچ جۆرێ تووشی گرێی سایکۆلۆجی و هەستکردن بە کەمی نەدەبوون، زیاتر بیریان لە خوێندن دەکردەوە و بە کوڵ کۆششیان دەکرد بۆ ئەوەی زوو کۆتایی بە خوێندنیان بێنن و بگەڕێنەوە وڵات، کەسیان بیری لەوە نەدەکردەوە لەو وڵاتە بمێنێتەوە، تەنیا ئەگەر زیرەك بووایە لەوانە بوو لەجێی خوێندنیدا هانبدرایە بۆ ئەوەی لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە، لەو حاڵەتەشدا بە هیچ جۆرێ بیری لەوە نەدەکردەوە لە نیشتمان دابڕاوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو کاتێك بەبێ گیروگرفت دەیتوانی بگەڕێتەوە نیشتمان بە سەردان یا بە یەکجاری.

هەندێ لەو قوتابیانە ئەوەندەی من ئاگادارم لە ئەوروپاش بە عەقڵیەتی لای خۆمان بیریان دەکردەوە، بۆ بەڵگە کارێکی ئاسایی بوو کەسێکی چینی خوارەوە یا ناوەندی کۆمەڵی ئێمە



باوکی مووچە خۆرێکی بچووك بێ خۆی بە جۆرێك بە خەڵکی بناسێنییێ وەکو ئەوەی باوکی دەوڵەمەندە یا دەرەبەگە یا ئەگەر دوکاندارێك بێ دەڵێ باوکم سوپەرمارکێتی هەیە. بەم کارە وایدەزانی زیاتر رێزی لێدەنێن، ئیتر دیارە ئەم پێوەندییە بە جۆری رەوشتی ئادەمیزاد دەگۆڕێ، هی وا لەناو کۆمەڵدا دەبینرێ رقی لە دەوڵەمەندە، جگە لەوە باوکی ئەو کەسە هەرچی بووبێ بەلای ئەوروپاییێکەوە دەوڵەمەندی و هەژاری باوك و باپیرانی کەسێك مەقامی کۆمەڵایەتی ئەو کەسە بەرز ناکاتەوە.

رۆژێك هاوڕێییێکم لە ئەوروپا بۆی گێڕامەوە: بە رێکەوت لە زانستگا بووم بە هاوڕێی کچێکی یەکجار زیرەك و بە ئەدەب و جوان، هاوڕێیتیمان تەنیا ماوەی هەفتەییێکی خایاند، ئیدی بە قسە بێتامەکانم لە خۆم تێکدا، بەوەی بۆ خۆهەڵکێشان باسی دەوڵەمەندی ماڵی باوکم کرد، تەلار و کۆشك و باڵەخانە و ئۆتۆمبیل و چی و...چی... هەر ئەو شەوە لە ماڵی خۆیانەوە تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: لەم ساتەوە با پێوەندی نێوانمان دوایی پێبێت!

## ٢

لەم چەند ساڵەی دواییەدا خەڵکی ئێمە ئەوانەی خۆیان ئاوارەی ئەوروپا کرد بە سەدان هەزار حسێب دەکرێن، ئەمانە کەسیان وەکو قوتابی نەچوون بۆ ئەوێ خوێندن تەواو بکەن و بگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان، بەڵکو بە قاچاغی لە وڵاتانی ئەوروپا نیشتنەوە، لە پەنجاو شەستەکاندا قوتابی دەچوون بۆ خوێندن لە پاشانا بە مامۆستای زانستگا و پزیشك و ئەندازیار دەگەڕانەوە، بەڵام ئێستاکە مامۆستای زانستگا لێرەوە دەچێ بۆ ئەوروپا لەکاتی خۆی لەوێ باوەڕنامەی وەرگرتووە، کەچی ئێستا چەند ساڵێکە هەر لە کەمپ بەدەست بەسەری دەژی و رووی نایە بگەڕێتەوە نیشتمان.

ژمارەمان، خودا بە زیادی بکا! یەکجار زۆرە لە ئەوروپا. شارستانی و دێهاتی، خوێندەوار و نەخوێندەوار، ژن و پیاو، منداڵ و پیر، شاعیر و نووسەر و هونەروەر و هەموو شتێکی دیکە. زۆربەی هەرە زۆریان کار ناکەن و لەسەر سەدەقە دەژین، ئەوەی کار دەکا پارەییێکی کەم وەردەگرێ، لەچاو ئێرە زۆر دیارە، چونکە نرخی یەك دۆلار گەیشتە ٩٩ دیناری عێراق ئەسڵی، هەر بەم هۆیەوە بۆ منداڵان گۆرانییێکی فۆلکلۆریان دانا: ((ئەمڕۆ دۆلار بە نۆیە، تەنوورە لەسەر ئەژنۆیە)).

ئینجا ((ئەم پەنابەری سیاسییە !)) لەم دواییەدا بە زۆری لە رێی سوریا دەگەڕێتەوە چونکە پاسپۆرتەکەی مۆر ناکەن، ئەگەر مۆر بکرێ ئەڵمانیا و هۆڵەندە دەڵێن: تۆ چۆن پەنابەرێکی

سیاسی بە ئارەزووی خۆت دەگەڕێیتەوە نیشتمانت و لێی دەچیتە دەرەوە؟! نەیسە ئەمەش گرنگ نییە.

گرنگ ئەوەیە ئەو پەنابەرە کە بۆ ماوەییێك دەگەڕێتەوە کارەکەی ئەوەیە ئەو ئۆتۆمبێلەی هێناویەتی بیفرۆشێ و خانوویێك بکڕێ و ئەو پارەیەی دەمێنێتەوە بیکا بە زێڕ، هێنانی ژنیش لە سەرووی هەموویانەوەیە.

ئیدی کاکی پەنابەر بە ئێمەمانانی ئەورووپامان نەدیوە دەڵێ: کۆمپانیای نانەواخانەم هەیە، لە فلانە زانستگا دەخوێنم، مامۆستام لە فیسارە زانستگا، باوەڕنامەی لە زانستگا وەرگرتووە، کەچی لە نزیکەوە دەزانم هەندێ لەوانەی بە مامۆستای زانستگا دامەزراون، ئەو باوەڕنامەیان نییە!

**٣ی کانوونی دووەم ٢٠٠٢**



## (١٥٥)

# حزبی هیوا

لە دوا ساڵانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بە شێوازێکی نوێ لە نێوەندی خوێندەوار و رۆشنبیرانی کورد بیر لە چارەنووسی نەتەوە کرایەوە. هەوڵ درا کۆمەڵە و رێکخراوی سیاسی دابمەزرێ، لەمەدا خوێندەواری کورد دەوری باڵای هەبوو. وەکو ئاشکرایە لەپێش جەنگی یەکەمی گێتی قوتابیانی کورد لە شاری ئەستەمووڵ ((کۆمەڵەی هێڤی)) یان رێك خستووە بەناوی قوتابیانی کوردەوە و لە پێناوی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و هۆشیاری و رۆشنبیری لەناو کوردەواریدا، بەڵام راستییەکەی ئەوەبوو ئەم کۆمەڵەیە ناوەرۆکێکی سیاسی هەبوو و هەوڵ و تەقەڵای دەدا لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

لە پاش جەنگی یەکەمی گێتی و دابەشکردنی کوردستانی عوسمانی بۆ جاری دووەم، نەتەوەی کورد کەوتە ناو چوارچێوەی هەرسێ دەوڵەتی تورکیا و عێراق و سووریا ئەوانەی لە دوای جەنگی یەکەم دروستبوون.

بەم پێیە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بە کوردستانی ئێرانیشەوە هەوڵێکی زۆردرا بۆ دروستکردنی کۆمەڵە و رێکخراو و حزبی سیاسی لە نێوان هەردوو جەنگی سەدەی بیستەمدا، بەڕاستی ئەو ماوەیە قۆناغی تاقیکردنەوە بوو، مەسەلە گەیشتبووە پلەیێك، هەر چوار پێنج قوتابی یا خوێندەوار لەناو خۆیاندا بیریان لەوە دەکردەوە رێك بکەون و رێکخراوێك دروست بکەن ناویشی لێ بنێن. دیارە ئەم کۆمەڵە و رێکخراوانە بە درێژایی رۆژگار هەندێکیان پێدەگەیشتن، هی دیکەیان لەکار دەکەوتن، سێیەم و چوارەمیان یەکدییان دەگرت و وا رێکدەکەوت دوو سێ رێکخراو کۆنفرانس ببەستن و بن بە یەك.

لە کوردستانی عێراقدا، لە شارەکانی کەرکووك و سلێمانی و هەولێر، هەروەها لە نێوەندی کوردی شاری بەغداش جموجۆڵییەکی بەهێز لە ناوەوە بوو، لەناو رێزی لاوانی کورد، بە تایبەتی قوتابییان لە پێناوی دامەزراندنی رێکخراوی سیاسی بە مەبەستی هێنانەدی هیواو ئامانجی میللەتی کورد. وابوو لە کەرکووك ((کۆمەڵەی دارکەر)) دروستبوو. لە ئەنجامی کۆشش و پێشکەوتنی ئەم رێکخراوە و کۆمەڵی کوردەواری لە عێراقدا گەیشتبووە ئەو پلەیەی حزبێکی قەومی کوردی دروستبکا. وابوو ((حزبی هیوا)) دروستبوو.

بەڕاستی ئەم حزبە ڕەنگدانەوەی ویست و ئارەزووی هەموو نەتەوەی کورد بوو، بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵەوە، حزبی هیوا نوێنەری هەموو کورد بوو. لەناو ڕیزەکانیدا کەسانی هەموو پیشەییێك دەبینران، قوتابی و مامۆستا، کرێکار و جووتیار، دەوڵەمەند و هەژار، سەرباز و ئەفسەری سوپا، مووچەخۆری میری، مەلا و شێخ، وەزیر و گزیر و هی تریش.

حزبی هیوا قوتابخانەییێکی کوردایەتی ڕەسەن بوو، بیروباوەڕی نیشتمانپەروەری بڵاودەکردەوە، فیکری نیشتیمانی کوردی قەرزاری هیوایە تا دەگاتە هەموو ئەو حزبانەی لە دواییدا لە کۆمەڵی کوردەواری عێراقدا دروستبوون، هەموویان قەرزداری حزبی هیوان، ئەمە کۆمۆنیستەکانیش دەگرێتەوە. بەشێکی زۆر لە دامەزرێنەرانی لقی کوردی لە حزبی کۆمۆنیستی عێراق و کۆمۆنیستە کوردەکان ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەگەر ئەندامی حزبی هیواش نەبووبن ئەندامی بەچکە شێرانی هیوا بوون.

لە دەوروبەری دامەزراندنی حزبی هیوا بیروباوەڕی مارکسیزم لە کوردستانی عێراقدا سەری هەڵدا. لەبەر ئەوەی حزبی کۆمۆنیستی عێراق کەوتبووە ژێر کاریگەری پارتی کۆمۆنیستی رووسیا و تیۆرییەکانی فەلسەفەی مارکسیزم، ئیتر بەپێی هەڵسوکەوتی پێویست تیۆرییەکانی نەخستبووە پراکتیکەوە بۆیە بەربەرەکانییێکی تیژی حزبی هیوای دەکرد، بە مانای ئەوەی حزبێکی قەومی شۆڤینییە و تەبەقی نییە. بەلای ئەوانەوە شتێکی سەیر بوو حزبێك دروستببێت نوێنەری هەموو میللەت بێ بە هەموو چین و توێژەکانییەوە.

کۆمۆنیستە کوردەکان بە گاڵتەوە لەزمانی یوسف سەلمان فەهدی سکرتێری گشتی حزبەکەیانەوە بۆ یەکەم گرتنی حزبی هیوا دەیان گوت: ((حزبی ئێمە حزبی کارە و حزبی هیوا نییە)).

لێرەدا پێویستە رستەکە بە عەرەبی بخەمە روو کە دەڵێ: ((ان حزبنا حزب عمل و لیس حزب امل)) وەکو ئاشکرایە خاوەنەکەی ڕەنگە لایەنی رەوانبێژی وای لێکردبێ عیبارەتەکە دەربڕێ، بەوەی وشەکانی ((عمل)) و ((امل)) لەسەر یەك کێش و قافیەن، ئەگینا باوەڕ ناکەم بەڕاستی بووبێ و وای زانی بێ حزبی هیوا هەر هیوای رووتە و هیچ بۆ کورد ناکا.

هیوا زۆری بۆ کورد کرد، بەتایبەتی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کوردایەتی. لە هەمووی گرنگتر لە ماوەی جەنگی دووەمی گێتی گەلێ لە ئەندامانی حزبی هیوا ڕێکخراو و کۆمەڵە و حزبی دیکەیان دامەزراند، لەناو ئەمانەدا هەرە دیاریان حزبی شۆڕش و حزبی رزگاری بوون. حزبی شۆڕش نوێنەری کۆمۆنیستانی کورد بوو، حزبی رزگاریش نوێنەری قەومییە



دیموکراتییەکان بوو. وابوو لە دوای جەنگی دووەم هەموو حزبە کوردییەکانی عێراق و لقی کوردی حزبی کۆمۆنیستی عێراق کەوتنە وتووێژ و کۆنفرانس و کۆنگرە بەستن. لە دوای جموجۆڵێکی دوور و درێژ حزبەکان هەموویان هەڵوەشانەوە، ئەوانەی بڕوایان بە مارکسیزم بوو چوونە ناو حزبی کۆمۆنیستی عێراقەوە و ئەوانەی هەڵگری بیروباوەڕی کوردایەتی بوون لە ساڵی ١٩٤٦ ((پارتی دیموکراتی کوردی))یان دامەزراند، لە دوای رووداوەکانی (١٤)ی تەمووزی ١٩٥٨ دا ناوی بوو بە ((پارتی دیموکراتی کوردستان)).

ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان هەموو حزبەکانی ئەم وڵاتە ئارەزووی ئەوەیان هەبوو مێژووی راست و زانستی حزبەکەیان بنووسنەوە پێویستە لە فەسڵی پێشدەستیدا باس لە حزب و ڕێکخراوی سیاسی پێش خۆیان بکەن بەتایبەتی حزبی هیوا.

**١٠ی کانوونی دووەم ٢٠٠٢**

## (١٥٦)

# سەدەی بیست و یەکەم و رژێمی مەلیکی

منداڵ بووین لەناو خەڵکی گوێمان لە هەندێ قسە دەبوو وەکو نوکتەییێکی بۆ پێکەنین دەکەوتە بەرگوێمان. لەوقسانە یەکێکیان ئەوە بوو، دەییان وت: لە دوارۆژدا هیچ مەلیکێك لەسەر رووی زەوی نامێنێ تەنیا مەلیکی ئینگلیز و مەلیکی یاری شەترەنج نەبێ، منیش هەر لەو سەردەمە زووەی ژیانمدا مەلیکم خۆش نەدەویست و ئارەزووم دەکرد رژێمی مەلیکی لە گێتی ئێمەدا بسڕێتەوە، تەنیا مەلیکی ئینگلیز بمێنێ. خۆشم نەمدەزانی ئەم بۆچوونە بۆچ لەلام دروست بووە!

لەلای من کێشەییێکی پڕ لە تەنگوچەڵەمەی دیکە هەبوو، چونکە لەو کاتەی مەلیکی ئینگلیزم خۆشدەویست لە پلەی ئەو خۆشەویستییە زیاتر رق و کینم لە دەوڵەتی ئینگلیز بوو وەك دەسەڵاتێکی دڕندەی ئەمپریالی داگیرکەری خاك و نیشتمانی گەلێ لە نەتەوەکانی گێتی ئێمە، دوور نییە لەو تەمەنە هەرزەییەدا شاژنی ئێستای بەریتانیا ئەلیزابیت وەکو کیژێکی جوان کەوتبێتە بەرچاوم، هەرچەندە بە تەمەن لەمنیش گەورەترە.

هەر چۆنێ بێ ئێستا وەنەبی زۆر بیر لەوە بکەمەوە و خەون بە رووخانی رژێمی مەلیکەکانی سەر رووی زەوی ببینم. بە درێژایی ژیانم لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا زۆر بەختیارم بەوەی بەچاوی خۆم رووخانی گەلێ لە رژێمەکانی مەلیکی سەر رووی زەویم دی، بەتایبەتی ئەو وڵاتەی لێی دەژیم، عێراق و هەندێ لە وڵاتانی دەوروبەر. جێی گوشادی بوو کە رژێمی مەلیکی لە وڵاتانی وەکو میسر و لیبیا و عێراق و ئەفغانستان و ئێران و جێی دیکە هەتا هەتایە لەناوچوون.

رێڕەوی مێژوو ئەوە دەگەیەنی لەگەڵ گۆڕانی رۆژگار لە داهاتوودا و لە دوارۆژێکی دوور یا نزیك رژێمی مەلیکی لەناو دەوڵەتانی سەر رووی زەوی نەمێنێ.

ئەگەر لەگەڵ مێژوو بەرەو روو ببینەوە، دەبینین لەو سەردەمانەدا لە رۆژهەڵات و لە رۆژئاوا ئایین دەوڵەتی بەڕێوە دەبرد، یا بەشێوەییێکی دیکە دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت و ئایین لە یەك لایەنەوە بەڕێوە دەچوو، ئەم لایەنە دەستووری ئایینە جیاوازەکانی ناو میللەتان بوو، لە



رۆژئاوادا ئەم دیاردەیە باوبوو، تا شۆڕشی گەورەی فەرەنسا (١٧٨٩)، لە ئەنجامی ئەم شۆڕشەدا گەلێ رژێمی مەلیکی لە ئەوروپا کۆتایی پێهات. ئەوەی ماوەتەوە تا ئێستا مەلیك بووە بە بەڵگە و دروشمی دەسەڵاتی نەتەوە. بەم وشانە وەسفیدەکەن ((مەلیك پارێزراوە و بێتاوانە))، چونکە ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی بەکاری ناهێنێ.

لە رۆژهەڵاتدا مەسەلەی رژێمی مەلیکی بە شێوەییێکی دیکە کەوتۆتەوە. لە سەرەتادا دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی لە دەستی عەرەب دابوو، لە عەرەبیشدا خەلیفە دەبوو قوڕەیشی بێ. لەگەڵ رووخانی دەوڵەتی عەباسییەکان، دەسەڵات کەوتە دەست ئێرانیان و تۆرانیان، واتە نەتەوەکانی پان ئێران و تورکە-مەغۆلەکانی ئاسیای ناوەڕاست. ئەمە لە چوار پێنج سەدەی دواییدا خۆی لە شاهانی ئێران و سوڵتانانی عوسمانی دەنواند. فەرمانڕەوایی ئەمانە دەرەبەگی و ئۆتۆکراتی و تۆتالیتاری بوو، شا و سوڵتان خۆیان دەستوور و قانوون بوون، دەسەڵاتی هەموو شتێکیان هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی رژێمەکانیان لەگەڵ دەستووری گۆڕانی کۆمەڵ رێك نەدەکەوت، بە یەکجاری ئەو جۆرە دەوڵەتانە رووخان، ئەفغانستان یەکێك بوو لەو دەوڵەتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە رژێمی مەلیکی بەڕێوەی دەبرد. ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە باس لە مێژووی ئەفغانستان و زاهیر شا بکەین، ئەویش یەکێك بوو وەکو ئەو مەلیکانەی دەوڵەتەکانی دەوروبەری ئەفغانستان. رەنگە بە زەبر و زەنگ و کابراییێکی خوێنرێژیش نەبووبێ، بەڵام هەرچۆنی بێ ئەوانەی خۆیان بە هاوچەرخ و پێشکەوتنخواز دەژمێرن باوەڕ ناکەین هیچ جۆرە سۆزێکیان هەبێ بەرامبەر بە رژێمی مەلیکی هەرچەندە مەلیکەکە رەوشتی باشی هەبێ و بێوەی بێ، چونکە گەلێ کەس لە سەدەی بیستەمدا وایان بیردەکردەوە ئەگەر لەو سەدەیەدا گەلێ فەرمانڕەوایانی دەوڵەتانی سەر رووی زەوی مەلیك بووبن، سەدەی بیست و یەکەمیان وا لە قەڵەم دەدا بە سەدەی لەناوبردنی رژێمی مەلیکی ناوزەد بکرێ لە هەموو گێتیدا.

هەندێ لە هەڵسوکەوتەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا ئەوە دەگەیەنن کە رژێمی مەلیکی بۆ سەدەی بیست و یەکەم دەست نادا. پڕوپاگەندە بۆ رژێمی کۆماری دەکەن، بۆ هەڵبژاردن و پەرلەمان و گۆڕینی سەرۆکی دەوڵەت دەکەن. کەچی بەرژەوەندی و چاکەی ئێستای کۆمەڵەکەیان وایان لێدەکا، بۆچوونێکی دیکە بخەنە گەڕ و ناوی زاهیر شای ئەفغانستان کەوتۆتە ناوەوە بۆ بەشداریکردن لە بیناکردنەوەی ئەفغانستان.

ئەوان دەڵێن گوایا مەبەستیان ئەوە نییە رژێمی مەلیکی بگەڕێننەوە ئەفغانستان، بەڵکو بەشداری کردنێکە لە راستکردنەوەی کۆمەڵی ئەفغانستان. رەنگە ئەم قسەیە راست بێ، بەلاَم هەر چۆنێ بێ ناوهێنانی شا، هەتا ئەگەر چاکەشی تێدا بێ، بە بەڵگەی ئەوەی سوودی بۆ ئەفغانستان هەیە، بەلای ئێمەوە هەنگاوێکە بۆ دواوە.

ئەم دیاردەیە وەکو ئەوە نییە خەریکە شیعری کێشی عەرووزی و یەکێتی قافییە لە ئەدەبی کوردی و عەرەبیدا سەر لەنوێ هەڵدەداتەوە، ئەمە کارێکی رەسەنە، بەلاَم ئەویان لە دژی بزووتنەوە و گۆڕانی مێژووە.

**١٧ی کانوونی دووەم ٢٠٠٢**



# (١٥٧)

# کێشەی شیعری پەشێو کێشەیێکی گشتییە!

ئەگەر لە کۆمەڵی ئادەمیزادی کۆن و نوێدا، ئینسانی لە هەر هەڵوێستێك دابێ و ببێتە خاوەنی شتومەکی بە نرخ، بە پێی دەستووری نێوەدەوڵەتی مافی خاوەنیەتی ئەو شتانەی بپارێزرێ. هەروەها زانا و نووسەر و هونەروەر دەبنە خاوەنی بەرهەمی داهێنراو لە زانست و ئەدەب و هونەردا، ئەم بەرهەمانە لە داهێنانی ئەدەبی و هونەریدا واتە لە شیعر و چیرۆك و مۆسیقا و وێنەی شێوەکاریی و شانۆگەریی و پەیکەرتاشی و بیناسازی و دانانی تیۆری زانستی و گەلێ شتی دیکە خۆیان دەنوێنن.

بۆ پاراستنی مافی هەموو ئادەمیزادێك لەسەر رووی زەوی لە بارەی ئەو موڵك و سامانەی هەیەتی جۆرە قانوون و دەستوورێك کەوتۆتە ناوەوە، بەلاَم بۆ پاراستنی مافی خاوەنیەتی بەرهەمی زانستی و ئەدەبی و هونەری ئەگەر لە ئەوروپا و هەندێك ولاَتانی پێشکەوتووی دیکە دەستوورێك یا هیچ نەبێ نەریتێك هەبێ، لە ولاَتانی دیکە هیج جۆرە یاسایەك لە ناوەوە نییە لەم بابەتەوە، بەتایبەتی لە ولاَتانی ئێمە و میللەتانی دەوروبەرماندا. لە ناو ئەمانەشدا ئێمەی کورد رەنگە لە هەموو کەسێك زیاتر تووشی نەخۆشی دەستکاری بەرهەمی ئەدەبی داهێنراو بین. پێش ئەوەی بێمە سەر باسی هەندێك لە شیعرەکانی عەبدوڵلاَ پەشێو کە ئەم وتارەی بۆ تەرخان کراوە، دەمەوێ هەندێك بەڵگە لەم لایەنەوە بخەمەڕوو کە بەسەر خۆم هاتوون.

لە ساڵی ١٩٦٨ کتێبی ((کورد))ی ڤلادیمێر مینۆرسکیم لە زمانی رووسییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و لە بەغدا بلاَوم‌کردەوە. لەکاتی خۆیدا دەنگوڕەنگی هەبوو تا ئێستاش وەك سەرچاوەیەکی گرنگ لە برەودایە و زانیاری بە کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

لە ساڵی ١٩٨٧ بەبێ ئاگای من لە بەیروت چاپێکی دیکەی لێ بلاَوکرایەوە، ئەوەی بەجێ نییە لەم کارەدا ئەوەیە لەسەر چاپەکەی خۆیان نووسیوویانە ((چاپی یەکەم)) کە دەبوو ((چاپی دووەم)) بنووسرێ، ئینجا خەتاییێکی گەورەی تر، لەسەر بەرگ نووسیویانە مافی چاپکردنەوە بۆ بلاَوکەرەوە پارێزراوە، لە پاشانا وەرگێڕانەکەی منیان لەگەڵ کارێکی دیکە بەناوی ((الاکراد أحفاد المیدیین=کورد نەوەی میدیاییەکانن)) بلاَوکردۆتەوە. راستی مەسەلەکە ئەوەیە، ئەم باسە لە نووسینی مامۆستامان (تۆفیق وەهبی)یە بە زمانی ئینگلیزی نەك لە کردەوە زانستییەکانی مینۆرسکی. سەرەڕای ئەم هەموو دەست تێوەردان و ناهەمواریییە بلاَوکەرەوەکان وشەی

عەرەبی ((زوجی)) واتە ((خێزانم)) مینۆرسکی بەرهەمەکەی پێشکێش کردووە گۆڕیویانە و کردوویانە بە ((زوجتی)) وایان زانیوە من عەرەبی نازانم ((زوجی)) هەڵەیە و گوایا بۆمیان راستکردۆتەوە. وەکو ئاشکرایە ((زوج)) بۆ ژن و مێرد بەکاردەهێنرێ، نێرینە و مێیینەی تێدا نییە، لە عەرەبیدا ژن بۆ مێردی و مێرد بۆ ژنی هەردووکیان ((زوجی)) بەکاردێنن.

لە شەستەکان تا هەشتاکانیش کاکەی سەییدیان لە مەهاباد بە لێشاو خەریکی دووبارە چاپکردنەوە و ئۆفسێتکردنی کتێبی کوردی بوو، بەڕاستی دەڵێم هەندێ کردەوەی لەم لایەنەوە بە کەڵك بوو، بەڵام لە دەستکاری و دەست تێوەردان و نەدەسڵەمیەوە.

لەم دواییەدا بڕە شیعرێکی عەبدوڵڵا پەشێوم بە دیاری بە دەست گەیشت. کۆمەڵە شیعرەکە لە سوید چاپ کرا بوو، بەڵام لە هێلسنکییەوە نێردرابووە هەولێر، وەك دیارییێکی بە نرخ و لە برایێکی خۆشەویستەوە دڵخۆشی کردم و نامەخانەکەمانی ئاوەدانکردەوە.

لە دوای ماوەیەك لە دوکانی کتێب فرۆشانی بن قەڵاتی هەولێر چاوم بەو بڕە شیعرەی پەشێو کەوتەوە، کتێبەکە بە دیمەن لەوەی پێشووی دەکرد، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە سەیر بوو لەجیاتی ئەوەی لەسەر بەرگەکە بنووسرێ ((عەبدوڵڵا پەشێو)) وەك چاپی پێشوو، نووسرا بوو ((دوکتۆر عەبدوڵڵا پەشێو)) ئەم عیبارەتە نیگەرانی کردم، یەکسەر بیرم بۆ ئەوە چوو پەشێو نابێ ئاگاداری ئەم چاپە بێ، چونکە ئەو ئەگەر نازناوی ((دوکتۆر)) بۆ هەموو شتێك بەکار بێنی بۆ بڵاوکردنەوەی شیعری خۆی بەکاری ناهێنێ. ئەمە و من وەکو پەشێویش بناسم وەنەبێ بایەخ بەو جۆرە لەقەبانە بدا بەتایبەتی لە رۆژی ئەوڕۆدا کە بووە بە مایەی ئیرتیزاق!

من مەسەلەکەم بەهەند وەرنەگرت، بەڵام بۆچوونەکەم راست بوو. لەپاش ماوەییێك عەبدوڵڵا پەشێو خۆی کەوتە قسەکردن و هەندێك تێبینی و راستکردنەوەی لەم لایەنەوە بڵاوکردەوە.

دیاردەی تەزویر و دەستکاریکردنی نووسین و دووبارە چاپکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی لای ئێمە تەنیا بۆ قازانج و گیرفان پڕکردنە. ئەوەی من بیزانم عەبدوڵڵا پەشێو و گەلێ رۆشنبیری دیکەی کورد، ئەگەر بەرهەمەکانیان بەبێ دەستکاری و وەکو خۆیان بڵاوبکرێنەوە رەنگە ئەوەندە کاریان لێنەکا، چونکە لە قازانج ناگەڕێن، بەڵام ناخۆشی لەوەدایە ئەو بەرهەمە دەستکاری بکرێ بە شێوەییێك رووی راستی خۆی ون بکا و بە هیچ جۆرێك تەعبیر لە ئیدیۆلۆجییەت و بۆچوونی خاوەنەکەی نەکا.

دوا قسەم بۆ کاکی پەشێوی خۆشەویست ئەوەیە، ناگزووری کۆمەڵ کە هەموو شتێك بگرێتەوە، من و ئەو و خەڵکی دیکەش دەگرێتەوە. ئەمە تا پلەییێك دەبێتە ئارامی گیان و نیشانەی ئەوەیە ئێمەش لە کۆمەڵەکەمان دانەبڕاوین.

**٢٤ی کانوونی دووەم ٢٠٠٢**



## (١٥٨)

## خراپە نابێ زوو لەبیر بچێتەوە!

راستە کاری خراپە هەر چەندە پشت شکێن و دژوار و کارەساتێکی گەورە و بێ سنوور بێ، هەرچەندە زۆر درەنگیش لەبیر بچێتەوە دەبێ زوو لەبیر نەچێتەوە، چونکە کاریگەری ئەوەندە قورس نابێ بەرامبەر ئەو نەوانەی لە کارەساتەکە دوور دەکەونەوە؟

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە حزبی نازی لە میونیخ لە ساڵی ١٩١٩ دا دروستبوو، لە ساڵی ١٩٣٣ دەسەڵاتی دەوڵەت و فەرمانڕەوایی وڵاتی خستە دەستی خۆی. کارەساتی جەنگی دووەمی گێتی نایەوە، لە ساڵی ١٩٤٥ دەسەڵاتی نازی رووخا، چونکە دەبوو بڕووخێ!

بەرپرسی یەکەم هیتلەر بوو، من هەر ئەوەندە دەڵێم ئەگەر هەرچی سیفەتی خراپە هەیە لە زانستی رەوانبێژی هەموو زمانانی گێتی بەکاریان بێنم بۆ ناساندنی هیتلەر بە خەڵکی هێشتا کەمە، لەبەر ئەوەیە بە هیچ جۆرێ لە رووی مەعنەوییەوە نەدەبوو رۆژانی ترش و تاڵی فەرمانڕەوایی هیتلەر وا زوو لەبیر بچێتەوە، راستە ئەو کردەوانە لەبیر دەچوونەوە، بەڵام دەبوو لە دوای سەدەییێك یا سەدە و نیوێك چونکە لەو کاتەدا ئەڵمانەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە ژیاندا نەدەمان، ئەمە بیروڕاییێکە گەلێ کەس پشتگیری دەکا لەناو کۆمەڵانی هەموو گێتی، لەناو ئەڵمان و هەڵگرانی زمانی ئەڵمانیش ئەو جۆرە کەسانە دەبینرێن.

تازە نیشتەجێی کاتی بووم لە شاری سانت پیترسبۆرك (لینینگرادی ئەوسا) رۆژێکیان قوتابییێکی مێرد منداڵ لێی پرسیم: دەڵێن پوولی پۆستە هەیە وێنەی هیتلەری بەسەرەوەیە، تۆ دیوتە؟ وتم: بەڵێ، وتی: دەتوانم بیبینم؟ وتم لێرە نیمە، بۆ تۆ نەتدیوە؟ وتی: نا.. نا.. لێرە زۆر قەدەغەیە! لەو کاتەدا سەیرم پێهات، بەڵام لە دوای ساڵێك پاش ئەوەی گەلێ ئێستگەم بە چاوی خۆم دی لە کردەوە دڕندەییەکانی هیتلەر لە هەموو ئەوروپا و ئەڵمانیا سەرسوڕمانەکەم نەما لەوەی پوولی پۆستەی ئەڵمانیای رۆژگارانی هیتلەر لە رووسیا قەدەغە کراوە.

ئەم دیاردەیە تەنیا لە رووسیا نەبوو لەبەر ئەوەی کۆمۆنیستەکان لەو کاتەدا فەرمانڕەوا بوون. بەڵکو لە ((مۆزەی مۆم))ی بەناوبانگی مەدام تیسۆس لە لەندەن، تەنیا پەیکەری تاوانباری سەرانسەری مێژوو و مرۆڤایەتی هیتلەر لەناو جامخانەی گوللە نەبڕ پارێزراوە نەك بۆ

ڕێزلێنان، بەڵکو بۆ ئەوەی کەسێك وردو خاشی نەکا، بەڵام جامخانەکە هەمیشە شوێنەواری تف و چڵمی پێوە دیارە.

چاکتر وابوو کۆشك و باڵەخانەی رایخشتاخ لە بەرلین وەك مۆزەییێك بپارێزرایە و بووبووایە شایەدی کردەوە خراپەکانی هیتلەر. من رایخشتاخ و بەرلینم پێش دیوارەکە دی بوو، لە دوای دروستکردنی دیوار دیسانەوە گەشتی ئەو ناوەم هەبوو، ئەو کاتە رایخشتاخ کەوتبووە بەرلینی رۆژئاواو کرابوو بە مۆزە، هەموو رۆژ فیلمی بەسەرهاتی رۆژگارانی جەنگیان پیشاندەدا. هەروەها دیسانەوە چاوم بە ئەڵمانیا و بەرلین کەوتەوە لە دوای رووخاندنی دیوارەکە، ئەم جارەیان بە میلیۆن و میلیار مارکی ئەڵمانی خەرجکرا بۆ تازەکردنەوە و دووبارە بیناکردنەوەی رایخشتاخ بۆ ئەوەی ببیٚ بە رەمزی یەکبوونەوە و ژیانەوەی ئەڵمانیان بە نەمانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا و دیوار.

رەنگە بگوترێ، ئەمە مەسەلەییێکە ئەڵمان خۆی بڕیاری لەسەر دەدا، بەڵام ئاشکرایە ئەو کارەساتەی جەنگی دووەم لەو کۆشکەدا بەرنامەی بۆ دادەنرا، جگە لەوە بارەگای رەسمی و جێی ژیانی خێزانی هیتلەر بوو، بۆیە کارێکی ناخۆشە ئەم رەمزە نالەبارە جارێکی دیکە ببێتەوە بە رەمز، تەنیا لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئەڵمانیای ئێستا رەنگە لەگەڵ هەموو کردەوەکانی هیتلەر نەبێ. ئەو پارەیەی لە رایخشتاخ خەرجکراوە، کۆشك و باڵەخانەی لەو جوانتری پیٚ دروستدەکرا.

لەم دواییەدا هەواڵێکی سەیر بڵاوبووەوە، لە هەرێمی باڤاریا قەڵاییێك هەیە بەناوی لندسبیرگ لە ساڵی ١٩٢٤ هیتلەر لەو قەڵایە بەندکراوە، لە دواییدا ناوی بووە بە ((لانەی باز)) هیتلەر کتێبی ((خەباتی من)) (ماین کامف)ی لەو بەندیخانەیەدا نووسیوەتەوە. وەکو ئاشکرایە ئەم کتێبە چەپەڵە بووە بە کتێبی پیرۆزی هەموو نازی و فاشیستەکانی سەر رووی زەوی.

بەڵێ، هەواڵەکە ئەمە بوو، ئەوی راستی بیٚ ئەوانەی بیریان لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە کردۆتەوە تەنیا نازییە تازەکان نین، بەڵکو خەڵکانێکی دیکەش لەگەڵیانن و بە تەمان ((لانەی باز)) تازە بکەنەوە و بیکەن بە مۆزە.

ئەگەر مەبەست لە دروستکردنی ئەم مۆزەیە قازانج بیٚ و ئەو پارەیەی خەڵکی دیدەن بۆ ئەوەی چاویان بەو جێیە بکەویٚ کە هیتلەر کتێبی ((خەباتی من))ی تێدا نووسیوەتەوە، پێموایە ئەو کەسانە بیر لە پرۆژەی دیکە بکەنەوە باشترە بۆ دەوڵەمەند بوون و قازانج کردنی پارە، چونکە ئەم کارە گەورەترین چوونە مەیدانە بەرەو رووی هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، تاوانێکە دژی هەموو جۆری چاکە و رەسەنایەتییێکە.



سەرەڕای ئەم هەموو رووداوانە و لە دوای رووخانی دیوارەکە و نەمانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا نەتەوە یەکگرتووەکان سەربازی ئەڵمانی نارد بۆ پاراستنی هێمنی لە بۆسنە و هەرسەك.

لەم رۆژانەشدا، نازانم کامیانە، پەیمانی ئەتڵەسی یا نەتەوە یەکگرتووەکان یا ئەمەریکا خۆی سەرباز و ئەفسەری ئەڵمانیایان بۆ ئەفغانستانیش رەوانەکرد!

چاکتر وابوو پەلەیان نەکردایە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست و یەکەم و سوپای ئەڵمانیایان بۆ کاری خێرخوازی بەکار نەهێنایە، بێگومان من ئەم قسەیە لەبەر ئەوە دەکەم ئەگەر مەسەلەکە چاکەی ئەفغانستانی تێدا بیٚ.

لەلاییێکی دیکەوە وەك نوقڵانەییێك بۆ ئاشتیخوازانی سەر رووی زەوی ئەگەر بە چاوی ١٩٤٧ بنوارینە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەم دەستگایە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست و یەکەم بمێنێتەوە پێویستە ئەڵمانیا نەکریٚ بە ئەندام.

**٣١ی کانوونی دووەم ٢٠٠٢**

## (١٥٩)

# خاوەنی ئیمتیاز و سەرۆکی نووسین

لە ناوی ئەم وتارەی ئێستا دەیخوێنیتەوە ئەوە دەردەکەوێ مەسەلە دەرهێنان و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و کۆوارە. ئاشکرایە بە درێژایی رۆژگار هەندێ نەریت دروستبووە وەك دەستووری لێهاتووە. ئەو دەوڵەتانەی قانوونی رۆژنامەگەری و چاپەمەنییان هەیە ئەو دەستوورانەیان وەرگرتووە و هەندێ شتی تایبەتی خۆشیان خستووەتە سەری و ناویان ناوە ((قانوونی رۆژنامەگەری و چاپەمەنی)).

ئەوەی لە هەموو گێتیدا بووە بە تەقلید و نەریت پیشەی دەرهێنانی رۆژنامە و کۆوار بە رۆژنامەگەری ناو دەبرێ، ئەم دوو بابەتە چاپەمەنییە لەکاتی دیاریکراودا بڵاو دەکرێنەوە، پێویستە هەر یەکەیان دوو لێپرساوی هەبێ ((خاوەن ئیمتیاز)) و ((سەرۆکی نوسین)).

خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامە و کۆوار ئەو کەسەیە لە رووی دارایییەوە بەڕێوەی دەبا، چونکە رۆژنامەگەری دەستگایێك و کۆمپانیایێکی رۆشنبیری-دارایی (ئابووری)یە، پێویستە خاوەنەکەی لە رووی دارایییەوە توانای ئەوەی هەبێ بە رێکوپێکی دەری بکا، کەچی لە بابەت خوێندەوارییەوە مەرج نییە خاوەن ئیمتیاز هەتا خوێندەواریشی هەبێ.

هەرچی سەرنووسەریشە بەپێی دەستووری نێودەوڵەتی پێویستە بەلای کەمییەوە بڕوانامەی یەکەمی زانستگای هەبێ (بەکالۆریۆس، لیسانس، دیبلۆم). جگە لەوە دەکرێ خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر لە تاکە کەسێك کۆببنەوە ئەگەر لەو کەسەدا مەرجی هەردووکیان بەدی بکرێ، چونکە دارایی پێوەندی بە خەرجی رۆژنامە و باوەڕنامەی زانستگا بەدەرهێنانی هونەری و زمانییەوە هەیە.

لە ئەوروپا هەر دوو کەسێك ئەگەر رێك بکەون لەسەر دەرهێنانی رۆژنامە یا گۆڤار ئەوەی پێویستە ئەوەیە دەری بخەن کە خاوەن ئیمتیاز پارەی تەواوی هەیە و سەرنووسەر باوەڕنامەیێکی زانستگای هەیە لە هەر مەیدانێکی زانستی و زانیاری بێ و هەردووکیشیان پێویستە بڕوانامەی ((رەوشتی چاك)) (حسن السلوك)یان هەبێ، بە زۆریش دەتوانن ئەم بڕوانامەیە لە موختاری گەڕەکی خۆیان وەری بگرن.



لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە پاش جەنگی دووەمی گێتی لە بەغدا سێ رۆژنامەی رۆژانە دەردەچوون، ئەمانە ((البلاد)) (وڵات) و ((الزمان)) (کات) و ((الاخبار)) (دەنکوباس) بوون. بەپێی ئەودەستوورانەی لە سەرەوە باسمان لێیانەوە کرد ئیمتیازیان وەرگرتبوو، ئەوەی لێرەدا جێی روونکردنەوە بێ ئەوەیە خاوەنی رۆژنامەی ((الاخبار)) نەك کەسێکی بێ بڕوانامە بوو بەڵکو زیاتر لە نەخوێندەواری دەکرد، بەڵام بەپێی قانوونی رۆژنامەگەری لە رووی دارایییەوە توانای ئەوەی هەبوو رۆژنامەکە دەربکا. وەکو دەبینرێ لەم حاڵەتەدا خاوەن ئیمتیاز وەکو خاوەن مولکێك یا زەویوزار و کارگەیێك وایە، لەبەر ئەوەیە دەبینین، ئەگەر خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەیێك کۆچی دوایی بکا، ئیمتیازەکە بە میرات بۆ کەسوکاری دەمێنێتەوە، لە کۆمەڵی کوردەواری ئێمەدا نموونەیێکی وامان هەیە، لە کاتی خۆیدا حاجی تۆفیق پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠) شاعیری ناودار کە کۆچی دوایی کرد، ئیمتیازی رۆژنامەی ((ژین)) وك میرات بۆ رەحمەی کچی مایەوە. بۆ ماوەیێکی درێژ ناوی رەحمە وەك خاوەنی ئیمتیاز لە رۆژنامەکەدا تۆمار دەکرا. ئیتر سەرنووسەریش بەپێی رێککەوت دەگۆڕا، ماوەیێك عەبدوڵڵا گۆران (١٩٠٥-١٩٦٢) سەرنووسەر بوو، ماوەیێکی دیکە ئەحمەد زرنگی کچەزای پیرەمێرد بوو بە سەرنووسەر، لەو سەردەمەدا محامی بوو.

تا ئێستا لە ئەوروپا دەوڵەت و حزبە جۆراوجۆرەکان و گەلێ لە رێکخراوان رۆژنامەیان نییە بەناوی ئۆرگانەوە، حزبی کۆمۆنیست و هەندێ لە سۆسیالیستەکان نەبن. لە دوای جەنگی دووەمی گێتی و پەیدابوونی کۆمەڵێك دەوڵەتی سۆسیالیستی ئەوانەی تاکە حزب فەرمانڕەواییان دەکرد، بەتایبەتی لە گێتی سێیەمدا رۆژنامەگەری کەوتە دەست دەوڵەت. بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی راگەیاندن دامەزرا. ئەگەر تەماشای ئەم وەزارەتە و رۆژنامە و کۆوارەکانیان بکەین دەبینین وەزیر خۆی، یا مووچەخۆرە گەورەکان هەر یەکەیان دەبوون بە خاوەن ئیمتیاز و بۆ هەر کۆوارێك سەرنووسەرێکیان دادەنا. ئەو سەرنووسەرە مووچەخۆری میرییە و گۆڤارەکەش هی دەوڵەتە. ئەمەیان هەرچۆنێ بێ جارێ بۆ کاتێکی وەختی دەتوانین بڵێین قەیدی ناکا.

ئەمە وا، بەڵام حەواڵە بە گەواڵەیێکی دیکە لە ناوەوەیە، بۆ خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری زۆربەی رۆژنامە و کۆوارەکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەتی. جارێ پێش هەموو شتێك بۆ مووچەخۆری میری نابێ سەرنووسەری ئەوەندە ئاسان بێ، یەکێك کاری دیکەی هەبێ و ئەم کارەش بکا!

من لەوە ناگەم ئەگەر مامۆستاییێکی زانستگا بەڕاستی مامۆستایەتی خۆی بگەیەنێتە ئەنجام چۆن دەتوانێ ببێ بە سەرنووسەری گۆڤارێك! رەنگە کەسی زیرەك و چالاکی وا لە ناوەوە بێ بتوانێ سێ چوار کار لە کاتێکدا بگەیەنێتە ئەنجام، بەڵام قەت ناتوانێ ببێ بە خاوەن دووکاری بنچینەیی وەکو ((مامۆستای زانستگا)) و ((سەرنووسەر))ی کۆوارێك، ئەگەر ئەمە ببێ مانای ئەوەیە کارەکە ناتەواوەو سەرناگرێ.

بۆ بەڵگەی ئاژاوەیی لەم مەیدانەدا کۆوارێکم چاو پێکەوت ((خاوەن ئیمتیاز)) رۆشنبیر و بڕوانامەی هەڵگرتبوو، کەچی ((سەرنووسەر)) خوا ئاگاداری بێ سەرە واوێکی لانەبوو! ئەمە بەچی قانوونێك ئیجازەی وەرگرتووە؟!

**٧ی شوبات ٢٠٠٢**



## (١٦٠)

## پرۆتۆکۆڵ

پرۆتۆکۆڵ (Protokollon) وشەییێکی فەرهەنگی گریکییە بە مانای ((پەڕەی یەکەم)) هاتووە. ئەم وشەیە لە فەرهەنگی زمانی گریکی کۆن وەرگیراوە و وەکو زاراوەییێك بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە بەکارهێنراوە:

١-زاراوەییێکە لە قانوونی نێودەوڵەتی بە مانای رێککەوتن و پەیمانی کاتی هاتووە، بە مەرجێك بۆ ماوەییێکی دیاریکراو بێ. هەروەها ئەم زاراوەیە بۆ پەیمانی کورت و هەموو جۆرە بڕیارێکی رەسمی بەکاردەهێنرێ.

٢-ئەو گفتوگۆ و قسانەی لە هەموو کۆبوونەوە و کۆنفرانس و کۆنگرەییێکدا دەکرێن، هەروەها بڕیارەکانی ئەم کۆبوونەوانەش زاراوەی ((پرۆتۆکۆڵ))یان بۆ بەکاردەهێنرێ.

٣-هەموو قسە و بیروڕا و بۆچوونێك کە لەلایەن کەسێکەوە دەنووسرێتەوە، یا کەسی دووەم لێی وەردەگرێ و دەینووسێتەوە، دەچێتە ناو زاراوەی پرۆتۆکۆڵەوە.

٤-تێکستی رەسمی پەیمانی نێو دەوڵەتان کە بە هەردوو زمانانی ئەو دوو دەوڵەتەی پەیمانەکەیان تۆمارکراوە پرۆتۆکۆڵی پێدەڵێن.

٥-پرۆتۆکۆڵی دیپلۆماسی.

ئەوی راستی بێ مەبەستمان لەم نووسینە ئەم لایەنەی مانای ((پرۆتۆکۆڵە)).

پرۆتۆکۆل لە دیپلۆماسییەتدا بە مانای ئەو رێوڕەسم و رەوشت و عادەتە هاتووە کە لە ئاهەنگ و زیافەت و کۆبوونەوە و پێشوازیی رەسمیدا پێویستە بخرێتە پراکتیکەوە و پشت گوێ نەخرێ. بێگومان ئەم رێوڕەسمە بڕیاری لەسەر نەدراوە و هەروەها نەشنووسراوەتەوە، بەڵکو بە درێژایی رۆژگار لە ئەنجامی جموجۆڵی رەسمی نێودەوڵەتان دروست بووە.

بێگومان هەموو لاییێك یا هەموو دەوڵەتێك کەم و زۆر بەشدارییان لە دروستبوونی ئەم نەریتانە کردووە. بەمجۆرە پرۆتۆکۆڵی گشتی دروست بووە هەموو دەوڵەتان پێڕەوی دەکەن و بە هی هەموویان دەژمێردرێت، بەڵام پرۆتۆکۆڵی تایبەتی واش هەیە هەندێجار سەرێشە بۆ لاییێکیان دروست دەکا وەکو ئەوەی لەو ساڵانەی دواییدا وەزیری دەرەوەی ئێران گەشتی رەسمی

تورکیای کردبوو، بەپێی پرۆتۆکۆڵی خاوەن ماڵ دەبوو میوان سەردانی ئارامگای کەمال ئەتاتورك بکا، بەڵام وەزیری ئێرانی ئەمەی نەکردبوو.

هەرچۆنی بێ هەتا ئەو ساڵانەی دواییش پرۆتۆکۆڵی دیپلۆماسی دەوری گرنگی هەبوو. دەتوانین سەدەی بیستەم بکەین بە رەمزی پرۆتۆکۆڵی دیپلۆماسی، بەڵام لە دوا ساڵانی ئەو سەدەیە گۆڕانی زۆری بەسەرداهات و سەربەستییەك لەم لایەنەوە کەوتە ناوەوە.

لە کۆندا بایەخدان بە پرۆتۆکۆڵی دیپلۆماسی گەیشتبووە پلەیێك بەشێکی تایبەتی لە وەزارەتی دەرەوەی هەموو وڵاتێك بەناوی پرۆتۆکۆڵەوە هەبوو، ئێستاش هەیە.

لەم وتارەدا ئێمە زیاتر دەمانەوێ باس لەلایەنە گەش و بەجێیەکانی پرۆتۆکۆڵی دیپلۆماسی بکەین کە یەکجار کەمن، هەر لەو کاتەدا هەندێ نموونە بێنینەوە بۆ لایەنە نالەبارەکانی کە گەلێ زۆرن.

یەکێ لە دیاردە جوانەکانی کۆبوونەوەی سەرەك دەوڵەتانی فرانکۆفۆنی (کۆمۆنویلسی ئەو دەوڵەتانەی فرەنسی زمانی رەسمییانە) ئەوەیە، لەکاتی بەستنی کۆنگرەی گشتی لە یەکێ لە پایتەختەکانی ئەو وڵاتانە، سەرۆك دەوڵەتەکان بە ئارەزووی خۆیان دادەنیشن، هیچ رێورەسمێك نییە پێشینی جێگەکانیان دەستنیشان بکرێن، زۆرجار وا رێکدەکەوێ بچووکترین دەوڵەتی ئەفەریقا لە ناوەڕاستی ریز دادەنیشێ و سەرۆکی فرەنسا لە جێیەکی گەلێ لە خوار ئەوەوە دانیشتووە، چونکە لەو کاتەی گەیشتۆتە جێی کۆبوونەوە تەنیا ئەو کورسییە بەتاڵ بووە کە لێی دانیشتووە.

لە سەدەی نۆزدەمدا یەکێ لە باڵیۆزەکانی رووس لە ئەستەموول دەگۆڕێ، باڵیۆزی تازە دەچێتە ئەوێ، پێش ئەوەی بچێتە دیدەنی سوڵتان و نامەی قەیسەری رووسی پێشکێش بکا، ئامۆژگاری باڵیۆز دەکەن هەڵسوکەوتی چۆن بێ لە حوزووری سوڵتاندا، پێی دەڵێن کە دەچیە ژوورێ پێویستە سەرت دانوێنی، لە ماوەی سێ مەترێك لە نێوان تۆ و سوڵتان دەوەستی و چۆك دادەدەیەوە، ئینجا سەر خوار دەکەیەوە تا ئەرز ماچ دەکەی، لە دواییدا لە سوڵتان نزیك دەبیتەوەو نامەکەی قەیسەری دەدەیتێ، ئەوجا نابێ پشت لە سوڵتان بکەی، بەڵکو پشتاو پشت دەگەڕێیتەوە تا یەکێك لە پاسەوانەکانی سوڵتان رووت وەردەگێڕێ و پێشوازییەکە کۆتایی دێ.

باڵیۆزی رووسی کەللەڕەق دەڵێ من ئەمە ناکەم. ئەنجام بەندیخانە دەبێ، دوو سێ ساڵ تیایدا دەمێنێتەوە تا قەیسەر خۆی تکا لە سوڵتان دەکا بۆ ئەوەی ئازادی بکا. ئەمە لە سەد و پەنجا ساڵێك بەر لە ئێستا روویداوە.



ئەوەی ئێستا لێرە دەیگێڕمەوە لە سەدەی نۆزدەم دا نەبووە بەڵکو ماوەی مانگێك پێش ئێستا روویداوە، تەلەڤیزیۆنی وڵاتی مەغریب پێشوازییێکی پیشاندا. باڵیۆزی چەند دەوڵەتێك و هەندێ لە وەزیرانی خۆیان لە دیدەنی مەلیك دابوون، باڵیۆزەکان لەپێش مەلیك خۆیان خوار دەکردەوە تا دەستیان نزیك ئەرز دەبووەوە، بەڵام وەزیرەکانی خۆیان وەکو ئەوان خۆیان خوار دەکردەوە، هەر بەوە نەدەوەستان دەستیشیان ماچدەکرد. ئێمە هەموومان دەزانین مەلیك لاوێکی بە تەمەن بچووکی تازە پێگەیشتووە، کەچی باڵیۆز و وەزیرەکان سەرو ریش و سمێڵیان سپی بووە. ئەم کارەبەپێی پرۆتۆکۆڵی ئەو وڵاتە پێویستە رەچاو بکرێ.

**١٤ی شوبات ٢٠٠٢**

## (١٦١)

# پلیخانۆڤ

گیۆرگی ڤالنتینۆڤیچ پلیخانۆڤ (١٨٥٦-١٩١٨) لە بنەماڵەیێکی رووسی دەوڵەمەند لەدایك بووە، لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا هاتۆتە پایتەخت، شاری سانت پیترسبۆرگ و ساڵێك لە قوتابخانەی سوپایی خوێندوویەتی، ئینجا چۆتە ئامۆژگای کانی مەعدەن. لە سەردەمی قوتابییەتیدا بزێو بووە، بەشداری لە خۆپیشاندانێکی سیاسی کردووە، لەسەر ئەوە لە قوتابخانە دەرکراوە. جارێکی دیکەش لە جموجۆڵی سیاسی لە دژی دەوڵەت بەشداری کردووە. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٨٠ ناچار بووە وڵات بەجێبێڵێ و روو بکاتە سویسرا.

پلیخانۆڤ لە منداڵییەوە وەکو گەلێ منداڵی بنەماڵە دەوڵەمەندەکان لە توێژی ئینتیلیجێنتی رووسی حسێب کراوە، ئەمانە هێزی سیاسی و رۆشنبیری گەورەی دژی رژێمی قەیسەری بوون. لە مێژووی رۆشنبیری نەتەوەی رووسدا بە کەسانی دیمۆکراتیخواز ناویان دەبردن.

پلیخانۆڤ یەکێك بوو لە دانا و زاناکانی فەلسەفەی سۆسیالیزم و تیۆرییەکانی کارل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣)، لە زانستی رەخنەی پراکتیکیدا گەیشتبووە پلەیێك زۆر کەس ناویان بە فەیلەسووف دەبرد.

لە ساڵی ١٨٨٣ یەکەم رێکخراوی مارکسی لە رووسیا دروستکرد، ئەمە بووە بنکەیێکی بنچینەیی بۆ دروستبوونی پارتی کۆمۆنیستی رووسیا. دەوری گرنگی پلیخانۆڤ تەنیا پراکتیکی نەبوو، واتە جموجۆڵی سیاسی و پارتیایەتی بەڵکو لە رووی تیۆرییەوە سەرچاوەیێکی یەکجار گرنگی لە پاش خۆی بەجێهێشتووە لە مەیدانی زانیارییە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان بەتایبەتی فەلسەفەی مارکسیزم کە یەکێکە لە مامۆستا بە دیمەن و دەگمەنەکانی ئەم فەلسەفەیە. لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ دوو کاری هەرە گرنگ و گەورە درێژ بکەین هی وەکو: ((پێشەکییێك بۆ مێژووی رووس)) و ((فەوزەوییەت و سۆسیالیزم)).

لە سەرەتای ساڵی ١٩١٧ پلیخانۆڤ لە دەرەوە گەڕایەوە رووسیا، لە ماوەی خۆئامادەکردن بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەگەڵ ڤلادیمێر لینین (١٨٧٠-١٩٢٤) تێکچوو، مەسەلەکە ئەوەبوو



((ئەو شێوازە شۆڕشگێڕییەی لینین گرتبوویە بەر)) بەلای ئەوەوە راست نەبوو، وەك چۆن رەخنەی لە باکۆنین (١٨١٤-١٨٧٦)یش دەگرت، چونکە شێوازی فەوزەوی ئەویش راست نەبوو. لێرەدا پێویستە ئاگاداری ئەوە بین باکۆنین دەمێك بوو لە ژیاندا نەمابوو، بەڵام کردەوەکانی وەك سەرچاوەیێکی تۆمارکراو لەبەردەستدا بوو.

بەجۆرە لە ماوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا پلیخانۆڤ چووە رێزی مونشەفیکەکانەوە دژی هەڵگیرسانی شۆڕش وەستا.

بە ماوەیێکی کەم لە دوای شۆڕش پلیخانۆڤ کۆچی دوایی کرد. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی پارتی کۆمۆنیستی رووس، کۆمۆنیستەکان هەڵوێستی تایبەتییان هەبوو بەرامبەر بە پلیخانۆڤ، ئەمە کارێکی ئاسایی نەبوو بەلای کۆمۆنیستەکانەوە ئەو هەڵوێستەی بۆ ئەویان نواند، بۆ هیچ کەسێکی دیکەیان نەکردووە.

لەپاش کۆچی دوایی پلیخانۆڤ لینین فەرمانی دەرکرد هەڵبژاردەی کارە زانستییەکانی بە تیراژێکی یەکجار زۆر چاپبکرێن و بڵاوبکرێنەوە. هەروەها فەرمانیدا هەموو نووسینەکانی بپارێزرێن، بۆ ئەم ئامانجە لە شاری سانت پیترسبۆرگ خانوویێکی تایبەتییان دروستکرد بە ناوی ((ماڵی پلیخانۆڤ)) وەك مۆزەیێکی یادگاری و دەستگاییێکی لێکۆڵینەوە. جگە لەمە ئەوانەی دۆستایەتییان لەگەڵ کۆمۆنیستانی رووسی هەیە هەمیشە ئەو قسەیەی لینینیان لە یادە کە دەڵێ: ((بەبێ شارەزایی لە کارەکانی پلیخانۆڤ پیاو نابێ بە کۆمۆنیستی چاك)).

ئەو هەڵوێستەی کۆمۆنیستەکان بەرامبەر بە پلیخانۆڤ نواندوویانە بۆچی لەگەڵ خەڵکی دیکەیان نەکردووە؟ من پێموایە کەسێتی لینین دەوری بووە لەم لایەنەوە، ئەگەر بە گشتی تەماشای مەسەلەکە بکەین دەبینین ئەو زەبر و زەنگەی لە دەورانی ستالین لە رووسیا روویداوە، پێش ستالین و پاش ئەویش بەو رەنگە تیژ نەبووە. زۆر ئاسایی بوو لە سەردەمی ستالین هەر کەسێکی بیروڕای لەگەڵ ئەودا نەبووایە مۆری تاوانباری و خیانەت بە نێوچەوانییەوە بنرێ و بدرێتە دادگا و ئینجا گوللە باران بکرێ یان لە سێدارە بدرێ، خۆ ئەگەر لە ترسانا ئەو کەسە رایبکردایە بە دوای دەکەوتن و لە مەکسیکیش بوایە دەیانکوشت، وەك لەگەڵ لێڤ ترۆتسکی (١٨٧٩-١٩٤٠)یان کرد!

بەلای ئێمەوە ئەوەی بۆ پلیخانۆڤ رێککەوت، وەك رۆشنبیرێکی گەورە لەناو کۆمەڵدا ناوی بپارێزرێ و رێزی لێبگیرێ و کارەکانی بە سامانی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی بژمێردرێ لەلای هەموو کەسێك لەبەر دوو هۆ بوو:

١- پليخانۆڤ چەند مانگێك دواى شۆڕشى ئۆكتۆبەر كۆچى دوايى كرد و دوژمنەكانى يا راستتر كۆمۆنيستە چەپڕەوەكان بەوە رانەگەيشتن تاوانى كوشندەى بۆ دروستبكەن.

٢- بەرهەمە زانستى و رەخنە فەلسەفييەكانى گەيشتبوونە پلەيێك كەس نەيدەتوانى بيانشارێتەوە، لەبەر ئەوە فرياى ئەوە كەوت لينين بە مامۆستاييێك لە مامۆستاكانى ماركسيزم لە قەڵەمى بدا، ئيتر لە پاش لينين كەس تواناى ئەوەى نەبوو كارێك بكا دژى بيروراى لينين، بۆيە ناوى لە ئەدەبياتى كۆمۆنيستەكاندا مايەوە.

ئێمە لەوە دڵنياين ئەگەر پليخانۆڤ لە رۆژگارى فەرمانڕەوايى ستالين و ژدانۆڤ (١٨٩٦-١٩٤٨) بژيايە دەمێك بوو نووسينەكانى قەدەغە كرابوون و خۆشى لە سێدارە درابوو و لەناو كۆمەڵدا دەبوو چاوەڕێى پەيدابوونى گۆرباچۆڤ بكرێ.

**٢١ى شوبات ٢٠٠٢**



## (١٦٢)

## بيافرا

ئەو رۆژە بەهارێكى ئاسايى بوو لە بەغدا، پياو بە بۆن هەستى بە خۆشى و جوانى ئەو كەژەى دەكرد. لەو رۆژانەدا بێكاربووم، لەمێژ نەبوو لە رووسيا گەڕابوومەوە وڵات، زۆربەى ئێواران لە بارەگاى رۆژنامەى ((التآخي=برايەتى)) لە گەڕەكى عيوازييەى بەغدا لە تەك بەهەشتى ساڵح يوسفى كاتم دەبردە سەر.

لەو سەردەمەدا دەنگوباسى سەرەكى لە ميدياى گێتيدا مەسەلەى بيافرا بوو، ئەم هەواڵە هەموو تۆڕەكانى ئاگاو رووداوى سەر رووى زەوى تەنيبوو. مەسەلەكە وەك كێشەيێكى سياسى ئەوتۆ دەكەوتە بەرچاو وەكو بڵێى هەموو دەوڵەتان و خەڵكى ئەم گێتييە لە دژى ((بيافرا)) بوون و بە تێكدەر و رووخێنەر و جيابوونەوەخواز (انفصالي) لە قەڵەميان دەدا.

لەپڕ يەكێ لە كارگەرانى رۆژنامەى ((برايەتى)) هاتە ژوورەوە و رووى كردە ساڵح يوسفى: ئەمرۆ لە بابەت بيافراوە هەواڵ زۆر كەمە، چى بكەين؟ لە وەرامدا وتى: وتارێكى گشتى بنووسەوە، نابێ رۆژانە وتار و هەواڵى رووداوەكانى بيافرا لەسەر لاپەڕەى برايەتى كەم بێ.

كە كارگەرەكە چووە دەرەوە، من دەمێك بوو بيرم لەم مەسەلەيە كردبووەوە، هەلێكى لەبار بوو، لەگەڵ ساڵح يوسفى باسى لێوە بكەين، رووم لێكرد و وتم: كاك ساڵح كۆمەڵێك لە خەڵكى ئەفەريقا وڵاتيان ناوى بيافرايە، دەيانەوێ دەوڵەتيان هەبێ، ديارەدەيێكى سەير نييە هەموو دەوڵەتە گەورەكانى رووسيا و فەرنساو بەريتانيا و ئەمەريكا و هەموو دنياى ((تەقەددومى و رەجعى)) دژى ئەم بيافرايە بن؟! لە پاشانا بۆچ ئێمەى كورد لە خەڵكى ديكە تيژتر بين، رۆژانە ئەم بيافرايە بە فڕۆكەكانى رووس و ئينگليز و فەرنسى و ئەمەريكى بۆردومان دەكرێ؟ دەبێ ئەم بيافرايە چ دڕەندەيێك بێ هەموو گێتى لێى دەترسێ و ئەم كارەى لەگەڵدا دەكەن؟!

كاك ساڵح بۆ ماوەيێك بێدەنگ بوو بيريكردەوە، وتى: تۆ راست دەكەى ئەمە گەمەى نێودەوڵەتييە، مەسەلەى ئەوان هەندێ لە مەسەلەى ئێمە دەكا، ئيتر زەنگى لێداو ئەوەى هاتە ژوورەوە رەفيق چالاك بوو، پێى وت: دەرگاى بيافرا لەسەر لاپەڕەكانى ((برايەتى)) دابخەن و بە چاك و خراپ باس لەم مەسەلەيە مەكەن، ئەم هەواڵە بە بەشى عەرەبيش ((التآخى)) دەگەيەنم، ئيتر ئەوەى لەبيرم مابێ ئەوەبوو وتم ئەم كارە پێوەندى بە ئاسايشى رۆشنبيرى ئێمەوە هەيە!

مەسەلەی بیافرا بەم جۆرە بوو:

وڵاتی نێجیریا بە ژمارەی دانیشتووان گەورەترین دەوڵەتێکی ئەفەریقایە، دانیشتووانی لە نەژادی جیاواز پێك هاتوون، لەوانەیە تیرە و عەشیرەتێکی وا بدۆزینەوە لە چەند هەزار کەسێك پێك هاتبن، ئەم کۆمەڵە خەڵکانە لە ٢٥٠ تیرە و عەشیرەت و هۆزی بە نەژاد جیا لە یەکتری پێکهاتوون، جگە لەمە بە ئایین مەسیحی و موسڵمان و وەسەنیان تێدا هەیە. لە ساڵی (١٨٧٤) ئەمپریالیزمی بەریتانی دەستی بەسەر ئەم وڵاتەدا گرت، ئەوکاتە ناوی لاگوس بوو. لە ساڵی (١٩٥٤) کۆمارێکی فیدیراڵی لێ دروستکرا بە سەرۆکایەتی فەرمانڕەواییێکی ئینگلیز، لە ساڵی (١٩٦٠) نێجیریا سەربەخۆیی دەست خست.

ڕۆژگاری دوای ساڵی (١٩٦٠) کە ماوەی گواستنەوە بوو سەختترین و ناخۆشترین ماوەیێکی ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتە بوو، دەست تێوەردانی زلهێزەکان بەتایبەتی دوو بلۆکی ڕۆژهەڵات (رووسیا) و ڕۆژئاوا (ئەمەریکا) کارەساتێکی زۆری هێنایە سەر وڵاتانی ئەفەریقا، هەریەکەیان بۆ لای خۆی رایدەکێشا، هەردوولاشیان شاگەشکەی ئەوە بوون چونکە خەڵکی بە چەك و سیلاحی ئەوان دەکوژران، مەبەستی سەرەکی قازانجی پارە بوو لە داهاتی چەك.

ئەو خەڵکە جیاوازە لە رووی قەومیەت و ئایینەوە کەوتنە بەربەرەکانی یەکتری، لە هەموو ناوچەیێکی ئەم وڵاتە ئاژاوە و شۆڕش و جەنگ پەیدابوو، وابوو لە ساڵی ١٩٦٧ لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی نێجیریا شۆڕش هەڵگیرسا. دانیشتووان جاڕی سەربەخۆییان داو حکوومەتێکیان بەناوی ((بیافرا)) دروستکرد. ئیتر حکوومەتی نێوەندی کەوتە جەنگەوە و کێشەیێکی خوێناوی درێژخایەن بەرپا بوو، لە ئەنجامدا سەد هەزار کەس کوژران و زیاتر لەمەش برینداربوون، ملیۆنێکیش ئاوارەی هەندەران بوون لە وڵاتانی دەوروبەری نێجیریا.

بەڵێ، رۆژگارێکی سەخت بوو، ئەم جەنگە دڕندەییە لە ساڵی (١٩٦٧)ەوە تا (١٩٧٠)ی خایاند، ڕۆژانە فڕۆکەی رووسیا و ئەمەریکا و فەرەنسا و بەریتانیا بۆردومانی بیافرایان دەکرد، کۆمۆنیست و لیبراڵ و فاشیست یەك دەنگ بوون بۆ لەناوبردنی بیافرا، ئێمەی کوردیش لەوکاتەدا زیاتر لەبەر خاتری رووس چەپڵەمان لێدەدا بۆ رووخاندنی دەسەڵاتی بیافرا، ئێمە بەوەمان باش بوو هەڵوێستمان لە وەعیەوە نەهاتبوو، لاسایی بوو.

لە ساڵی (١٩٦٨) هەندێ ڕۆشنبیری کورد هەستیان بەوە کرد ئەگەر رووس و ئینگلیز و ئەمەریکی و فەرەنسی لەسەر مەسەلەیێك یەك دەنگ بن و بیانەوێ بیافرا بڕووخێنن دەبێ مەسەلەکە هەق بێ. بەمجۆرە هەقی بیافرایان خوارد و حکوومەتەکە سەری نەگرت.

**٢٨ی شوبات ٢٠٠٢**



## (١٦٣)

## کۆمەڵەی فابی (فابیزم)

فابیزم یا فابییەتی یەکێکە لە بیر و فەلسەفە زۆر و جیاکانی سۆسیالیزم لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و نیوەی یەکەمی سەدە بیستەمدا لە بەریتانیا پەیدا بوو.

ئەوەی جێگەی سەرنجدانە ئەوەیە بیروباوەڕی سۆسیالیزم لە کارل مارکسەوە (١٨١٨-١٨٨٣) نەکەوتۆتە ناوەوە، بەڵکو بۆ ماوەیێکی گەلێ زۆر پێش ئەو، لە سەردەمی گریك و ڕۆمانەکاندا پەیدابووە. دەستووری سۆسیالیزم و یەکسانی و ئازادی و دیموکراتی خەونی هەمیشەیی ئادەمیزاد بووە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵ لە کۆنی کۆنەوە تا ئێستا.

سۆسیالیزم وەك فەلسەفە ئەگەر ئامانجەکانیشی بە شێوەی پراکتیکی نەگیاندبێتە ئەنجام بەڵام کارێکی یەکجار گەورەی کردۆتە سەر ئەدەب و هونەر لەوانە ڕۆمانە شیعرییەکەی ((یووتووپیا))ی شاعیر و فەیلەسووفی ئینگلیز تۆماس مۆر (١٤٧٨-١٥٣٥) بەڵگەی ئەدەبێکی بەرزی گێتییە، بەرهەمێکی زۆری ئەدەبی لەم بابەتە ئێستا لە ناوەوەیە. هەرچی سۆسیالیزمەکەی کارل مارکسیشە یەکێکە لەو سۆسیالیزمە زۆرانە. بۆ ئەوەی لەوان جیابکرێتەوە لە ئەدەبیاتدا بە ((سۆسیالیزمی زانستی)) ناوی دەرکردووە.

بەڵام ئەوەش هەیە وەك تیۆرییێك لە هەموویان لە پێش چاوترە، بۆ ماوەی حەفتا ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەتی کۆن و چل ساڵێك لە هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا پراکتیك کراوە و ئێستاش هەندێ دەوڵەتی وەکو چین و کوبا و هی دیکە لە سەری دەڕۆن. لێرەدا ئەوەی پێویستە بزانرێ سۆسیالیزم قۆناغی یەکەمە لای مارکس، ئامانجی ئەو گەیشتن بە قۆناغی دووەمە کە کۆمۆنیزمە، لەبەر ئەوە سۆسیالیزمی زانستی بە تەواوی لە سۆسیالیزمەکانی دیکە جیادەبێتەوە.

کۆمەڵێك زاناو بیر بەرزی ئینگلیز لە ساڵی ١٨٨٤ لە لەندەن ڕێکخراوێکی سۆسیالیزمی ئاشتیخواز و دوور لە گیانی شۆڕشگێڕییان دروستکرد بە ناوی ((کۆمەڵەی فابی))یەوە. ناوی کۆمەڵەکەیان لە فابیۆس مەکسیمۆفی ڕۆمانی وەرگرت بوو، ئەمە ئەو جەنگاوەرە ڕۆمانییە بوو بە فێڵی تاکتیکێکی ژیرانەی سوپای هێرشی داگیرکەرانەی

هانیبالی بەزاند بەبێ ئەوەی دڵۆپێك خوێن بڕژێ، یەكێ لە ئەندامە بەرزەكانی ئەم كۆمەڵەیە جۆرج برناردشۆ (١٨٥٦-١٩٥٠)ی نووسەری گەورەی ئینگلیز بە نەژاد ئیرلەندی بوو. برناردشۆ لەژێر كاریگەری كۆمەڵەی فابییەوە لە پاشانا بوو بە كۆمۆنیست، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند و زوو وازی لێهێنا.

فابییەكان لەسەر ئەو بیروباوەڕە بوون كە دەبێ كۆمەڵی ئادەمیزاد سەر لەنوێ ڕێكبخرێتەوە، بەشێوەییێك بۆگەنی كردووە لەگەڵ ژیانی ڕاستەقینەی ئادەمیزاد ناگونجێ.

پێویستە سیستەمێكی سۆسیالیستی ئەوتۆ دابنرێ ڕێگە بۆ ئەوە خۆش بكا هەموو كەسێك بە ئاسانی بتوانی بەشداری لە پێشكەوتنی كۆمەڵدا بكا بەبێ جیاوازی چینایەتی، لەو كاتەدا دەتوانرێ زەوی و سەرمایەی پیشەسازی بدرێ بە كۆمەڵ، واتە ئەو كەسانەی بەڕاستی نوێنەری كۆمەڵن و دەسەڵاتی دەوڵەت بە دەستیانەوەیە و فەرمانڕەوایی كۆمەڵ بەڕێوە دەبەن.

فابییەكان لەسەر ئەو باوەڕەن دامەزراندنی ئەو كۆمەڵە سۆسیالیستییەی گەرەكیانە بەهۆی شۆڕشی چەكداری خوێناوی نایەتەدی، بەڵكو بە دانانی قانوون و دەستوور جێبەجێ دەكرێ، قانوونی یەكسانی بەڵگەی چاككردنی باری ژیانی ئابووری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە لە كۆمەڵی ئادەمیزاددا.

هەروەها فابییەكان لەسەر ئەو باوەڕەن كۆمەڵی ئادەمیزاد بەشێوەییێكی سرووشتی و وەك ئەنجامێكی مێژوویی بەرەو سۆسیالیزم و دیموكراتیزم دەڕوا، هەرچی دەستوور و قانوونیشە ڕێگەی گۆڕانەكە كورتتر دەكاتەوە.

بەرنامەی فابییەكان لە رووی سیاسییەوە روون نەبوو، لەبەر ئەوە زۆر بڕیان نەكرد و زوو لە خەبات كەوتن، ئەوەی لەم لایەنەوە پێویستە سەرنج رابكێشێ ئەوەیە جموجۆڵی فابییەكان لە چوارچێوەی كۆمەڵی بەریتانیا نەچووە دەرەوە.

بە هیچ جۆرێ باسیان لە نەتەوەكانی دیكە نەدەكرد، لەو كاتەی ئێمە دەزانین خاكی بەریتانیا وەك میترۆپۆلێك بەشێك بوو لە ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا، بە دەیان وڵاتی لەژێر دەست دابوو لە ئاسیا و ئەفەریقا و ئەودیو زەریاكان. بە هیچ جۆرێ بیریان لە چارەنووس و دواڕۆژی ئەم كۆمەڵانە نەكردبووەوە لەو كاتەی سۆسیالیزمەكەیان سەری بگرتایە و ببایە بە نیزامی دەوڵەت لە بەریتانیا.

ئەگەر دەوری فابییەكان لە رووی سیاسییەوە زۆر كەم بووبێ لە كۆمەڵی بەریتانیا دەوری تیۆرییان گەلێك كاریگەرتر بووە لە مەیدانی داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی و هونەریدا. كەسێكی



وەك برناردشۆ، تیۆرییەكانی فابیزم كاری گەورەی كردبووە سەر بەرهەمە بە نرخەكانی لە وتار و چیرۆك و رۆمان و شانۆگەری و گەلێ بابەتی دیكەی نووسین، بەگشتی هەست بە هەناسەیێكی مرۆڤایەتی دەكرێ لە نووسینەكانیدا.

هەر چۆنێ بێ بزووتنەوەی رۆشنبیری فابییەكانی بەریتانیا هەوڵێكی دڵسۆزانە و كۆششێكی ژیرانە بوو لە پێناوی بیركردنەوە لە دواڕۆژی ئادەمیزاد.

**٧ی مارت ٢٠٠٢**

## (١٦٤)

# کۆنگرەی تاران (١٩٤٣)

## ١

ئەگەر بڕیارەکانی ئەم کۆنگرەیە کاری لە مەسەلەی سیاسی کورد نەکردایە لە ڕۆژگارانی جەنگی دووەمی گێتیدا، باوەڕ ناکەم ئەم بیرۆکەیەی لەم وتارەدا دەری دەبڕم بە هیچ جۆرێ لە مێشکمدا بزایە و بەم وشانەوە بکەوتایە سەر ئەم پەڕە کاغەزانەوە. باوەڕ ناکەم سیاسی و ڕۆشنبیر و مێژوونووسانی کورد ئاگاداری ئەمە بووبن و بڕیارەکانی ئەم کۆنگرەیان خوێندبێتەوە!

لە ماوەی جەنگی دووەمدا چەند کۆنگرەیێك لە نێوان وڵاتە سوێندخۆرەکاندا بەسترا بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری جەنگ لە دژی دەوڵەتەکانی میحوەر (ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، یابان)، لەوانە ((کۆنگرەی قاهیرە)) (٢٢-٢٦ تشرینی دووەم ١٩٤٣)، ((کۆنگرەی تاران)) (٢٨ی تشرینی دووەم-کانوونی یەکەم ١٩٤٣)، ((کۆنگرەی یالتا)) (٤-١١ی شوباتی ١٩٤٥).

کۆنگرەی تاران یەکێکە لە کۆبوونەوە گرنگەکانی ماوەی جەنگ لە نێوان سەرۆکی دەوڵەتەکانی سوێندخۆران، ((ئەمەریکا، رووسیا (یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا)، بەریتانیا)) لە شاری تارانی پایتەختی ئێران بەسترا. سەرۆکی هەر سێ وڵات فرانکلین ڕۆزفیلت (١٨٨٨-١٩٤٥) و یوسف ستالین (١٨٧٩-١٩٥٣) و وینیستۆن چێرچل (١٨٧٤-١٩٦٥) نوێنەری نیشتمانی خۆیان بوون لەو کۆنگرەیەدا.

لە ئەنجامی کۆنگرەدا دوو بڕیاری سەرەکی درا، یەکێکیان لە بارەی ستراتیجییەتی جەنگەوە بوو، دووەمیان لە بابەت وەزعی ئەوسا و دوارۆژی ئێرانەوە بوو.

بڕیاری یەکەم ئەوە بوو جەنگ بەردەوام بێ لە دژی دەوڵەتانی میحوەر، بۆ ئەم مەبەستە لە خوارووی ئیتاڵیا و نۆرماندیا بەرەیێکی جەنگی تازە بکرێتەوە.

بڕیاری دووەم دانانان بە سەربەخۆیی ئێران و پاراستنی ئابووری وڵاتەکە. فەرمانڕەوایانی هەر سێ وڵات هاودەنگ بوون لەگەڵ حکومەتی ئێران سەبارەت بە سەربەخۆیی و خاوەن خۆیەتی ئێران و پاراستنی ئیستیقلال و یەکێتی خاکی.



## ٢

ئەوەی ڕۆشنبیری کوردی ئەمڕۆ لە مێژووی تازە و سەردەم ئاگادارە ئەوەیە بزووتنەوەیێکی نەتەوەیی دیموکراتی ئامێز لە ناوچەی موکریان لە پێش جەنگی دووەم سەری هەڵدابوو و لە ماوەی جەنگدا بەهێزبوو. ئەو ناوچەیە لە جوگرافیای کوردستاندا موکریانی پێدەڵێن، شاری مەهاباد (سابلاغ) نێوەندی ناوچەکەیە.

ناوچەی موکریان لە جوگرافیای ڕەسمی ئێران لە کۆنەوە تا ئێستاش ((ئازربێجانی ڕۆژئاوا))ی پێدەڵێن، لە ڕووی بەڕێوەبەرایەتییەوە سەر بە ناوچەی ئازربێجانە کە نێوەندەکەی شاری تەورێزە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی گیانی نەتەوەیی لە ئێرانا پێش جەنگی دووەم وەزعێکی تایبەتی لەوێ کەوتە ناوەوە لە ڕووی خەباتی سیاسییەوە بە کورتی ئەوەبوو حزبی توودە (پارتی کۆمۆنیستی ئێران) ڕێکخراوی لە هەموو ئازربێجانا نەبوو، واتە ئەو ناوچانەی ئازربێجانی نشین و کوردنشین بوون. وابوو دوو حزب دروستبوون، یەکەمیان ((فیرقەی دیموکراتی ئازربێجان)) و دووەمیان ((حزبی دیموکراتی کوردستان)) حزبی توودە ئەم دوو ڕێکخراوەی بەهی خۆی دەزانی.

## ٣

ماوەی جەنگی دووەمی گێتی بۆ ئازربێجانی و کورد هەلێکی لەباربوو خۆیان کۆبکەنەوە و ئاگری خەبات لە پێناوی سەربەخۆیی خۆیان دابگیرسێنن، بەتایبەتی لەو ماوەی ستراتیجییەتی جەنگ ئەوەی دەخواست لە باشوورەوە ئەمەریکی و ئینگلیز، لە باکوورەوە رووس بێنە ناو ئێرانەوە. بەمجۆرە هەموو ئازربێجان بە قەولی ئەوان، ئازربێجان و کوردستان بە قەولی ئێمە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی رووسەوە.

بەهۆی یارمەتی رووس دوو بەڕێوەبەرایەتی قەومییان دروستکرد، یەکێکیان بە ناوی کۆماری ئازربێجان و ئەوی دیکەیان بە ناوی کۆماری کوردستان. هەڵوێستی کۆمۆنیستانی ئێران و ئازربێجانییان و دەسەڵاتی رووس کە ڕێبەری و سەرۆکایەتییان دەکرد بەوە بوو، ئەم بەڕێوەبەرایەتییەیان بە ((کۆماری ئۆتۆنۆمی ئازربێجانی دیموکراتی)) لە قەڵەم دەدا. بەشی ڕۆژئاوای ئازربێجان بە قەولی ئەوان کوردستانە و مەهاباد نێوەندیەتی بە کۆمارێکی ئۆتۆنۆمییان دەزانی بە ناوی ((کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستان)) لەناو کۆماری ئازربێجاندا. لایەنی ڕەسمی مەسەلەکە وابوو، بەڵام لە ڕووی پراکتیکییەوە وەك دوو بەڕێوەبەریەتی

سەربەخۆ دەکەوتنە روو لەگەڵ کۆتایی جەنگ ئەمەریکا لە دوارۆژانی ساڵی **١٩٤٥** لە ئێران چووە دەرەوە. بەریتانیا لە مارتی **١٩٤٦** ئێرانی بەجێهێشت پاش خۆبەدەستەوەدانی یابان، کەچی رووس بەتەمابوو بمێنێتەوە و سەرقاڵی دامەزراندنی بەڕێوەبەریەتییە تازەکان بوو لە ئازربێجان و کوردستان.

ئێران کەوتە شکات کردن لە رووس لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، وابوو ئەوانیش ناچار بوون لە مایسی **١٩٤٦** سوپای سوور بکێشنەوە وڵاتی خۆیان. لە دواییدا هەردوو کۆمارەکە کۆتاییان پێهات.

سەرۆکی ئازربێجانییەکان جەعفەر پێشەوەری بۆی دەرچوو و گەیشتە رووسیا، بەڵام لە دواییدا ئۆتۆمۆبیلێك خۆی لێداو کوشتی! ئەوەی ئێمەش قازی محەمەد پێی شەرم بوو میللەت بەجێ بێڵێ و بۆی دەربچێ پەتی سێدارە شەرەفی زیاتر بوو بۆی.

ئێستاش ئێمە گلەییمان لە کۆمۆنیستانی رووس بە تایبەتی ستالین دەکرد، بۆ چ گورگان خواردوویان کردین؟! مەسەلەکە لە سەرەتاوە دووربینی تێدا نەبووە. لە (١)ی کانوونی یەکەمی **١٩٤٣** ستالین لەگەڵ رۆزفێلت و چێرچل بەڵێنیان داوە ئەوەی لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێران نەبێ نەیکەن. ئیتر دەسەڵاتی رووس بۆچ کارێکی وایکرد (دانانی کۆماری ئازربێجان و کوردستان) لە دواییدا نەتوانێ پارێزگارییان بکا؟ مەسەلەکە ئەوەیە: رووس بۆچ ئەم کارەی لە ئازربێجان و کوردستان کرد؟ نەك بۆچ جێیانی هێشت؟ چونکە لە وزەیدا نەبوو بەجێیان نەهێڵێ!

هیوادارم ستراتیج و سیاسی و نووسەر و رۆژنامەنووسی کورد زیاتر بایەخ بەم مەسەلەیە بدەن.

**١٤ی مارت ٢٠٠٢**



## (١٦٥)

# درۆی دیپلۆماسی و هەڵوێستی راست

بەرهەمی ئەدەبی و هونەری کارێکی رەسەنی داهێنراوە و لە کەڵك ناکەوێ و کۆن نابێ و لێی کەم نابێتەوە، بەڵام سیاسەت کە بابەتێکە لە دیپلۆماسییەت و پڕۆپاگەندە و پیلان دانان بۆ سەرخستنی مەسەلەیێك و کار و کردەوەییێك و هونەری گەیاندن بە ئەنجامی بۆ بەکار دەهێنرێ بە هەموو شێوەییێك، رەنگە روونترین پێناسە بۆ ئەم دیاردەیە زاراوەی ((میکیافیلی)) بێ کە لە هەموو پڕۆپاگەندەیێك بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێ.

لەبەر ئەوەیە ((هونەری گەیاندن بە ئەنجام)) کار و پیشەی خەڵکی سیاسەتە، کەچی رۆشنبیر لە داهێنان و دۆزینەوە دەگەڕێ، دیارە ئەمە راستی و حەقیقەتە بە هیچ جۆرێ درۆ هەڵناگرێ.

من لەم ماوەیەدا لە ئەدەب و هونەر و داهێنان و جوانکاری ناگەڕێم، بەڵکو دەمەوێ لە هەندێ دیاردەکانی سیاسەت بدوێم، بۆ ئەم مەبەستە زۆرم لا هەیە، ئەگەر لە دەفتەری بەسەرهاتی رۆژانەمدا شتێکی تایبەتی بوو بێ، ئەمرۆ شتێکی ترە، ئەگەر لە رابردوودا خەوش و نابەجێ بوو بێ ئێستا کارێکی بەجێیە. تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمیش کێ لە کۆمەڵی عەرەبیدا زاتی ئەوەی دەکرد لە خەویشدا بیر لەوە بکاتەوە لەگەڵ ئیسرائیلییێك دابنیشێ و گفتوگۆی لەگەڵدا بکا. راگەیاندنی عەرەبی لەکاتی خۆیدا چی بە خوالێخۆشبوو (بوورقێبە)ی توونسی نەکرد لەسەر ئەوەی وتبووی: بیرێك بکەنەوە، ئەم سووربوونە زیانی بۆتان هەیە. لە دوایشدا نەك تەنیا میسر و ئوردون پێوەندی دیپلۆماسییان لەگەڵ ئیسرائیل بەست، بەڵکو فەلەستینییەکان خۆیان لەگەڵیاندا کەوتنە گفتوگۆ، ئەگەرچی نێوانیان باش نییە و مەسەلەکە لەبار نییە بۆ هەردوو لایان.

هەر چۆنێ بێ من مەبەستم ئەوە نییە، بەڵکو دوو تێبینم هەیە دەمەوێ بیانخەمەڕوو لە سیاسەت و دیپلۆماسییەتی دەوڵەتان چۆن هەندێ جار دەبن بە مایەی پێکەنین و هەندێ جاریتر لۆجیکی سەیر دروستدەکەن و پیاو ناچار دەکا سەری لە سیاسەت و دیپلۆماسییەت دەرنەچێ و باوەڕ بە قسەی ئەو فەیلەسووفانە بکا کە دەڵێن سیاسەت درۆ و دەلەسەیە.

# ١

ئەوەی ئاشکرایە لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا نێوانی میسر و یەکێتی سۆڤیەتی کۆن گەلێ کۆك بوو، بەتایبەتی لەو کاتەی کە سۆڤیەت خەریك بوو پرۆژەی بەنداوی بالآ (السد العالی) لە میسر دەگەیاندە ئەنجام، سەرۆکەکانی هەردوو دەوڵەتەکە زوو زوو سەریان لە وڵاتی یەکتری دەدا، سۆڤیەت زۆری بۆ میسردا دەهێنا و خزمەتی دەکرد بە ئومێدی ئەوەی سۆسیالیزم لە میسر وەك نیزامی فەرمانڕەوایی کۆمەڵ بێتەدی و لەوێشەوە لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکان وئەفەریقا بڵاوببێتەوە.

لە یەکێ لە گەشتە زۆرەکانی جەمال عەبدولناسر بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە دەوری فەرمانڕەوایی لیۆنید بریژنێڤ، لە دوای جێبەجێکردنی ئەو کارانەی گەشتەکەی بۆ کرد بوو، بەپێی پرۆتۆکۆڵی نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش رووسەکان عەبدولناسر یان بە دۆستێکی نزیکی خۆیان دادەنا، دەبوو گەشت و سەیران و راو و شکاری رابواردن بۆ حەسانەوە لە هەندێ جێ بکەن.

ئەمە ماوەی سەربەستیان پیدەوت، گفتوگۆ و کردەوە هیچ پێوەندییێکیان بە پرۆتۆکۆڵی رەسمییەوە نابێ، بێگومان دەبێ ئەوەش بزانین پرۆتۆکۆڵی دەوڵەتان لە هەموو شتێکدا لە یەکتری ناکەن، بەلآم لە ماوەی سەربەستیدا پرۆتۆکۆڵی هەردوو لا نامێنێ.

یەکێ لەوانەی قسەکانی بریژنێڤ و عەبدولناسری بۆ تەرجەمە دەکردن بە رووسی و عەرەبی بۆی گێڕامەوە گۆیا جارێکیان بریژنێڤ لە جەمال عەبدولناسر دەپرسێ: ئێوە وەکو سەرکردەییك و هاوڵاتییێکی ئاسایی میسری باوەڕتان بەوە هەیە مەسەلەی ئێوە و ئیسرائیل کۆتایی نایە بەوە نەبێ کە لەناوبرێ و بخرێتە زەریاوە؟! لە وەڵامدا دەڵێ: من وەکو سەرکردەییك باوەڕم بە خستنە ناو زەریاوە نییە، بەلآم ناتوانم ئەمە بڵێم، هەروەها وەکو هاوڵاتییێکی میسریش باوەڕم بەوە نییە بتوانرێ ئیسرائیل بخرێتە زەریاوە.

بریژنێڤ دەڵێ: ناخۆشی لەوەدایە سەرکردە ناچار بێ بە قسەی خەڵکی ناو کۆمەڵ بکا، جا ئەمە راست بێ یا هەڵە!

# ٢

کە جەنگی عێراق و ئێران دەستیپێکرد، لە دوای دوو رۆژ نوێنەرێکی گەورەی عێراقی رووی کردە رووسیا بۆ روونکردنەوەی مەسەلەی هەڵگیرسانی جەنگەکە. نوێنەرانی بەرزی هەردوولا عێراق و سۆڤیەت کۆبوونەوەییێکی گرنگیان کرد، لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەری رووسیا



گلەیی لە نوێنەری عێراق کرد بەوەی کە دەستیان بە جەنگ کرد بەبێ ئاگاداری رووسەکان لەو کاتەی پەیمانی ستراتیجی لە ساڵی ١٩٧٢ لە نێوان هەردوولا بەستراوە و لە پەیمانەکەدا پەراگرافێك هاتووە دەڵێ: هەر یەك لە دوو لایەنەکە ئەگەر کارێکی وا روویدا پێویستە لایەکەی دیکە ئاگادار بکا. نوێنەری عێراق دەڵێ: ئێمە دەستمان بە شەڕ نەکردووە، ئێران هێرشی بردە سەر ئێمە. نوێنەری رووسیا دەڵێ: باشە، تا ئەگەر مەسەلەکە بەمجۆرە بێ کە ئێران هێرشی بردە سەرتان پێویست بوو بە زووترین کات ئێمە ئاگادار بکەن بۆ ئەوەی بە فریاتان بکەوین. لە وەڵامدا نوێنەری عێراق دەڵێ: ئەی ئێوە کە چوونە ناو ئەفغانستانەوە بۆ ئێمەتان ئاگادار نەکرد، پەیمانەکە یەك لایی نییە دوو لاییە؟!

لێرەدا هەڵوێستی نوێنەری عێراق لۆجیکی و لەجێی خۆی بوو، ناگزوورییەکە لەوە دایە پەیمانەکە یەکسانی تێدا نەبوو، نەدەبوو بەو جۆرە بێ کە ئیمزا کرابوو.

**٢١ی مارت ٢٠٠٢**

## (١٦٦)

# بە تەما نەبووم لەسەر نەورۆز بنووسم

ڕێککەوتێکی جوان و لەبار بوو وتاری گۆشەی پێنج شەموانی ئەم ساڵ لەسەر نەورۆز بێ، چونکە ((گوڵان)) ڕۆژی پێنج شەمووان بڵاودەکرێتەوە و ڕۆژی نەورۆزی ئەم ساڵیش کەوتە ڕۆژی پێنج شەموو، بەر لە نەورۆز ئاگاداری ئەمە بووم، بەڵام بیرم لەوە نەکردەوە لەسەر نەورۆز بنووسم چونکە لەوە دڵنیابووم کەس گلەییم لێ ناکا، بە درێژایی ژیانی ڕۆشنبیریم یەکێك بووم لەوانەی زۆرترین ئاگا و ڕووداو و زانیارییان لە بابەت نەورۆز بڵاوکردۆتەوە بە عەرەبی و کوردی، جگە لەوە جەژنی نەورۆز لە نووسینە ئەدەبییەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە.

هەڵسوکەوتی یەکەمین ڕۆژی نەورۆز خۆی سەپاندە سەرم و ناچاری کردم لەسەر نەورۆز بنووسم چونکە ئەو هەڵوێستە نوێیانەی سەرنجی منیان ڕاکێشا لە ڕۆژی نەورۆز ڕوویاندا.

ئەوەی ئاشکرایە نەورۆزی کورد جەژنێکی نەتەوایەتی میللییە، هەموو کەسێك و بنەماڵەیێك و تیرەو عەشیرەتێك بە شێوازی میللی خۆی نەورۆز لەخۆی پیرۆز دەکا. ئەمەیان بنج و بناوانی جەژنەکەیە، بەڵام لایەنی ڕەسمی و دەسەڵاتیش بۆی هەیە هەندێ ئەدگاری میللی وەربگرێ و شتی لێ زیاد بکا و ڕێکی بخا و بیکا بە پرۆتۆکۆل و بیخاتە پراکتیکەوە، بەڵام ئەوە هەیە هەمیشە لاییەنی میللی زاڵدەبێ بەسەر جموجۆڵی ڕەسمییەوە.

نەورۆز بەناو تەنیا جەژنی کورد نییە، هەندێ لە نەتەوەکانی دەوروبەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەورۆز بە جەژنی میللی خۆیان دەزانن، بەڵام ئەوە هەیە ناوەڕۆکی نەورۆز لای ئێمەی کورد تایبەتییە، لەوانەیە شانازیش بەوەوە بکەین کە خەڵکی تریش نەورۆزیان هەیە. جگە لەوە لەسەر ڕووی زەوی هەندێ میللەت جەژنێکی نەورۆز ئامێزیان هەیە، جا ئەوە جێی سەرنجڕاکێشان نییە بە هەر ناوێکەوە بێ.

گرنگی نەورۆزی ئەمساڵ ئەوە بوو ئاوی هێنا، ئاوێکی زۆر، لە مێژبوو تامەزرۆی ئەو ئاوە بووین، بەڵام تکا دەکەم کاکی خوێنەری ژیر و خۆشەویست مەبەستم لە ئاو ئەوە نییە وەزعی کارەبامان چاك بکرێ، کارەبای هەولێر، ئاگام لە ئەوانی دیکە نییە! با ئەوەمان لەبیر بچێتەوە من و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی هەولێر ئەوانەی لەسەر سێ ئەمپێر و چوار ئەمپێر



دەژین، لە پێشانا دەستە و دوعا دەپاڕاینەوە بۆ باران بە هیوای ئەوەی دوکان و دەربەندیخان کارەبامان بدەنێ، وەك وتم ئەمەمان لەبیرچوو بووەوە یا ڕاستتر لەبیریان بردبووینەوە.

خۆشی نەورۆزی ئەم ساڵ لەوەدابوو ئاوی بۆ هێناین، بۆ سروشت، ڕووەك، بەهاری جوان، ئەمەیان مەسەلەی ژیانی ئادەمیزادی کوردە لە هەموو ڕۆژگار و سەردەمێکدا، چونکە گیروگرفتی دوو ئەمپێر و سێ ئەمپێر وەختییە، کەچی لەدەست چوونی بەهار و بێ ئاوی کارەساتە. بەڵام شوکور بۆ خوا کانی و سەرچاوەیێکی زۆری وڵاتەکەمان تەقیوەتەوە و ژیانی تازەیان بە بەردا هاتووە. دەڵێن تەنانەت ئاوی حەمامۆکی کۆیەش تەقیوەتەوە و ژیانی هاتۆتەبەر. ئەمەیان وابزانم پێش کارەساتی نەبوونی ئاو و دوو ئەمپێر و سێ ئەمپێر وشکی کردبوو. ئەم مژدانە دڵخۆشکەرەوە بوون.

ئەوەی لە ڕۆژی نەورۆزی ئەمساڵ ڕوویدابوو، لە ڕۆژی پێنج شەمووی ڕابردوو و پێوەندی بە نەورۆزەوە هەبوو نەمویست هەڵی بگرم بۆ یادی نەورۆزی ساڵی داهاتوو، چونکە درەنگ دەکەوت.

لە وڵاتی تورکیای ئێستا کورد بە زمان و نەژادەوە قەدەغەیە، بەڵام هەستی کوردایەتی هەیە. هەموو ساڵ یادی نەورۆز دەکەنەوە، ئەم ساڵیش لەبیریان نەچووبووەوە. لە ئەستەموڵ بەلای کەمی دوو ملیۆن کورد دەژین. خۆپێشاندان کرابوو، داوای مافی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتییان کردبوو. جەندرمەی چەکدار لەسەر ڕێو شوێنی لیستی کوێری ئازاری خەڵکیان دابوو، بە لێدان بڵاوەیان بە خەڵکی خۆپێشاندان کردبوو، سەرەڕای ئەمەش سەد کەسیان لەم نیشتمانپەروەرانە گرتبوو.

لە شاری مێرسین بەهۆی نەورۆزەوە کورد هەڵسابوو، بەرهەڵستی جەندرمە لێرە لەوەی ئەستەموڵ تیژتر بوو، یەکێك کوژرابوو و خەڵکێکی زۆری دیکەش بریندار بووبوون. ڕەنگە زەبروزەنگی جەندرمەی تورك لە مێرسین زیاتر بووبێ چونکە لەناو کوردستان بووە، ئەوەی ئەستەموڵ کەمتر بووە چونکە لە ئەورووپاوە نزیکە. تورکیاش وەکو ئاشکرایە سەرقاڵی ئەوەیە لە یانەی ئەورووپا وەربگیرێ و بە تەواوی ببێ بە ئەورووپایی.

بووشی سەرۆکی ئەمەریکا لەم ڕۆژانەدا لە دوای (١١)ی ئەیلوول بە شێوازێك قسە دەکا پێویستە هەموو لایێك گوێی لێبگرن! ڕۆژی نەورۆز پیرۆزبایی لە میللەتی ئەفغان کرد، وتی دەستیان دەگرین، ئەو حکوومەتەی بە یارمەتی ئێمە دامەزراوە و بە قسەی ئێمە دەکا پشتی دەگرین. لە دواییدا بووش پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزی لە جالیەی ئێرانی لای خۆیان کرد، وتی

هاوڵاتی ئەمەریکی بە نەژاد ئێران دەوروبەری میلیۆنێکن، خەڵکی چاکن، بە وەفان، لە پاشانا پیرۆزبایی لە میللەتی ئێران کرد. ناوی دەوڵەت و حکوومەتی نەهێنا. وەك لێرەدا دیارە بووش پیرۆزبایی لە حکوومەت و میللەتی ئەفغان کرد، کەچی بۆ ئێران تەنیا پیرۆزبایی لە میللەت کرد.

لەو رۆژی نەورۆزەدا وەنەبێ باسی کورد نەکرابێ، بەڵام بەناوی ((جەژنی سەری ساڵی تازە))ەوە بوو، وشەی ((نەورۆز)) لە ناوەوە نەبوو. هەواڵەکە پیرۆزبایی نەبوو، بەڵکو بروسکەیەکی ئاگا و رووداو بوو، تێیدا هاتبوو ((کوردی تورکیا لە ئەستەمووڵ و هەندێ شاری دیکە بەهۆی سەری ساڵی تازەی کوردەوە لە خۆپێشانداندا داوای مافی نەتەوایەتییان کردووە)).

ئەمەش خراپ نییە، بەڵام ئەوەی زۆر چاك بوو ئەو ئاوە زۆرە بوو کە نەورۆزی ساڵی ٢٠٠٢ بۆ کوردستانی هێنا.

**٢٨ی مارت ٢٠٠٢**



## (١٦٧)

## لە ئێران مۆسیقای کوردی دەکوژرێ لە تورکیا زیندوو دەبێتەوە!

ناوێکی سەیرە بۆ وتارێك ئەگەر کورد بیخوێنێتەوە، کەچی خەڵکی دیکە بیخوێننەوە بەلایانەوە سەیر نییە، چونکە ئەوە نازانن هەموو شتێك لە بارەی کوردەوە لە تورکیا قەدەغەیە، بەڵام لە ئێران هەموو شت قەدەغە نییە. لە پاشانا مەبەستم ئەوە نییە بڵێم دەسەڵاتی ئێران بایەخ بەمۆسیقای کوردی نادا و دەسەڵاتی تورکیا پشتگیری دەکا. مەسەلەکە ئەوە نییە، بەڵکو هۆی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و پێوەندیی میللەتان بە یەکترییەوە بۆتە هۆی ئەوەی ئەم دیاردە سەیرە لە گۆڕێ بێ.

رەنگە کوردی وا هەبێ بە خوێندنەوەی ناوی ئەم وتارە گرژ ببێ. من بەش بە حاڵی خۆم لێی ناگرم و گلەیی لێناکەم. لەوانە بوو منیش پێش ئەوەی بیرۆکەی ئەم نووسینەم بۆ بێ یەکێك بیووتایە ((مۆسیقای کوردی لە تورکیا زیندووە)) بێگومان یەکسەر لێی تووڕە دەبووم. چونکە دەسەڵاتێك زمانی کوردی قەدەغە بکا، چۆن پشتی مۆسیقای کوردی دەگرێ!

وای بە باش دەزانم هەندێ باس لە مۆسیقای کوردی عێراق بکەم پێش ئەوەی بێمە سەر بنجی مەبەست، بەو ناوەی کورد لەگەڵ عەرەبدا دەژی. کەم و زۆر هەردوولایان کاریان لە یەکتری کردووە لە هەموو سووچ و لایەنەکانی ژیاندا. لە بیرمە زۆر لەمێژە، هێشتا قوتابی زانستگا بووم لەسەر مۆسیقای کوردی عێراقم نووسی، باسی گۆڕانیبێژی ناوداری میسری فەرید ئەترەشم کرد، بەتایبەتی کارکردنی ئەو مۆسیقارە بەسەر گۆرانییە بەراییەکانی هاوڕێم خوالێخۆشبوو شەماڵ سائیب.

جگە لەوە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەتایبەتی لای خوێندەواران ئەم کارکردنە لە هەموو جۆرە کردەوەییێکی دیکە تا پلەیێك ئاشکراتر بوو، وەك بەکارهێنانی وشەی عەرەبی لە قسەکردندا، لە نووسینیشدا بەکارهێنانی رستە و تەعبیری رەسەنی عەرەبی (لێکسیکۆن)، ئەمە هەندێجار کارێك بوو بە چاکە دەگەڕایەوە و زمانی یەکگرتووی دەوڵەمەند دەکرد، بەڵام هەندێجاریش ناشیرین دەکەوتە بەرچاو چونکە لەگەڵ تەرکیبی دروستبوونی لێکسیکۆنی کوردی

ڕێك نەدەكەوت. وەك لە سەرەوە وتمان كاركردنی مۆسیقاش بەهێز بوو بە زۆری مۆسیقا و ئاوازی گۆرانیبێژە میسرییەكان.

با بێمە سەر مەبەستی بنچینەیی لە نووسینی ئەم وتارە. چۆن مۆسیقای كوردی لە ئێرانا دەكوژرێ؟!

بێگومان من لێرەدا نامەوێ باس لە گۆرانبێژە ڕەسەن و ناودارەكانی كوردی ئێران بكەم هی وەكو عەلی ئەسغەری كوردستانی و حەسەن زیرەك و محەمەدی ماملێ و عەزیز شارۆخی و هی دیكە. بەڵكو دەمەوێ باس لە هەندێ لەو گۆرانیبێژە نوێیانە بكەم لەو كاتەی دەنگی ئەو تیپانەی ڕستەی كوردی كە لە دەمیان دێتە دەرەوە، دەڵێی كابرایێكی فارسە و فێری زمانی كوردی بووە، هۆی ئەمە ئەوەیە چونكە زمانی كوردی و فارسی سەر بە یەك بنەماڵەی زمانن، ((ئێران)) یا ((هیندۆ ئێرانی)) ئەمەش دەچێتەوە سەر بنەماڵە گەورەكەی كە ((هیندۆ ئەوروپی)) پێدەڵێن.

ئەمە لەلاییێك، لە لاییێكی دیكەوە، مۆسیقای كوردی جۆرە ڕیتمێكی تایبەتی تێدا هەیە سیفەتی نەتەوایەتی دەداتێ، گوێ كە دەیبیستێ دەتوانێ بیناسێتەوە. ئەم ڕیتمە بێگومان پێوەندی بە جۆری ئامێری مۆسیقاشەوە هەیە، چونكە ئەوەی زیاتر سنووری نەتەوەیی مۆسیقاكە دەكێشێ جۆری ئامێرەكانە. جا لەبەر ئەوەی دەنگێ ڕیتمی فارسی لە دروستكردنی ڕستەی كوردی و بەكارهێنانی هەموو ئامێرەكانی مۆسیقای فارسی لە ئۆركیسترای كوردیدا، گۆرانی مۆسیقای فارسی لە ئۆركیسترای كوردیدا، گۆرانی كوردی لە قاڵبی نەتەوەیی خۆی دەردەچێ و دەبێ بە فارسی. ئەمە لە بەشێكی زۆری گۆرانبێژ و تیپی مۆسیقای كوردی ئێران دیارە. ڕەنگە ئەمە كارێكی خراپ نەبێ و هەندێجار گۆرانی و مۆسیقای كوردی دەوڵەمەند بكا، بەڵام نابێ لەسەر حسێبی ڕەسەنایەتی گۆرانی و مۆسیقای كوردی بێ بە گشتی.

ئیتر با بێمەوە سەر دیوەكەی دیكەی مەسەلەكە. چۆن مۆسیقای كوردی لە توركیا زیندوو دەبێتەوە؟!

ئەوەی ئاشكرایە بە گۆرانی و مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی لە ڕۆژگارانی فەرمانڕەوایی توركی عوسمانی لەناو نەتەوەكانی كۆمەڵی عوسمانیدا پێشكەوتوو بوو، شەقڵی نەتەوایەتی بەسەر ئەم هونەرەی ناو میللەتەكاندا دیار و ئاشكرا بوو، هەروەها كاریان لە یەكتریش كردبوو، لەوانە ((مەقام)) نموونەییێكی ئەم هەرەوەزییە بوو.



لە دوای جەنگی یەكەمی گێتی و دروستبوونی كۆماری توركیای ئێستا ئینقلابی گەورە لەناو هونەری مۆسیقادا ڕوویدا، لە پێش هەموو شتێكدا ئامێرەكانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان تێكەڵ بە یەكتری كرد ئۆركێسترای تازەیان دروستكرد، ئاوازی میللی خۆیان و ئەوروپاییان لە یەكتری موتربە كرد، بەمجۆرە گۆرانی و مۆسیقاییێكی بابەتی تازە و جوان كەوتە ناوەوە.

ئەو ناوچە كوردییانەی كەوتنە ناو قەوارەی سیاسی توركیاوە و ((كوردستانی توركیا))ی پێدەڵێین یەكێكە لە هەرێمە دەوڵەمەندەكانی ئاواز و مۆسیقای كوردی، توركەكان سوودێكی زۆریان لە ئاواز و مۆسیقای میللی فۆلكلۆری ورگرت. من پێموایە تەنیا بەرزی و خۆشی ئەم ئاوازانە نەبوونە هۆ بۆ وەرگرتنیان، بەڵكو بەشێكی زۆر لە گۆرانیبێژە گەورەكانی تورك بە نەتەوە كوردن و كوردیش دەزانن، لەبەر ئەوەیە كوردێك كە گوێی لە ئاواز و مۆسیقاییێكی توركی دەبێ هەست بەوە دەكا كە جەوهەری كوردی تێدایە، بۆیە بەڕاستی ئەو هونەرە تازەیە دەبێتە نموونەی هاوكاری نێوان ئەم دوو نەتەوەیە. ئەم دیاردەیە بەپێی زانستی بەراوردكاری دەتوانرێ زیاتر لێی بكۆڵرێتەوە و ڕوونبكرێتەوە.

**٤ی نیسان ٢٠٠٢**

## (١٦٨)

# ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی لە سانت پیترسبۆرگ

لە سەرەتای سەدەی هەژدەم پیتری یەکەمی قەیسەری ڕووس هەوڵیدەدا بۆ تازەکردنەوە یان دامەزراندنی دەوڵەتێکی مۆدێرنی ڕووسی ئەوتۆ لە ڕووی مەدەنییەت و پێشکەوتنی پیشەسازییەوە شان بە شانی دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوای ئەورووپا بوەستێ. بۆ ئەم ئامانجە لە ساڵی (١٧٠٣) بەردی بناغەی شاری سانت پیترسبۆرگی دانا و لە دواییدا پایتەخت گوێزرایەوە ئەوێ.

یەکێ لە کارە هەرە گرنگەکان لە شاری تازەدا دروستکردنی زانستگا و ئەکادیمیەی زانستی بوو. لە ساڵی (١٧٢٥) دەرگای ئەکادیمیە کرایەوە بۆ جێبەجێکردنی هەموو زانستییە کۆمەڵایەتیی و پراکتیکییەکان.

بێگومان لە پێشانا بایەخ بە زانستییە پراکتیکییەکان دەدرا و زانا و مامۆستای گەورەی زانستگایان لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا دەهێنا، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا و فرەنسا.

ڕووسیای کۆن لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە بایەخێکی زۆری بە ڕۆژهەڵات دەدا، چونکە هاوسێی ڕۆژهەڵات بوو، خاکی ڕووس لەگەڵ خاکی ئاسیای ناوەڕاست تێکەڵ بوو تا زەریای سپی یابانی ناو ئۆقیانووسی باسفیك، لەبەر ئەوە بەناوی کۆلۆنیالییەوە ئەم خاکانە هەموویان بوون بە موڵکی ڕووس.

لە کۆنەوە ڕووس هەوڵیانداوە شارەزایی لە هەموو لایەنێکی ژیانی ڕۆژهەڵات پەیدا بکەن، لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیای ناوەڕاست و لە باشووری قەفقاس، گەڕۆکەکانیان گەشتی ئەم ناوچانەیان بووە، یادداشت و تێبینییان نووسیوەتەوە، هەندێ جار پێوەندی بازرگانیشیان لەگەڵ ئەم ناوچانەدا بووە.

بە دامەزراندنی ئەکادیمیە لە سانت پیترسبۆرگ و لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم (١٨١٨) بڕیاردرا ((مۆزەی ئاسیا)) دابمەزرێ وەك ئامۆژگایێك یا دەستگایێك لە پاڵ ئەکادیمیەی زانستی. لە سەرەتادا مەبەستی ئەم بنکە زانستییە پاراستنی پارەی کۆنی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات بوو، لە پاشانا بایەخی زۆریان بە دەسنووس دەدا، ئینجا کەلوپەلی دەستکردی



هونەری. هەنگاوی یەکەمیان دانانی کەتالۆج و ئەلبووم و ڕێبەر بوو بۆ ناساندنی ئەم سەرچاوە و کەرەستانە بە زانا و کارگەرانی ڕۆژهەڵاتناسی.

یەکێ لە جموجۆڵییە هەرە گرنگەکانی ئەم دەستگایە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا ئەوەبووو کۆمەڵێك سەرچاوەی بنچینەیی لە سانت پیترسبۆرگ لە بابەت کوردەوە بڵاوکرایەوە، بە زمانانی ڕووسی و ئەڵمانی و فرەنسی، هەروەها کتێبی ((شەرەفنامە))ی بێ وێنە و گرانبەها و هەرە بە نرخی مێژووی میللەتی کورد لەسەر دەستنووسێکی مۆزەی ئاسیا تێکستە ئەسڵییەکە و وەرگێڕانی فرەنسییەکەی بڵاوکرایەوە.

مۆزەی ئاسیا هەرچەندە وەکو لە ناوەکەی دەردەکەوێ دەستگایێك بوو پاشماوەی مەتریالی (مادی) لە کردەوەکانی ئادەمیزادی دەپاراست، بەڵام ئەم دەستگایە کە بە مەبەستی مۆزە دامەزرا بوو، هەر لەو کاتەشدا ئامۆژگا بوو، واتە دەستگایێك یا نێوەندێکی زانستی بووە لە پێناوی لێکۆڵینەوە و پشکنینەوە و وردبوونەوە لە هەموو کاروبارێکی کە بۆی دامەزراوە.

جگە لەمە لە کۆنەوە دەستگایێکی ڕۆژهەڵاتناسی لە مۆسکۆ هەبوو بە ناوی ((ئامۆژگای لازارێڤ)) ئەمە تایبەتی بوو بە فێرکردنی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، لە پاشانا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ئەم ئامۆژگایە و مۆزەی ئاسیا لەگەڵ یەکتریدا کۆکرانەوە و ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیان لێ دروستکرا.

مۆزەی ئاسیا زیاتر لە سەدەیێك بەم ناوە مایەوە و کارێکی یەکجار گەورەی لە مەیدانی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی گەیاندە ئەنجام، ئەمە هەموو نەتەوەکانی ئاسیا و ئەفەریقای باکووری گرتبووەوە، لەمەدا بەشی کورد کەم نەبوو. پێموایە ئەگەر تەنیا ((شەرەفنامە)) بێنینەوە یادی خۆمان دەبینین ئەگەر ئینقیلابێکی گەورە لەم ڕووەوە لە بابەت میللەتی کوردەوە کرابێ لەسەر دەستی زانایانی ڕووس بووە.

لە ساڵی (١٩٣٠) لە دوای ئەوەی فەرمانڕەوایی کۆمۆنیستە بۆلشەفیکەکان جێگیر بوو مۆزەی ئاسیای سانت پیترسبۆرگ و ئامۆژگای لازارێڤی مۆسکۆ لەگەڵ یەکتری کۆکرانەوە و ((ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی))ی ئەکادیمیەی زانستی لە مۆسکۆ و سانت پیترسبۆرگ (لینینگرادی ئەوسا) دروست بوو. لەو سەردەمانەدا ((کوردناسی)) لەناو بەشی ((ئێرانناسی)) دابوو، تا ساڵی ١٩٥٩ لەو ماوەیەدا کوردناسی بوو بە بەشێکی سەربەخۆ.

یەکێ لە کردەوە نابەجێکانی کە نەدەبوو ڕووبدا ئەوە بوو لەسەر داوای دەسەڵات بەدەستانی چین لە ساڵی (١٩٦٠) ناوی ئەم دەستگا زانستییە گۆڕاو کرا بە ((ئامۆژگای نەتەوەکانی

ئاسیا))، بە بەهانەی ئەوەی ((ڕۆژهەڵاتناسی)) زیاتر بۆنی بۆرجوازی لێدێ، کەچی ((نەتەوەکانی ئاسیا)) بۆنی ((پرۆلیتاری)) لیدی(!!).

هەرچەندە زانایانی ئەکادیمیە دژی ئەم بڕیارە بوون، بەڵام سیاسەت بە قسەی ئەوانی نەکرد. دەستگاکە بەم ناوە مایەوە تا ساڵی (١٩٦٨) لەو کاتەی چەند و چوونی ئیدیۆلۆجی لە نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەتی کۆنی ئەوسا گەیشتبووە لووتکە، زانایانی دەستگاکە هەلێکی لەباریان بۆ ڕێککەوت و ناوە ئەسڵییەکەیان زیندوو کردەوە، ئێستا بەناوی ((ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی)) لەکار دایە.

من زۆر بەختیارم بەوەی هەشت ساڵ لە ژیانما لەم دەستگایە کارم کردووە وەك قوتابییێکی خوێندنی باڵا و کارگەرێکی زانستی. جگە لەوە چەند باس و وتارێکم بە زمانی ڕووسی بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ دوو کتێب یەکێکیان بەناوی ((بە کورتی مێژووی ئەدەبی کوردی نوێ)) و ((چیرۆکی نووسەرانی کورد)) ئەمانە یەکەمین کاری زانستی و ئەدەبین لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە لەلایەن کوردێکی دەرەوە بە زمانی ڕووسی لەو وڵاتەدا بڵاوکرابنەوە.

**١ی نیسان ٢٠٠٢**



## (١٦٩)

# له هەموو شتێکدا یەکەم!

ئەوی ڕاستی بێ لەم وتارەدا تەنیا خەریکی لێکدانەوەی ناونیشانی وتارەکە نابم وەکو پێویستە، بەڵکو بۆ ئەوەش دەچم ((بۆ لە هەموو شتێکدا یەکەم دەبێ هەبێ؟!)).

بۆلشەڤیکەکانی ڕووس بەپێی ئەو تیۆرییەی بۆخۆیانیان دروستکردبوو، کۆمۆنیست کەسێکی سووپەرمان و بێ کەموکووڕی بوو، بەرامبەر بەو بۆرجوازییان بە گەمژە و نەفام و ناتەواو حسێب دەکرد و بە چاوێکی کەم تەماشایان دەکردن، نەك تەنیا ئەمانە، بەڵکو هەموو کەسێکی هەلگری بیروباوەڕی مارکسیزم نەبووبێ و ناسنامەی پارتی کۆمۆنیستی لە گیرفانا نەبووبێ، بەلای ئەوانەوە لە تاقمی بۆرجوازییەکان بووە.

لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵسوکەوتی کۆمۆنیستەکانی ڕووسیا بووم لە ماوەی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا. من لێرەدا تەنیا باس لە نێوەندی ئەدەبی کۆمەڵی ئەو سەردەمەی ڕووسیا دەکەم. لای هەموومان ئاشکرایە لەگەڵ سانسۆری سەختی دەوڵەت (پارتی کۆمۆنیست) بەسەر بەرهەمی ئەدەبییەوە، ئەدەبی ڕووسی بەرهەمێکی بەرزی لە ناوەوە بوو، ئەمە ئەنجامی پێشکەوتنی ئەدەبی ڕووسی بوو لە سەدەی نۆزدەمدا، هەروەها ویجدانی بێگەردی ڕووس و توانای فیکری و چێژ و خەیاڵ بەرهەمێکی هەڵبژاردە و ڕەسەنیان خستە ناوەوە لە ماوەی فەرمانڕەوایی بۆلشەڤیکەکان (١٩١٧-١٩٩١)دا.

لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا دوو ناوی مەزن لە هەموو گێتی ئەدەب دەنگیان دابووەوە. ئەمانە ئیلیا ئەهرینبۆرگ (١٨٩١-١٩٦٧) و میخائیل شۆلۆخۆڤ (١٩٠٥-١٩٨٤) بوون، ئیتر کاربەدەستانیان بەپێی ئەو تیۆرییەی خۆیان شۆلۆخۆڤیان وەکو نووسەرێکی ناودار دەستنیشان کردبوو و بە نووسەری یەکەم ناویان دەبرد، لەبەر ئەوە کردبوویان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیست، بەڵام بەڕاستی نەدەبوو شانازی بەوەوە بکا، چونکە لە هیچ جۆرە کۆبوونەوە و جموجۆڵێکی حزب بەشداری نەدەکرد. مەسەلەکە ئەوەبوو شۆلۆخۆڤ دەبێ نووسەری یەکەم بێ، کە یەکەم بێ پێویستە ناسنامەی حزب لە گیرفانی بێ و ئەندامی باڵاترین کۆمیتەی حزب بێ. هەرچی ئەهرینبۆرگیشە، لە

نووسەرە کلاسیکییەکان بوو، شەش حەوت زمانی ئەوروپایی دەزانی جگە لە رووسی. لە ئەوروپا و هەموو گێتی بەناوبانگ بوو، بەڵام بلیتی ئەندامیەتی حزبی لە گیرفانا نەبوو. ستالین لەم رووەوە زیرەك بوو، لەبەر ئەوە ئەم نووسەرەی لەخۆی نزیك کردبووەوە، لێی دەپرسییەوە، چاوی پیدەکەوت، بە گوێی دەکرد، ستالین بەم کردەوەیە دوو چۆلەکەی بە بەردێك دەکوشت، لەلاییێك شۆلۆخۆڤی دەکرد بە نووسەری یەکەم و لەلاییێکی ترەوە ئەهرینبۆرگی لەخۆی نزیك دەکردەوە وەکو پرۆپاگەندەییێك، چونکە دەیزانی لە ئەوروپا ئەهرینبۆرگ ناوبانگی لە ئۆلۆخۆڤ زیاترە و بە گەورەتریشی دەزانن.

ئەم دوو نووسەرە هەڵکەوتووە ئەهرینبۆرگ و شۆلۆخۆڤ هەردووکیان خودا حافیزییان لە کۆمەڵی ئادەمیزاد کرد و چوونە گێتییەکەی دیکە، بەڵام میراتێکی بەرزی لەبن نەهاتوویان بۆ نەتەوەکەیان بەجێهێشت، ئێستا کەس باسی ئەوە ناکا ئەهرینبۆرگ کۆمۆنیست نەبوو، کەسیش ناڵێ شۆلۆخۆڤ ئەندامی پارتی کۆمۆنیست بوو، چونکە بەرهەمی ئەدەبی هەردوو لایان ئەوە هەڵناگرێ و لە سەرووی هەموو ئیدیۆلۆجییەتێکەوەیە، بۆیە بەرهەمی ئەهرینبۆرگ پێمان ناڵێ من کۆمۆنیست نیم. هەروەها لە بەرهەمی ئەدەبی شۆلۆخۆڤیش ناتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی بۆمان بکرێ بڵێین کابرایێك بوو وەك کۆمۆنیستێك سەری نایەوە.

هەڵەی بۆلشەڤیکەکان لەوەدا بوو لە پێناوی پڕۆپاگەندەییێکی هەرزان شۆلۆخۆڤیان کرد بە ئەندام و تەنیا بەوەش نەوەستان، بەڵکو کردیان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە جموجۆڵێکی سیاسی یا حزبایەتی هەبێ، واتە راستی ژیانی ئەم ئادەمیزادەیان دەشاردەوە.

راستی ژیانی شۆلۆخۆڤ زۆر ئاسایی بوو و لە ژیانی نووسەرێکی گەورەی دەکرد. ماڵی خۆش و جوان بوو، نوقمی ناو باغ و دارستان بوو لە قەراغ زێی دۆن.

ئەو ناوچەیە مەڵبەندی قازاکەکانی رووسیایە و تا ئێستاش تێیدا دەژین، ناوچەکە زۆر دوورە لە مۆسکۆ، واتە شۆلۆخۆڤ لەناو میللەتی خۆی دەژیا کە کازاکیان پێدەڵێن، ئەمانە تیرە و هۆزێکی گەورە و سوار چاکی هەموو رووسیان بە میللەتێکی سەربەخۆ حسێب دەکرێن.

هێڵێکی شەمەندەفەر بە تەك گوندەکەی شۆلۆخۆڤ تێپەڕ دەبوو، ئەو گوندەیان کردبوو بە ئێسگە، شەمەندەفەری لێ دەوەستا بۆ ئەوەی خەڵکی گوندەکە لە شەمەندەفەر بێنەخوارەوە یا سواری شەمەندەفەر بن، ئەمە لە بنجدا بۆ شۆلۆخۆڤ کرابوو.



هەرچی ئیلیا ئەهرینبۆرگیش بوو لە دوای جەنگی دووەمی گێتی و نووسینی رۆمانی ((کەوتنی پاریس)) بە یەکجاری گەڕایەوە مۆسکۆ و هەموو کاتێکی بۆ نووسینەوەی بەرهەمی ئەدەبی تەرخانکرد. ماڵی ئەو سالۆنی کۆبوونەوەی هەموو شاعیر و نووسەر و رۆشنبیرێك بوو ئەوەی رێی بکەوتایە مۆسکۆ، ئەو ماڵە مۆزەییێك بوو بۆخۆی، بە کەڵوپەلی بە نرخ و وێنەی شێوەکاری نایب شایانی ئەو کەڵە نووسەرە بوو.

ئیلیا ئەهرینبۆرگ و میخائیل شۆلۆخۆڤ هەردووکیان گەورە بوون، یەکەم و دوومیان نەبوو.

**١٨ی نیسان ٢٠٠٢**

## (١٧٠)

# سەربازی نەناسراو

سەربازی نەناسراو ناوی لەگەڵ خۆیەتی، ئینسان دەتوانێ بە خەیاڵ وێنەیێك لە ناوپێچەكانی مێشكیدا بكێشێ، وێنەكە رەنگدانەوەی ئەنجامی شەڕێك بێ لە نێوان دوو هێز، یەكێكیان سەر دەكەوێ و ئەوی دیكەیان ژێر دەكەوێ و سەربازەكان لەچاوان ون دەبن. لەو كاتەدا كارێكی ئاسانە كوژراوەكان لە یەكتری جیا بكرێنەوە، واتە بەهۆی جل و بەرگیانەوە بزانێ سەر بە كامە لایەنی شەڕكەرەكانن. لە پاشانا نوێنەری سوپای ژێر كەوتووش بۆ ناسینی لاشەی كوژراوی خۆیان روو دەكەنە جێگەی شەڕەكە. لە ئەنجامی ئەم كارە بێگومان سەربازێك یا زیاتر بێكەس دەمێننەوە و هیچ جۆرە ناسنامە و بەڵگەیێك لە گیرفانیاندا نادۆزرێتەوە بۆ ئەوەی پێی بناسرێنەوە، بەتایبەتی لە جەنگەكانی رۆژانی رابردوودا. تەنیا خودا خۆی دەیزانێ لە كۆنی كۆنەوە تا ئێستا چەند لەم سەربازانە بێ خاوەن ماونەتەوە.

ئەو سەربازەی لە جەنگدا دەكوژرێ و لە دواییدا بێ خاوەن دەمێنێتەوە دەبێتە بەڵگەی هەموو ئەو قوربانی و شەهیدانەی لە ئەنجامی ئەو جەنگەدا سەریان ناوەتەوە، هەروەها ئەو سەربازە دەبێتە نوێنەری هەموو ئەو عەسكەرییانە، لەسەر عەسكەرەوە تا سەربازی بێ خەت و ئەوانەی لە جەنگدا كوژراون. جگە لەوە ئەو سەربازە نەناسراوە دەبێ بە رەمزی نیشتمانپەروەری و لەخۆبووردن و قارەمانیەتی نەتەوەی خۆی.

بیرۆكەی بایەخدان و بە هەند هەڵگرتنی مەسەلەی سەربازی نەناسراو لە كۆتایی جەنگی یەكەمی گێتی كەوتە ناوەوە.

ئینگلیز دەیانزانی گۆڕستانەكانی فرەنسا گەلێ كوژراوی سەربازی ئینگلیزیان گرتۆتەخۆ. ئیتر بە مەبەستی یادگاری پێشنیازیان كرد لاشەی سەربازێكی نەناسراوی ئینگلیز بگوێزنەوە لەندەن و لەدێری ویستمینیستەر (گۆڕستانی گەورە پیاوان) بینێژن، بە ناوی ئەوەی ئەم كارە شانازییە بۆ هەموو نەتەوەی ئینگلیز و نوێنەری هەموو پیاو چاكێكی ئەومیللەتەیە. بۆ ئەم مەبەستە نێردراوی رەسمی لە بەریتانیاوە چوونە فرەنسا و لاشەی قوربانییێكی ئینگلیزیان گواستەوە لەندەن، لەو ناشتنەدا گەورە و بچووكی ئنگلیز بەشدارییان كرد.

لە دوای ئەمە هەندێ لە دەوڵەتانی دیكە لاسایی ئینگلیزیان كردەوە، لەوانە كەنەدا، ئینجا ئەمەریكا، ئەمانەش لە گۆڕستانەكانی فرەنسا لاشەی سەربازێكی نەناسراویان گواستەوە ئەمەریكا



و لە گۆڕستانی ئارلینگتۆن لە نزیك واشنتۆنی پایتەخت ناشتیان. لە ساڵی ١٩٥٨ ئەمەریكییەكان لاشەی سەربازێكی قوربانی جەنگی دووەمی گێتیان لە تەك سەربازەكەی دیكەدا ناشت.

لە پاشانا فرەنساش بیری لەمە كردەوە، وابوو لەژێر ((تاقی سەركەوتن)) لە پاریس گۆڕستانێكی بیناكرد سەربازی نەناسراوی خۆیان لەوێ ناشت، هەروەها ئیتاڵییەكانیش لاشەی سەربازی نەناسراوی خۆیان لە كەنیسەی سانتا ماریا بەخاك سپارد. گەلێ لە دەوڵەتانی گێتی ئەم دیاردە نوێیەیان وەرگرت و گۆڕستان و پەیكەر و بەڵگەیان بۆ سەربازی نەناسراویان دروستكرد.

ئەم نەریتە لە دوای جەنگی دووەمی گێتی زیاتر پەرەیسەند. دەوڵەتانی گێتی تەنیا بەوە نەوەستان گۆڕستان دروستبكەن، بەڵكو بایەخێكی زۆریان بە پەیكەر و نموونە و بەڵگەی بیناسازیدا. لەوەدا هونەروەران دەسڕەنگینی داهێنانی بەرهەمی بەرزیان نواندووە لە هەڵگرتنی گۆڕەكانیان و تاشینی پەیكەریان و دروستكردنی ژوور و گومەزی ئەو بینایانەی لاشەی سەربازەكانیان تێدا دەنێژن.

ناڵێم تەنیا یەكێتی سۆڤیەتی كۆن، بەڵكو نەتەوەی رووس بەگشتی بایەخێكی زۆر بەم دیاردە گیانیانە دەدەن، بەتایبەتی سەربازی نەناسراو، باوەڕ ناكەم كەس هێندەی ئەوان كوژراوی جەنگی هەبێ! لەبەر ئەوە لە هەموو شارێك، لە هەموو ئاواییێك گۆڕستانی كوژراوی جەنگیان هەیە لە شارە گەورەكاندا، هەروەها لەو شوێنانەی شەڕیان لێ بووە. هونەرمەندانیان گەلێ بەرهەمی هونەری بەرزیان لەم لایەنەوە خستۆتە روو. رووس بە گشتی رێز لە قوربانییەكانی جەنگ دەنێن، جا ئەمانە ناسراو بووبن یا نەناسراو.

لە بابەت سەربازی نەناسراوەوە لە گۆڕەپانی سوور نزیك ئارامگای لینین ئاگری هەمیشەییان داگیرساندووە وەك رەمزێك بە ناوی سەربازی نەناسراوەوە، بەڵام لەو كاتەدا لەبەر لینین بایەخی پێویست بە سەربازی نەناسراو نەدەدرا، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەموو كەسێك كە لە بینینی لینین دەبووەوە سەری لە سەربازی نەناسراو دەدا.

خوێنەری خۆشەویستی ئەم گۆشەیەی من، ئێمەی كورد چی بڵێین گەر یەكێك ویستی گۆڕی سەربازی نەناسراوی پێشانبدەین! پێش هەموو شتێك سەری نوازش و رێز و حورمەت دادەنوێنین لەبەردەم گۆڕی سەربازی نەناسراو لە هەر كوێیەك بێ لەسەر رووی ئەم زەوییە، ئەو سەربازانە بە هی خۆمانیان دەزانین، ئینجا دەڵێین ئەگەر لێمانیان بوێ جێگەیێك دەستنیشان بكەین بۆ گۆڕی سەربازی نەناسراو، دەڵێین نیشتمانی ئێمە هەمووی گۆڕی سەربازی نەناسراوە.

**٢٥ی نیسان ٢٠٠٢**

## (١٧١)

# یۆنیسکۆ - UNESCO

((یۆنیسکۆ)) وشەییّکە لە هیبیچ زمانێکی سەر رووی زەوی هیچ جۆرە مانایێك بەدەستەوە نادا، تیپی یەکەمی وشەکانی رستەییّکی ئینگلیزییە بە کوردی دەبێتە ((رێکخراوی پەروەردە و زانست و رۆشنبیری سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان)). ئەو تیپانە بە یەکترییەوە نووسێنراون و وشەی ((یۆنیسکۆ UNESCO)) یان لێدروست بووە.

یۆنیسکۆ دەستگاییّکە سەر بە دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکانە، لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ کۆنگرەییّك لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا لە لەندەن بەسترا بە مەبەستی جێبەجێکردنی کاروباری رۆشنبیری و پەروەردەیی. لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٤٦) دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دەرکرد پەیمانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە ببێتە رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی (نا سیاسی) سەر بەو دەستەیە. وا بوو یەکسەر بیست دەوڵەت رەزامەندییان پیشاندا ببن بە ئەندام تێیدا، لە دواییدا زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتانی گێتی چوونە ناو ئەو رێکخراوەوە.

بەڕاستی یۆنسکۆ لە سەرەتاوە بۆ مەبەسێکی پیرۆز دامەزرا، ئەگەر سەرنجێکی دێباجەی بەرنامەی یۆنیسکۆ بدەین ئەم راستییەمان بۆ روون دەبێتەوە، لەوێ ئەمە هاتووە: بەشداریکردن لە پتەوکردنی ئاشتیو ئاسایش لە نێوان دەوڵەتانی گێتیدا بۆ ئەوەی هەرەوەزی لە نێوانیاندا هەبێ لە مەیدانی پەروەردە و زانست و رۆشنبیریی بە مەبەستی ئەوەی ئەمە ببێتە هۆی یەکسانی لەسەر رووی زەوی و رێزگرتن لە قانوون و مافی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکانی وەکو لە دەستووری دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووە بەبێ جیاوازی چونکە ئادەمیزاد لە یەك نەژاد دروستبووە، لە هەر کوێییّك بێ، جیاوازی لە بنج و بناوان و نەژاد و زمان و ئایین نابێ ببێتە هۆی ئەوەی یەکێك لە یەکێکی دیکە بە گەورەتر لە قەڵەم بدرێ.

وەکو لە بەرنامەی یۆنیسکۆ دەردەکەوێ وڵاتە دواکەوتووەکان، یا گێتی سێیەمی ئەو سەردەمە زیاتر پێویستیان بە یارمەتی ئەو رێکخراوە هەبوو، لەبەر ئەوە یۆنیسکۆ سوودی گەورەی بۆ ئەو وڵاتانە بووە.



بۆ جێبەجێکردن و بە ئامانج گەیاندنی مەبەسەکانی خۆی ئەم رێکخراوە هەوڵدەدا ((زانیاریی هاوبەش)) لە کۆمەڵی ئادەمیزاددا بڵاو بکاتەوە بۆ ئەوەی میللەتان زیاتر لە یەکتری نزیك ببنەوە، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە هەموو کردەوەییّکی راگەیاندن بەکاردێنێ لەناو خەڵکی سەر رووی زەوی، وەکو دەرکردنی کتێب و گۆڤار و چاپەمەنی، هەروەها بە رێگەی رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و سینەما و شانۆ و مۆزە و پێشانگە و هی دیکە دەنگی خۆی دەگەیەنێتە هەموو گێتی.

پێویستی سەرشانی یۆنیسکۆ ئەوەیە زانا و مامۆستا و نووسەر و رۆشنبیر و هونەروەرانی میللەتانی جیاوازی سەر رووی زەوی لە یەکتری نزیك بکاتەوە، بێجگە لەمە بایەخێکی زۆر بە خوێندنی سەرەتایی و قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری دەدا.

مەڵبەندی نێوەندی دەستەی یۆنیسکۆ لە پاریسەوە، جگە لەوە لە زۆربەی هەرێم و ناوچەکانی گێتی مەڵبەندی بۆ دانراوە، بۆ بەڵگە مەڵبەندی یۆنیسکۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە شاری بەیرووتە. هەروەها لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئەندامن لە دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە پایتەختەکانیاندا ((لێژنەی نیشتمانی)) هەیە.

یەکێ لە لێژنە گرنگەکانی رێکخراوی یونیسکۆ ئەوەیە کە ناویان ناوە ((لێژنەی پەروەردەی بنچینەیی)) ئەمەیان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دادەمەزرێ، سالآنێکی زۆر دەخایەنێ و هەندێجار دەبێ بە هەمیشەیی لەوانە لە ساڵی ١٩٥١ لێژنەییّك لە مەکسیك دانرا بۆ هەموو دەوڵەتەکانی ئەمەریکای لاتینی. دووەمیان لە ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی ((سرس الیان)) لە میسر دانرا بە ناوی ئەوەی سەرپەرشتی مەسەلەی فێرکردن و پەروەردە لە وڵاتانی عەرەب دەکا.

لقێکی ئەم لێژنەیە لەکاتی خۆیدا لە گوندی دوجەیل لە باشووری شاری کووت لە خوارووی عێراق کرایەوە، تاقیکردنەوەییّکی باش بوو، بەڵام لەگەڵ رووداوەکانی (١٤)ی تەمووزی ١٩٥٨ تێکچوو.

یۆنیسکۆ کۆمەڵێك کۆواری جیاواز دەردەکا، لە پێشانا بە زۆری بە زمانانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی بوون. هیچ جۆرە چاپەمەنییێکی بە زمانی رووسی بڵاونەدەکردەوە، چونکە یەکێتی سۆڤیەتی کۆن دانی بەم رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان نەدەنا تا ساڵانی حەفتاکان ئیتر چاپەمەنییان بە رووسیش بڵاودەکردەوە. کۆوار هەرە گرنگەکانیان ئەمانە بوون: ((مۆزە))،

((کۆواری زانستییە کۆمەڵایەتییەکان))، ((پەیامی یۆنیسکۆ))، ((بڵاوکراوەی مافی نووسەر))، ((بڵاوکراوەی یۆنیسکۆ بۆ نامەخانەکان)) و هی تریش.

یۆنیسکۆ چی بۆ ئێمە کردووە؟ تا پێش راپەڕین باوەڕ ناکەم هچی کردبێ، بەڵام لە دوای ئەوە هەندێ پێویستییەکانی خوێندنی منداڵان لە قەڵەم و کاغەز و کتێب بە کوردی دەبینی، ناوی یۆنیسکۆیان لەسەر نووسراوە، بەڵام داخی گرانم هەندێ لەم شتومەکانەی منداڵان کە دیاری یۆنیسکۆیە بۆ منداڵانی کورد لە بازاڕی شێخەڵڵا دەفرۆشرێن.

**٢ی مایس ٢٠٠٢**



# (١٧٢)

# هەندێ تێبینی لە بابەت رۆژنامەگەرییەوە

## ١

پێش هەموو شتێك رەنگە زاراوەی رۆژنامەگەری یا رۆنامەوانی (الصحافة Presse) زیاتر ئەو پەڕە کاغەزە گەورانە بگرێتەوە کە بەرگیان نییە و رۆژانە بڵاودەکرێنەوە یا هەفتانە ئەگەر بە قەوارەی رۆژنامەی رۆژانە بن، بەڵام ئێستاکە رۆژنامەگەری وەك زاراوەییێك هەموو ئەو چاپەمەنییانە دەگرێتەوە کە رۆژانە و هەفتانە و مانگانە و تا دەگاتە ساڵانە بڵاودەکرێنەوە.

ئێمە لەم ماوەیەدا مەبەستمان رۆژنامەی رۆژانە و هەفتانەیە، چونکە جموجۆڵی و هۆشیارییێکی ئەوتۆی تێدایە هەموو ژیان دەگرێتەوە، کەچی بڵاوکراوە مانگانەییەکان زیاتر ئەکادیمین و راستەوخۆ رەنگدانەوەی هەموو لایەنێکی ژیانی رۆژانەی ئادەمیزاد نین. هەرچۆنی بێ کارگەری چاپی رۆژانە جیاوازی هەیە لەگەڵ کارگەری گۆڤاری مانگانە و ئەو چاپەمەنییە ئەکادیمی و زانستگاییانەی دەستگاکانی خوێندن و پەروەردەکردن دەری دەکەن، لێرەدا بۆمان هەیە کارگەری ئەم چاپەمەنییانە لە گێتی رۆژنامەگەری وەدەربێنین.

لەم ماوەیەدا مەبەستمان رۆژنامەگەری رۆژنامەی رۆژانە و هەفتانەیە. بۆ ئەمە دەڵێین، لە دوای جەنگی یەکەمی گێتییەوە پێوەندی نێو دەوڵەتان بە شێوەییێك گۆڕانی بەسەردا هات گەلێ قووڵ و بنچینەیی بوو، راگەیاندن پێویستییێکی گرنگ بوو بۆ بە ئەنجام گەیاندنی هەموو پێشکەوتنێکی ئادەمیزاد لە ژیانیدا. لێرەدا رۆڵی گەورە لە دەست رۆژنامەی رۆژانەدا بوو.

دەتوانین دوور نەڕۆین و لە پاڵ خۆمانا بەڵگە بێنینەوە. کە دەوڵەتی عێراق دروستبوو، چەند کەسێك زیاتر بە ناوی بازرگانی و قازانجکردنەوە، دەستگای رۆژنامەی رۆژانەیان لە بەغدا دامەزراند، لەناو ئەمانەدا یەکێکیان دەکرێ بڵێین خوێندەوار نەبوو، یا بۆرەخوێندەوار بوو. رۆژانە لە بەغدا هەموو بەیانییێك لەگەڵ رۆژهەڵاتدا رۆژنامەکان بڵاودەکرانەوە، سانسۆر لەسەر رۆژنامە نەبوو، خاوەن و بەڕێوەبەرانی رۆژنامەکان لە سیاسەتی دەوڵەت گەیشتبوون، چاکە و خراپەیان لە یەکتری جیادەکردەوە. دەیانزانی دەسەڵات بە چی ختووکەی لێدێ و بەچی گرژ

دەبێ، یا بە شێوەیەکی تر ئەو کەسانە خۆیان سانسۆری خۆیان بوون، هەواڵیان لە رادیۆکانی دەرەوە و ئاژانسە جیاوازەکانی گێتی وەردەگرت. ئیتر بەپێی بۆچوون و ئیدیۆلۆجییەتی خۆیان هەواڵەکانیان بڵاودەکردەوە، لەبەر ئەوە هەر رۆژنامەیێك کەسایەتی خۆی هەبوو، بە دەگمەن ئەوە دەبینرا هەواڵێك لە زیاتر لە رۆژنامەیێکدا بڵاوبکرێتەوە، تەنیا هەواڵە یەکجار گرنگ و رەسمییەکان نەبن ئەوانەی پێویست بوو هەموو خەڵکی ئاگاداری بن.

بەمجۆرە دەبینین رۆژنامەکان تا پلەیێك لە خزمەتی دەسەڵاتدا دەبوون، ئەگەر شتێکیشیان بڵاوبکردایەوە و دەسەڵات پێی رازی نەبوایە، رۆژنامەکە دەدرایە دادگا، بە زۆریش بڕیاری دادگا لە چاکەی خاوەنی رۆژنامە دەبوو نەك دەسەڵات، تا ئێستا رۆژنامەگەری لە ئەوروپا و ئەمەریکا بەمجۆرەیە، بەڵام رۆژنامەگەری لە دەست کۆمپانیا و رێکخراو و میلیۆنێرەکاندایە. گرنگی رۆژنامەگەری لە پیترۆل زیاترە لە کۆمەڵی زلهێزەکاندا.

لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی و دروستبوونی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت، بەناوی سۆسیالیزمەوە هەموو شتێك بوو بە هی دەوڵەت، ئەرز و ئاو، فابریقە و کێڵگە، زانست و ئەدەب و هونەر، بەتایبەتی رۆژنامەگەری و چاپەمەنی بوون بە ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیست، ئیتر ئەوەی لەو ئیدیۆلۆجییەتە لای بدایە نەك شتی بۆ بڵاونەدەکرایەوە بەڵکو هەندێ جار سەریشی تێدا دەچوو.

لە دوای (١٤)ی تەمووزی ١٩٥٨ دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق رۆژنامەگەرییان خستە ژێر چاودێری خۆیان، سانسۆرێکی سەختیان لەسەر دانا، ئەمە مەشقێك بوو بۆ ئەوەی لە دواییدا رۆژنامەگەری ببێ بە حکوومی و رەسمی و تەعبیر لەو ئیدیۆلۆجییەتە بکا کە بووە بە فەرمانڕەوا، ئێمەش وەکو بەشێك لە عێراق لە بابەت رۆژنامەگەرییەوە هەرچی لە بەغدا خێربووبێ لای ئێمەش خێر بووە، لەوێ شەڕ بووبێ لای ئێمەش شەڕ بووە. رۆژنامەگەری کوردی لە هەر کوێیێکی کوردستانی عێراق بێ لە رووی روخسارەوە، نەك ناوەڕۆك، لەوەی بەغدا دەکا، چونکە پەیدا بوون و پەرەسەندن یەك مێژوویان هەیە، جگە لەوەی زۆربەی رۆژنامەنووسەکانمان مەشقیان لە رۆژنامە و کۆوارە کوردییەکانی دەسەڵاتدا بووە، لە بەغدا یا لە شارەکانی دیکەی کوردستان.

**٩ی مایس ٢٠٠٢**



## (١٧٣)

## هەندێ تێبینی لە بابەت رۆژنامەگەرییەوە

## ٢

دەتوانین سەرەتای سەدەی بیستەم یا راستتر دوای جەنگی یەکەمی گێتی رۆژنامەگەری ئەوروپا بکەین بە نموونە، وەك ئەوەی لەوێ سەری هەڵداوە و پەرەی سەندووە و پێشکەوتووە. بەپێی ئەو رۆژگارە کۆنە و بەپێی مەفهوومی ئێستای رۆژنامەگەری بۆمان هەیە بڵێین رۆژنامەگەری لە ئەوروپا سەربەست و بێلایەن بووە و سانسۆری لەسەر نەبووە، ئەمە ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ رۆژنامەگەری دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکان، ئەگەر نا بە مانای سەربەستی موتلەق، تا ئێستا لە مێژوودا رووی نەداوە، بۆ دوارۆژیش نازانین دەبێ یا نا!

کەچی بێگومان لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە بیروڕای جیاواز و پێچەوانەی یەکتری لەم لایەنەوە بکەوێتە ناوەوە، ئێمە ناتوانین بە هیچ جۆرێ بەراورد لە نێوان رۆژنامەگەری ئەوروپا و ئەمەریکا بکەین و بڵێین وەکو یەکن، ئەمە وانییە، بەڵکو ئەوەی یەکەمیان لەدەست حزبە و حکوومەتیشی بەدەستەوەیە، بیروڕای تاکە کۆمەڵ بە هیچ ناچێ، بەڵام ئەوەی دووەمیان تا پلەیێك هچ نەبێ لە رووی تیۆرییەوە رێز لە بیروڕای تاکی کۆمەڵ دەنێ.

بەلای منەوە هۆی نەمانی سەربەستی و پەیدابوونی سانسۆر لە رۆژنامەگەریدا لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی لە هەندێ وڵاتانی سەر رووی زەوی لەم دوو لایەنەدا دەدۆزرێتەوە:

١- دروستبوونی سیستەمێکی سۆسیالیستی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە رووسیا بە ناوی ((یەکێتی سۆڤیەت))ەوە، ئەمە وەك ئاشکرا بوو پارتی کۆمۆنیست خۆی کردبوو بە خاوەنی کۆمەڵ، رۆژنامەگەری وڵات هەمووی لە ژێر کۆنترۆڵی خۆی دابوو، راستتر موڵکی خۆی بوو، تاکە کەس و خەڵکی بێلایەن بۆیان نەبوو خاوەنی رۆژنامە بن، هەتا ئەگەر بیروڕایان لەگەڵ دەوڵەتیش یەکی بگرتایە، بەمجۆرە سانسۆری هەموو رۆژنامەیێك لە ناوخۆی دابوو، ئەوەی وشەیێك لە دەمی دەربچووایە و بۆنی رەخنەی لێ بهاتایە بە بێگانە و بۆرجوازی و ناتەواو لە قەڵەم دەدرا. تاقیکردنەوەی ئەم سانسۆرە سەختە لە یەکێتی سۆڤیەتی کۆن و هەموو وڵاتە

سۆسیالیستەکانی سەر رووی زەوی وڵاتە تاکە حزبییەکانی ئاسیا و ئەفەریقای دواکەوتوو بووە هۆی ئەوەی نەریتێك دروست ببێ، واتە بوونی سانسۆر، بە ئاسانی کۆمەڵی ئادەمیزاد رزگاری لێی نەبێ، واتە لە دوای نەمانی دەسەڵاتی سۆڤیەتیش لە هەندێ لە وڵاتانی سۆسیالیست و وڵاتە تاکە حزبییەکان ماوەتەوە.

٢- لەپاش جەنگی یەکەمی گێتی وڵاتە ئەمپریالیستەکان بەتایبەتی بەریتانیا و فرەنسا سیاسەتی ناوەوەو دەرەوەیان وەك یەك نەبوو لە مەیدانی رۆژنامەگەریدا، لە بابەت سیاسەتی ناوەوەیانا وەك ئاشکرایە لەو ساوە و تا ئێستاش ناومان بە ((سەربەستی رۆژنامەگەری)) بردوون، ئەمە راستە، بەڵام لە سیاسەتی دەرەوەیان واتا لەو وڵاتانەی لەژێر دەستیاندا بوون، بە تەواوی سیاسەتێکی پێچەوانەیان بەکاردەهێنا. ئێمە لێرەدا باس لە موستەعمەرەکان ناکەین، بەڵکو باسی ئینتداب دەکەین. بۆ بەڵگە ئینگلیز لە عێراق و فرەنسا لە سووریا و لبنان، لەو ماوەیەی کاروباری ئەم وڵاتانەیان بەرێوە دەبرد ئەوان بەرنامەی بوونی سانسۆریان دادەنا، رەنگە بڵێین سانسۆر بەو شێوەیە نەبوو هەموو بڵاوکراوەیێك پێش چاپکردن دەبوو رەقیب چاوی پێی بکەوێ، بەڵام ئاگادارییێك هەبوو چی قەدەغەیە و چی قەدەغە نییە. ئەوەی لە لەندەن و پاریس بڵاودەکرایەوە و ئاسایی بوو، لە عێراق و سووریا و لبنان قەدەغە بوو، هەندێ جار دەگەیشتە پلەی تاوان.

بەم رەنگە، ئەو میراتە نالەبارەی کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی سەدەیێك لە مەیدانی رۆژنامەگەریدا دروستبوو، لە ناوبردنی پێوەندی توندی هەیە بە گۆڕانی بنچینەیی هۆشیاری ناو تاکی کۆمەڵ بە یەکترییەوەو دەوڵەتانی سەر رووی زەوی بەیەکەوە.

لە کۆمەڵی ئێمەدا ئاڵای ((سەربەستی نووسین)) بە دەست رۆژنامەنووسانەوەیە، نابێ بە هیچ جۆرێ لە خەباتی ئاشتیخوازانەیان لەم لایەنەوە کۆڵ بدەن و پێویستە هەمیشە ئەم سەربەستییە ئامانجی سەرەکییان بێ.

**١٦ی مایس ٢٠٠٢**



## (١٧٤)

# هەندێ تێبینی لە بابەت رۆژنامەگەرییەوە

## ٣

لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بۆ ماوەیێك رۆژنامەگەری کوردی لە کوردستانی عێراقدا کپ بوو، دەنگی نەبوو، چونکە حزبەکان لە جێبەجێکردنی گیروگرفتەکان بوون، هێشتا نەگەیشتبوونە ئەوەی ئاوڕ لە رۆژنامەگەری بدەنەوە. خەڵکی دیکەش لە رۆشنبیر و دەوڵەمەندی بێ لایەن لەوەدا نەبوون بیر لە بڵاوکردنەوەی رۆژنامە بکەن، ئەمانە تا ئێستاکەش بیریان لەوە نەکردۆتەوە، بێگومان ئەم دیاردەیە هۆی خۆی هەیە لێرەدا جێی باسکردنی نییە.

دوو حیزبە سەرەکییەکە کە هەوڵیان بۆ هەلکەوت دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی رۆژنامە وەك ئۆرگانی حزبی خۆیان. بەمجۆرە لە کۆمەڵی ئێمەدا رۆژنامەگەری بەناوی حیزبەوە دەستیپێکرد، بێ لایەن و سەربەخۆ و دەرەوەی دوو حیزبەکە رۆژنامەیان نەبوو، ئێستاش رۆژنامەیان نییە. لە پاشانا وردە حزبەکانی سەر بە دوو حزبەکە ئەوانیش دەستیانکرد بە چاپکردنی ئۆرگانی رێکخراوەکانیان.

لە دواییدا دەرفەتێك رێککەوت رۆژنامەگەری دەرەوەی حزب (ناحزبی) پەیدا ببێ بەناوی دەسەڵات یا حکوومەتەوە، وابوو وەزارەتی رۆشنبیری دەستگای رادیۆ و تەلەڤزیۆن و رۆژنامە و کۆوار و ئەژانس و هی دیکەی دامەزراند.

ئەم دەستگا رەسمییانە کەوتنە جموجۆڵی، برێك کاری باشیان کرد، بەڵام ئەگەر هەندێ جیاوازی لە نێوان کۆوارێکی حیزبی و کۆوارێکی دەسەڵات هەبووبێ، لە رووی دەرهێنان و تەکنیکییەوە ئەم جیاوازییە بە هیچ جۆرێ لە رووی ئیدیۆلۆجییەوە بەدیپنەکراوە، هەندێجار رەنگە پێچەوانە راست بووبێ بەوەی رۆژنامەی دەسەڵات زیاتر لە رۆژنامەی حزبەکە حزبایەتی کردووە. دەبێ بۆ راستی ئەوەش بڵێین رۆژنامە و کۆوارە حزبییەکان لە رووی دەرهێنانەوە جوانتر و رێکوپێکتر بوون.

هەرچۆنی بێ لەگەڵ هەموو کەموکورییەك لەم بابەتەوە دەتوانرا سوود لەو چاپەمەنییانە وەربگیرێ. بەڵام ماوەیێکە بە گشتی چاپەمەنی دەسەڵات واتە وەزارەتی رۆشنبیری وەستاوە، بە

هەموو جۆرێك پێویستە چارەسەر بكرێ، چونكە بەڕاستی ئێمە پێمان خۆش بوو ڕۆژنامەگەری ئازادی دەرەوەی حیزب و دەسەڵات لە ناوەوە بێ و ئەمەش نەك تەنیا دەنگێك بێ بەڵكو زۆر دەنگ بن، كەچی لەبەر هەر هۆییێك بێ ڕۆژنامەگەری دەرەوەی حزبمان نییە، هیچ نەبێ لەبەر ئەوە با دەسەڵاتی هەرێمی كوردستان جموجۆڵی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی هەبێ، ئەگەرچی ئەمەش بە هیچ جۆرێ لەباتی ڕۆژنامەگەری ئازادی خەڵكی كورد حسێب ناكرێ.

بە كورتی ئێمە لە سەردەمی ئێستاماندا پێویستمان بە گێتییێكی بەرفراوان و ئازاد و بێ لایەن و بێ حزبایەتی هەیە لە مەیدانی ڕۆشنبیریدا. هەروەكو زۆرجار وتراوە دەوڵەمەندانی ئێمە لە وزەیاندا نییە كۆمپانیای بڵاوكردنەوە پێكبێنن، هەروەها ڕۆشنبیرانیش نەك توانای ئەمەیان نییە لە ڕووی داراییەوە، بەڵكو ناچارن لە ڕۆژنامە و چاپەمەنی و بڵاوەخانەی حیزبەكاندا كار بكەن بۆ ئەوەی پارووی نانی خۆیان و خێزانیان دەست بخەن. لەم حاڵەتەدا چار نییە تەنیا ئەوە نەبێ دەسەڵاتی ڕەسمی دەوری ڕۆنامەگەری ئازاد و بێ لایەن ببینێ، لێرەدا بێگومان تەگەرە دەكەوێتە ناوەوە، چونكە دەسەڵات توانای خۆی لە حیزب وەردەگرێ، ئایا كارێكی مەنتیقییە دەسەڵات ببێتە دژی ئەو هێزە سیاسییەی بەڕێوەی دەبا، ئێمە لێرەدا باس لە دژایەتی ناكەین، دژایەتی واتە دوژمنایەتی، كە دژایەتی لە ناوەوە بێ مانای ئەوەیە پیلانی شۆڕشی چەكدار لە ناوەوە دەبێ، ئەمە ڕەنگە لە هەندێ جێگەی سەر ڕووی زەوی باوی مابێ، بەڵام لە كۆمەڵی كوردەواری ئێمەدا هەر لە ناوەوە نییە. لێرەدا مەسەلە دژایەتی نییە مەسەلە ڕەخنەیە، دەربڕینی بیروڕای دووەم و سێیەمە لە پێناوی چاككردنی باری ژیانی كۆمەلایەتی و سیاسی. ئیتر چاپەمەنی دەسەڵات دەتوانێ تا پلەییێك ببێتە زمان حاڵی ڕۆشنبیر و خوێندەوارە بێ لایەنەكانی كۆمەڵی كوردەواری، پشتگوێ خستنی بۆچوون و بیروڕای ئەمانە زیانی هەیە بۆ هیواو ئامانجی میللەتی كوردی ئەم سەردەمە و دوارۆژمان، هەڵگرانی زانستی و ئەدەب و هونەر شانازیی نەتەوەن، چونكە دروستكردن و تازەكردنەوە بەدەست ئەوانەوەیە.

**٢٣ی مایس ٢٠٠٢**



## (١٧٥)

## حەمید عوسمان

حەمید عوسمان ناوێكی ڕۆشن و پرشنگدار بوو لە بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری كوردستانی عێراق لە ناوەڕاست و نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، مەڵبەندی ژیانی بەرایی و مێرد منداڵی و بەشێكی لاویەتی حەمید عوسمان شاری هەولێر بوو، قۆناغی دوایی ژیانی كە لاتەریك و گۆشەنشین بوو، لە ماڵ نەدەهاتە دەرەوە و تا دواجار سەری نایەوە ئەویشیان لە هەولێر بوو. واتە جموجۆڵی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری حەمید عوسمان بەشێكە لە مێژووی كولتووری كوردی هەولێر.

ناتوانم بە تەواوی ئەو سەردەمە دیاری بكەم كە حەمید عوسمانم تیایدا ناسی. ئەگەرچی دكتۆر ئەحمەد عوسمانی برا بچووكی حەمید لەمنەوە دوور نەبوو بەهۆی هاوڕێیەتی قوتابخانە و ڕێكخراوی بێچووە شێرانی حیزبی هیوا، بەڵام من لە حەمیدەوە نزیكتر بووم، بە كاك حەمید ناوم دەبرد و بە مامۆستای خۆمم دەزانی لە قوتابخانەی كۆمەڵایەتی گشتیدا، ئەم پێوەندییەم لەگەڵ حەمید عوسماندا نەپچڕا لەو كاتەوە كە شاگردی قوتابخانەی سەرەتایی بووم ئەویش لە قوتابخانەی ناوەنجی بوو تا ڕۆژی كۆچی دوایی لە هەولێر.

زۆربەی ژیانی حەمید عوسمان نهێنی و خۆشاردنەوە و گرتووخانە و بەندیخانە و ئێش و ئازار و تەفرەدان بوو، ئەگەر لەگەڵ ژیانی خۆمدا بەراوردی بكەم ژیانی من لە هی ئەو زیاتر هێمنی و ئاسوودەیی تێدا بوو. لەگەڵ ئەوەی گواستنەوە و جێگۆڕكێكی زۆر لە مەڵبەندی ژیانی مندا هەبوو. ژیانی ساڵەهای هەولێر و كەركووك و كووت و بەغدا و ئەورووپا و ئەفەریقا، بەڵام لە هەموو ئەم قۆناغانەدا من بێ ئاگا نەبووم لە حەمید عوسمان. بێگومان لە هەموو كاتێكدا دەمزانی لەچی شارێكە یا بەندی كامە بەندیخانەیە، بەڵام نەمدەزانی لەچی ماڵێكی نهێنی خۆی شاردۆتەوە، كەچی ئەو بە درێژایی ئەو ژیانە دەیزانی لەكوێ دەژیم، بە نهێنی زۆرجار بە شەو خۆی دەكرد بەجێی زیندەگانیم و ماوەییێك لەگەڵ خۆم و كەسوكار و ئەندامانی خێزانم ڕازو نیازمان بۆ یەكتری هەڵدەڕشت، پێوەندیم لەگەڵ حەمید عوسمان لە هەندێ ڕووەوە مەبدەئی بوو. واتە وەكیەكی بیروڕا و بۆچوونی سیاسی لەگەڵ یەكتری كۆی دەكردینەوە، بەڵام لە

بنەڕەتدا ئەو پێوەندییە گیانی بوو، باوەڕی بە هەڵسوکەوتی من هەبوو، منیش باوەڕم بە وەفای ئەو هەبوو کە هەمیشە منی لە بیربوو.

لە رووی ئیدیۆلۆجییەوە دەتوانم بڵێم حەمید عوسمان لە ژیانیدا سێ قۆناغی بەسەر کردۆتەوە، ژیانی فیکری ئەو سێ قۆناغەی لە پێناوی کوردایەتی بووە، هەرچییێکی بەدەم گوتبێتی یا بە کردەوە دەری بڕی بێ بۆ ئامانجێك بووە بەلای ئەوەوە قازانجی بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی بووە.

لێرەدا سەرەتای جموجۆڵی سەردەمی مێردمنداڵی نەوەی دەوروبەری جەنگی دووەمی گێتی حسێب ناکەم کە حەمید عوسمان یەکێکە لەوان، واتە سەردەمی حیزبی هیوا و حیزبەکانی دیکەی وەك رزگاری و شۆڕش و یەکێتی تێکۆشین و هی دیکە، لەبەر ئەوە لەبارەی سێ قۆناغەکەی حەمید عوسمانەوە دەڵێم:

١- قۆناغی چەپڕەوی، لەمەدا لە رووی تیۆرییەوە زیرەك بوو، دەیتوانی مامۆستای تیۆرییەکانی کارل مارکس بێ، لە جموجۆڵی پراکتیکی خەباتدا هۆشیار و بە توانا بوو، تا دەگاتە ئەوی لە بەندیخانە بە کەوچك و چنگاڵی نان خواردن تونێلێك لە ژێر زەوی هەڵکەنێ و لەگەڵ هەندێ هاوڕێیانی لە بەندیخانە رابکەن. جگە لەمە توانای ئەوەی هەبوو بەرگری لە هەموو ئێش و ئازارێك بکا، ئازاردانی حەمید عوسمان لە بەندیخانەکاندا دەنگی دابووەوە، بەرگریکردن لە خۆی بەڵگەی قارەمانی و خۆگری بوو.

٢- قۆناغی بیروباوەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان، حەمید عوسمان پێش رووداوەکانی (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) گەیشتبووە ئەو باوەڕەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق ویست و ئارەزووی نەتەوەیی کورد ناگەیەنێتە ئەنجام، لەبەر ئەوە لەگەڵ چەند کەسێك پارتی کۆمۆنیستیان بەجێهێشت و روویان کردە پارتی دیموکراتی کوردستان، لەناو ئەم حزبەدا دەوری بالای هەبوو بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٠.

٣- قۆناغی بێلایەنی لە رووی حزبایەتییەوە، ئەوی راستی بێ حەمید عوسمان نەبوو بە ئەندامی حیزبی دەسەڵات بەدەست، بەلام بیروڕای ئەوەی دەگەیاند ئێمەی کورد بۆ ماوەیێکی درێژ لەگەڵ عەرەبدا دەژین، پێویستە بیروبۆچوونەکانی حەمید عوسمان بەڕاست دەرچوون. هەرچۆنێ بێ حەمید عوسمان بە کوردی ژیا، بۆ کورد ژیا و بۆ کورد مرد.

**٣٠ی مایس ٢٠٠٢**



# (١٧٦)

## پامپ — سیپان

لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا لە مێژ نەبوو لە شاری سانت پیترسبۆرگ جێنشین بووم بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە ئەدەبی کوردیدا. خانووی قوتابییانمان باڵەخانەیێکی سێ نهۆمی یادگاری بیناسازی سەدەی هەژدەم بوو.

ڕۆژێکیان گوتیان دوو خوێندەواری گەنج لە ئەرمەنستانەوە هاتوون بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵایان، هەردووکیان لە دوای تەواوکردنی خوێندنی زانستگا بوون بە مامۆستا لە قوتابخانە ناوەنجییەکانی کوردی لەو ناوچانەی کوردیان تێدا دەژیا. هەروەها جموجۆڵی رۆژنامەگەری و کارکردنیان لە رادیۆ هەبوو، ئەم دوو کەسە یەکێکیان ناوی وەزیری ئەشۆ و ئەویتریان شکۆیی حەسەن بوو. یەکەمیان دەستی نووسینی هەبوو، دووەمیان شاعیر بوو، هەر چۆنێ بێ ماوەی چەند مانگێك لەوێ مانەوە، لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی نەیانتوانی خوێندنی باڵا تەواو بکەن، شکۆی حەسەن نەخۆشی پێوە دیاربوو زۆری پێ نەچوو کۆچی دوایی کرد، بەڵام کۆمەڵێ شیعری رەنگینی بەجێهێشت، بۆی هەیە ناوی وەك شاعیرێك لە مێژووی ئەدەبی کوردی قەفقاسی رووسیا لە سەدەی بیستەمدا تۆمار بکرێ.

وەزیری ئەشۆ کەگەڕایەوە مەڵبەندی ژیانی خۆی لە کاروباری نووسین و بڵاوکردنەوە و رادیۆ و رۆژنامەگەری نەکەوت.

ئەم پیشەیە لێی بوو بە هەوەس و توانی ئاسۆی بیری فراوانتر بکا.

لە ماوەی ژیانی ئەوێمدا هەمیشە پێوەندیمان بە یەکترییەوە هەبوو. کە گەڕامەوە وڵاتیش ئەو پێوەندییە بەهێزتر بوو. لە ساڵی ١٩٧٢ من یەکێك بووم لە ئەندامانی نێردراوی رێکخراوی ئاشتی و دۆستایەتی نێوان عێراق و سۆڤیەت وەك نوێنەری میللەتی کوردی عێراق.

یەکەمین کوردی ئەوێ کە پێوەندی بە ئێمەوە کرد وەزیری ئەشۆ بوو. لەو ماوەیەی میوانی ئەرمەنستان بووین ئاگامان لە یەکتری هەبوو.

ئینجا من بە دوای هەواڵی ئەوەوە بووم، خێزانی بەڕێزی کە ناوی گولێ بوو دەمناسی، خانمێکی رەوشت کوردانە و خوێندەوار بوو، میدیای کچی من ناوم نابوو، هەمیشە لە هەواڵیانم دەپرسی.

وەك ئاشكرایە لە پاشانا گورباچۆڤ بەزمی نایەوە، ئاژاوە لە قەفقاس دروستبوو، كار گەیشتە ئەوەی ئەرمەن و ئازربێجانی بەناوی ئایین و قەومیەتەوە سەری یەكتری گۆشاوگۆش ببڕن و دووبەرەكی لە نێوان كوردی ئێزدی و كوردی موسڵمان بگاتە پلەی دوژمنایەتی، وەزیری ئەشۆ و خاو و خێزانی چەوساوەییێكی دیكە بوون، ئاوارە كران و لە دواییدا لە بەلجیكا نیشتنەوە.

مژدەییێكی خۆش بوو بۆمن لەم چەندانەدا لە هەولێر چاوم بە وەزیر بكەوێتەوە، تاوێك لەگەڵ یەكتری راز و نیاز هەڵڕێژین و یادی رۆژانی رابردووی خۆش بكەینەوە.

وزیری ئەشۆ لەم گەشتەیدا دیارییێكی بە نرخی بۆم هێنابوو، كتێبێك بوو بە ناوی پامپ-سیپان.

كتێبەكە بریتییە لە دوو بەش، یەكەمیان جۆرە نووسینێكی ئەدەبییە دەتوانین رۆمان یا چیرۆكی درێژی وتار ئامێزی پێ بڵێین.

لە ناوچەی ئەلەگەز لە ئەرمەنستان دوو گوند هەن ناویان پامپی كوردان و پامپی ئەرمەنانە. یەكەمیان بەناوی پامپی كوردانەوە بووە لە كۆنەوە تا هەفتاكانی سەدەی بیستەم. كورد خۆیان داوایان كردبوو ناوی بگۆڕێ و ببێ بە ((سیپان)) ئەمە ناوی لوتكەی شاخێكە لە قەراغ گۆلی وان لەناو كوردستانی توركیا، ئەم شاخە ناوی ((سیپانی خەلات))یشی پێدەگوترێ. خەلات یا ((ئەخلات)) وەكو دیارە ناوی شار و ئاواییێكە لە كوردستانی توركیا.

لە بەشی یەكەمی كتێبەكەیدا وەزیری ئەشۆ بە شێوەی وتار و بەشێوازێكی ئەدەبی باس لە ژیانی كوردی ئەو ئاواییە دەكا لە رووی ئەتنۆگرافیا و مێژوو و سروشت و خوو و رەوشت و خوێندەواری و قوتابخانە و كشتوكاڵ و ژیانی ناو ماڵ و گەلێ لایەنی دیكە.

لە ناوی فەسلەكانی كتێبەكە هەندێ لە ناوەڕۆكیمان بۆ روون دەبێتەوە، وەكو جێگەی پامپ-سیپان لە رووی جوگرافییەوە، ئینجا وەك ناوچەییێكی كشتوكاڵی و ژیانی كۆمەڵایەتی لە جەژن و زەماوەند و دەعوەت و سەیرانی بەهاران، ژیانی شار و هاوینەهەوار و زۆزانان، خوێندن و خوێندەواری و قوتابخانە.

دانەری كتێب لاپەڕەی پێویستی تەرخانكردووە بۆ وەزعی ئەوناوچەیە و هەموو وڵات لە جەنگی نیشتمانی (١٩٤١-١٩٤٥) لە دژی ئەڵمانیای هیتلەری فاشیست.



ئەم جۆرە نووسینە لەلای رۆژئاواییان دەچێتە ناو بەرهەمی داهێنانی ئەدەبییەوە، رەنگە لای ئێمە مەشقی ئەم جۆرە بەرهەمە نەكەوتبێتە ناوەوە.

بەشی دووەمی كتێبەكە بریتییە لە هەندێ گێڕانەوەی قسەی نەستەق و پەندی پێشینان لە قاڵبی دیالۆگ ئەمە رەنگدانەوەی چێژی كۆمیدی و رەخنە و گاڵتە و پێكەنین بوو لە ناو كۆمەڵی كوردەواری ئەو وڵاتەدا.

كتێبەكە بە زمانی كوردی و ئەلفوبێی سلاڤی (كیریلی) لە یەریڤان لە ساڵی ١٩٨٦ دا چاپكراوە.

**٦ی حوزیران ٢٠٠٢**

## (١٧٧)

# تەمووینی ئەوسا و ئازووقەی ئێستا

کە جەنگی گێتی دووەم دەستیپێکرد خەڵکی لای ئێمە چاوەنۆڕی ئەوە بوون کارێکی گەورە بکاتە سەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیمان، ترسی ئەوە لەناو خەڵکدا زۆر بوو ئەگەر جەنگ بگاتە لای ئێمە زیانی بۆمان یەکجار زۆر دەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکەکە زیاتر لایەنی ئەڵمانیان دەگرت، چونکە زەبرو زەنگی لەبەرچاویان بوو، وایاندەزانی ئەگەر ئەڵمان سەر بکەوێ هەموو مافێکی نەتەوایەتی کورد ڕەوا دەبینێ.

ئەوەی ڕاستیش بێ عێراق بەگشتی و کوردستانی عێراقیش بە تایبەتی زیانێکی ئەوتۆیان لێنەکەوت کە پشت شکێن بێ، چونکە قوربانیدان بە ئادەمیزاد لە ناوەوە نەبوو.

من مەبەستم لێرەدا تەنیا ئەوەیە باس لە هەندێ لایەنی ئابووری بکەم لەم جەنگەدا.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە لایەنی ئابووری لە ماوەی هەموو جەنگێکدا، تەنانەت ئەگەر درێژخایەن بێ لە هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیان گرنگترە. کە جەنگی دووەم دەستیپێکرد، کارێکی ئاسایی بوو گرانی بکەوێتەوە، لە هەموو ئەو شتانەی پێویستی ژیانی ڕۆژانەی ئادەمیزاد بوون.

لەوانە لە پلەی یەکەمدا خواردەمەنی و جلوبەرگ و هەموو کەرەستەیێکی پاکوخاوێنی، دیارە مەسەلەی کەمالیات لە ڕۆژگارانی سەختی وادا شتێك نییە پیاو بیری لێبکاتەوە. کۆمەڵی ئێمە لە ماوەی جەنگی دووەمدا خواردەمەنییە بنچینەییەکانی لە ناوەوە مسۆگەر کردبوو، واتە ئەو شتانەی بەرهەمی ناوەوەی وڵات بوون، وەکو دانەوێڵە لە گەنم و جۆ و برنج و هی دیکە، هەروەها شیر و ماست و میوە و سەوزە، تا پلەیێکیش سابوونی خۆماڵی لە ناوەوە بوو، بەڵام بەشی نەدەکرد، لەبەر ئەوە ئەو پێویستییانەی دەبوو لە دەرەوە بێن شەکر و چاو قوماش و سابوون بوون.

بۆ دابەشکردن، یا فرۆشتنی ئەو شتانەی لە دەرەوە دەهاتن بە بیتاقە بە کۆمەڵێك دوکاندار سپێردرا بوون، بەشی هەر تاکێکی کۆمەڵ مانگانە یەك کیلۆ شەکر و چەند گرامێك چای بوو. ساڵی جارێك یا دووجار قوماش فرۆشەکان بە بیتاقە قوماشیان دابەشدەکرد، هەندێ کەلوپەلی نووستنیشیان لەگەڵدا بوو وەکو بەتانییە (بلانکێت) یان پێدەگوت.



لەو سەردەمەدا خوێندەوار و مووچەخۆری میری سیدارەیان لەسەر دەنا. سیدارەی سیۆن شمعوون زۆر بەناوبانگ بوو. ئەمە بازرگانێکی بەغدایی بوو لە ئیتالیا سیدارەیان بۆ دروستدەکرد و لە هەموو عێراقدا دەفرۆشرا. لە سەردەمی جەنگدا لەبەر ئەوەی سیدارەی سیۆن شمعوون نەمابوو، لبادچییەکانی لای خۆمان لە شارەکانی کوردەواریدا سیدارەیان لە خوری دروستدەکرد.

بەمجۆرە دەبینین کۆمەڵی ئێمە لە ماوەی جەنگی دووەمدا لە تەنگوچەڵەمەیێکی ئەوتۆدا نەبوو کارێکی وابکا بگاتە پلەی کارەسات.

ئەمە مەسەلەی ئازووقەی ئەوسا بوو، زیاتر لە نیو سەدە پێش ئێستا، بەڵام لە بابەت ئازووقەی ئێستاوە دەڵێم:

من لێرەدا نامەوێ بەراورد لە نێوان ژیانی ئەوسای کوردی عێراق بکەم لەگەڵ ژیانی ئێستا، تەنیا مەبەستم ئەوەیە بڵێم لە ماوەی جەنگدا شیرازەی بنکەی ئابووری کۆمەڵ بەو شێوەیە تێك نەچووبوو وەکو ئێستا، ئەمەش وەنەبێ ڕازی بین، بەڵکو حاڵەتێکە لە ئەنجامی ئابلۆقەی ئابوورییەوە کەوتۆتە ناوەوە.

لە ڕۆژی ئەمڕۆدا ئێمە لەسەر ئازووقە دەژین، پێویستییەکانی خواردن بە بیتاقە وەردەگرین، ئەگەر ئەو پێویستییانە تەنیا شەکر و چا و سابوون بوونایە، کارێکی ئاسایی بوو، چونکە لە ناوەوە بەرهەمی ئەمانەمان نییە، بەڵام نان و ڕۆن و برنج و دانەوێڵەی دیکە، ئەمەمان هەیە، کەچی ئەگەر یەکێك بڵێ بەشمان ناکا ڕاستدەکا، لەو حاڵەتەدا ئەگەر ئەو میقدارەی هەمانە بەکاری بێنین و ئەوی دیکە لە دەرەوە بیکڕین، بەڵام ئەمەمان بۆ ناچێتە سەر، چونکە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە، دەڵێ نابێ گەنم و جۆ و برنج و ڕۆن لە ناو وڵاتدا دەست بخرێ، دەبێ ئەمانە لە دەرەوە بێن، خۆ ئەگەر بۆگەنیشیان کردبێ پێویستە ئێمە پێیان ڕازی بین.

ئەم ساڵ زستانەکەی خۆش بوو، پێویستی زۆرمان بە سووتەمەنی نەبوو، باران هەبوو، گەنم و جۆی دەشتی هەولێر بەرەکەت بوو، بەڵام پارە ناکا، چونکە ئێمە کە ئاردەکەمان لە دەرەوە بۆ بێ، گەنم و جۆی خۆمان ئەو نرخەیان نابێ.

ئەوانەی ڕۆژگارانی جەنگی دووەمی گێتییان لەبیر ماوە ئەوە دەزانن کە مەسەلەی ئازووقەی ئەوسا ڕێکوپێکتر بوو لەوەی ئێستا، چونکە ئەو کاتە بەرهەمی ناوەوە بەکار دەهێنرا و ئەوەی نەبووایە لە دەرەوە دەهات، وەك شەکر و چا و قوماش و سابوون، کەچی ئێستا گەنم و جۆی خۆمان پارە ناکا، بەڵام ئارد لە دەرەوە بۆمان دێ.

**١٣ی حوزەیران ٢٠٠٢**

# (١٧٨)

# دیسانەوە سەلاحەدین

## ١

خوێنەری ئازیزی ((گوڵان))! من دڵنیام کە چاوت بە ناونیشانی ئەم وتارە دەکەوێ بزەیێکی کۆمیدییانە لە دوو توێی لێوەکانت هەڵدەفڕێ و لە دڵی خۆتدا دەڵێی ئەم وتارەی منیش خەریکی هەولێر و قەفقاسەکەیە بۆ دیاریکردنی شوێنەواری سەلاحەدین! هەرچەندە بۆ زانست ئەمەش پێویست بێ، بەڵام ئەمە مەبەستی من نییە، بۆ ئێرەی من شوێنەوار لێرەبێ یا لەوێ هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

هەروەها ئەگەر سەلاحەدین لە تکریت لەدایك بووبێ و لە مووسڵ ژیابێ و بووبێ بە سوڵتانی میسر و قودسی شەریفی لە بێگانانی ئەوروپا رزگار کردبێ و لە شام سەری نابێتەوە، ئەمە هەمووی هۆی ئەوە نییە تەگەرە بنێتەوە و دەمان بگرێ و نەتوانین بڵێین: سەلاحەدین شانازی نەتەوەی کوردە! نا، کاکی برا لەوە دڵنیابە ئێمە هیچ زیانێکمان لێنەکەوتووە ئەگەر دوین لێرە بێ یا لە قەفقاس بێ، ئەوەی بووە بەهۆی ئەوەی ئەم چەند وتارە بنووسمەوە ئەوە بوو کتێبێکم بەدەست گەیشت لەلایەن کوردێکەوە نووسراوەتەوە بە زمانی کوردی، یەکێکی دیکە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، دانەری کتێب زۆری پێ ناخۆشە هەوڵدەدرێ دەستکاری نەژادی سەلاحەدین بکرێ، لە کوردەوە بکرێ بە رۆڵەی نەتەوەیێکی دیکە، بەتایبەتی هەندێ لە عەرەبان سوورن لەسەر ئەوەی سەلاحەدین عەرەبە.

لێرەدا دەمەوێ بڵێم: هەر کە یەکێك بڵێ سەلاحەدین کورد نەبوو، ئێمە یەکسەر دەمار بمانگرێ و دەمان کەف بکا. لە ئێستە و دوارۆژ و هەتا هەتایە هەموو دەمێك بێگومان گوێمان لەوە دەبێ کە سەلاحەدین کورد نەبوو ئێمە ئامادە دەبین توورە بین، بەمجۆرە ناگەینە ئەنجام.

لە پێش هەموو شتێکدا پێویستە لەو هۆیە بگەڕێین کە سەلاحەدینی ئەوەندە گەورە کردووە چەند نەتەوەییێکی دراوسێی یەکتری وەکو کورد و عەرەب و تورکی عوسمانی و نەوەی ئێستا هەر یەکەیان سەلاحەدین بە رۆڵەی خۆی بزانێ. لێرەدا کە دەڵێم نەتەوە مەبەستم ئەو نێوەندەی



کۆمەڵی ئەو نەتەوانەیە کە مێژووی کولتوور و رۆشنبیری و خوێندەوارییان بەڕێوە دەبا، یا لە رووی سیاسییەوە قازانجی رزگاری نەتەوایەتی تێدایە ئەگەر سەلاحەدین لەو میللەتە بێ، خەڵکی نەخوێندەوار و چینەکانی خوار ناوەڕاست هیچ گرنگییێك بەوە نادەن سەلاحەدین لە نەتەوەی ئەوان بێ، یا سەر بە میللەتی دیکە بێ.

لێرەدا دەمەوێ بە قسەی جوان و داهێنراوەکە، یا شیعرە رەنگین و بەرزەکەی مەعین بەسیسۆ دەستی پێبکەم کە دەڵێ ((کە سەلاحەدین سەرکەوت پێیان گوت فەرماندەییێکی عەرەبە، ئەگەر ژێر بکەوتایە پێیان دەگوت جاسووسێکی کوردبوو...)).

با لەمەوە دەست پێبکەین، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کابرایێك هەڵکەوت ناوی سەلاحەدین بوو، رۆژگار بەناوی ئەوەوە بۆ ماوەیێك هەڵسووڕا، ئایینی کاربەدەست ئیسلام بوو، زمان عەرەبی بوو، واتە لەو ماوەیەدا مەڵبەندی ژیان و نێوەندی شارستانییەت لە هەندێ لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، ئەم دیاردەیە لە سەرەتای ژیانی ئادەمیزادەوە لەسەر رووی زەوی دەبینرێ. گریکی کۆن و رۆمان لە پێشانا بە ئایین وەسەنی بوون، بە زمان گریکی و لە دواییدا لاتینی، شارستانیەتیان پێکهێنا، لە فەلسەفە و ئەدەب و هونەر پێشکەوتن. لە دواییدا بوون بە رەمز، چونکە بەشی زۆری دەستکەوتی رۆشنبیری کە لە ناوەوە بوو بە زمانی ئەوانەوە بوو. لە پاش ئەوان نێوەندی مەسیحی پەیدا بوو، ئەمەش خاسیەتی خۆی هەبوو، دوو زمانی گریکی و لاتینی لەناوچوون، نەتەوە و زمانی تازە پەیدا بوون.

لە سەردەمی سەلاحەدین هێزی دەسەڵاتی عەرەب کزبووبوو، دەوری نەتەوە تورك زمانەکانی لە گۆڕێ بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی زمانی قورئان بوو، هەموو لایێك قوبووڵی کردبوو، بۆیە سەلاحەدینێك موسڵمانەتی دەکرد، مەسەلەی قەومی عەرەبی و تورکی و کوردی هی دیکە لە ناوەوە نەبوو، بەڵام زمانەکە پیرۆز بوو چونکە زمانی قورئان بوو، لەبەر ئەوە بیرکردنەوەی سەلاحەدین لەم لایەنەوەو هەموو کردەوەکانیشی لە کوردایەتی دوور نەکەوتوونەتەوە، چونکە ئەو سەردەمە کوردیش موسوڵمان بوو.

**٢٠ی حوزەیران ٢٠٠٢**

## (١٧٩)

# دیسانەوە سەلاحەدین

## ٢

ئەگەر سەلاحەدین ئازا نەبووایە بەسەر هێزی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا زاڵ نەبووایە، تورکی هاوسێمان هەوڵیان نەدەدا بە نەژاد سەلاحەدین بکەن بە تورك. هەرچۆنێ بێ ئەوان مافی ئەوەیان نییە بیکەن بە تورك.

ئەوەی ئاشکرایە نەتەوەی تورك زمان وەك گرووپێکی نەژادی ئیتنی و زمانی و دیالێکتەکانی زمان بابەتە ئادەمیزادێکن بە هۆز و تیرە و عەشیرەت یەکجار زۆرن، بە ژمارە گەورەترین بەشێکی ئاسیای ناوەڕاستیان داگیرکردووە. بە درێژایی رۆژگار لە رۆژئاوای شاخی تیان شانەوە کشاون بەرەو رۆژئاوا و قەفقاس و تا گەیشتوونەتە زەریای ئیجە لە ئاسیای بچووك کە ئێستا کۆماری تورکیای پێدەڵێن.

ئەو خەڵکەی ناویان میللەتی تورکی عوسمانی بوو لە سەرەتای سەدەی چواردەمەوە بۆ ماوەی شەش سەدە واتە تا پاش جەنگی یەکەمی گێتی میللەتێکە وەك زمان لەگەڵ دامەزراندنی میرنشینی عوسمانی لەلایەن عوسمانی کوڕی ئارتوغرولەوە دروستبوو لە دوای جەنگی یەکەم لە میللەتی تورکی عوسمانییەوە بوو بە میللەتی تورکی ئێستا. تەمەنی ئەم میللەتە تازەیە کە بە زمانی تورکی ئەستەموولی یا تورکی ئەنەدۆڵی دەناسرێ تا ئێستا حەوسەد ساڵە.

بێگومان ئەم نەتەوە تازەیە دەچێتە ناو گرووپی نەتەوە تورك زمانەکان، یا تورکە مەغۆڵەکان و ئێستا دەوڵەتیان زۆرە و ژمارەشیان گەلەکە. هەر بۆ بەڵگە ئەمە دەگێڕمەوە:

رۆژێ لە رۆژان لە شاری مەحەج قەڵا بووم، پایتەختی داغستان لە قەفقاس. ئەو کاتە بە قەوارە هەر هێندەی هەولێری ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بوو. گوتیان لەم شارەدا خەڵکی بە زیاتر لە پەنجا زمان قسە دەکەن و لەمانە دەسەڵاتی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە دانی بە سی و پێنج زمان هێناوە بە رەسمی، دیارە ئەم زمانانە هەموویان گرووپی تورکی مەغۆڵی بوون. ئەمە تیرە و هۆزە وردەکان، ئەوەی گەورەکانیش کە ژمارەیان بە میلیۆنە و دەوڵەت و حوکوومەتیشیان هەیە ئەوانیش زۆرن وەکو ئازربێجانی و چەچان و ئەنگووش و قازاخ و قەرەغیز و ئۆزبەگ و تەتەر و هیتر.



جا با بگەڕێینەوە لای سەلاحەدین بە نەژاد و بنەچە تورکە، مەبەستیان ئەوەیە بیکەن بە رۆڵەی تورکی عوسمانی، ئەگەر ئەمەیان بۆ بچێتە سەر مانای ئەوەیە لە نەوەی تورکی ئێستایە، چونکە بەڕاستی تورکی ئێستای تورکیا نەوەی عوسمانییەکانن، خۆ ئەگەر یەکێك بڵێ لە سەردەمی ژیانی سەلاحەدین هێشتا نەتەوەی تورکی عوسمانی و تورکی ئێستاش دروست نەبوو بوو، ئەو کاتە بەڵگەییێکی دیکە دەخە نەڕوو و دەڵێن لە نەوەی یەکێك لە هۆزەکانی تورك زمانی کۆنە کە مێژوویان لە ئاسیای ناوەڕاست دەگەڕێتەوە هەزاران ساڵ پێش ئێستا و لە جوگرافیای دێریندا وڵاتی تووران و لە دەوری فەرمانڕەوایی ئیسلامیشدا ((ما وراء النهر)) (ئەودیو رووبار)یان پێگوتووە. لێرەدا ئەم تیۆرییە بە ئاسانی دەتوانرێ رەتبکرێتەوە، چونکە بە راستی و بەتایبەتی لەم سەدەی بیستەمەشدا نەتەوەی تورکی ئێستای کۆماری تورکیا ناتوانێ بە ناوی هەموو نەتەوە تورك زمانەکان قسە بکا کە دەوڵەتی سەربەخۆیان زۆرە، هەندێکیشیان پێوەندییان لەگەڵ تورکیا باش نییە، بۆیە سەلاحەدینیان بەر ناکەوێ، ئەگەر مەبەستیشیان ئەوەبێ سەلاحەدین بە نەژاد لە تورکی ئێستایە کە نزیکترین هاوسێی ئێمەیە لە باکووردا، ئەمەیان دیسانەوە بە ئاسانی رەتدەکرێتەوە، چونکە سەلاحەدین لە سەدەی دوازدەمی مەسیحیدا ژیاوە. لەو رۆژگارەدا لەدایك بووە و کۆچی دوای کردووە (١١٣٧-١١٩٣)، کەچی عوسمانی ئارتوغرول سەد ساڵ زیاتر پاش کۆچی دوایی سەلاحەدین بنج و بناوانی میرنشینی داناوە و لە پاشان بووە بە دەوڵەت و ئینجا ئیمپراتۆرییەت و دەوروبەری شەش سەد ساڵ بەردەوام بووە و ئەوجا لە تورکی عوسمانییەوە بووە بە تورکی ئێستا.

لەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ تورکی عوسمانی و تورکی ئێستا بە زیاتر لە سەد ساڵ پاش کۆچی دوایی سەلاحەدین پەیدا بووە، لەبەر ئەوە نابێ سەلاحەدین بە نەژاد لەوان بێ.

رەنگ هەبوو فارسەکان بەڵگەی مێژوویی بەهێزیان بەدەستەوە بێ، دیارە وەکو خۆیان بۆی دەچن، بۆ ئەوەی سەلاحەدین بە فارس لە قەڵەم بدەن، چونکە ئەوان بەناوی ((گرووپی ئێرانی))یەوە کورد بە نەژاد و زمان رادەکێشنە لای خۆیان، ئەمە لە مەیدانی عیلمیاندا دەبێتە ((پان ئێرانیزم)) ئەگەر هەوڵ و تێکۆشینی وا لە ناوەوە بووبێ لە بارەی کردنی سەلاحەدین بە فارس تا سەرەتای سەدەی شازدەم بووە، لەو کاتەوە بەملاوە لە هیچ سەرچاوە و کەرستەییێکی مێژوو باس لەوە نەکراوە سەلاحەدین بە فارس لە قەڵەم بدرێ، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوی لە ساڵی (١٥٠١) بەملاوە دەوڵەتی سەفەوی لەسەر بنچینەی ئاییننزای شیعە لە ئێرانا دامەزرا. ئەم ئاییننزایە رەمزی دەسەڵات بوو و لە دوای ئەوانیش واتا سەردەمی قاجارەکان و هەتا ئێستاش بەردەوامە، لەبەر ئەوەی سەلاحەدین موسڵمانێکی سوننی بوو و هەندێ گرژی لەگەڵ شیعەدا بووە هەوڵیان نەداوە بەهیچ جۆرێ سەلاحەدین بکەن بە عەجەم.

**٢٧ی حوزیران ٢٠٠٢**

## (١٨٠)

# دیسانەوە سەلاحەدین

## ٣

بۆ ئێمەی کورد جێی سەرسوورمان نییە و نابێتە هەڵوێستێکی پڕ لە سەیر و سەمەرەش ئەگەر هەندێ کەس لە رووی قەومییەوە لەناو نەتەوە موسوڵمانەکاندا سەلاحەدین بۆ لای خۆیان رابکێشن، بەڵکو عاجباتی لەوەدایە ئەگەر کابرایێکی ئەوروپایی بڵێ دایکی سەلاحەدین کچە فرەنسی، یا کچە ئینگلیز بوو. یا هیچ نەبێ یەکێ لە داخوازییەکانی ئەوەبێ بۆ دایکی لەوانە نەبوو! ئەمە هەمووی لەبەر ئەوەی سەلاحەدین ئازا بوو، گەورە بوو.

من ئەو قسانە بۆ گاڵتە و گەپ و پێکەنین ناگێڕمەوە، لەناو خەڵکی ئاسایی و ساکاری ئەوروپاییانم بیستووە، لە حیکایەت و گێڕانەوەی کۆنیان هاتووە، دیارە ئەویش لەبەر ئەوەیە، چونکە سەلاحەدین ئازا بووە، ئەمە لە لایێك، لە لایێکی دیکەوە، ئەو ئەوروپاییانە شانازییان بە خۆیانەوە کردووە، کە لە حیکایەتدا بیستوویانە سەلاحەدین پشتی رێکاردۆسی شێردڵی ئینگلیز و فیلیپۆسی جەسووری فرەنسی لە جەنگدا لە ئەرز داوە، بیریان بۆ ئەوە چووە لەوانەیە دایکی ئەم کابرا موسوڵمانە لەوان بووبێ، ئەگینا ئەوەندە ئازا نەدەبوو.

بێگومان لە حیکایەتی ئەفسانەیی بەرگوێی ئاگردان چاوەنۆڕ دەکرێ هەموو جۆرە بۆچوونێك بخرێتەڕوو، چونکە ئەمە ئارامی گیان و پشووی هێنانەدی ویست و ئامانج و هیوای دەروونی ناوەوەی هەموو کەسێك دەبێ. ئەمەش بەڵگە و نیشانەیێکی دیکەیە لە گەورەیی سەلاحەدین.

وەکو دەزانن لەناو رووسدا زۆر ژیاوم، من خۆشم ویستوون و ئەوانیش منیان خۆش ویشتووە، بە گاڵتەوە پێیانم دەگوت ئێوە لە چاکە و بەرژەوەندی خۆتان ناگەڕێن، ئەگەر نا ئێوەش وەکو هاوڵاتییانی رۆژئاوای ئەوروپا بۆ حیکایەتی ئەفسانەییتان دروست نەکردووە بڵێن دایکی سەلاحەدین رووس بوو. ئەوانیش بە پێکەنینەوە دەیان گوت: خۆشەویستمان، تۆ ئاگاداری نی ئێمە دەمێکە لە حیکایەتەکانماندا دایکی سەلاحەدینمان کردووە بە کچە رووس، ئێمە هاوسێی کوردین، لە ئینگلیز و فرەنسی زیاتر لە ئێوەوە نزیکین.



گەورە شاعیری ئیتاڵیا و هەموو گێتی دانتی (١٢٦٥-١٣٢١) لە کۆمیدیاکەیدا ناوی سەلاحەدینی بردووە.

لەگەڵ ئەو چوار پێنج ناوە هەر گەورەیەی ئیسلام دایناوە، وەکو پێغەمبەر و عەلی و ئیبن سینا و ئیبن روشد و هی دیکە، ئەمە شایەتییێکی دیکەیە لە گەورەیی سەلاحەدین.

لەم ماوەیەدا ئەگەر گیروگرفت هەبێ لەگەڵ هەندێ مێژوونووس و رۆشنبیری عەرەبدایە، ئەمانەش بێگومان بەگشتی دەبن بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بە ساویلکەیی و لە نەزانینەوە بۆ مەسەلەکە دەچن، بەشی دووەمیان بە هوشیاری و لە زانینەوە لە مەسەلەکە ورد دەبنەوە. هۆی سەرەکی بۆ ئەم بیروڕایانە مەسەلەی ئیسلامە وەکو ئایین. ئەم ئایینە ئەگەرچی دەماری لەناو گەلێ لە نەتەوەکانی دەرەوەی عەرەب داکوتاوە، بەڵام لەبەر ئەوەی زمانی رەسمی ئایینەکە عەرەبییە، وەکو بڵێی بیروڕایێکی وا دروستبووە عەرەب لە نەتەوەکانی دیکە زیاتر پێوەندی بە ئیسلامەوە هەبوو. ئەمە لە لایەنی پراکتیکییەوە راستە، چونکە زمانی ئایینەکە عەرەبییە، بەڵام لە رووی تیۆرییەوە راست نییە، چونکە ئیسلام لەسەر رووی زەوی وەکو ددانی شانە وایە لە هەر نەتەوە و هۆز و تیرە و عەشیرەتێك بێ. لە هەموو شتێکیشدا پراکتیك بەسەر تیۆرییدا زاڵدەبێ. ئیتر لەبەر ئەوەیە سەلاحەدین خۆشی بە ناوی ئایین بیری کردۆتەوە، فەرمانڕەوایی کردووە، چونکە بیری نەتەوەیی بە مەفهوومی ئێستا لە ناوەوە نەبووە.

دوا گوتەم ، بەگشتی دڵێم نابێ بە هیچ جۆرێ رۆشنبیری کورد خۆی بشێوێنێ، ئەگەر ببیستێ سەلاحەدین کورد نییە و لە نەتەوەیەکی دیکەیە.

سەلاحەدین بە درێژایی مێژوو لە ویجدان و فیکری ناوەوە و مۆنۆلۆجی دەروونی بووە بە بەشێك لە بوونی کورد (گیانی کورد)، نەك تەنیا کوردی خوێندەوار، بەڵکو هەموو کوردێك. لەبەر ئەوە تکایە بەوە تێکمەچن ئەگەر یەکێك بڵێ سەلاحەدین کورد نییە، گرنگ ئەوەیە ئێمە بە کوردی دەزانین و نایدەین بە کەس، با خەڵکی دیکەش شانازی پێوە بکەن.

**٤ی تەمووز ٢٠٠٢**

## (١٨١)

# ماهاتما غاندی

کابرایێکی هیندی لەڕی لاواز ناوی ماهاتما موهانداس کارامشامەدا غاندی بوو. باوکی کەسێکی بەکار و دەوڵەمەند بوو. غاندی لە ساڵی ١٨٦٩ لە شاری بورمندار لە دایك بووە. خوێندنی بەرایی و ناوەندی لە وڵاتی خۆیدا تەواو کردووە. کۆلۆنیالیستی بەریتانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم و نیوەی دووەمی ئەو سەدەیە لە هەرەتی پێشکەوتنی دابوو. لە ناو خەڵکی ئەوە باو بوو لەو سەردەمانەدا ڕۆژ بەسەر ئاڵای ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا ئاوا نەدەبوو، ناوی هیندستان نرابوو ((درەوشاوەترین دوڕ لە تاجی بەریتانیدا)) و لەبەر گرنگی ئەم موستەعمەرەیە گەورەترین فەرمانڕەوا بە ناوی ((جێگری مەلیك)) دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو.

لە دوای تەواوکردنی خوێندنی بەرایی و ناوەندی باوکی غاندی توانای ئەوەی هەبوو بۆ خوێندنی زانستگا بینێرێ بۆ لەندەن، لەوێ لە زانستگای لەندەن قانوون بخوێنێ. لەپاش خوێندنی زانستگا لە تەمەنی بیست و دووساڵیدا، لە ساڵی ١٨٩١ گەڕایەوە هیندستان.

غاندی لە سەرەتای ژیانیدا بیری نیشتمانپەروەری لە سەریدا بوو، هەستی بەوە دەکرد کە نەتەوەکانی هیندستان دەچەوسێنرێنەوە، نەك تەنیا ئەوانە بەڵکو لە هەموو ئەو وڵاتانەی کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی بەریتانی، لەبەر ئەوە لە ساڵی ١٨٩٣ رووی کردە باشووری ئەفەریقا و لە شاری جۆهانسبۆرگ نیشتەجێ بوو، دەستی کرد بە بەربەرەکانی یاسا و دەستووری جیاوازی ئیتنی و نەژادی، لە ماوەی جەنگی بوێردا تیپێکی هیندی دروستکرد لە خاچی سووردا بۆ یارمەتیدانی بریندار و لێقەوماوان.

غاندی لە ساڵی (١٩١١)ەوە دەستیکرد بە کۆششی سیاسی وەك ڕێکخستنی خۆپێشاندان بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەو قانوونانەی لە ناوەوە بوون لە دژی چاکە و بەرژەوەندی خەڵکانی ئاسیا. لەو ماوەیەدا غاندی پێش بەرپابوونی جەنگی یەکەمی گێتی توانی لە کۆششەکانیدا سەربکەوێ و ئەو قانوونانە لەناو ببا.

کە جەنگی یەکەم دەستیپێکرد غاندی رووی کردە لەندەن و تیپێکی هیندی دروستکرد بۆ تیمارکردنی بریندارانی جەنگ، بەڵام لەوێ زۆر نەمایەوە و لە ساڵی (١٩١٥) گەڕایەوە هیندستان.

ئیتر لەو سەردەمەدا بە تەواوی کەوتە سەر ئەوەی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی سەربەخۆیی لە هیندستاندا بکا، لە ساڵی (١٩١٩) سیاسەتی ((هەرەوەزی نەکردن لەگەڵ دەسەڵات))ی



بەکارهێنا، ئەمە گەلێ زیانی بە بەرژەوەندی دەسەڵاتی ئەمپریالیستی ئینگلیزی گەیاند، بەتایبەتی کە لە ساڵی (١٩٢١) بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە مانگرتن و خۆپێشاندان و سیاسەتی ئاژاوەی بەکارهێنا، بەوەی هەموو پێویستییێکی ژیان ئەوەی لە دەرەوەی نیشتمان دروستدەکرێ دەبوو بەرهەڵستی بکرێ تا دەگاتە ئەوەی هەندێجار بە سووتاندنیش بێ لەناو ببرێ. لایەنگرانی غاندی لە شاری بومبای گەلێ کەلوپەلی دروستکراوی لە دەرەوەیان بە ئاشکرا سووتاند.

لە ئەنجامی ئەم کارانەوە خرایە گرتووخانە و لە پاشان فەرمانی شەش ساڵ بەندکردنی بۆ دەرچوو، ئەم ماوەیەی لە بەندیخانە بردەسەر.

لە دوای دەرچوونی لە بەندیخانە لە ساڵی ١٩٣٠ ((ڕێڕەوی گەورە))ی ڕێکخست، خەڵك بە کۆمەڵ روویان کردە زەریا بۆ بێزاری دەربڕین بەرامبەر بە سیاسەتی دەستداگرتن بەسەر خوێدا، لە ئەنجامدا خرایە بەندیخانەوە، بەڵام دادگایی نەکرا و لە پاش ساڵێك ئازاد بوو.

لە ساڵی (١٩٤٢) بۆ جاری دووەم رابەرایەتی مانگرتنی ئاشتیخوازانەی کرد، ئەمجارەش سێ ساڵ ژیانی لە بەندیخانە بردەسەر، پێش کۆتایی جەنگی دووەم بە ساڵێك خەباتی سیاسی بنچینەیی غاندی بەڕێوەبردن و ئاڕاستەکردنی پارتی کۆنگرەی هیندی بوو، لە موفاوەزاتەکانیدا لەگەڵ دەسەڵاتی ئەمپریالیستی بەریتانی لە بابەت سەربەخۆیی هیندستانەوە، وابوو ئەو ئامانجەی میللەت لە ساڵی (١٩٤٧) هاتەدی.

غاندی لە خەباتی سیاسیدا خاوەنی تیۆری و پڕاکتیك بوو، ئەو بەرنامانەی دایدەنان و دەیخستە پڕاکتیکەوە لە دواییدا بوون بە زاراوەی سیاسی، وەکو ((سایتا جراها)) (بەرگری سەلبی)، ئەمەی لە باکووری ئەفەریقا پڕاکتیك کرد. ((هەرتاڵ)) (هەرەوەزی نەکردن)، مانگرتن، نەدانی بووجە، نەکڕینی شتوومەکی بێگانە و بە ئاشکرا سووتاندنیان و لەباتی ئەو بەکارهێنانی بەرهەمی نیشتمانی.

ئەوەی لە هەمووی گرنگتر بوو لە سیاسەتی غاندی ئەوە بوو بە چاوی یەکسانی تەماشای هەموو هاوڵاتییەکی هیندستانی دەکرد، لەوەدا زیاتر مەبەستی هەڵوێست بەرامبەر بە هیندی موسوڵمان بوو، ئەم سیاسەتەی بووە هۆی ئەوەی بە میلیۆن موسوڵمانی هیندستان لە پارتی کۆنگرەی هیندی نزیکببنەوە، بەڵام لەلاییێکی دیکەوە ئەمە بە چاوێکی دوژمنانەوە لەلایەن هەندێ لە هیندۆکە شۆڤینییە دواکەوتووەکانەوە تەماشا دەکرا. وابوو یەکێ لەو تاوانبارانە لە نیودەلهی لە ساڵی (١٩٤٨) غاندی گوللە باران کرد، بەمجۆرە باوکی هیند سەرینایەوە.

**١١ی تەمووز ٢٠٠٢**

## (١٨٢)

# سووریا وەك مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری کوردی

بەشێکی گەورەی کوردەواری ئێمە لە پێش جەنگی یەکەمی گێتی کەوتبووە نـاو دەوڵـەتی عوسمانی. کوردی ویلایەتە جیاوازەکانی میزۆپۆتامیا وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی کۆمەڵی عوسمانی هاولاّتی (مواطن، جنسیة) عوسمانی بوون، بە قەومیەت کورد بوون، دیارە پایتـەختی هەموو لایێکیشیان ئەستەموولّ بوو.

لەم وتارەدا مەبەستم ئەوە نییـە بـاس لـە مەڵبەنـدی ڕۆشـنبیری کـوردی بکـەم لـەناو کۆمەڵی کوردەواریدا، بەڵکو لە پایتەخت و ئەو شارانەی کوردی لیّ دەژین لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵـە، بەتایبـەتیش مەبەسـتم لـە سـووریا زیـاتر شـاری دیمەشـق (شـام)ە، هـەروەها تاڕادەیەکیش شاری بێرووت.

پێش ئەوەی باسی شام بکەم وەك مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری کـوردی لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی بیستەم (دەوروبەری جەنگی دووەم) ئەوەی سەرنج رادەکێشیّ ئەوەیە لەبەر وەزعی دواکەوتوویی کورد و تا پلەیێك نـەبوونی چـاپخانە بزووتنـەوەی ڕۆشـنبیری کـورد لـە ئەسـتەموولّ و شـارە گەورەکانی وەکو قاهیرە و بەغدا و شـام و بێـرووت و یـەریڤان دەسـتیپێکرد، ئەمـە لـە ڕووی هۆشیاری سیاسی و بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەوە بوو.

کورد لە سووریا جگە لە ناوچەی جزیرە لە هەموو شارە گەورەکانی ئەویّ دەژی بە تایبـەتی شاری دیمەشق.

بەپێی ئەوەی وڵاتی شامی مێژوویی کۆن بەشێك بوو لە عوسمانی، دانیـشتووانی کـورد لـە هەرێمی جزیری بۆتان یەك پارچە بوو و ئەو سنوورەی لە دوای جەنگی یەکەمی گێتـی دروسـت بوو لە ناوەوە نـەبوو، بـە واتـاییێکی دیکـە شـاری جزیـرە گـەلیّ جـار لـە ڕووی بـەڕێوەبردنی حکوومەتییەوە سەر بە مووسڵ و حەلەب بووە.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانی نزیکترین ناوچە لە شاری جزیری بۆتان سووریای ئێستا بوو، لەبەر ئەوە کارێکی زۆر ئاسایی بوو کوردێکی زۆری ناوچەی بۆتان بکەونە خاکی سووریا و لە شارە گەورەکاندا بژین.



نەوەی بەدرخان پاشا لە ئەنجامی هەڵسان و بەرگریکردن لە مافی کورد، هەر لە دەوروبەری جەنگـەکانی لـە دژی عوسمـانی کەوتبوونـە شـارەکانی سـووریا، هەنـدیّ لەوانـە بەتایبـەتی خوێندەوارەکانیان لە شارەکانی سووریا لە دایك بوون، لەبـەر ئـەوە ئەمانـە لـە دوای جـەنگی یەکەمی گێتی و نەمانی دەوڵەتی عوسمانی بوون بە هاولاّتی سووریا.

ئەوەی ئاشکرایە سووریا و لبنان سەر بە فرەنسا بوون، بۆیە زمـان و خوێنـدەواری فرەنـسی بوو بە پلەی دووەم نەك تەنیا بۆ کورد بەڵکو بۆ هەموو هاولاّتییانی سووریا.

لە ناو ئەو کوردانە گەڵی کەسایەتی سیاسی و کادیری بـەڕێوەبردنی دەوڵـەت و ئەفـسەری گەورە و شاعیر و نووسەر و هونەروەر و ڕۆشنبیری بـە دیمـەن هەڵکـەوت بـەناوی سـووریا وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەلاّم لێرەدا ئێمە مەبەستمان تەنیا بزووتنەوەی ڕۆشـنبیری کوردییـە لـە پایتەختی سووریا.

لە نەوەی بەدرخانییەکان برایان جەلادەت و کامیران جێگەیان دیارە، شـاعیر و نووسـەرانی وەکو جگەرخوێن و عوسمان سەبری و قەدری جان و هی دیکە بە پەنجە ئاماژەیـان بـۆ دەکـریّ، ئەمانە زۆربەیان لە شارە گەورەکاندا دەژیان.

لەناو ئەمانەدا بەتایبەتی جەلادەت بـەدرخان لـە دیمەشـق لـە دوای دابەشـکردنی میراتـی عوسمانی و پەیدابوونی دەوڵەتی قەومی تازە دەرەفەتی بۆ ڕەخسا نێوەندێکی ڕۆشنبیری کـوردی لە دیمەشق دابمەزرێنیّ و بەمە بزووتنەوەیێکی ڕۆشنبیری بخاتەڕوو، ئەم کۆششەی جـەلادەت لـە دواییدا کارێکی گەورەی کردە سەر پێشکەوتنی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵی کوردەواریدا.

جەلادەت بەدرخان بە یارمەتی و هاوکاری کامیرانی برای بڕیاریدا لە ڕێگەی ڕۆژنامەگـەری و چاپەمەنییەوە خزمەتی نەتەوەی بکا. بۆ ئەم ئامانجە کۆمەڵێك کۆواری لە دیمەشـق و بێرووت دەرکرد، لەمانە ((هاوار، ڕووناهی، ڕۆژانوو، ئەستێرە...)). جگە لە زنجیرەییێك کتێـب بە ناوی ((کتێبخانا هاواریّ)).

بۆ ئەم مەبەستە (ئەلفو بێـی) لاتینییـان بـەکاردەهێنا، بایـەخیان بـە هـەموو لایـەنێکی زانستییە کۆمەلاّیەتییەکان دەدا، لەناو ئەمانـە زمانـەوانی و دەسـتووری زمـان و فەرهـەنگ جێگەی دیاریان هەبوو.

ئەم بزووتنەوەیە تا دوای جەنگی دووەم بەردەوام بوو، کردەوە ڕۆشـنبیرییە بـە کەڵکـەکانی بەدرخانیان لە سووریا بوو بە سەرچاوەییێکی گرنگ لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردیدا.

**١٨ی تەمووز ٢٠٠٢**

## (١٨٣)

# ئامۆژگاری بۆ هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان

ڕۆژنامەگەری لە هەموو وڵاتێکدا بەپێی ژمارەی ڕۆژنامە و کۆوار بریتییە لە دەسگاییێکی ئابووری و هزری (ڕۆشنبیری، زانیاری، سیاسەت، ئیدیۆلۆجییەت...هتد).

دەسگای ڕۆژنامەگەری تاکە کەسێك، یا دەستەییێك خەڵك، یا ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی، یا حزبێك، یا وەزارەتێك لە گێتی سێیەم (وڵاتی تاکە حزبی) بەڕێوەی دەبا. لە هەموو بارێکدا ئەو دەسگا ڕۆژنامەگەرییە پرۆگرامی هەیە بۆ هێنانەدی ویست و ئارەزووەکانی و بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئیدیۆلۆجییەتەی ڕۆژنامە یا گۆڤارەکەی بۆ دروستکراوە.

هەموو دەسگاییێکی ڕۆژنامەگەری مافی خۆیەتی ڕەچاوی ئەوە بکا لە چوارچێوەی پەیامی هزری تایبەتی خۆی نەچێتە مەیدانێك لە دژی بنج و بناوانی ئەو فیکرە بێ کە ڕۆژنامە یا کۆوارەکەی بۆ دامەزراوە.

لەکاتی خۆیدا کە کتێبی ((کورد))ی مینۆرسکیم وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، ویستم لە دەسگای ((الاهالی)) لە بەغدا چاپی بکەم. ئەم دەسگایە سەر بە پارتی نیشتمانی دیموکراتی جەماعەتی کامیل چاردرچی بوو. بەرپرسیاری دەسگاکە پێی گوتم دوو هەفتە پێویستە بۆ خوێندنەوەی دەسنووسی کتێبەکە و ئەگەر بە دڵمان بێ لە دوای چوار مانگ دەستدەکەین بە چاپکردنی. مەسەلەی دوو هەفتە بۆ خوێندنەوەی دەسنووسی کتێبەکە ئاسایی بوو، چونکە دەمزانی ناوەڕۆکی نووسینەکە لەگەڵ بیروباوەڕی ئەواندا دەگونجا، بەڵام چوار مانگەکە زۆر بوو، پەلەم لە چاپکردنی دەکرد لەبەر ئەوە لە چاپخانەییێکی دیکە بە چاپم گەیاند. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەو دەسگایە هەقی خۆیەتی شتێك چاپ نەکا لەگەڵ بیروباوەڕی نەگونجێ.

ئینجا دەسگای ڕۆژنامەگەری پێویستە چۆن مامڵە لەگەڵ نووسەردا بکا؟! ئەمە حاڵەتی تایبەتی بۆ نییە، لە ئەوپەڕی دیکتاتۆرییەتەوە بیگرە تا دەگاتە ئەوپەڕی دیمۆکراتییەت مامەڵەکە ناگۆڕێ و بەمجۆرەیە:

کەسێك نووسینێکی هەیە، بە داواکردن لێی یا هەر لە خۆیەوە ئامادەی کردووە بۆ بڵاوکردنەوە. نووسەری ڕۆژنامە یا کۆوار دەیخوێنێتەوە، ئەنجام بە سێ جۆر دەشکێتەوە، یا بڵاودەکرێتەوە، یا بڵاوناکرێتەوە، یا لە پاش دەسکاریکردن شایانی بڵاوکردنەوە دەبێ.



لێرەدا بە هیچ جۆرێ کارگێڕی ڕۆژنامە بۆی نییە قەڵەمی سوور بگرێتە دەستی و بە لیسی کوێری بکەوێتە ناو ئەو نووسینەی بەلای ئەوەوە لە دوای چاککردن بە کەڵکی بڵاوکردنەوە دێ، بەڵکو لێرەدا پێویستە پێوەندی لەگەڵ خاوەنی نووسینەکە بکا، ئەگەر کابرای خاوەن وتار بە پێشنیازی نووسەری ڕۆژنامە ڕازی بوو، دیارە مەسەلەکە جێبەجێ دەبێ، ئەگەر ڕازیش نەبوو نووسینەکەی دەکێشێتەوە و هەر کەسە لە ماڵی خۆی دانیشتووە.

خوێنەری خۆشەویستی ئەم گۆڤارە، من لە ژیانمدا کەم تووشی تەنگوچەڵەمەی لەمجۆرە بووم، ئەوەی من باسی لێوەدەکەم زیاتر پێوەندی بە شتێکی ترەوە هەیە، ڕۆژنامەگەری گێتی کێشەی ئیدیۆلۆجییەتی هەیە، ئێمەی کورد زیاد لەسەر ئەم کێشە زۆر گرنگە مەسەلەی ((کوردی پەتی))مان لە ناوەوەیە، ئەم مەسەلەیە لە دوای جەنگی یەکەمی گێتییەوە دەستی پێکردووە، واتە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و پەیدابوونی زاراوەی جوگرافی ((کوردستانی عێراق))ەوە و تا ئێستا کۆتایی پێ نەهاتووە.

من وەکو نووسەرێك لێکسیکۆن و زمانی نووسینی تایبەتی خۆمم هەیە. بێگومان کەس داوای ئەوەی نەکردووە پێویستە هەموو کەسێك پشتگیری من بکا لەم مەسەلەیەدا، من وشەکانی ((عەمید، زەریا، گێتی، کتێب، شیعر...)) و گەلێکی دیکە بەکاردێنم لە باتی (ڕاگر، دەریا، جیهان، پەرتووك، هەڵبەست). بەرپرسی ڕۆژنامە و کۆوار بۆی نییە، لە خۆیەوە بەبێ ئاگاداری من ئەگەر تووشی وشەکانم بێ بیان گۆڕێ بە وشەییێك من بە هیچ جۆرێ ئیعتیرافم پێیان نەکردووە. کە من هەق بدەم بە ئەو سەربەست بێ بەڕەتکردنەوەی وشەکانی من، ئەو بۆ چ دەستدرێژی بەسەر مندا دەکا و بەبێ ئاگاداری من وشەییێك دێنێتە ناو نووسینی منەوە کە من ئیعتیرافی پێناکەم!

نازانم لای ئێمە کارگێڕی ڕۆژنامە و کۆوار لە کوێوە ئەو سەلاحییەتەی وەرگرتووە وشەییێك بە زمانی منەوە دروست بکا کە لە زارم نەهاتۆتە دەرەوە!

برایانی کارگێڕی ڕۆژنامە و کۆواری لای خۆمان، باوەڕ بفەرموون، دیکتاتۆریترین نیزامێکی وەکو سۆڤیەتی کۆن کە من پێوەندیم گەلێ زۆر بووە لەگەڵیاندا، دوو کتێب و چەند وتار و باسیان بۆم بڵاوکردۆتەوە، تەنگوچەڵەمەم زۆر بووە، ناڕەزاییان لە گەلێ نووسینی من دەربڕیوە، بەڵام بەبێ ئاگاداری خۆم تاقە وشەییێکیان لە نووسینی من نەگۆڕیوە.

زۆرم پێناخۆشە ئەوەی لە نیزامە دیکتاتۆرییەکان ڕوویداوە لای ئێمە دووبارە ببێتەوە. بێگومان لەوە دڵنیام ئەوەی وشەی ((عەمید))ی منی کردووە بە ((ڕاگر)) کاربەدەستێکی گەورە نییە و لە هیچ لاییێکەوە سەلاحیەتی ئەو کارەی نەدراوەتی.

**٢٥ی تەمووز ٢٠٠٢**

## (١٨٤)

# بەرەی رزگاری (ڤیت کۆنگ)

لە دوای جەنگی دووەمی گێتی و سەرکەوتنی سوێندخۆرەکان (بەریتانیا و رووسیا و فرەنسا) سیستەمێکی تازە کەوتە ناوەوە لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان لە رووی سیاسی و دیبلۆماسییەوە. گەورەترین دیاردەی ئەم پێوەندییە تازەیە ئەوەبوو لە ئەنجامی سەرکەوتن کۆمۆنیستانی رووسیا زیاتر دەسەڵاتیان چەسپاند و توانیان بەرامبەر بە ئەمەریکا بوەستن و جەنگی سارد لە نێوان ئەم دوو زلهێزە بکەوێتە ناوەوە.

لەو جەنگەدا ئەڵمانیا وێران کرا، فرەنسا بە جۆرێك خەجاڵەت بوو ئارەقەی شین و مۆری کردە، چونکە نەیتوانی ماوەیێك بەرگری لە خۆی بکا، لە هێرشی هیتلەرییە فاشیستەکانی ئەڵمان. بەریتانیا ئەگەرچی سەرکەوت بەڵام لە هەناسەی دوایی ئەمپریالیزمیدا بوو، موستەعمەرەکانی یەك لە دوای یەك لە پاش جەنگ دەبوو ئازاد بن.

بەمجۆرە ئەمەریکا مرخی خۆی خۆش کردبوو ببێتە جێگری هەموو ئەوروپا بەگشتی و جێگری بەریتانیا بەتایبەتی لە هەموو گێتیدا.

بەم شێوەیە جلەوی ئەسپی مرۆڤایەتی لەسەر رووی زەوی کەوتە دەست ئەو دوو هێزەی گەلێ زاراوەی سیاسی بۆیان بەکاردەهێنا وەکو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، سۆسیالیستی و سەرمایەداری، بەرەی ئاشتی و بەرەی جەنگ، بەرەی پێشکەوتنخواز و دواکەوتوو و گەلێکی دیکە.

بەم پێیە بە ناچاری دەبوو هەموو نەتەوە ژێردەستەکان و مافخوازانی گێتی لایەنی رووسە سۆڤیەتەکان بگرن، چونکە ئەو نەتەوانە یا راستەوخۆ لەبن دەستی دەوڵەتە ئەمپریالیستەکانی ئەمریکا بوون یا بەرژەوەندی بزووتنەوەی رزگاری نەتەوایەتیان لەگەڵ بەرژەوەندی دەوڵەتە ئەمپریالیستیەکان و ئەمەریکا رێك نەدەکەوت. ئەم دیاردەیە تا ئێستاش لە ناوەوەیە لە هەندێ شوێنی سەر رووی زەوی لە ئەنجامی جەنگی دووەمی گێتی و پەیدابوونی دوو هێز و دەستپێکردنی جەنگی سارد، دیاردەیێکی ئاسایی بوو ((بەرەی رزگاری چەکدار)) لە گەلێ لایەنەکانی سەر رووی زەوی و لە هەموو کۆنتێنێنتەکاندا پەیدا ببێ. لای ئێمە لە پێشانا لە



کوردستانی ئێران و لە پاشانا کوردستانی عێراق زاراوەی ((پێشمەرگە)) تەعبیری لە بەرەی رزگاری دەکرد.

لێرەدا من نامەوێ باس لە ئەوەی لای خۆمان بکەم، هەروەها لەو نموونە زۆرانەی لە گەلێ لە ناوچەکانی گێتی لە دوای جەنگی دووەمدا پەیدابووە و هەندێکی تا ئێستاش ماوەتەوە، بەڵکو دەمەوێ ((ڤیت کۆنگ)) بکەم بە بەڵگە، چونکە بەڕاستی نموونەی ئازایی و لە خۆبوردوو و خاوەن بیرورِا بوون.

((ڤیت کۆنگ)) بە مانای ((بەرەی رزگاری)) هاتووە، ئەمە رێکخراوێکی چەکدار بوو کۆمۆنیستانی ڤێتنامی باشوور دروستیان کردبوو. سەرەتا لە ساڵی ١٩٥٤ ئەم رێکخراوە دەستی بە بزووتنەوە کرد لە دوای ئەوەی لیبرالییەکان بە سەرۆکایەتی ((باودای)) لە ڤێتنامی باشوور دەسەڵاتیان گرتەدەست، ئیتر دەوڵەتە ئەمپڕیالییەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا پشتگیرییان کرد، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند ((نگودین دیم)) لە دوای کودەتاییێك دەوڵەتی کرد بە کۆماری لە ساڵی ١٩٥٥دا.

لەو ماوەیەدا ڤیت کۆنگ توانی دەست بەسەر بەشی زۆری ڤێتنامی باشووردا بگرێ بەتایبەتی هەرێمی رووباری میگۆنگ، ئەمە ناوچەییێکی کشتوکاڵی و بە ژمارە دانیشتووانی زۆربوون.

وەکو ئاشکرایە لە سەرەتادا جەنگ لە ناو ڤێتنامییەکان خۆیاندا بوو، مەسەلە بیروباوەڕ و ئیدیۆلۆجییەت بوو، خەباتێکی چەکداری تیژ بوو لە نێوان بیروباوەڕی سۆسیالیستی مارکس و لیبرالی ئەوروپای رۆژئاوا. ئەگەر بە پێی نەریتی ئادەمیزاد و دەستووری نێودەوڵەتی بوایە دەبوو کەس دەست لە مەسەلەی ئەم ڤێتنامییانە وەرنەدا، بەڵام زۆرانبازی نێوان دوو زلهێزەکەی رووس و ئەمەریکا بووە هۆی ئەوەی ئەمەریکا خۆی بکا بە خاوەنی مەسەلەکە.

ئەمەریکا بەشێوەیێك چووە ناو مەسەلەکەوە بەرنامەی بۆ کودەتای سەربازی دادەنا بۆ ئەوەی ئەفسەرێکی وا ببێ بە سەرەك کۆمار دوژمنێکی راستەقینەی ڤیت کۆنگ بێ.

لە پێشانا ئەمەریکا چەك و سیلاح و هەموو پێویستییێکی جەنگی پێشکێش بە حکوومەتی ڤێتنامی باشوور دەکرد، تەنیا بەوە نەوەستا بەڵکو دەستیکرد بە بۆمباران کردنی ڤێتنام بە هۆی فڕۆکەی جەنگییەوە، لە دواییدا هێرشەکەی قورستر بوو و کەوتە بۆمباران کردنی ڤێتنامی باکووریش بە ناوی ئەوەی لایەنگری بزووتنەوەی ڤیت کۆنگەکانە، لێرەدا جەنگ بووە هۆی بەڵگەی دوژمنایەتی لە نێوان ئەمەریکا و ڤێتنامییەکان.

جەنگ لە ڤێتنام تیژ بوو، ڤیت کۆنگ لە بەرگریکردن کەوتە حاڵی هێرشبردن بۆ سەر هەندێ بنکەی سوپایی ئەمەریکا و ژمارەی سەربازەکانی بگەیەنێتە نێو میلیۆن لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦، لەوەش خراپتر ئەمەریکا بێ بەزەییانە چەکی کیمیایی و باکتریۆلۆجی بۆ کوشتنی ئادەمیزاد بەکارهێنا و گازی ژەهراویش بۆ کێڵگە و کشتوکاڵ، بەڵام ئەمە کارێکی ئەوتۆی نەکردە سەر ڤیت کۆنگ لە خەباتی چەکداری سارد ببێتەوە.

بزووتنەوەی ڤێتنامییەکان رەمزی نیشتمانپەروەری و مەردایەتی بوو لە مێژووی نەتەوە ستەمدیدەکانی سەدەی بیستەم و یەکەمین نوشستی گەورەش بوو لە مێژووی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا.

**١ی ئاغستۆس ٢٠٠٢**



## (١٨٥)

## ((مدیریەتی معارفی کوردستان))

نزیکەی حەوت مانگ بوو لە قوتابخانەی شەرقیەی ناوەندی لە کەرکووك دامەزرابووم. دەوروبەری دوو مانگێك پێش رووداوەکانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ کارگێڕی مەعاریفی کەرکووك (پەروەردەی ئێستا) هەڵیبژاردبووم وەك کارگێڕێك بۆ بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەی بەکالۆریای پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە ناحیەی قەرەتەپە. ئیتر دەبوو پێش سەفەرم بۆ قەرەتەپە سەری کارگێڕی مەعاریفی کەرکووك بدەم بۆ وەرگرتنی هەموو ئەو کەرەستانەی پێویستی تاقیکردنەوەی بەکالۆریا بوون.

مووچەخۆری مەخزەن لەوێ ناسیاوم بوو، لە دوای ئەوەی هەموو پێویستییەکانم لێی وەرگرت، سەرنجم دایە سووچێکی ژوورە گەورەکە دەبینم مێز و کورسی و تەختە رەشی شکاو و هەندێ روقعە لەو تەختە شکاوانەی شتیان لەسەر نووسراوە بەسەر یەکتریدا کەڵەکە کراون. کاکەی مووچەخۆر گلەیی لەوە دەکرد، چەند جارێك یادداشتی نووسیوە ئەم کەلوپەل و کەرەستە لە کەڵك کەوتووانە لەو ژوورەدا هەڵبگیرێن. ئیتر پێی گوتم: تۆ وەکو یەکێك لە گەلێ لەو کەسانەی کە بۆ ئێرە دێن ئەم دیمەنە سەرنجی راکێشاوی و تۆش لە دڵی خۆتدا دەڵێی: ئەم شتانە با لێرە نەمێنن. منیش لە وەڵامدا گوتم: راست دەکەی، بەڵام من شتێکی دیکە سەرنجی راکێشاوم. ئەوەتا لەسەر ئەم تەختەیە نوسینی ((..دستان)) دەبینم، ئیتر لەجێی خۆم هەڵسام و چوومە لای شتومەکە تێك ترنجاوەکان بە سەریەکدا و ئەو تەختەیەم راکێشا، دەبینم لە سەری نووسراوە ((مدیریەتی معارفی کوردستان)) کاکی مووچەخۆر گوتی: فەرموو، ئەمە با دیاری بێ لەمنەوە بۆ تۆ، هەر ئێستا دەتوانی لەگەڵ خۆتدا بیبەی گوتم: نا، لە دواییدا بۆی دێمەوە.

لێرەدا باس لە شارۆچکەی قەرەتەپە و تاقیکردنەوەی قوتابیانی ئەوێ ناکەم، بەڵکو باس لەو تەختەیە دەکەم کە لە سەری نووسرابوو ((مدیریەتی معارفی کوردستان)).

لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و دەستکردن بە پراکتیك کردنی قانوونی زمانانی ناوچەیی (قانون اللغات المحلیة) سێ لیوای ئەو سەردەمە (پارێزگای ئێستا) کەرکووك و سلێمانی و هەولێر لەگەڵ قەزا و ناحیە و گوندەکانی ئەوانەی قوتابخانەیان لێ بوو خەڵکەکەی ئارەزووی ئەوەیان دەکرد بە کوردی بخوێنن ئەمانە هەموویان زمانی خوێندنیان بوو بە کوردی،

بەڕێوەبەرایەتییێك لە کەرکووك دانرا بۆ ئەوەی سەرپەرشتی هەموو ئەو قوتابخانە کوردییانە بکا کە لەو سێ لیوایەدا بە کوردی دەخوێنن، ئیتر لەبەر ئەوەی شاری کەرکووك ناوەڕاست بوو دەبوو کارگێڕەکە لەوێ دابنیشێ چونکە لە نێوان سلێمانی و هەولێردا بوو.

ئیتر بۆ بەڕێوەبردنی کاری قوتابخانەکانی سلێمانی و هەولێر مووچەخۆرێکیان دانا بوو سەر بە کەرکووك بوو، هەموو کاروبارێکی لەگەڵ ئەودا بوو، زمانی نووسینیش لە نێوانیاندا زمانی کوردی بوو. بەمجۆرە تا پاش جەنگی دووەمی گێتی کارگێڕی مەعاریفی کوردستان لە کەرکووك سەرپەرشتی کاروباری پەروەردەیی خوێندنی کوردی لە هەرسێ لیواکەی کەرکووك و سلێمانی و هەولێر دەکرد.

لە دوای جەنگی دووەمی گێتی و بایەخدان بە خوێندن لە شارەکانی کوردستانی عێراق و پەرەسەندنی خوێندەواری وەزارەتی مەعاریفی ئەو سەردەمە کارگێڕی مەعاریفی لە هەموو لیواکانی عێراق دامەزراند، ئیتر وابوو کارگێڕییەکەی مەعاریفی کوردستان لە کەرکووك نەما، لە هەولێر و سلێمانی و کەرکووکیش کارگێڕی مەعاریف بە ناوی لیواکانەوە دامەزرا، ئەمە هەموو لیواکانی عێراقی گرتەوە.

مایەوە چارەنووسی ئەو تەختەدارەی لەسەری نووسرابوو ((مدیریەتی مەعاریفی کوردستان)) بێگومان ئەم روقعەیە بەسەر دەرگای ماڵێکی بچووکەوە بوو، رەنگە لە سەرەتادا مووچەخۆرێك یا دوان لەگەڵ فەڕاشێکی لێ بووبێ، ماوەیێکی زۆر ئەم بنکە رەسمییە کاری کردووە تا پاش جەنگی دووەم لە کارکەوت.

بێگومان لەو کاتەدا ئەو تەختەدارە گوێزراوەتەوە بۆ مەخزەنی کارگێڕی مەعاریفی کەرکووك، وەکو هەموو کەلوپەلێکی لە کەڵك کەوتوو تەماشا کراوە، چارەنووسی بە هەموو شتومەکەکانی دیکە بەستراوەتەوە و کەس گوێی نەداوەتێ، وەکو شتێکی سکراب کەوتۆتە بەرچاو. بەڵام راستییەکە ئەوە نییە، بەڵکو ئەمە بەڵگەی ماددی مێژوویێکە تەنیا بە نووسین لەسەر لاپەڕەی مێژوو تۆمار ناکرێ، بەڵکو لە مۆزە دەپارێزرێ، چونکە ئەو دەسگایەی بەناوی ((مدیریەتی مەعاریفی کوردستان)) بوو شتێك بوو هەبوو، کاری لە دواڕۆژی میللەت کردووە، هەموو شتێکی خاوەن مێژوو پێویستە بپارێزرێ.

من ئێستا گلەیی لە خۆم دەکەم، کاکەی مووچەخۆری ناسیاوم کە پێیگوتم: ئێستا ئەم روقعەیە لەگەڵ خۆتدا ببە، بۆچ لەو کاتەدا نەمبرد و گوتم: دوایی بۆی دێمەوە، لەبەرچی دوایی بۆی نەچوومەوە!

**٨ی ئاغستۆس ٢٠٠٢**



## (١٨٦)

## ئازاد شەوقی

ئازاد شەوقی تووشی نەخۆشییەکی کوشندە ببوبوو، ماوەیێك لەمەوبەر رووم کردە سلێمانی چاوم پێی بکەوێ. من نەمدەزانی جارێکی دیکە یەکتری نابینینەوە، کەچی ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی پێویستە بچم بۆ لای چونکە چاومان بە یەکتری ناکەوێتەوە.

بەڵێ، قسەی ئەو راست دەرچوو، باشم کرد بۆ دواجار چاوم پێی کەوتەوە. لەو سەفەرەی سلێمانی وەکو جاران چەند کەرەتێك بە ((ماڵە گیان)) بانگی کردم، لەوەتەی من و ئازاد دەمان کراوەتەوە تا دوا هەناسەی هەر بە ((ماڵە)) بانگی دەکردم. ئازاد ئێش و ئازاری زۆربوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەمی لە نوکتە خۆشەکانی نەکەوتبوو، ئەو نوکتانەی بۆ منی دەگێڕانەوە تایبەتی بوون، پێوەندییان بە بیرەوەری هەردوولامانەوە هەبوو.

ئازاد شەوقیم لە سلێمانی بەجێهێشت، بیرم تەنیا لای ئەو بوو، زۆری پێنەچوو تەلەفۆنیان بۆ کردم، گوتیان لە رۆژی (٩)ی ئەغستۆسی ٢٠٠٢ ئازاد شەوقی کۆچی دوایی کرد، ئایا هونەرمەند دەمرێ! بەڵێ تەنیا بە لەش.

ئازاد شەوقی لە دایك بووی شاری هەولێرە، لەکاتی خۆیدا مەحموود شەوقی باوکی مووچەخۆر بووە، لە هەولێر ئامینە خانی دایکی هێناوە، ئەم ژنە لە بنەماڵە کۆنەکانی هەولێر بوو، هەوێنی ئەو خۆشەویستییە بوو کە دڵ و دەروونی ئازادی داگیرکردبوو بەرامبەر بە هەولێر، چونکە ئازاد دایکی زۆر خۆشدەویست و بە گەنجی کۆچی دوایی کردبوو. سوێندی گەورەی ئازاد لە هەموو ژیانیدا ((بە قەبری دایکم)) بوو.

ئازاد لە منداڵییەوە مەیلی بۆ هونەری شێوەکاری هەبوو، ژیانی خێزانیان ئۆقرەی تێدا نەبوو، باوکی وەکو مووچەخۆرێك هەردەمە لە شارێك لە شارەکانی وڵاتدا بوو، لە هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و شارەکانی خوارووی عێراق بەتایبەتی ماوەیێکی زۆر لە دیوانیە بوو، ئەمە پشوویێکی بە پێزی پڕ لە سوود بوو بۆ فراوانکردنی ئاسۆی بیر و خەیاڵی. وابوو لە دوای تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی رووی کردە ئامۆژگای هونەرە جوانەکانی بەغدا. ئەم ئامۆژگایە یەکێ بوو لە دەسگا گرنگەکانی هونەر نەك تەنیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو لە هەموو گێتیدا، لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم کۆمەڵێك مامۆستای گەورەی هونەرە جوانەکان ئەم

دەسگایەیان بەڕێوە دەبرد. ئازاد زۆر بەختیار بوو بەوەی ئەم کەڵە هونەرمەندانە لە پێشانا مامۆستای بوون، لە پاشانا وەکو هاوڕێییێکی خۆیان تەماشایان دەکرد.

لە رووی تیۆرییەوە ئازاد گەلێ شت لەم دەسگا هونەرییە فێربوو، لایەنی پراکتیکیش هەر لە منداڵییەوە چێژی لەگەڵ دیمەنی سروشت دەگونجا، سروشتێك دوور لە شار، دوور لە تەلی تەلەفۆن و کارەبا، هەندێ جار دوور لە ئادەمیزادیش، سروشتێك وەکو چاوی هونەرمەند خۆی دەیبینێ نەوەکو دیمەنێکی زیندوو کامێرا وێنەی بگرێ. پسپۆڕی ئەم لایەنەی هونەر گرنگییێکی تایبەتی هەیە بۆ پڕکردنەوەی خانە جۆراوجۆرەکانی هونەری شێوەکاری.

ئازاد شەوقی لەگەڵ ئەوەی هەموو توانای خۆی بۆ ئەم بابەتە تەرخانکردبوو کەچی دەستێکی رەنگینیشی هەبوو لە هونەری هێڵکاری (تخطیط)، ئەمەیان رەنگە تا پلەیێك شاراوە بێ لە خەڵکی کوردی هونەردۆست، چونکە لە هەموو ئەو پێشانگایانەی ولات و دەرەوە کردبوونییەوە داهێنانە هێڵکارییەکانی بە خەڵکی پیشان نەدابوو، هەرچەندە لە تابلۆ سروشتییەکانیدا ئازاد شەوقی خۆی وەکو قوتابی ریالیزم یا ئەکادیمیزم دەنوێنێ، بەلام لە هێڵکارییەکانیدا زیاتر بۆ هونەری ئەبستراکت (تەجرید) دەچێ. لە دوارۆژدا کارەکانی لەم بابەتەوە لە ئەلبوومێکدا دەخرێتەڕوو.

ئازاد شەوقی لە دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامۆژگای هونەرە جوانەکان بە کول ئارەزووی دەکرد خوێندنی بەرزی لە دەسگاییێکی هونەری ئەوروپا تەواو بکا، بەلام بۆی رێکنەکەوت، ئەم چارەنووسە نەبووە هۆی ئەوەی ژیان لە پێش چاویدا رەش ببێ، بە پێچەوانە کەوتە جموجۆلی هونەری لە شاری سلێمانی و دەوروبەری.

دەستێکی بالای هەبوو لە پێشخستنی بزووتنەوەی هونەری لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا، بەتایبەتی لەو ماوەیەدا بوو بە پشکێنەری هونەرە جوانەکان لە کارگێڕی پەروەردەی سلێمانی.

من و ئازاد شەوقی لەو رۆژەی هەستمان بە بوونی خۆمان کردووە پێکەوە ژیاوین، لە ماڵی من یا ماڵی ئەو، لە هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و بەغدا، ئەگەر ئەو مامۆستای هونەرە جوانەکان بووبێ لە سعوودییە منیش قوتابی خوێندنی بەرز بووم لە رووسیا، کە هاتووینەوە نیشتمان وەك دوو برا بیرەوەرییمان بۆ یەکتری گێڕاوەتەوە.

ئازاد شەوقی وەکو هەموو هەڵکەوتوویێکی دیار بە لەش وون بوو، بەلام بە کردەوە هەموو بەرهەمە داهێنراوە رەنگینەکانی رۆژانە چاومان روون دەکەنەوە و دەبنە هۆی ئەوەی خەڵکی بە چاوێکی بەرز تەماشای مەدەنییەتمان بکەن.

**١٥ی ئاغستۆس ٢٠٠٢**



## (١٨٧)

## زانستگاکانمان قوتابخانەن

لە رۆژانی بەرایی نیشتەجێ بوونم لە شاری سانت پیترسبۆرگ، جێی ژیانم وەکو قوتابییێکی خوێندنی بالا خانەی قوتابییان بوو. لەو کۆشك و باڵەخانە گەورەیەدا قوتابییانی زۆربەی کۆمارەکانی ئەو سەردەمەی دەسەلاتی سۆڤیەت دەژیان، جگە لەوە قوتابییانی ولاتە سۆسیالیستەکانی ئەوروپا و ئاسیا و گێتی سێیەمی ئەو کاتە و قوتابییانی خەڵکی ولاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا و یابان و هی دیکە دەبینران.

ئەگەر بابایێکی وەکو منی کەم شارەزا لە سەرەتادا پرسی بکردایە، بۆچ ئەمەریکی و ئینگلیز و فرەنسی‌و هی دیکە دێن لێرە لە ئامۆژگا بەرزەکانی ئەکادیمیەی زانستی ماتماتیك و فیزیا و کیمیا و بایۆلۆجی و هی دیکە دەخوێنن؟! وەلام ئاسایی و ئاسان بوو، دەیان گوت: ئەم قوتابییە لە ولاتی خۆیەوە هاتووە، فێری زمانی رووسی ببێ، شارەزایی لە کۆمەڵی رووس پەیدا بکا، تاقیکردنەوەی زانستی ئەو میللەتە وەربگرێ، کە گەڕایەوە ولاتی خۆی ئەو تاقیکردنەوانە لەوێ دەخاتە پراکتیکەوە، زیاد لەسەر ئەمەش چۆن دەبێ زانستگاییێکی گەورە و پێشکەوتووی وەکو زانستگای لەندەن لە بەریتانیا و هارڤەرد لە ئەمەریکا و هی دیکە مامۆستای رووسی زانی لێ نەبێ! تاقیکردنەوەی هەموو بوارەکانی زانستی رووسیا لەوێ نەبن!

بۆ ئەم مەبەستە تەنیا کوڕە دەوڵەمەندێك لە ئەوروپا و ئەمەریکاوە، یا کچە ملیۆنێرێك لە یابانەوە روو ناکەنە رووسیا بۆ خوێندنی فیزیا و ئەرکیۆلۆجی و مۆسیقا، بەڵکو زانستگاکانی ئەو ولاتانە پەیمانیان لەگەڵ دەسگا زانستییەکانی رووسیا هەیە و قوتابی بۆ یەکتری دەنێرن بۆ تەواوکردنی خوێندنی بالا.

لە خانەی قوتابییانی ئەوەی من تێیدا دەژیام خەڵکی زۆربەی کۆمارەکانی سۆڤیەتی ئەو سەردەمەی لێ بوو، هی وەکو کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاس و قەراغ زەریای بەلتیق، جگە لە ژمارەیێکی زۆری قوتابی نەتەوەی رووس و بیلۆرووس و ئۆکرانی. رۆژێکیان لە مەتبەخی خانەی قوتابییان من خەریکی دێم کردنی چای بووم قوتابییێکی ئەسمەری بە شان و باهوو لێم نزیك بووەوە. دیاربوو ئارەزووی دەکرد ناسیاوی لەگەڵمدا پەیدا بکا. لە دوای ئەوەی من خۆم پێی ناساند، ئەو دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی: من خەڵکی شاری ڤلادیڤۆستۆکم،

قوتابی خوێندنی باڵام لە ئامۆژگای بایۆلۆجی ئەکادیمیەی زانستی، لە زانستگای ڤلادیڤۆستۆکەوە نێردراوم بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا. گوتم: بۆ ئێوە بەشی بایۆلۆجی لە ئاکادیمیە و زانستگاکانتاندا نییە؟ گوتی: چۆن نییە، لە زانستگا و ئەکادیمیەی لای خۆمان لە بەشە زانستییەکاندا ئەو باوەڕنامەیە دەدرێ کە من هاتووم لێرە وەری دەگرم! گوتم: کەوابێ بۆ هاتووی؟ گوتی: من هاتووم تاقیکردنەوەی ئێرە بۆ لای خۆمان ببەم، نەك تەنیا لێرە بەڵکو ئێمە قوتابیمان لە زۆربەی کۆمارەکانی خۆماندا هەیە، هەروەها لە ئەوروپا و ئەمەریکاش.

ئیتر من ویستم هەڵوێست بگۆڕم و خۆمان نزیك بکەینەوە لە قسەی خۆش، گوتم: لێرە ئێستا کات ١١ی پێش نیوەڕۆیە، لە شارکەی تۆ ڤلادیڤۆستۆك بەیانییە و خەڵکی لەخەو هەڵدەستن و دەست بەکار دەکەن، کەچی لە وڵاتی مندا کات وەك ئێرە ١١ی پێش نیوەڕۆیە، بەم پێیە دەبێ من لە تۆ نزیکتر بم لەم شارە، گوتی: راستە، ئەمە نەك تەنیا بەپێی هێڵی درێژ و کورتی جوگرافی، بەڵکو ماوەی نێوان ڤلادیڤۆستۆك و سانت پیترسبۆرگ، ئەوپەڕی رۆژهەڵات و ئەوپەڕی رۆژئاوای ئەم وڵاتە پان و بەرینە درێژترە لە ماوەی نێوان وڵاتی تۆ و ئێرە. هەردووکمان دەستمان کرد بە پێکەنین.

مەسەلەکە ئەوەیە زانستگا دەستگاییێکی زانستییە، راستە بەزۆری بەناوی ئەو شارانەوەیە کە تیایاندا دروستکراون، بەڵام بۆ شارەکە و وڵاتەکە و نەتەوە هاوسێکان و لە دواییدا بۆ هەموو گێتییە، هەموو زانستگاییێك پێویستە تاقیکردنەوەی زۆرترین خەڵکی سەر رووی زەوی تێدابێ، مامۆستا و زانایانی زمانی بەشێکی زۆر لە نەتەوەکانی تێدابێ، بەتایبەتی ئەو زمانە گێتیانەی کە خاوەنەکانیان پێشکەوتوون.

با بێینە سەر مەسەلەی خۆمان. سێ زانستگامان هەیە، ئەگەر جارێ یەکێك بووایە باشتر نەبوو؟! زانستگاکان ناویان بە ناوی شارەکانەوەیە، دەبوو بەڕاستی تەنیا بەناو هی شارەکان بێ، کەچی بەناو و ناوەڕۆك بە ناوی شارەکانەوەیە.

هەر یەك لەو زانستگایانە قوتابی خەڵکی شار و ناوچەی گرتۆتە خۆ، ئەگەر ئاوارەی سلێمانی لە هەولێر نەبوایە و بە پێچەوانەش تاکە قوتابییێکی سلێمانی لە هەولێر نەدەبینرا. لەم دواییەدا گوایا زانستگاکان چارەیان بۆ ئەم مەسەلەیە دۆزییەوە و وەرگرتنی قوتابیانیان کردە نێوەندی (قبوڵ مرکزی)، بەڵام زوو دەرکەوت ئەمە حیلەی شەرعی بوو. ئەو هەولێری یا سلێمانییەی لە دهۆك وەردەگیرا بە عەریزەییێك خۆی دەگواستەوە شارەکەی خۆی. بەجۆرە زانستگاکانمان بە ناو و ناوەڕۆك بوون بە هی شارەکان، وەکو قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی.

**٢٢ی ئاغستۆس ٢٠٠٢**



## (١٨٨)

## سەرای سلێمانی مەڕووخێنن!

ئەو رۆژانەی لە ماڵەوە بڕۆیشتمایە ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی لە شاری سانت پیترسبۆرگ (لینینگرادی ئەوسا) بە رێگەی میترۆ (شەمەندەفەری ژێر زەوی) تا شەقامە هەرە گەورەکەی شار کە ناوی نێڤسکی بوو دەچووم، لەوێوە بەپێ رووم دەکردە ئامۆژگا.

جارێکیان کە لە ئێسگەی میترۆ هاتمە سەر زەوی لە گۆڕەپانی پێش کارگێڕی شارەوانی چاوم بە قەڵەباڵغییەکی یەکجار زۆر کەوت، تا ئەوکاتە لە رێڕەوی جەژنەکانی ئۆکتۆبەر و یەکی ئەیاری کرێکاران نەبێ قەڵەباڵغی وام نەدی بوو. پێم سەیر بوو، خۆ ئیشڵڵا خۆپێشاندان نییە دژی دەسەڵات!

نا ئەو نەبوو، خەڵکێکی زۆری شار کۆبووبوونەوە، بە زۆری رۆشنبیر و نووسەر و هونەروەر و زانایانی ئەکادیمیە و زانسگا بوون، بە بێدەنگی وەستا بوون، دروشمێکی زۆریان هەڵگرتبوو، لەسەر هەموویان نووسرابوو ((باڵەخانەکە مەڕووخێنن)) تا بە مەسەلەکە نەکەوتم رێگەی چوونە ئامۆژگاکەی خۆم نەختەبەر.

گوتیان لە رۆژنامەیێکدا پێشتر بڵاوکراوەتەوە، مەسەلکە بەجۆرەیە، ئێسگەییێکی میترۆ دەکەوێتە ژێر باڵەخانەیێك، بە هەموو جۆرێك پێویستە ئەو باڵەخانەیە بڕووخێنرێ تا ئێسگەکە لە ژێر زەوی تەواو دەبێ، ئینجا باڵەخانەیێکی تازە لەجێی باڵەخانە کۆنەکە دروستبکرێتەوە.

ئەو کۆبوونەوەیە دژی ئەم بڕیارە بوو، کە من گەیشتمە جێی خەڵکەکەی لێ وەستابوو نوێنەری شارەوانی هاتە سەر باڵکۆن و بە خەڵکەکەی راگەیاند لیجنەییێك هەڵبژێرن و بێن بۆ گفتوگۆکردن لەم بابەتەوە. لە دواییدا بە شوێن مەسەلەکە کەوتم و ئارەزووم دەکرد بزانم بەچی دەگا؟ کێشەی نێوان شارەوانی و خەڵکی سانت پیترسبۆرگ نزیکەی شەش مانگی خایاند، لە ئەنجامدا شارەوانی ناچار بوو ملکەچ بکا بۆ ویستی خەڵکی شار، وابوو هەردوولا بڕیاریاندا باڵەخانەکە بڕووخێنرێ، نەخشە کۆنەکەی و ماکێتی بپارێزرێن و لە دوای تەواوبوونی ئێسگەی ژێر زەوی، لە سەرەوە باڵەخانەکە بە کەرەستە کۆنەکەی خۆی ئەوەی دوا ساڵانی سەدەی هەژدەم وەکو جاران دروستبکرێتەوە.

ئەم کارە لە ئەوروپا بەجۆرە گەیشتە ئەنجام، بەڵام لە هەولێری خۆمان، ئێمە هەمیشە شانازی بەوەوە دەکەین تەمەنی شارە خۆشەویستەکەمان زیاتر لە پێنج هەزار ساڵە، کەچی بە ئارەزووی کاربەدەستان لە دوای جەنگی گێتی دووەمەوە ئەوەی بە هەندێ یادگاری شوێنەواری کراوە وەکو شێخ رەزا دەڵێ: با بە دواری شڕی ناکا.

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا رەمزی بیناسازی لە هەولێر لە منارەی چۆڵی و دەروازەی قەڵا و ئەو چوار پێنج باڵەخانەیەی لە دوای جەنگی یەکەم ئینگلیز دروستی کردبوون بەدی دەکرا.

پێموایە دەردە رووخاندنی خانووبەرەی ئەرکیۆلۆجی لە هەولێر لەگەڵ دامەزراندنی کارگێڕی شارەوانی لەم شارەدا لە ددواساڵانی سەدەی نۆزدەمەوە دەستیپێکردووە، رووخاندن لە بیناکردن زیاتر بووە. چونکە کاربەدەستان لە چاکەی مەدەنیەتی شارەکە نەگەڕاون. مەسەلە هەمووی گیرفان بووە، هەندێ رووخاندنیش بە ئانقەست بووە!

ئێمە پرسیار دەکەین، لەبەرچی دەروازەی قەڵایان رووخاند و ئەو سایلۆ رەزا قورسەیان دروستکرد؟ بۆچ نەخۆشخانە و قوتابخانەی ناوەندی و پۆستەخانە و کۆشکی شارەوانییان رووخاند؟ لەبەرچی دەستکاری سەرای کۆن (قشلە)یان کرد و روخساری رەسەنی خۆیان تێکدا؟ بۆ چ دوکانەکانی ئەحمەد ئەفەندی بناری باشووری قەڵایان لەگەڵ زەوی تەخت کرد؟ ئەمانە یادگاری رۆژانی فەرمانڕەوایی عوسمانی و ئینگلیز و عێراق بوون بە خۆشی و ترشیانەوە.

لە سلێمانیش وەنەبێ رووخاندن لە هەولێر کەمتر بووبێ، بەڵام هەرچۆنێ بێ پێویستە کاربەدەستانی سلێمانی ئێستا چاو لە خەڵکی سانت بیترسبۆرگ بکەن، نەك کاربەدەستانی هەولێری کۆن دووبارە بکەنەوە، یا بە گوێی ئەو کەسانە بکەن شوێنەوارە کۆنەکانیان لە ئەفغانستان رووخاند.

سلێمانی وەك نێوەندێکی رۆشنبیری و ئەدەبی گرنگ لە کوردستانی عێراقدا، پاراستنی شوێنەواری ئەرکیۆلۆجی و مێژوویی نرخێکی تایبەتی هەیە، چونکە شار زۆر کۆن نییە و ئێستا تەمەنی سەدەی سێیەمیەتی، شانازی ئەو شارە ئەوەیە پاشای کورد دروشتی کردووە، بۆ میرنشینێکی کوردی، ئینجا عوسمانی فەرمانڕەواییان تێداکردووە بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە، لە پاشان ئینگلیز، ئینجا مەلیك مەحموود، ئەوجا دەسەڵاتی عێراق.

یادگاری بیناسازی هەموو ئەو قۆناغانە پێویستە بپارێزرێن بەتایبەتی قۆناغە کۆنەکانی دەورانی میرنشینی کوردی و دەسەڵاتی ئینگلیز.



لەم دواییەدا بیستم دەیانەوێ سەرای کۆنی سلێمانی بڕووخێنن، دیارە مەسەلە نەخشەکێشانی نوێی شارە، لام وایە زانستی و هونەری ئەندازیاری گەیشتۆتە پلەیێك میعمارەکان دەتوانن نەخشەی نوێ لەگەڵ مانەوەی شوێنەواری مێژوویی بگونجێنن.

بە هەموو جۆرێك نابێ ئەم یادگارە دێرینە برووخێنرێ، ئەم وتارەم لەبەر ئەوە نووسی، چونکە ئەو یادداشتەم چنگ نەکەوت کە خەڵکی پێشکێش بە کاربەدەستانیان کردبوو بۆ ئەوەی ئیمزای بکەم تکایە لەم هەڵوێستەدا بە قسەی میللەت و رۆشنبیرانی بکەن و سەرای سلێمانی مەڕووخێنن، بەڵکو تەعمیری بکەنەوە وەك مۆزە.

**٢٩ی ئاغستۆس ٢٠٠٢**

## (١٨٩)

# ژمارەی سپاردە

ئەوەی من ئاگادارىم بیرۆكەی ((ژمارەی سپاردن)) (رقم الايداع) لە بنەڕەتدا بۆ كارێكی چاك و مەبەستێكی پێویست هاتۆتەكایەوە و ئەنجامی پڕ لە سوود و كەڵك بووە.

لە دوای سەركەوتنی شۆڕشی ئۆكتۆبەری (١٩١٧)ی رووسیا نەریتی ((ژمارەی سپاردن)) بۆ بەهێزكردن و دەوڵەمەندكردنی ((نامەخانەی لینین)) لە مۆسكۆ پەیدابوو. ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێ دەوڵەتی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە بیری لەوە كردەوە نامەخانەیێكی گشتی گەورەی فیدراڵی هەبێ لە چوارچێوەی هەموو كۆمارەكانی ئەو رۆژگارەی دەسەڵاتی سۆڤیەت. وابوو نامەخانەی گشتی شاری مۆسكۆی كرد بە گەورەترین نامەخانە لە سەرانسەری وڵات، وەكو لاسایی كردنەوەییێك ئەم نامەخانەیەی بەرامبەر نامەخانەی بەریتانی لە لەندەن و نامەخانەی كۆنگرێس لە واشنتۆن و هی دیكەی دانا.

دەسەڵاتی سۆڤیەت بۆ دەوڵەمەندكردنی نامەخانەی لینین فەرمانی دەركرد هەرچی كتێب و سپارە و رۆژنامە و كۆوار و بڵاوكراوە و بەیان هەیە تا دەگاتە سەر نەخشی قوتووی جگەرە و شخارتە و هەموو جۆرە ماركەیێكی بازرگانی و پیشەسازی پێش بڵاوكردنەوە و بەكارهێنانیان پێویستە دوو دانە پێشكێش بە نامەخانەی لینین بكرێ، بەمجۆرە دەتوانن هەموو شتێكی كە لەو وڵاتەدا چاپدەكرێ، لە نامەخانەی لینین دەستبكەوێ، ئەوەی دەبێ لەم ماوەیەدا بوترێ ئەوەیە لە دوای رووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەت ناوی نامەخانەكەیان گۆڕی و بوو بە ((نامەخانەی رووسی)) و نەریتی ((ژمارەی سپاردن)) وەكو خۆی مایەوە.

بۆ جێبەجێكردنی ((ژمارەی سپاردن)) یەكێك لەو نامەخانەیە دادەنرێ، ئیشوكاری ئەوەیە زانیاری لە بارەی چاپكراوەكە تۆمار بكا، وەكو ناوی چاپكراوەكە، ناوی خاوەنی و جێگەی چاپی، ئیتر لە دوای نووسینی ئەم زانیارییانە ژمارەیێك دەدرێتە خاوەنی چاپكراوەكە، ئەو كەسەی ئەم كارە بەرێوەدەبا دەتوانێ زانیارییەكان بە قسە و بەبێ بینینی چاپكراوەكە بداتە خاوەنی یا ئەو چاپخانەیەی بە چاپی دەگەیەنێ. ئەمە هەمووی چونكە مەبەست لە ژمارەی سپاردن تەنیا ئەوەیە دانەیێك لە هەموو چاپكراوێك مسۆگەر بكرێ بۆ گەورەترین نامەخانە لە هەموو وڵاتدا.



لەمەدا ئەوەی دەردەكەوێ ژمارەی سپاردن سانسۆر نییە، هیچ پێوەندییێكی بە ناوەڕۆكی چاپەكەوە نییە تا دەگاتە ئەوەی ناوەڕۆكی چاپكراوەكە زیانی بۆ ئاسایشی نەتەوەییش هەبێ، تەنیا مەبەست ئەوەیە دانەیێك لە هەموو چاپەمەنییێك بۆ ئەو دەسگایە مسۆگەر بكرێ.

وڵاتە سۆسیالیستەكان و هەندێ لە وڵاتانی گێتی سێیەمی سەدەی بیستەم لاسایی سۆڤیەتیان كردەوە، بێگومان كارێكی باشیان كرد، لەمانە لە میسر مەسەلەی ژمارەی سپاردن پەیدابوو و بۆ دەوڵەمەندكردنی گەورەترین نامەخانە لە هەموو میسر ((خانەی كتێبی نیشتمانی)) ((دار الكتب الوطنية)) لە پاشانا لە عێراقیش پەیدا بوو، ئیتر مەسەلەی ژمارەی سپاردن بە ((نامەخانەی نیشتمانی)) لە بەغدا سپێردرا.

لە حەفتاكانی سەدەی بیستەمدا لە دەرگای بچووكی نامەخانەی نیشتمانی، مووچەخۆرێك لە پشت مێزێك دانیشتبوو، ژمارەی سپاردنی دەدایە خاوەن چاپكراوان، هەندێ جار تەماشای دەسنووس یا چاپكراوەكەشی نەدەكرد، خاوەنەكەی زانیارییەكانی دەدایە و ئەویش ژمارەییێكی بۆ دادەنا، لەلایەن منەوە هەرچەندە كارم بەو كابرایە كەوتبێ، خۆم نەدەچووم، بەڵكو بە تەلەفۆن زانیارییەكانم دەدایە و ژمارەكەم لێی وەردەگرت.

كارێكی بەجێیە لێرە لە كوردستانی عێراقیش ((ژمارەی سپاردن)) بێتە گۆڕێ، بەڵام من ئەوە نازانم لای خۆمان چۆن لە مەسەلەكە گەیشتوون، لەوە دڵنیام هەموو كەسێك خاوەن كتێب و ئەو كەسەی یا دەسگایەی ژمارەكە دەدا زۆرباش دەزانن ئەمە سانسۆر نییە، بەڵكو بۆ ئەوەیە گەورەترین نامەخانەی وڵاتی پێ دەوڵەمەند بكرێ.

لای ئێمە وەزارەتی رۆشنبیری ئەم كارەی خستۆتە سەر شانی خۆی، پێش هەموو شتێك دەبێ برادەرانی ئەوێ ئەوە بزانن پێویستە نامەخانەیێك هەبێ، ئەگەرنا پێویست بەو كارە ناكا.

ئەوەی من ئاگادارم لە هەولێر ((نامەخانەی نێوەندی گشتی)) هەیە، نازانم سەر بە چی دەسگایێكی رەسمییە. هەروەها نامەخانەی زانستگای سەلاحەدین لە نامەخانە گەورەكانە، جگە لەوە پرۆژەی ((خانەی كتێبی نیشتمانی)) لە ناوەوەیە، ئەمە كارێكی یەكجار بەجێیە. ئینجا وەزارەتی رۆشنبیری ئەوەی من بیزانم نامەخانەی نییە، ئەگەر هەشیبێ شایانی ئەوە نییە ببێتە گەورەترین نامەخانە لە سەرانسەری كوردستانی عێراقدا، كەوابێ ئەگەر ((ژمارەی سپاردن)) بەو وەزارەتە سپێررابێ دەبێ وەختی بێ تا ئەو كاتەی پرۆژەی ((خانەی كتێبی نیشتمانی)) كۆتایی پێدێ، ئەو كاتە دەفتەری ((ژمارەی سپاردن)) لە وەزارەتەوە پێویستە بگوێزرێتەوە ئەو نامەخانە گەورەیەی پێویستییێكە لە دوای ئەوەوە هیچی دیكە نییە.

**٥ی ئەیلوول ٢٠٠٢**

## (١٩٠)

# مۆزە

ئەم وتارەم بۆ ئەوە نووسیوە بڵێم ((مۆزەخانە)) لە زمانی کوردیدا هەڵەیە، پێویستە لە قسەکردن و نووسیندا ((مۆزە)) یا ((مووزە)) بەکاربێنین.

وشەی ((مـۆزە)) لە بنجدا وشەیێکی کۆنی گریکی ((Museiom)) و لاتینی ((Museum))ە، مانای فەرهەنگی (پەرستگە) و جێگەی پەرستن دەگەیەنێ. ئەمە لە وڵاتی گریکی کۆندا ناوی گردێك بووە خەڵکی لە سەریدا خودا جۆراوجۆرەکانی خۆیانیان پەرستووە.

بەم رەنگە وشەکە کە لە زمانی کوردیدا شێوەی ((مۆزە))ی وەرگرتووە ناوی جێگەیە (اسم مکان). لە هەموو زمانەکانی ئەوروپا و گەلێ زمانانی دیکەش وشە گریکی و لاتینییەکە وەك زاراوەییێك بۆ وشەی ((المتحف)) بەکار دەهێنرێ، بۆ بەڵگە ئینگلیز وشەی لاتینییە کۆنەکەی وەرگرتووە، رووس کردوویەتی بە ((مووزیێ)) و کورد دەڵێ ((مۆزە))، فارس بەشێوەی ((موزە)) وەریگرتووە، تورك بە ((مووز Muze)) هێناویەتییە ناو زمانەکەیەوە.

لەبەر ئەوەی وشەی ((مۆزە) ناوی جێگەیە، بۆیە نابێ ببێتە ناوی کەلوپەلەکە بۆ ئەوەی ناچارین وشەی ((خانە))ی بخەینە سەر وەك جێگەی پاراستنی شتومەکەکە. پێویستە ئێمە لە بڕیاری ئەو زمانانەی وشە گریکی و لاتینییەکە وەکو خۆی بەکاری دێنن نەچینە دەرەوە.

مۆزە دەسگاییێکی زانستییە خەریکی بەرهەمی هونەری بەرز و پاشماوەی کەلوپەلی مێژوو و زانستی و کۆمەڵایەتی و پیشەسازی و رووەك و هەموو پاشماوەییێکی پێوەندی بە ژیان و کردەوەی گەورە کەسانەوە هەبێ، بە کورتی هەموو شتێکی دەگمەنی بە نرخ. مۆزە لە بنەڕەتدا بایەخ بە پاشماوەی شوێنەواری (ئەرکیۆلۆجی) دێرین دەدا.

مۆزە پاشماوەی مەتریالی کۆ دەکاتەوە و دەیانپارێزێ و لێیان دەکۆڵێتەوە و پیشانگەیان بۆ دەکا، بە مەبەستی ئەوەی وەك سەرچاوەییێك بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی نەتەوە و هەموو دانیشتووانی گێتی لەبەردەستی رۆشنبیر و خوێندەوار و زانا و نووسەران بێ، هەروەها مۆزە نەوەی تازە بە کردەوەی کۆن دەناسێنێ.

پێش هەموو شتێك لە وڵاتاندا بایەخ بە مۆزەی ئەرکیۆلۆجی (شوێنەوار) دەدرێ، دەوڵەمەندترین وڵاتانی سەر رووی زەوی ئەوانەن یەکەمین شارستانیەتیان لێ دروستبووە، وەکو



میزۆپۆتامیا (عێراق) و میسری فیرعەونی و گریك و رۆمانی کۆن، واتە دەورانی پێش مەسیح، ئێستا دەوڵەمەندترین مۆزە لەم لایەنەوە لە عێراق و میسر و یۆنان و ئیتاڵیا بەرچاو دەکەون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری پاشماوەی ئەم وڵاتانە کەوتوونەتە ئەوروپا، بەهۆی دزین و داگیرکردن بێ، یا بەهۆی ئەو بەشەی تیپی ئەرکیۆلۆجی زانستگاکانی ئەوروپا بەریان دەکەوت لەو کەلوپەل و شتومەکانەی دەدۆزرانەوە. سەیرە زانایانی ئەڵمان هەندێ لە کەرەستەی دیوارەکانی پاشماوەی بابلیان گواستبووەوە بەرلین جارێکی دیکە دروستیان کردەوە، هەندێ لە باڵەخانە و شەقامی بابل ئێستا لە بەرلینە. دەوڵەمەندی مۆزەکانی ئەوروپا زیاتر بەهۆی پاشماوەی رۆژهەڵاتەوەیە.

لە هەندێ لە وڵاتاندا بیناسازی کۆن لە کۆشك و باڵەخانە و کەنیسە و مزگەوت و خانوو، نرخی هونەرییان گەیشتۆتە پلەییێك خۆیان بوون بە مۆزە. بەمجۆرە لەو وڵاتانەدا کەلوپەلی کۆنی ناو ئەم خانووانە دەپارێزرێن و شتومەکی دیکەی دێرینی بە نرخ دەخرێتە سەریان، ئەم جۆرە مۆزانە تەنیا نابنە سەرچاوەی زانیاری بۆ نەوەی نوێ، بەڵکو دەبنە هۆی ئەوەی پارەیان پێ کۆبکرێتەوە لەو کەسانەی ئارەزووی بینینی ناوەرۆکی مۆزەکان دەکەن.

ئەمجۆرە مۆزانە زۆرن، بۆ نموونە دەتوانین ناوی هەندێکیان بخەینە روو، باڵەخانە و کۆشکەکانی قەڵای ویندسۆر لە لەندەن و باڵەخانەی ڤێرسای و باغەکانی لە نزیك پاریس و ئەرمیتاژ (کۆشك و باڵەخانەی زستانە) لە ساری سانت پیترسبۆرگ لە رووسیا.

لە سەدەی نۆزدەم و بیستەمدا هەندێ وڵاتی ئەوروپای پێشکەوتوو هەوڵی ئەوەیان دەدا مۆزەییێکی نێوەندییان هەبێ لە پایتەختدا هەموو جۆرە پاشماوەییێك بگرێتەخۆ و وەك نێوەندێکی زانستی بکەوێتە ناوەوە. بۆ ئەم مەبەستە مۆزەی ((لووڤر)) لە پاریس و ((مۆزەی بەریتانی)) لە لەندەن پەیدابوون، لە تەك ئەم مۆزە گەورانە مۆزەی بچووکیش دەوری خۆیان هەیە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەم تیپێکی زانستی ئەرکیۆلۆجی رووس چووبوون بۆ میسر، هەندێ موومیای سەردەمی فیرعەونەکانیان دۆزیبووەوە، بەپێی پەیمانێك لە نێوانیاندا موومیا دۆزراوەکانیان بەش کردبوو، بەشی رووسیا مۆزەییێکی بچووکی بۆ دامەزرا لە شاری ئۆدێسا لەسەر زەریای رەش، ئێستا ئۆدێسا شارێکی کۆماری ئۆکرانیایە.

لە سەردەمی ئێستادا، بایەخێکی زۆر بە مۆزە دەدرێ، مەسەلەکە گەلێ لق و پۆپی لێ بۆتەوە، تیۆری زانستی پەیدا بووە بۆ دامەزراندن و رێکخستنی مۆزە.

لە وڵاتاندا مۆزەی فەرش و مافوور و ئۆتۆمبێل و ئامێری مۆسیقا و تەلەفۆن و گەلێ شتی دیکە دەبینرێ، ئێمەی کوردیش دەوڵەمەندین لەم لایەنەوە، بەڵام کەی چەند مۆزەییێکمان دەبێ و ترسی تاڵان کردنمان نابێ!

**١٢ی ئەیلوول ٢٠٠٢**

## (١٩١)

# ماكياڤيللى

نيكۆلۆ ماكياڤيللى Machiavelli كەسێكى ئيتاڵييە، لە نيوەى دووەمى سەدەى پازدەم و نيوەى يەكەمى سەدەى شازدەمدا ژياوە، رۆشنبيرێكى گەورە بووە، لە نووسينى ئەدەبى خەياڵ تيژ و لە پراكتيك كردنى تيۆرى سياسى هاوتاى كەم بووە. هەندێ كەس بە دانا و فەيلەسووف ناسيوويانە.

ماكياڤيللى لە ساڵى ١٤٦٩ لە شارى فلۆرەنسا لە ئيتاڵيا لەدايكبووە، لە سەرەتاى ژيانيدا كارى لە وەزارەتى دەرەوە كردووە، بەتايبەتى لەو بەشانەى پێوەندييان بە ديبلۆماسييەتەوە بووە.

هەموو قۆناغەكانى ژيانى ماكياڤيللى ئاسان و بەلگەى بەختيارى نەبووە، بيروڕاى سياسى و لە هەندێ كاتدا بە دڵى دەسەڵات و كاربەدەستان نەبووە، لەبەر ئەوە تووشى ئازار و ئەشكەنجە و بەنديخانە بووە لەو رۆژگارانەى گيروگرفت لە سەدەكانى ناوەڕاستدا لە نێوان ميرنشينەكانى ئيتاڵيا دروستدەبوو.

ئەوەى لە كۆششى رۆشنبيرى نيكۆلۆ ماكياڤيللى ماوەتەوە كۆمەڵێك نووسينە لە دووتوێى چەند كتێبێكدا پارێزراون. لەناو ئەمانە كتێبى ((هونەرى جەنگ)) و ((مێژووى فلۆرەنسا)) و هەندێ چيرۆكى كۆميدى ئاميز. بەڵام لە سەرووى ئەمانە هەموويانەوە كتێبى ((مير)) يا ((سوڵتان)) يا ((سەركردە))يە. ماكياڤيللى لە ساڵى ١٥٧٢ لە فلۆرەنسا كۆچى دوايى كردووە.

فەلسەفەى ماكياڤيللى لە هەڵسوكەوتى سەركردەى وڵات دەدوێ لە بەڕێوەبردنى دەوڵەت. ئەمە بە درێژى لە كتێبى ((مير)) روونكراوەتەوە. ئەوەى لەو كتێبەدا نووسراوە لە دواييدا بوو بە فەلسەفە و بيروڕاو بۆچوون و ئيديۆلۆجييەتى خاوەنەكەى و بە ((ماكياڤيلليزم)) ناسرا.

ئەم فەلسەفەى ماكياڤيلليزمە لە سياسەت و ديبلۆماسييەتدا لە سەدەكانى ناوەڕاستدا لە ئەورووپا پێڕەو دەكرا، ئەو رۆژگارانەى ماوەى پيلاندانان بوو لە نێوان ئەو ميرانەى كۆمەڵێك لە ميرنشينە بچووكەكانيان بەڕێوەدەبرد.



ماكياڤيللى كردەوە و هەڵسوكەوتى يەكێك لەو ميرانەى كردە بەڵگە بۆ روونكردنەوەى بيروباوەڕى بەرامبەر بە شێوازى فەرمانڕەوايى و بەڕێوەبردنى دەوڵەت.

لە كتێبەكەيدا ئامۆژگارى هەموو مير و سوڵتان و مەليك و سەركردە و كاربەدەستێكى گەورە دەكا كە چۆن كۆمەڵ بەڕێوە ببا. تاقيكردنەوەى زۆرى بۆ دەخاتە روو، چۆن رزگارى دەبێ لە هەموو جۆرە تەنگ و چەڵەمەيێك، لە هەموو جۆرە پيلانێك كە بۆ رووخاندنى دادەنرێ، هەموو ئەم ئامۆژگارييانە لە دەورى تيۆرييێكى ماكياڤيللى دەسووڕێنەوە كە دەڵێ ((بۆ گەيشتن بە مەبەست هەموو كردەوەيێك بەجێيە)).

ئەم تيۆرييە لەوانەيە لە سەردەمى خۆيدا لە سەدەكانى ناوەڕاستدا وا لێك نەدرابێتەوە وەكو لە دواييدا و هەتا ئێستاش لێك دەدرێتەوە.

ئەو تيۆرييەى كە بەناوى ماكياڤيلليزم ناسراوە خۆى لەم كردەوانەدا دەدۆزێتەوە، فێڵ و فەنەر و لە خشتەبردن و غەدر و خيانەت و خۆپەرستى و فرۆشتنى شەرەف و هەموو كارێكى خراپ لە پێناوى گەيشتن بە مەبەست. مەسەلەكە وا كەوتەوە ئەگەر ئەم كارە نزم و بێ رەوشتيانە كەسێك لە سياسەتدا بيانكا بەكارێكى ناشيرين بۆى حسێب ناكرێ، لەبەر ئەوەيە هەر سياسى و ديبلۆماسييێك بە فێڵ و فەنەر بگاتە ئامانجەكانى بە ماكياڤيللى لە قەڵەم دەدرێ.

ماكياڤيللى لە فەرمانڕەوايى دەوڵەتدا رژێمى كۆمارى پەسەند دەكرد، لەبەر ئەوە دەسەڵات بەربەرەكانى دەكرد، بەڵام بە گشتى بيروڕاى ئەوە بوو پێويستە دەوڵەت لەسەر بنج و بناوانى هێز و توانا دابنرێ، بۆيە دەستە و دايەرەى سەركردە يەكجار گرنگە، واتە هەموو ئەو كەسانەى لە دەوروبەرى سەركردەن لە خزمەت ئەودا دەبن و يارمەتى دەدەن. هەموو وەزير و راوێژكار و نزيكەكانى دەبێ خاوەن بير و هۆش و حيكمەت و بە توانا بن، ئينجا پێويستە سەركردە ژيانى خۆشيان بۆ برەخسێنێ، واتە نابێ بە چاوتێرى و سەخاوەتى سەركردە دڵسۆزى بن، بەڵكو پێويستە توانايان هەبێ ئينجا بە زێڕ بكێشرێن.

پێوەندى سەركردە بە ميللەتى خۆيەوە پێويستە لەسەر بنيادى هەيبەت و هەندێ ترس بێ، بەڵام نەگاتە ئەوەى سەركردە ببێ بە دوژمنى خەڵكى ناو كۆمەڵ.

هەروەها پێوەندى سەركردە بە دەرەوەى وڵاتى خۆى پێويستە هێزى سوپايى بە تواناو كاريگەر بێ، ئەمە دەبێتە هۆى ئەوەى ئاسايشى ناوەوە پتەوبێ، سەركردە نابێ زۆر گوێ بداتە قانوون و ئەخلاق، چونكە مەسەلە پارێزگارى دەوڵەتە.

بەلای منەوە ئەم بیروڕایانە بە گشتی رەنگە لەلایەن سیاسی و دیبلۆماسییێك مەقبووڵ بن، بەڵام بە هیچ جۆرێ لای رۆشنبیری رەسەن مەقبووڵ نین!

ئەم بیروڕایانەی ماکیاڤیللی لە سەدەکانی ناوەڕاست کەوتوونەتە ناوەوە، ئەو کاتە دیموکۆراتیزم لە ئەوروپا لە ناوەوە نەبووە و ئۆتۆکراتیزم باوبووە.

بەم پێیە و لە ئەنجامی ئەم چەند قسەیەی ئێمە لە بارەی ماکیاڤیلییەوە دەپرسین: ئایا ماکیاڤیللیزم ئێستا لە هەموو گێتی و بەتایبەتی لەلای دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا لە هەموو سەردەمێکی دیکە لەڕووتر نییە؟!

**١٩ی ئەیلوول ٢٠٠٢**



## (١٩٢)

## کۆمەڵەی مانگی سوور

ئەو رۆژگارانەی لە قوتابخانەی سەرتایی بووم لە هەولێر لە جەژنەکانی رەمەزان و قورباندا دوو قوتابی پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی، یا قوتابی قوتابخانەی ناوەندی بەیانی جەژن بە شەقام و چایخانە و جێگە قەڵەباڵغەکاندا دەسووڕانەوە، یەکێکیان سندووقێکی لۆك کراوی بە دەستەوە بوو کونێکی تێکراوبوو بۆ ئەوەی پارەی وردە بخرێتە ناویەوە، ئەویتریان سەبەتەیێکی جیلی بچووکی بەدەستەوە بوو هەندێ پارچە کاغەزی قەوارە سێ سانتیمەتری چوار گۆشەیی تێدا بوو، ئەم پارچە کاغەزەی بە دەرزییێك بە یەخەی خەڵکییەوە دەکرد و ئینجا جەژنە پیرۆزەی لێدەکرد، ئیتر کابرا بەپێی توانا هەندێ پارەی دەخستە ناو سندووقەکەوە وەك باربوو بۆ ئەو دەسگایەی ئەم دروشمەی ئامادە کردبوو.

لەو سەردەمەدا دوو رێکخراو لە ناوەوە بوون و تازە دروستکرابوون، یەکێکیان ((کۆمەڵەی فڕۆکەوانی)) (جمعية الطيران) و ئەوی دیکەیان ((کۆمەڵەی مانگی سوور)) بوون. ئەم رێکخراوانە زیاتر کۆکردنەوەی باربوویان بە قوتابخانەکان دەسپارد، هەندێجار مووچەخۆری میری و کارگێڕانی حکوومەتیش بەشداریان تێدا دەکرد، ئەمانە بە زۆری خەریکی کۆمەڵەی فڕۆکەوانی بوون.

ساڵێکیان لە جەژنێکی قورباندا ئەم کارەیان بە من و قوتابییێکی دیکە سپارد. رۆژی عەرەفات کارگێڕی قوتابخانە بانگی کردین و سندووقێکی بچووك و هەندێ لەو دروشمانەی پێماندا. سندووقەکە بە شەمێ لۆك کرابوو بۆ ئەوەی نەکرێتەوە، کلیلی قفڵەکە نەمانزانی لای کێ بوو، کارگێڕ گوتی: سندووقەکە لای یەکێکتان بێ و دروشمەکانیش لای ئەوی دیکەتان، هەر کاتێکی لە دابەشکردنی هەموو دروشمەکان بوونەوە هەردووکتان سندووقەکە دێننەوە قوتابخانە، لە رۆژانی جەژندا فەڕاش لەوێ دەبێ ئیتر بەهۆی ئەوەوە من دەدۆزنەوە و دێم بۆ قوتابخانە، پێویستە سندووقەکە بدرێتەوە بەخۆم.

ئەو کارەی ئێمە کردمان باربوو کۆکردنەوە بوو بۆ ((کۆمەڵەی مانگی سوور)). ئەو دروشمەی بە یەخەی خەڵکیمانەوە دەکرد پارچە کاغەزێکی سپی بوو وێنەی مانگێکی سووری تێدا کێشرابوو.

بە پێویستی دەزانم بە کورتی مێژووی کۆمەڵەی مانگی سوور روون بکەمەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەبێ ئاگاداری کۆمەڵەی خاچی سوور بین چونکە ئەمەیان لەو کۆنترە و مانگی سوور لە دوای دروستبوونی یەکێتی لەگەڵ خاچی سووردا پەیدا بووە.

له نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم لە ئەنجامی جەنگی قرمی نێوان عوسمانی و رووس و جەنگی نێوان نەمسا و ئیتالیا کوژراوێکی گەلێ زۆر لە سوپای وڵاتانی شەڕکەر کەوتە ناوەوە. ئەم دیاردەیە بووە هۆی ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە رێکخراوێکی خێرخوازی دابمەزرێ بۆ یارمەتیدانی دیل و کوژراو و ئەو کەسانەی زیانیان پێدەگا بەهۆی جەنگەوە، وابوو پێشنیازکرا کۆمەڵەییێك بۆ ئەم مەبەستە دابمەزرێ.

لە ساڵی (١٨٦٣) کۆنگرەییێك لە شاری جنێڤ لە سویسرا بەسترا، کۆنگرە بڕیاری دەرکرد کۆمەڵەیێکی گێتی دروستبکرێ بۆ یارمەتیدانی بریندارانی جەنگ. بەم پێیە پەیمانێك لە ساڵی (١٨٦٤)دا مۆرکرا، چل دەوڵەت بەشداری تێدا کرد. ئەم رێکخراوە ناونرا ((کۆمەڵەی خاچی سووری نێودەوڵەتی))، کاری بنچینەیی یارمەتیدانی بریندار و دیل و بەندکراوانی جەنگ بوو، بەڵام لە پاشانا بڕیاردرا لەکاتی ئاشتیشدا یارمەتی لێقەوماوان بدا.

بەپێی قانوونی نێودەوڵەتی بڕیاردرا ئەم رێکخراوە بە ئازادی کارەکانی خۆی بگەیەنێتە ئەنجام و دروشمی خاچی سوور لە هەموو نەخۆشخانە و مەڵبەندەکانی کۆمەڵەکە لە هەموو گێتیدا هەڵبکرێ.

لە ساڵی ١٨٧٠ کۆمەڵەی خاچی سوور لە بەریتانیا دامەزرا، لە دوای ئەو لە ساڵی ١٨٨١ لە ئەمەریکا کۆمەڵەکە بەو ناوەوە دروستبوو. لە سەردەمی جەنگی وڵاتی عوسمانی و سربیادا دەوڵەتی عوسمانی پێشنیازی کرد کۆمەڵەییێکی وەکو خاچی سوور لە وڵاتدا دابمەزرێ بۆ ئەوەی جموجۆڵی لە کۆمەڵی عوسمانیشدا هەبێ نەك تەنیا لە کاتی جەنگ و شەڕ و شۆڕدا بەڵکو لە سەردەمی ئاشتیشدا، ئیتر کۆمەڵەی مانگی سوور لە ویلایەتەکانی عوسمانیدا دامەزرا. دروشمی ئەم کۆمەڵەیە بریتییە لە پارچەیێکی سپی وێنەی مانگێکی سووری بە سەرەوەیە، لە دواییدا لە ساڵی (١٨٧٦) کۆمەڵەکە لە دەوڵەتی عوسمانی بە رەسمی دامەزرا.

یەکەمین کۆمەڵەی لەم بابەتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کۆمەڵەی مانگی سووری میسری بوو، ئەمە لە ساڵی ١٩١١ دامەزراوە.

بەمجۆرە ئێستا ئەم کۆمەڵەیە لە هەموو گێتیدا هەیە. لە وڵاتە ئیسلامییەکان ((مانگی سوور)) و لە وڵاتانی دیکە ((خاچی سوور))ی پێدەڵێن، لە کۆمەڵی یەکێتی سۆڤیەتی کۆن و رووسیای ئێستا نەبێ ((کۆمەڵەی خاچ و مانگی سوور))ی پێدەگوترێ، دروشمەکەیان خاچەکە خراوەتە ناو مانگە سوورەکەوە.

**٢٦ی ئەیلوول ٢٠٠٢**



# (١٩٣)

# کەنداو

مەبەستم لە وشەی ((کەنداو)) (الخليج)ە، وەك زاراوەییێکی جوگرافی لە هەموو ئاژانس و میدیاکانی گێتی بەکاردەهێنرێ و لە ناوێك زیاتری هەیە. ئەگەر گوێ لە بەشی عەرەبی (بی بی سی) بگرین دەبینین بە ناوی ((الخليج العربی)) بە خەڵکی دەناسێنێ کەچی ئەگەر گوێ لە بەشی فارسییەکەی بگرین ئەمەیان بە ((خليج فارس)) ناوی دەبا.

من لەم وتارەدا مەبەستم ئەوە نییە باس لەو دیاردەیە بکەم جێگەییێکی جوگرافی دیاریکراو چەند ناوێکی هەیە و کامەیان راستە؟ مەبەستم ئەوە نییە، بەڵکو دەمەوێ لەو مێژووە بدوێم کە بۆتە هۆی دروستبوونی ئەو ناوانەی بۆ کەنداو کەوتوونەتە ناوەوە، لەبەرچی هەموو لایەنەکان بەوە رازی نین تەنیا ناوێکی هەبێ.

ئەم ((کەنداو))ە لە نەخشەی جوگرافی کۆنی ئەوروپاییان ناوی ((کەنداوی فارس)) بووە، چونکە بەلای جوگرافییە کۆنەکانی ئەوروپا و سەرچاوەکانی ئیسلامی لای رۆژهەڵاتی کەنداو کە قەراغ زەریاییێکی زۆر درێژە تا دەگاتە سنووری هیندستانی کۆن، وڵاتی فارس یا ئێرانی کۆن بووە.

خۆ کە سنووری کەنداو تەواو دەبێ و لەگەڵ زەریا تێکەڵ بە یەکتری دەبن جوگرافییە کۆنەکان ئەو زەریایەیان ناو ناوە ((زەریای عەرەبی)) و تا ئێستاش لە هەموو نەخشە جوگرافییەکانی گێتی هەر بەو ناوەوەیە.

ئێمە لە کاتی خۆیدا کە منداڵ بووین و لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە جوگرافیای عێراقمان دەخوێند، لە کتێبەکاندا ناوی ((کەنداوی بەسرە)) بوو، ئێمە هەتاکو هەندێ هەراش بووین و تۆزێ فێری ئینگلیزی بووین نەماندەزانی لە نەخشە جوگرافییەکانی ئەوروپادا بە ((کەنداوی فارس)) ناوبانگی دەرکردووە.

لە کۆنەوە لەو سەردەمەی دەوڵەتی عوسمانی دروستبوو، بەتایبەتی کە بەسرە بوو بە ویلایەتێکی عوسمانی کەنداوەکەی بە ناوی بەسرەوە ناوزەد کرد و بە تورکی عوسمانی ((بصره کورفزی)) یان پێدەگوت، چونکە بەسرە گەورەترین شاربوو لە هەرێمەکە و کوێت ئاوەدانییێکی بچووك بوو وەك قەزاییێك سەر بە بەسرە بوو.

لە عێراقدا تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە کتێبی جوگرافیای هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە ناوی ((کەنداوی بەسرە=خليج البصرة)) ناسراوە.

لەمێژ نییە رستەیێکی لە گوتارەکانی جەمال عەبدولناسر کەوتە ناوەوە، زیاتریش قافیەوای لە رستەی شیعر ئامێزکرد ناوی بە ((کەنداوی فارسی)) ببا. گوتە بەناوبانگەکەی عەبدولناسر ((لە ئۆقیانووسی ئەتلەسییەوە بۆ کەنداوی فارسی)) بوو (من المحيط الاطلسي الى الخليج الفارسي)، بەڵام لە دواییدا کە گیانی نەتەوەیی و هیوای یەکێتی عەرەب بەهێزبوو، هەردوو وشەی ((ئەتڵەسی و فارسی))یان سڕییەوە چونکە بڕیاریاندا ناوی کەنداوەکە بکەن بە ((کەنداوی عەرەبی)) بۆیە رستە کۆنەکەیان داتاشی کردیان بە ((لە ئۆڤیانووسەوە بۆ کەنداو)) بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە لە هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی بە رەسمی کەنداو ئەم ناوە تازەیە پێبەخشرا و بەکارهێنانی هەر ناوێکی دیکە قەدەغە کرا.

لەکاتی خۆیدا کە خەریکی بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانی کتێبی ((کورد))ی مینۆرسکی بووم، لەو کتێبەدا ناوی ((کەنداو)) لە چەند جێیەك هاتبوو، منیش بۆ هێشتنەوەی ناوە کۆنەکەی بەڵگەم بەدەستەوە بوو لە ئەوروپا بەم ناوەوە تۆمار کراوە، خاوەن کتێب بەم ناوە باسی لێوە کردووە، ئەو ناوە تازەیە لەمێژنییە کەوتۆتە ناوەوە، لەبەر ئەوە من ناتوانم دەستکاری ناوە کۆنەکە بکەم و تازە بەکاربێنم.

کاکی خاوەن سانسۆر لەم لایەنەوە لەگەڵ مندا زۆر تیژنەبوو، گوتی لە کتێبەکەدا چۆن نووسراوە تۆش وا بنووسە، بەڵام لەناو کەوانەیێك بە زمانی خۆتەوە بڵێ مەبەستی کەنداوی عەرەبییە.

بەمجۆرە تا پێش دروستبوونی کۆماری ئێرانی ئیسلامی کەنداو بە سێ ناوەوە ناسرابوو (فارسی، عەرەبی، بەسڕە).

نەخشەکانی جوگرافی و گێتی و دەوڵەتی ئێران ((فارسی))یان بۆ بەکاردەهێنا، عوسمانی و تورك و عێراقی پێش (١٤)ی تەمووزی (١٩٥٨) ((بەسڕە))یان بەکاردەهێنا.

میسر و هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی و لە پاشانا هەموو وڵاتانی عەرەبی کردیان بە ((کەنداوی عەرەبی)) کەچی کە شا دەرکراو رژێمی نوێ لە ئێرانا دروستبوو دەنگی وا هەبوو ناوی بنرێ ((کەنداوی ئیسلام)) بەڵام ئەمە سەری نەگرت و دەسەڵاتی ئێران خۆشی لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەوەندە سوور نەبوو.

وەکو دەردەکەوێ ناوی ((بەسرە)) و ((ئیسلامی)) بۆ کەنداو کزبوو، باوی نەما، بەڵام ((فارسی)) و ((عەرەبی)) هەردووکیان لە ناوەوەن، ئەمە کارێکی جوان نییە، بەهەر ناوێکەوە بێ پێویستە مافی ئەو لایە بپارێزرێ کە بەشی تێدا هەیە. زۆر کەسیش ئێستا بەناوی ((خەلیج)) ناوی دەبا بێ ئەوەی بیدا بە کەس.

**٥ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٢**



## (١٩٤)

# چاوی سروشت

**تابلۆی یەکەم**

**٢١ی ئادار**

وا هەست دەکەم کردگار لە رۆژی (٢١)ی ئادار زەوی دروستکردبێ، لە دواییدا ئەو رۆژەیان ناونا نەورۆز (رۆژی نوێ). تەنیا زانستی ئەسترۆنۆمیا خەریکی نەورۆز نییە، هەموو شتێکی سەر رووی زەوی، کەم و زۆر لە دوور و نزیکەوە پێوەندی بە نەورۆزەوە هەیە.

ژیانی سروشت لەو رۆژەوە دەستیپێکردووە، ئایا هیچ شتێك لە سروشتدا هەیە لەدایکبوون و بەسەرهاتی نەبێ! ئەو ((بوون))ە لە ئانێکدا دەستپێدەکاتەوە ئەو دەمە دەبێتە بەهاری ژیانی ئەو شتە.

لەو بەهارەدا، لەسەردەمی ژیانی ئەشکەوتەوە، لە بەیانییێکی فێنك، وەردە سوورکەیێکی رووخسار نەخشێنراو دڵۆپی وردی خوناو هێناویەتییە بزە و پێکەنین سەر دەلەرێنێتەوە و لەگەڵ شنەی بای گزنگی بەیانی موناجات دەکا.

لەو رۆژەوە بۆ یەکەمین جار لەدایك بووە، ئەم وەردە سوورکەیە هەمیشە زیندووە و نامرێ، هەتاوی هاوین دەینوێنێ و لە بەهاردا لە خەو هەڵدەستێتەوە.

دیمەن باغچەییێکی گوڵ و باغێکی درەختی میوەدار و دەوەنی جوانییە، ئەمەیان ئاودەدرێ، تۆو دەکرێ، دەکێڵدرێ و پەین و زبڵی بۆ دەکرێ بە خۆراك.

دەوروبەری حەوزەکە، سروشتی خۆڕسکییە، خاکێکی دەست لێنەدراوە، تەنیا دەمی بۆ ئاوکردۆتەوە، ئاوی حەوزی ناوێ، هەمیشە چاوەنۆڕی بارانی زستانە بە فریای بکەوێ و تێنوویێتی بشکێنێ، هەموو گوڵ و گیاو دەوەنەکانی لە بەهاردا زیندوو دەبنەوە، لە هاویندا خەویان لێدەکەوێتەوە.

رۆژێ لە رۆژان باغچە و باغ خانوو و هەموو سروشتی رووت بوو، لەو رۆژەوە کە کردگار ئەم ئەستێرەیەی ئێمەی دروستکردووە، لە دواییدا کە بەشێکی ئەو خاکە کرا بە خانوو و باغچەی گوڵ و باغی میوە ئەو پارچە زەوییە وەکو خۆی مایەوە، دەستی لێنەدرا، بە ئومێدی

ئەوەی لەو ماڵەدا هەموو ساڵێك بەهارێكی خۆڕسك هەبێ بۆ ئەوەی ماڵ لەو بەهارە بێبەش نەبێ، لەو بەهارەی خۆڕسكدا تەنیا دار سماقێك هەیە، ئەویش لە خۆیەوە رواوە.

تاریك و لێڵی بەیانی ئەو گەڵاّ درەختانەی نیشتبوونە سەر ئاوی حەوزەكە لە دوورەوە خۆیان وەك بەلەمێك دەنواند بە كزەبای بەیان لەگەڵ شەپۆڵی وردی ناو حەوزەكە بلەرێنەوە. ئەو كاتە نە شەوە نە رۆژ، سەردەمی سەر لێشێوان و سەرسوڕمانە. ماوەی تارێكی و بوونی بە رووناكی، زۆر ناخایەنێ و هەموو شتێك ئاشكرا دەبێ.

هەناسەی رووناكی بە وردە شەپۆڵ دەستیپێكرد، شتی سپی و روون پێش شتی رەش و تاریك دەناسرایەوە. وردە شەوبۆی زستانە هێشتا رەونەقی تێدا مابوو، شەوبۆی قەتمەری بەهاری لە هەرەتی لاویەتیدا بوو، ئەمەیان رەنگی مۆربوو، لەگەڵ شەوبۆی زەرد لە زۆرانبازیدا بوون، ئەوەیان بەرگری لە بۆنی خۆشی خۆی دەكرد، ئەمەیان ئارەزووی دەكرد هەموو بۆنەكەی لێ بدزێ.

نێرگسی دڵدار سەری دانواند بوو، نوێژی بۆ خۆی دەكرد، خۆی دەپەرستی. گوڵی ئەشرەفی شەرەفی ئەوەی هەیە هەموو رەنگەكانی پەلكە زێڕینە بنوێنێ، ئەویش هارمۆنیایێكی تایبەتی خۆی هەیە وەك پەلكە زێڕینەی لە پاش باران رۆژ دەپەرستێ و بۆی دەچەمێتەوە.

لەو رۆژە، لەناو ئەم باغ و باغچەیەدا چاوەنۆر دەكرێ هەر چوار كەژەكە ببینرێ، كە ئاسمان ساف و بێگەردبێ تیشكی خۆر گەرم دەبێ، لە هاوین دەكا، لەپڕ دەیكا بە برووسك و هەورە تریشقە و بارانی سەر بە كلاّوە، لەبەر ئەوە نیسانە شێتی پێدەڵێن، ئینجا كپ دەبێ، سروشت خۆی دەدۆزێتەوە و بۆی دەردەكەوێ سەردەمی بەهارە و ئەوەی روو دەدا درۆی نیسانە.

گوڵی دارچواڵە (چەقەلە، باوی) و گوڵی قەیسی (زەردەلوو) ئەگەر لە نزیك یەكەوە نەبن رەنگە وا بزانرێ یەك رەنگیان هەیە، پەمەیی كاڵ، راستییەكە ئەمە نییە، ئەگەر لە نزیك یەكەوە بن بە روونی دەردەكەوێ دوو رەنگیان هەیە، یەكێكیان پەمەیی گوڵگوڵی، ئەوەی دیكەیان پەمەیی مەیلە و سپی.

بەلاّلۆوك و پیشۆك (پیفۆك) پێدەگەن لە ئەرزی خۆڕسكدا، گوڵە كیوی و گوڵە دەوەنەكانی وەكو كنێر و سونبول و وردە سووركە و گوڵاڵە و خەزێم و هی دیكە دەبینرێن، زۆر نامێنن و خەویان لێدەكەوێ.

**١٤ی تشرینی یەكەم ٢٠٠٢**



## (١٩٥)

# چاوی سروشت

**تابلۆی دووەم**

**٢١ی نیسان**

تاریك و روونی بەیانی بوو، جریوەی هەناسەی رووناكی لە هیچ لایێكەوە نەدەهات، دڵی تاریكی هێشتا پڕ لە شۆڕش و غەوغا بوو، لەگەڵ رووناكی لە چوونە مەیداندا بوو، نەدەزانرا كامەیان سەردەكەوێ. سەریان لە سروشت شێواندبوو، داروبەرد تارمایی بوو، هەموویان بووبوون بە پەیكەرێك وەك بڵێی دەجووڵانەوە و دەنگیان لێوە دەهات، هەندێ جار مایەی سەرسامی و ترس بوون.

ئەگەر بۆن نەبوایە گوڵی كنێر نەدەناسرایەوە، لەبەر تاریكی شەو رەنگی رەش هەڵگەڕابوو. كنێرەكان دەجووڵانەوە دەست لەملانێ بوون، هەناسەی ئەڤینی و خۆشەویستی لەسەر شانۆ بوو، سەمای دڵداری دەكرد، ئەمە وێنەی راستی دیمەنەكە بوو، كەچی وێنەكە وا دیار نەبوو، گوڵەكنێرەكان یەخەی یەكترییان گرتبوو و شیر و تیر بەدەستیانەوە بوو، یەكترییان لەناو دەبرد.

تاریكی چەند سەیر دەكەوێتەوە، هەموو شت رەش دەبێ، لەو گێتییەدا هیچ رەنگێك ناژی، تەنیا رەنگی رەش نەبێ.

لەپڕ كزەبایێكی نەرم هەڵیكرد، هەرچەندە بۆ دارودرەختی گەورە هەست بە شنەی نەدەكرا، بەلاّم بۆ كنێرەجاڕ هێزی ئەوەی تێدابوو ئەو گوڵە كنێرانە خوار بكاتەوە و پاڵیان بنا و دیمەنەكە وا بكەوێتە روو بای شەماڵ هاتووە گلەییان لیدەكا، بۆ چ ئەم شەڕە دەكەن! ئەم ئاژاوەیان بۆ چییە!

هەندێ رووناكی كەوتەوە، لەناو تاریكیدا داروبەرد رەنگی بۆر و سپی و ژەنگاویان دەنواند، دەتگوت ئەمە ئێسگە و قۆناغی نێوان دۆزەخ و بەهەشتە، سروشت غەمگین بوو،چونكە ماوە نەبوو وەك هەیە خۆی بنوێنێ، سروشت رووناكی سێبەری گەرەك بوو، نەك هەتاو، چونكە ئەو رووناكییە مژدەی خۆی بۆ دەهێنا. بزە لە دیمەن نیشت، لەوە دڵنیا بوو رووناكی بەشی ئەوە دەكا جوانی خۆی بخاتەڕوو.

گوڵی ئەشرەفی و دەمەشێر و نازناز یەکتریان دۆزیبووەوە، ئەمانە هاوڕێ بوون، خۆشەویستی پەیمانی نێوانیان بوو، ئەمە لەبەر ئەوەی بە تەبیعەت لە یەکتری دەکەن، بە رووکەش هەموو رەنگێك دەنوێنن، تەنانەت رەنگی بۆر و شین و شەرابی و عەنابیشیان هەیە. وەکو سێ پۆل خۆیان پیشاندەدەن، ئەندامانی هەر پۆلێکیان نەوەی دایکێکن، سێ دایکە گەورەش خوشکن، خوشکی گەورە ئەشرەفی، خوشکی ناوەنجی دەمەشێر، خوشکی بچووك نازناز، هەموویان بووکی بەهارن، لە شایی و هەڵپەڕکێدا پێکەوە هەڵقە دەبەستن. بچووك لەناو ناوەنجی، هەردووکیان لەناو گەورە، ئەم رەنگانە تێکەڵ بە یەکتری دەبن و هەزاران هەزار رەنگی تازە دروستدەکەن.

گوڵی ماوی گۆیژ و شیلان هەندێ جار لەگەڵ رەنگی قەداحی لیمۆ و پرتەقاڵ و نارنج و ترنج و کەبات و سندی و هەموو خوشکەکانی دیکەی لیمۆ بە دیمەن تێکەڵ بە یەکتر دەبن، بەڵام بە ناوەڕۆك هەناسەیان وەکو یەکتری نییە، بۆنی لیمۆ تیژترە، لەبەر ئەوە لەناو باغدا بۆنی لیمۆ بۆنی گۆیژ دەمژێ، بۆیە یەکەمیان تیژ و کەسکوونە، کەچی دووەمیان کەم خوێ و لەسەرخۆیە. لە باغدا گۆیژ وەکو دڵۆپەکەی ناو زەریا وایە، ئەگەر لەناو زەریا بێ هەر ئەویانە، ئەگەر لە دەرەوەش بێ هەیە، ئەمە خەیاڵێکە لەناو گێتی سۆفیزمی بێ پایان مەلە دەکا.

لەناو دیمەنی باغ و باغچە لەو رۆژانەدا جوانی گوڵی درەختی قەیسی و سێو و گێلاس و یەنگی دنیا بەسەر چووبوو. لە جێی گوڵەکە میوەی زەرد و سووری رەنگاو رەنگ درەختیان نەخشاندبوو وەك ئەو ئەستێرانەی ئاسمان کە رەنگیان لەناو حەوزەکە دابووەوە. لەو کاتەدا گوڵی درەخت کەم بوو، گوڵناز نەبێ، ئەمەیان بە رەونەق بوو و هێشتا هەڵنەوەرابوو بنی نەکردبوو.

بەرهەمی بنەتووەکان، ترش و شیرین و مزر، زەرد و سوور و بۆر، گەورە و بچووك و ناوەنجی لەناو لق و پۆپی درەختەکاندا وەك ئەستێرە وردەکانی دوور لە ئاسمان خۆیان دەنواند. شنەبا تووەکانی بەردەدایە خوارەوە، لە رێگەی دابەزین و چاوشارکێیان لەگەڵ تیشکی خۆر دەکرد و دەکەوتنە سەر گیای تەڕی دەموچاو شۆرا و بەخوناوی بەهار.

رێواس شای بەرهەمی بەهارە، بە روخسار و ناوەڕۆك، بە تام و بۆ، رەمزی دڵداری و جوانی و گەرمییە لەو کاتەی گەرما پێویست بێ.

**۱۷ی تشرینی یەکەم ۲۰۰۲**



# (۱۹٦)

# چاوی سروشت

### تابلۆی سێیەم

### ۲۱ی مایس

جەنگی بەهار و هاوین لەو باغ و باغچەیەدا زووتر کۆتایی پێدێ و هاوین سەردەکەوێ، وەکو جەنگی زستان و بەهار نییە، بەوەی درەنگتر بەهار سەردەکەوێ و تەمەنی درێژ نییە.

ئەو دیاردەیەی لە هەموو شت زیاتر هەستی پێ دەکرێ لەناو ئەم باغەدا، گەڵێ شتە، لەوانە ئەو بۆقانەی خەوتووی زستان بوون و هەر یەکەیان لەژێر خشتێك لە خشتەکانی پەرژینی باغ خەویان لێکەوتبوو، لەو رۆژانەدا ژیانەوە، لەناو حەوز و جۆگەلەکانی باغ دەنگیان گۆرانی بوو بەسەر جوانی و خوڕەمی بەهار ئاوازی دەپژاند.

تیشکی خۆر روونتر و گەرمتر بوو لە تیشکی پێش نەورۆز، هەر ئەم رووناکییەش بوو رەونەقی دابووە گەڵای دار.

گەڵا لە گەرمای رۆژ ئارەقەی کردبوو، ئەوەندە بریقەدار بوو دەتگوت بە رۆن چەورکراوە و هەر یەکە لە گەڵاکان بووە بە ئاوێنە و وێنەی یەکتری لەناو خۆیاندا دەبینن.

وێنەکان هەموویان خۆشی و بەختیاری دەخەنەڕوو، بزەو پێکەنین دەردەبڕن، شنەبای شەماڵ لە یەکتر نزیکیان دەکاتەوە، دەنواڕنە یەکتری، لە یەکتری نزیك دەکەونەوە، دەست لە ملی یەکتری دەکەن، ئینجا یەکتری ماچدەکەن. ئەم ((یەکتری))یە تەنیا لەبەر ئەوەیە ((یەکێك)) نین.

دوو بلبلەکەی ساڵانی پێشوو پەیدا بوونەوە، ئەمانە ئاشقی لقی دارە گەورەکان بوون، بە دیمەن نێر و مێیان دیار بوو، نێرەکان بە رەنگە تێرەکان هارمۆنیاییێکیان دروستکردبوو، کەچی مێیەکەیان بە رەنگە کاڵەکانییەوە وێنەی هارمۆنیاییێکی دیکەیان کێشابوو. ئەگەر ئاوازی دەنگی بۆن زەماوەندی شەوان بووبێ، مۆسیقای جریوەی هەردوو بلبلی دلبەر و دڵدار زەماوەندی رۆژ بوو.

پەپوولە ناسك و جوانەکان لە بلبل و پاساری و پەڕەسێلکە نەدەترسان، چونکە دار و درەخت بۆ باڵندەکان بوو، بنەگوڵ و دەوەنەکان بۆ پەپوولە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە بلبلەکان ئەم چڵ و ئەو چڵیان دەکرد پەپوولەکان و هەنگە سووره خەریکی مژینی نویشکی شیلەی ناو ناخی دڵی گوڵ بوون.

کیسەڵی پیرەی دەوران کەوتبووە جموجۆڵ، ئەمە خاوەنی ئەو جێیە بووە پێش ئەوەی بکرێ بە باغ و باغچە، واتە لە رۆژگارێکدا کە زەوی رووت و خاو بوو، ئیتر لە قۆناغی دووەمی بەسەرهاتی ئەو خاکە وەکو خۆی مایەوە، بۆی هەیە هەندێ جار ون ببێ و بۆ ماوەیێکی زۆر لەبن تووترکێك یا دەوەنێك خۆی بشارێتەوە.

کیسەڵ ئاگاداری خۆیەتی و گەلەك هوشیارە، ئەگەر زوو کۆتایی بە ژیانی بێ زیانێکی زۆر لەمێژوو دەکەوێ، چونکە زۆر دەژی، کە زۆر ژیا، مانای ئەوەیە بەسەرهاتێکی زۆری دێرین و جاری جارانی پێ دەبێ.

هەرچەندە رۆژ لە دوای رۆژ باغ و باغچە رەونەقدارتر دەبێ، بەڵام سروشتی رووت خەریکە بەسەر دەچێ، گوڵی کنێر پیر دەبێ، گیا و گوڵ زەرد هەڵدەگەرێ، بۆنی هاوین دێ، بەڵام بەهاریش بۆنی دەمێنێ.

گوڵ یەکتری بەرێ دەکەن، ئەوانەی لە فێنکیدا دەژین دەکەونە خەوەوە، کەچی ئەوانەی گەرمایی پێش تەموزیان پێ خۆشە تازە پێ دەگەن و بزە و پێکەنینیان خۆر دێنێتە چاوهەڵتەکاندن بەرەو گوڵە بەرۆژە.

هەندێ لەو گوڵە بەرۆژانە بە قامەت کورت و بە قەد ئەستوور و بە روومەت وردن، وەکو بێچوو لە دامەنی گوڵە بەرۆژەکانی ئاسایی هەڵتوترکاون، قەدپاڵێکی وەکو شاخیان دروستکردووە، لە سەرەوە بۆ خوارەوە، دایکەکان بێچووەکانیان لە باوەش کردووە.

گوڵە مێخەك (قەنەفڵ) زۆر لە مێژە لە کیوییەوە بووە بە ماڵی. خوو و رەوشتی دەشتی و گوندایەتی لەبیرچۆتەوە. پێشان بەبێ یەکتری هەڵیان نەدەکرد، ئەگەر لە نزیك یەکەوە نەبوونایە گوڵیان نەدەکرد، ژیانی باغ و باغچەیان گۆڕییەوە، خوو و رەوشتی گۆشەگیری لە دەروونیادا چرۆی کرد، ژیانی پێکەوەییان لەبیر کرد، لەبەر ئەوە ئارەزوو دەکەن لەناو مەرکانەدا بژین، سێبەر و هەتاو بکەن، لە گەرما و سەرما خۆیان بپارێزن. لووتیان بەرزە، لەخۆ بایین، ناهەقیان نییە، چونکە بە رەنگ هەموو رەنگێك دەنوێنن و بە بۆن مەگەر نێرگس بتوانێ لە روویانا بوەستێ.

**٢٤ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٢**



## (١٩٧)

## چاوی سروشت

**تابلۆی چوارەم**

٢١ی حوزەیران

ئەو رۆژانە خۆر بەڵگەی هێز و تینی گەرمایی بوو، سروشت لە مێزۆپۆتامیای باشوور و باکووردا بە رۆژ لەبەر گەرما خەوی لێدەکەوت، بە شەو بێدار بوو نوێژی بۆ رۆژ دەکرد، لەو مەزنتری نەدی بوو، کردبووی بە کردگار و ناوی نابوو تەمووز و بە شەو لەگەڵیدا لە موناجاتدا بوو.

ئەو گەرمایە زیانی تەنیا بۆ ئەوەیە گوڵ دەکوژێ، هەموو گوڵێکیش نا چونکە هەندێکیان لە گەرما هەڵدەکەن، بابەتی ئەمانە کەمە، لە زستاندا ئەوەندە ئاو دەمژنە خۆیان گەرمای هاوین وشکیان ناکاتەوە.

لە باغ و باغچەدا گوڵە خاشخاشی وشك بووی لاسك کورت و درێژ دەبینرێ، وەکو تۆپێك وایە لەسەر ستوونێکی باریك دانرابێ، وا هەستدەکرێ ئەگەر رەشەبای هاوین هەڵبکا ئەو تۆپانە دەکەونە زۆرانبازی و بە مستەکۆڵە لە یەکتری دەدەن، هەندێکیان شەق دەبەن و تۆوەکەیان دەکەوێتە سەر زەوی و ساڵێکی دیکە شین دەبێتەوە.

ئەم خاشخاشە گەڵاڵە سوورە و شەقایەق و گوڵە بەبەشەی مانگی نیسانە، ئەم گوڵە بە روخسار و ناوەڕۆك تایبەتییەتی خۆی هەیە. رەنگە سوورەکەی جۆرێکە لە هیچ سوورێکی دیکە ناکا، مەگەر بەناوی خۆیەوە بنرێ ((سووری گوڵاڵەیی))، بە ناوەڕۆك گیانی بووە بە هەوێنی مەستی و سەرخۆشی، مەستێك لە لەشیدا هەیە، بەڵام وەك مەستێکی سۆفیزمی کردگاریش دەکەوێتە بەرچاو. ئەو گوڵە تەڕ و جوانەی نیسان تەمووز وشکی دەکاتەوە، گەرمای رۆژ لە حاڵەتی خاشخاشی لاهووتی تەمووزەوە.

خۆر تەنیا گوڵاڵەی فێنك و تەڕ، خاشخاشی گەرم و وشك بۆ دیمەنی جوانی دروست ناکا، کارێکی یەکجار گەورە و گرنگی دیکەی بەدەستەوەیە، بەری درەختی میوەکان دەگەیەنێ.

ئەو درەختانەی لە بەهاردا هەندێکیان گوڵ بوون، هەندێکی دیکەیان وێنەی بچووکی بەرەکانیان بوون، وەکو زوقمی دارمێو و هەنجیرە بچکۆڵە مایەی جوانی دیمەنی بەهار بوو، سەرچاوەی ئیلهام و خەیاڵی ناسك بوو بۆ گیان، کەچی گەرمای تەمووز گوڵەکانی وەرگێڕابووە سەر ئەدگارێکی تر بە شێوەی میوە خۆیان دەنواند، ئەمانە بوونە رەمزی مادی و مەعنەوی، هەندێکیان لە تەمووزدا بوون بە تام و هەندێکی تریان زیاتر پێویستی بە گەرمای هاوین هەبوو بۆ ئەوەی لەگەڵ کەوتنی گەرما بە تەواوی پێ بگەن.

رۆژ لە زۆرانبازیدابوو لەگەڵ دار و درەختی ناو باغەکە، گەرمای رۆژ نەیدەتوانی ژیانی درەخت لەناو ببا و بیکوژێ، چونکە دەمار و رەگی لە ناخی زەویدا لە قەراغ سەرچاوەی کانی و ئاودایە، لەبەر ئەوە خۆر تەنیا بەربەرەکانی گەڵای دەرەوەی دەکرد، چونکە ئەمەیان لەگەڵ خۆردا بەرامبەر بە یەك بوون، بۆیە درەختی رەگ و ریشە پڕ لە ئاو لە ژێرەوە زیندوو بوو، کەچی گەڵای دەرەوە خۆر وشکی کردبووەوە.

لەو رۆژگارەدا رووەکی ناو باغ و باغچە لە بزووتنەوە وەستا بوو، واتە گەورە نەدەبوو، کە گەورە نەبێ بچووکیش نابێتەوە بەڵکو خۆی دەپارێزێ بۆ ئەوەی لە سەرەتای پاییزدا بە بەهارە بچکۆڵەی ناو کەژی پاییز شادبێتەوە و بۆ ماوەییەکی کەم لە ژیانی بەختیاریدا بژی لە پێناوی ئەوەی ئەم جارەیان بە تەواوی خەوی لێ بکەوێتەوە تا بەهاری داهاتوو.

تەمووز سەری لە سروشت شێواندووە شەو و رۆژی لەلا نییە، لە هەردووباردا هەوری سپی ئاسمان دەتەنێ، هەوری رەش داگیری دەکا، برووسك و هەورە تریشقە دەیکا بە رۆژی حەشر کەچی شوێنەواری باران لە هیچ لاییێك دیار نییە.

گوڵی مەرجان هەرچەندە گەرمای پێ ناخۆشە دەبوو لە تەمووزدا نەژیێتەوە، بەڵام بەیانی و ئێوارە و شەو رەونەقدارە، چونکە هەڵخەڵەتاوە و فێنکی و تەڕی بەیانی و ئێوارانی تەمووز بە بەهار دەزانێ.

گوڵە رەنگاورەنگ و وشك و جوانەکانی کە لە گوڵی داوودی دەکەن، ناویان نراوە ((داوودی وشك)). ئەمانە لە گەرما و بێئاویدا هەڵدەکەن، گوڵەکان بە تەواوی وشك دەبنەوە، بەڵام پارێزگاری دیمەنی جوانی خۆیان دەکەن، لەبەر ئەوە تەمەنیان درێژە، زۆر دەمێننەوە، هەندێ جار وەکو گوڵی بە بەردبوویان لێ دێ و هەتا هەتایە وەکو خۆیان دەمێننەوە.



جارجارە لەبن تووترکێك گوڵێکی کیوی یاباغچەیی لەم گەرمایەدا دەبینرێ، ئەمە لە کاروان بەجێ ماوە لە سایەی دەوەنەکەدا نەمردووە و زیندوو ماوەتەوە، لەبەر ئەوە ئەم جۆرە گوڵانە باغچە دەژیێننەوە.

بە شەو و بە رۆژ گوڵ بە کۆمەڵ نابینرێن، بە تاکە تاکەش بەهار نایە و گەرمای تەمووز کەم نابێتەوە، بەڵام بۆنی گوڵان هەیە، ئەگەرچی خۆشیان نین، بۆنی شەونم بەسەر هەموویاندا زاڵە.

سوببێڕەکان گوێیان لێ نییە، ئەم گەرمایە ئاساییە بۆیان، لە جێی خۆیان هەڵکەندراون، هاوینێ ئێرە لەچاو نیشتمانیان بەهاری تەڕ و ناودارە.

**٣١س تشرینی یەکەم ٢٠٠٢**

## (١٩٨)

# چاوی سروشت

**تابلۆی پێنجەم**

**٢١ی تەمووز**

شەو لەناو باغچە ئاسمان دەبینرا، بەڵام ئاسمانێکی خەوناوی تۆزی زەردی تێکەڵ بوو بە شین رەنگێکی ترسێنەریان دروستکردبوو، بە ئاستەم هەستی پێدەکرا، ئەویش لەبەر ئەوە بوو لەودیو تۆز و هەور مانگی چواردە تریفەی زیوینی دەپژاند، بە ئاستەم دەیتوانی رووناکییێکی کز بە باڵای ئاسمان ببڕێ و لە تێکەڵ بوونی ئەم زەرد و شینەدا خۆی بنوێنێ.

لەناو باغدا ئاسمانی گەردوون دیار نەبوو، دارستان ئاسمانێکی بۆخۆی دروستکردبوو، باغچە لە ئاسمان تاریکتر و رەشتر بوو. گەڵای ژەنگداری زەردهەڵگەڕاو دیمەنێکی رەشتریان دابووە باغ، میوەی گەیشتوو و نەگەیشتوو بێدەنگ بوون، نەدەناسرانەوە، رەنگە لە نێوان خۆیاندا ئاگاداری یەکتربووبن، ئامۆژگاری و سکاڵایان بۆ یەکتری کردبێ.

بە رۆژ دەوەن و بنە گوڵەکانی ناو باغچە دەکەونە بەر زەبر و زەنگی رەشەباوە، بە زۆریش ئەم رەشەبایە لە بەزەیی و سۆز بە دوورە، لەگەڵ ئەوەشدا زیانی بۆ بنە گوڵ زۆر نییە، چونکە گەلێکیان گوڵی جوانی بەهاریان بەسەرچووە، بڕێکیان چاوەنۆڕی پاییزن، هەندێ بەخۆ بێنەوە.

رەشەبا و تۆز و گەرداو زیانی بۆ باغ هەیە بەتایبەتی کە رووبەڕوو دەبنەوە لەگەڵ ئەو میوە کاڵکانەی نەگەیشتوون، ئەمانە هەڵدەتەکێنن و لەباریان دەبەن، لەوانەیە هەندێ قازانجیشیان هەبێ بەوەی گەڵای درەختەکان لە تۆز و غوبار پاك دەکەنەوە. ئەم کارەیان ساتێکی وەختییە لە خۆشی بۆ گەلاکان کە خۆیان بە پاکی دەبینن و راستی جوانی یان دەردەخەن ئەگەر نا هەر هەموویان چاوەنۆڕی پاییز و یەکەمین بارانی ساڵن بۆ ئەوەی پاك بیانشواو دیمەنی راستەقینەیان بکەوێتەڕوو.

رەشەبا و گەرما ئەگەر دوژمنی گوڵ و دەوەن و درەختی ئەم مەرز و بوومە بێ دۆستی ئەو سوببێڕانەیە کە ئاوارەی زێد و مەڵبەندی خۆیان بوون لە ئەفەریقاوە هاتوونەتە ئێرە. سوببێڕەکان بەزم و رەزمی رەشەبا و گەرداویان پێخۆشە، ئەمانە بێ ئاو دەژین، کەچی هەمیشە تەڕن، لە زستانیشدا ئەوەندە ئاو دەگرنە خۆیان لە هاویندا پێویستیان بە ئاو نابێ.



سوببێڕەکانی ئەم باغچەیە رەنگاو ڕەنگ و جوانن، دڕکیان زۆرە بەڵام گوڵەکانیان ئەوەندە جوانن تۆڵەی زۆری دڕکیان دەکەنەوە، بنە دەوەنێکی سوببێڕ ناوی (کاخ)ە، بریتییە لە کۆمەڵێك تۆپی سەوز بە وردە دڕك نەخشێنراوە، لەپڕ سەری تۆپەکان کونێکیان تێدەبێ، چرۆیێك لە کونەکەوە دێتە دەرەوە، لە سەرووی چرۆکە گرێیەك دەردەکەوێ، زوو بەزوو گرێکە دەتەقێتەوە و گوڵێك سەری دەردەکا، ئەم گوڵە نە زەردە نە سوورە، نە پەمەییە نە رەنگێکی دیکەیە، بەڵام هەموویانە. ئاوەنگ لە ناوییدا پێدەکەنێ، وا دەکەوێتە بەرچاو رەنگی گوڵەکە بگۆڕێ بەپێی رووناکی و تاریکی، سێبەر و هەتاو، بەیانی و ئێوارە، ئەم گوڵە لەم باغچەیەدا بە رۆژ خۆی دەنوێنێ و بە شەویش دەقووچێتەوە و خەوی لێدەکەوێ.

چەند هەنارێکی گەیشتوو بە دارەوە دەبینرێن، گوڵنازی بەهار گەلێ نهێنی تێدابوو، بەڵام میوەی هاوین و پاییز نهێنی زیاتری تێدایە، لەبەر ئەوە هەنار بووە بە ئەفسانە ژمارەی سەرباز یا ئەو ئاشقانەی تێیدا دەژین نازانرێ چەندە، خوو و رەوشتیان دیاری ناکرێ. دەنکەکان، سەربازەکان، ئاشقەکان ترشن یا شیرینن یا مێخۆشن!

لەو باغەدا لەو رۆژانە ئەگەر هەنار دەستبکەوێ لیمۆ و خوشکەکانی هێشتا هەر کاڵ و سەوز و ناکاملن، دار لیمۆی هەمیشە سەوزە بەرەکانیش هێشتا هەر بچووك و سەوزن، گەرما و رەشەبا غەمگینی کردوون، گەڵاو بەر هەموویان ژەنگدارن، هەندێکیان لە حەژمەتی گەرما زەرد هەڵگەڕاون و خەریکە دەوەرێن. لیمۆکان خۆیان شاردۆتەوە، رەنگیان رەنگی گەڵایە، داری لیمۆ وەك ئاسمانێکی بێ ئەستێرەیە.

لەم باغچەیەدا گوڵی قاوە هەیە، ئەمە بەڕاستی گوڵ نییە، بەڵکو وەك گوێژ وایە بەڵام وردە، رەنگی لە رەنگی قاوە دەکا، دەوەنێکە گەڵا و گوڵەکانی دیمەنێکی جوان دەنوێنێ. ئەوەی سەرنجڕادەکێشی ئەوەیە بۆچ لەم باغچەیەدا ناوی نراوە گوڵی قاوە! دەبێ مەسەلەکە لەوەوە هاتبێ گوڵەکە لە بەری قاوە دەکا، هەروەها وەکو ئاشکرایە رووەکی قاوە لە سارا و بیابان و جێی گەرم دەژی.

باغ و باغچە لە گوڵی هەمە جۆربێ بەری نییە، ئەم گوڵانە لە رۆژگاری سروشتی خۆیاندا ناژین، لەبە ئەوە بە کۆمەڵ بەرچاو ناکەون، بەڵکو تاکە تاکە دەبینرێن لە جێیەك ئاو و هەوای وا تێدا بووە ئەو تاکە گوڵە هەڵبکا، ئەمە نرخی تایبەتی خۆی هەیە چونکە دەگمەنە. گوڵاڵە سوورە بە بار و کۆمەڵ دیمەنی خۆی هەیە، تاکە گوڵاڵەیێکی بچووکی بێهێز لە هاوین یا پاییزدا لە بن تووترکێك ئەویش نرخی خۆی هەیە، زەریا هەر زەریایە، بەڵام دڵۆپێکیش نرخی خۆی هەیە.

**٧ی تشرینی دووەم ٢٠٠٢**

## (١٩٩)

# چاوی سروشت

**تابلۆر شەشەم**

**٢١ی ئاغستۆس**

باغ و باغچە لەم رۆژانەدا بەخۆ دێنەوە، لەبەر ئەوەی گەرما هێزی کەم بووە، رووەك سەری لێ تێکدەچێ، وا دەزانێ بەهارە، کەچی زوو هەست بەوە دەکا هەڵخەڵەتێنراوە، بۆیە زۆری پێناچێ خەوی لێدەکەوێتەوە.

هەندێ رووەك زادەی ئەو فێنکییەن، لەوانە لاولاو لە دەوری درەختی شاتووەکە تێی ئالاوە و قۆڵی لە ملی کردووە، ئینجا بەرەو سەرووی قەدی دار کشاوە تا گەیشتۆتە لقەکان، گوڵە لاولاوی سوور و مۆر و پەمەیی و سپی. ئەم گوڵانە جوانیان بە درەختی توو داوە، چونکە بەختیارن بەوەی لە بەهارا بەری شیرین و بە تامی دەبێتە مایەی دیمەنێکی هونەراوی، لە پاییزدا گوڵی لاولاو وەك گوڵێك بۆ دار توو، وەکو باغ ئاگادارە ئەم درەختە هەر لە بنجدا گوڵ ناکا.

ئەوەی جێی سەرنج راکێشان و لێکدانەوەیە ئەوەیە لاولاوی رووسی چۆن گەیشتە ئەم مەرز و بوومە! کامە بای شەماڵ گەیاندییە ئەم خاکە دوورە! دەبێ لەبەر ئەوە نەبێ هاوینی نزیك سیبیریا لە پاییزی ئێرە دەکا!

لاولاوی رووسی چڕترە، رەنگی گەڵای سەوزی تیری زەیتوونییە، گوڵەکانی وردن سووری ئاتەشین، لەناو ئاسمانی ساماڵی شەوە زەنگ دەدرەوشێنەوە.

لەو کاتەی گەڵای لاولاوی کوێستانی رووسیا نەخشێنرا و بە گوڵی سوور خۆیان دەنوێنن لە رۆژی رووناکدا، شەو و ئەستێرەکانی دەکەونە بەرچاو.

رووەکی ئەو رۆژانە زۆریان خشۆکن، دەخزن، بەڵام خزینیان بۆ سەرەوەیە، بۆ هەورازە، بە درەخت و پەرژین هەڵدەگەڕێن، دیوار بۆ ساباتی مێو دروستدەکەن. لە ئاسمانی کەپرەکە هەندێ ترێی کشمیشی ماوە، دیواری کەپر بە گوڵی لاولاو رازاوەتەوە، دوو لای کەپر گوڵی لاوەلاوە، دوو لایەکەی دیکە گوڵخەندەرانە.



گوڵخەندەران بە دیمەن میوەیە، بە ناوەڕۆك گوڵە، پرتەقاڵێکە لە شێوە و قاڵبی هێلکەی مریشك دایە، بەڵام بە رەنگ نارنجییە، پێستی لووس نییە، کونجر کونجرە وەکو سێوێکی بە مێخەك نەخشێنرا بێ، ئەمە وەکو گوڵی لیفکە بە باڵا و قەدی لقی لاولاو ئاسایی شۆڕ بۆتەوە.

گوڵخەندەران ئەگەر بە دیمەن راستی بێ بە ناوەڕۆك ئەفسانەیە. ناو دەروونی تۆوێکی وەکو تۆوی کوولەکەی تێدایە، بەڵام رەنگی سووری خوێنییە لەناو گۆماوێکی لینجی خوێن مەڵە دەکا و لە زستاندا وشك دەبێتەوە. یەکێ لە نهێنییەکانی ئەم گوڵخەندەرانە ئەوەیە ئەگەر بە دەمیدا پێبکەنن لە خۆشیانا شەق دەبا، لەبەر ئەوەیە هەر گوڵێکی شەق بردوو مانای ئەوەیە تووشی دڵداری بووە، بزە و پێکەنین وای کردووە ببێ بە ئاشق، لەوانەیە ئەو گوڵانەی شەقیان نەبردووە چاوەنۆڕی ئەوە بن بە بزەو پێکەنینێك تووشی دڵداری بن.

شەوبۆی پاییزی لە تیشکی رووناکی رۆژ دەترسێ، لەبەر ئەوە بە رۆژ خەوی لێدەکەوێ، کە شەو دادێ لەخەو هەڵدەستێ و لەگەڵ تاریکی دەبێ بە دۆست، بە دزییەوە عەتر بڵاودەکاتەوە. ئەم دەوەنە خۆپەرست نییە، دوور دەنواڕێ لەبەر ئەوەیە لە پشت پەرژینی باغ و باغچەکەدا بۆنی عەتری تیژترە، لەوە دەکا تاریکی بۆنەکەی گرتبێتە خۆ و لە دەرەوەی پەرژین پژاندبێتی.

لەو رۆژگارەدا رەشەبا و گەرداو ئازاری باغ و باغچە دەدەن، بەڵام تۆز و بای گەردەلوولی پاییز لەم مەڵبەندە دوورن. دوورییەکەیان وا نییە بە چاو ببینرێ، گیا و تووترك و حوشترالووکی وشك بووی هاوین داپۆشتووە، لە پلوپۆ کەوتوون، هەڵوەراون، سەر و پۆتەلاکیان لە باڵ یەکتری دەرچووە، چاوەنۆڕی تۆز و بای گەردەلوولن کۆیان بکاتەوە.

کاروکردەوەی تۆز و با رێکوپێکە، لە هەر چوار لاوە رووەدەکەنە گۆڕەپانە وشکەکە، لە ناوەڕاستی گۆڕپان کە دەگەنە یەك دەست لە ملی یەکتری دەکەن و دەکەونە سەما و بە دەوری یەکتریدا دەسووڕێنەوە، هەرچی رووەکی وشك بوو هەیە کۆی دەکەنەوە، بەمە باڵۆڵەیێکی ئەستوور دروستدەکەن، هەتا باو تۆز زیاتر تێك دەترەنجێن باڵۆڵەکە زیاتر بەرز دەبێتەوە، وا دەزانرێ دەیەوێ بگاتە کاکێشان. ئیتر لە هەر چوار لاوە باو تۆز بەرە بەرە کەم دەبێتەوە، خوارەوەی باڵۆڵەکە دەبێتە سەرەتا یا کۆتایی، ئەمە هەردێ و بڵند دەبێتەوە تا لەچاو ون دەبێ، هەمووی لە ئاسمان کۆدەبێتەوە، لەوێوە جارێکی دیکە رووەدەکاتە لاییێکی تر و بڵاودەبێتەوە.

ئەفسانە دەڵێ ئەم باڵۆڵەی تۆز و بایە ئەژدەهای هەڵلووشیوە و دەیبا بۆ ئاسمان بۆ ئەوەی دادگا بکرێ.

**١٤ی تشرینی دووەم ٢٠٠٢**

# (۲۰۰)

# چاوی سروشت

**تابلۆی حەوتەم**

**۲۱ی ئەیلوول**

گوڵی باغچە هەندێ دڵخۆش و هەندێ مەلوول، گەڵای دار و دەوەن چاو کز و لەش قووچاوەن، سەریان لێتێك چووە نازانن چی بکەن. ئەوەندە هەیە چاوەنۆڕی خۆشین بە لەناوچوونی گەرما.

هەندێ جار وابیر دەکەنەوە گەرماکە بۆیان باشتر بوو لەم بێ ڕێوجێییە. وردەبارانی ئەو ڕۆژانە هیچ بۆ گەڵاکان ناهێنن، بەڵێنیان نییە، درۆزنن، هەموو لە ماوەییێکی کەم لە ئاسمانەوە بە ئاغری دێنە خوارەوە، هەر لە ڕێگە با دەیان مژێ و بچووك دەبنەوە، هەندێکیان تا دەگەنە سەر زەوی لەوانەیە گەڵای دار هەستیان پێنەکا. گەڵا چاوەنۆڕی ئەوەیە بشۆرێ، لە تۆز و غوبار و سووتانەکانی تیشکی ڕۆژ ڕزگاری بێ، خۆی ئامادە دەکا بۆ باران کەچی بارانە درۆزنەکەیە.

لەو شەوەدا گەڵا لێو بە بارەکان، ڕەنگی ڕاستی خۆیان نانوێنن، وەك تارمایی شتێك کەس نەزانێ لەچی دەکا، ڕەنگ لەناو حەوزەکە دەدەنەوە. تریفەی مانگی چواردە لەلاییێك داوێنی گەڵای درەختەکان دەگرێ، لەلاییێکی دیکەوە وێنەی خۆی و ئەستێرەکان دەگەیەنێتە ناو ئاوی حەوزەکەوە. دیارە ئەستێرەکان بەوە شادن کە وێنەی جوانی ڕاستەقینەی خۆیان لەناو ئاوەکەدا دەبینن، کەچی گەڵاکانیش لەگەڵ ئەوەی لەو پاییزەدا خۆیان بە ناشیرین دادەنێن، بەڵام کە لە ناو حەوزەکەدا تەماشای خۆیان دەکەن خۆیانیان بە جوان دێتە بەرچاو، وەك نێرگسە بەهارییەکەی قەراغ جۆبار، بەڵام ئەمە لە پاییزدایە، لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەش بێ، بە سەوزایی ئەو سەردەمانە دەوترێ بەهارە بچکۆڵە.

لەو ڕۆژانەدا هەندێ درەخت زاوزێ دەکەن، لقی درەختێك بریندار دەکرێ بۆ ئەوەی کونێکی تێ ببێ، لقی دارێکی دیکە دەخەنە ناو کونەکەوە، وەك بووك و زاوا خەویان لێدەکەوێ، بە درێژایی زستان هەردووکیان قۆڵ لە ملانێ دەبن، ئەوەی هەستی پێدەکەن لە خەون بەولاوە هیچی دیکە نییە. لە بەهاردا زیندوو دەبنەوە، بووکی تازە دەکەوێتە ناز و نیازەوە.



گەڵای درەختی ناسکە هەرمێ ئەگەرچی سیس دەبێ، بەڵام بەری دارەکە لە هەڕەتی گەنجیەتیدا دەبێ، شەرم نییە ئەگەر بڵێ دەستکاریم مەکەن، هێشتا منالّم و نەگەیشتووم، چونکە چاوەنۆڕی بەفرە، هەرچەندە سەرما زیاتر بێ ئەو جوانتر خۆی دەنوێنێ و حەز بەوە دەکا لەبەر ئاگردانی چلەی زستاندا لەگەڵ هەنار وەك شتێکی بە نرخ و تام و دەگمەن خۆیان پیشانبدەن.

پاییزێك لە پاییزەکانی ڕابردووی دێرین لەم باغ و باغچەیەدا بنی ئەشرەفی غونچەی نەکردبوو، بۆ هەڵخەڵەتاندن گوڵی دالیا پەیدابوو. گوڵی دالیا بەشێوە وەك ئەشرەفی دەکەوێتە بەرچاو، بەڵام ئەوە هەیە دالیا هەموو ڕەنگێکی نییە، بەڵکو هەموو جۆرە ڕەنگە سوورەکانی هەیە، لە پەمەییەوە تا دەگاتە سووری شەرابی، جگە لەوەی پەڕەگوڵەکانی بە ژمارە زۆرن، بە قەوارە وردن، تێك ترنجاون وەکو تۆپێکیان لێ هاتووە، لە هەمووشیان گرنگتر ئەوەیە تەمەنی دالیا زۆر درێژە وکو گوڵی ئەشرەفی کورت نییە.

ئەو کاتە سێ بنە دالیا بوون لە ڕیزی یەکەوە چاوشارکێیان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد، دوانیان ڕەنگیان سوور بوو، ئەوەی ناوەندیان ڕەنگی سپی بوو. لە دوای ماوەییێك هەندێ پەڵەی سوورکەوتە ناو سپییەکەیان، لەبەر ئەوەی سوور لە سپی بەهێزترە، بۆیە ئەویان بەسەر سپیدا زاڵبوو، لەوانیش بەهێزتر زەردە، ئەمەیان سپیەکە دەنەخشێنێ.

بارانی درۆزن بە بارجوانی لەگەڵ خۆیدا دێنێ، لەوانە گیاوگۆڵ ئاوڕشێن دەکا، دڵۆپی وەك مرواری ڕوخساری گوڵ دەڕازێنێتەوە، لەسەر گیا دەبێ بە خوناو. لەوەش جوانتر لەو ماوە کەمەی کە وردە باران خۆی دەنوێنێ هەست بەوە ناکرێ شتێکی نوێ پەیدابووە و هەیە، کەچی ئەگەر شنەبایێکی سووك و بێدەنگ هەڵبکا دڵۆپی وردە باران باوەشێن دەکا و دەبێتە هۆی ئەوەی گیا وردەکانیش بکەونە جووڵە و لێك بئاڵێن و دەست لە ملی یەکتری بکەن.

گیاو دەوەن و درەخت لە سەردەمی باویشك دانیان دان، هێشتا کەمێك هێزیان تێداماوە و هەست بە باران دەکەن، بەڵام ها ئێستا و ها بڕێکی دیکە چاویان دەچێتە ناو گێتی خەو و خەونەوە.

**۲۱ی تشرینی دووەم ۲۰۰۲**

## (٢٠١)

# چاوی سروشت

**تابلۆی هەشتەم**

**٢١ی تشرینی یەکەم**

گوڵی دالیا هەندێ هەناسەی پێوەماوە، کە سیس دەبێ وەکو گوڵی دیکە ناشیرین نابێ و گەڵای هەڵناوەرێ، لەم رۆژانەدا سەرما خەریکە لەناوی دەبا. ئەم گوڵە بە گەڵا و لقەوە خەوی لێ دەکەوێ، بەڵام لەسەر زەوی نا، بەڵکو لە ژێر زەوی. لەم رۆژانەدا گوڵی دالیا دەقووچێتەوە، لە پاشانا لاسك و گەڵا دەتوێتەوە، شوێنەواریان بزر دەبێ، خۆڵی جێی نوستنیان هەندێ بەرز دەکرێتەوە وەکو گڵکۆ دەکەوێتە بەرچاو.

لەو کاتەدا بەری داری زەیتوونی هەمیشە کەسك پێدەگا، زەیتوونەکان ورد و درشتیان هەیە، ناوەنجیش دەبینرێن، بە رەنگ دەگۆڕێن، رەش و سوور و قاوەیی و زەرد و بۆر دەکەونە بەرچاو. واباوە هەر دەنکە زەیتوونێك نهێنییێکی تێدایە لە هەر رەنگێك بێ، رەش یا زەرد، ئەو نهێنییە تەنیا بلبلێك دەیزانێ کە لەم کەژەدا پەیدا دەبێ، ئەمە تەنیا بە دەنووکی ئاوی تاڵی ناو زەیتوون نییە، ئەم جۆرە بلبلە نەبێ، ئەویش لە دوای زانینی نهێنییەکە هەواڵ هەڵدەگرێ تا بەهاری داهاتوو، ئەوکاتە بە گوڵی خۆشەویستی خۆی دەگەیەنێ.

لە باغەکەدا کۆمەڵێك گوڵی داوودی زەرد بە یەکتری پێدەکەنن، گوڵەکان ئەوەندە روون و بریقەدارن ئەگەر سێبەر نەبێ لەگەڵ رۆژ دەکەونە جەنگەوە، خۆر چەندە کاریگەری بەسەر سروشتەوە هەیە گوڵی داوودی هێندەی ئەو بەهێز و توانایە چونکە رەنگ و تیشکی لەو وەرگرتووە، ئەم گوڵە حەزی بە سەما و تەڕایەتییە، لەبەر ئەوە هەمیشە روخساری خوناوی و تەڕ و ئاوداره.

جگە لەم جۆرەی گوڵی داوودی کە بە کۆمەڵ دەژین، هەندێکی دیکەی هەیە بە قەوارە گەورەتر، بەڵام بە تەنیا دەژین، ئەمانە هەموو رەنگەکانی پەڵکە زێڕینەیان هەیە، لە دەوری کۆمەڵی گوڵی داوودی زەرد جێولانێ دەکەن، وەکو ئاگرپەرستەکان، لەم دیمەنەدا کۆمەڵە گوڵی داوودی زەرد بەڵگەی ئاگرن، گوڵە رەنگاوڕەنگەکان سەمای جاویدانی دەکەن و کڕنووش دەبەن، لە پاڕانەوە و موناجاتیاندا داوای چاکە دەکەن لەو کردگارەی کە لە نەوەی خۆیانە.



لەولاوە چینی هەژاری گوڵی داوودی بەرچاو دەکەون، ئەمانە بە روخسار لە گوڵە زەردەکانی نەوەی خۆر دەکەن، کەچی بە ناوەڕۆك رەنگاوڕەنگ و بێهێز و توانان، رەنگەکانیان بۆز و بێ شەوقن، لەبەر ئەوەیە بوون بە کۆیلە و پێش خزمەتی هەموو گوڵە داوودییەکانی دیکە.

لەبەر هەتاو ناتوانرێ تەماشای گوڵی داوودی زەرد بکرێ، وەکو چۆن ناتوانرێ تەماشای خۆر بکرێ، لەم ئانەدا پەڵە هەورێك لەم لاوە، یەکێکی دیکە لەولاوە، خۆر دەشارنەوە، دەبێتە سێبەر بۆ ئەوەی بتوانرێ تەماشای گوڵی داوودی زەرد بکرێ، ئەگەر بارانیش سەر بکاتە سەر ئەم باغ و باغچەیە، ئەوکاتە دەبێتە سەردەمی خۆشی و شادی و شایلۆغان بۆ هەموو ئەو گوڵانەی حەز لە سەرما و بەفراو دەکەن.

دلۆپی وردە باران لەسەرخۆ دێتە خوارێ، هەست بە بزووتنەوە و جموجۆڵی ناکرێ، بۆشایی کپە، با لە هیچ سووچێك شوێنەواری دیار نییە. وردە باران بەبێ وەستان، بۆ ماوەییێکی زۆر لە ئاسمان بەرەو خوار دەبێتەوە. داروبەرد، گوڵ و گیا، گیاندار و بێ گیان وەك بێچووە باڵندەی ناو هێلانەی مەل و باڵدار روویان لە ئاسمان کردووە و دەنووکیان کردۆتەوە بۆ دلۆپی باران.

لەملاو لەولا هەندێ لیمۆی زەردی گەییو دەبینرێ، لەگەڵ رۆژئاوا درەختی نارنج و ترنج و کەبات و سندی و پڕتەقاڵ و لیمۆ رەش هەڵدەگەڕێ، ناو لق و پۆپی بنەدارەکان تاریکتر دەبێ، لە سەردەمی تارمایی تاریکی پاش رۆژئاوا دەکا، لەبەر ئەوە بەری ئەم درەختانەی کە رەنگیان لە رەنگی خۆر وەرگرتووە وەك مۆمێکی لەناو دەروونی ئەو دارو درەختانە تاریکییان بە رووناکی وەرگێڕاوە، دیمەن لە ئەستێرەی ئاسمانی شەو دەکا.

بۆقەکان ماوەییێکە خەوتوون، هەست بە بوونی خۆیان ناکەن، بەڵام خەون دەبینن، خەونی خۆش و ناخۆش، ناخۆشەکەیان خۆشە، خۆشەکەیان ناخۆشە، چونکە هیچ یەکێکیان راستی و حەقیقەت نییە، یەك لەو خەونانە لەلای یەکێکیان ئەوەی دیوە کە زستان بێ ئاو بووە، کانی و سەرچاوە وشك بوون، زەوییێکی بێ گیا و گۆڵ و بەهار بوو، باغ بێدار و درەخت و میوە بوو، کە بۆق خەونەکەی بۆ هاوڕێیانی گێڕابووەوە هەموویان تووشی دڵەکوتێ بووبوون.

**٢٨ی تشرینی دووەم ٢٠٠٢**

# (٢٠٢)

# چاوی سروشت

**تابلۆی نۆیەم**

٢١ی تشرینی دووەم

دەمێك بوو بەیانی دابوو، هێشتا ڕۆژ هەڵنەهات بوو، کەچی ناو باغ و باغچە تاریکە شەوبوو، هەوری ئاسمان لە وێنەی تەمومژدا گەیشتبووە سەر گیای نووستووی زەرد هەڵگەڕاوی چیمەنی باغچەکە. هەموو جێیێك تەڕبوو، بەڵام هێشتا گەشتی هەور لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی کۆتایی نەهاتبوو، هەورەکە چڕ و زۆر بوو، کە لە پۆپەی درەختەکان نزیك دەبووەوە فرمێسکی بەملاو بەولادا دەپژاند.

لە دوای ماوەیێك هەوری ئاسمان بەشێوەی تەمومژ لە دوای هەڵاتنی ڕۆژ ژیانی کورتی گەیشتە ئەنجام، تەمومژ نەما، تاریکی لەناوچوو، تیشکی زێڕینی خۆر لەناو دڵۆپی وردی خوناو قەتیس مابوو، نەیدەزانی چی بکا.

بەندیخانەیێك بوو بۆ خۆی، وای بیردەکردەوە قەت ڕزگاری لێی نابێ، کەچی تا دەهات گەرمایی خۆر زیاتر کاری لە خوناو دەکرد و دەبووە هۆی وشك بوونەوەی دڵۆپی خوناو و شادبوونی ڕۆژ بەو بڕە تیشکەی لەناو دڵۆپەکەدا بەندکرابوو.

حەوزی باغ بەست بووی، سەهۆڵی سەر ئاوەکە ئەستوورایی لە پلەیێك دابوو چۆلەکەیێك لەسەری بنیشێتەوە. چۆلەکە خەریکی پارچە قەوزەکانی سەرسەهۆڵ بوو، دەنووکی لێدەدان بە هیوای ئەوەی دانێکیان تێدابێ، کەچی شتێکی وای تێدانەبوو چۆلەکە تێر بکا. چۆلەکە لەوە دەترسا نەوەکو سەهۆڵەکە بشکێ و نوقمی ناو ئاوەکە بێ، چونکە ئەو دەنووکی لەو پارچە قەزوانە دەدا کە نیوەیان لە ناو ئاودابوون، بەشەکەی دیکەیان لە ئامێزی سەهۆڵەکە خۆیان حەشاردابوو، بڕێکیشیان سەریان دەرهێنابوو و کەتبوونە سەر سەهۆڵەکەوە.

گزنگی خۆر بەهێزبوو، بەر بەرۆچکە سەرمای زستانی لەبیر دەبردەوە، هێزی ئەوەی تێدابوو شەونمی درەخت و ئاوی بارانی ناو باغ و باغچە وشك بکاتەوە، چونکە ئاسمان ساف و بێگەردبوو، تیشکی زەماوەندی دار و درەخت بوو.



گەڵاڕێزان بوو، بەڵام گەڵاڕێزان مانای مردن و لەناوچوون ناگەیەنێ، بەڵکو بەڵگەی خەوتنە. گەڵای دار کە دەست بەوەرین دەکا لە ڕێگەی هاتنە خوارەوە سەما بە تیشکی خۆر دەکا، زەماوەند بۆ خۆی و بۆ خۆر و بۆ شنەی بای شەماڵ دەگێڕێ، چونکە لە لقی دار جیای دەکەنەوە بۆ ئەوەی گیانی بسرەوێ و لە بەهاردا زیندوو ببێتەوە.

ئەگەر گوڵنار و هەنار ئەفسانەبن، گەڵای زەردی دار هەناریش لەم ڕۆژانەدا دەبن بە ئەفسانەیێکی دیکە، لەبن داردا بە بار گەڵای زەرد وێنەی گەنجینەی زێڕ دەبینرێ، بەڵام ئاقارەکانی دیکە، بن درەختەکان وێنەی گەنجینە زێڕ و زیوو و یاقووت و هەرچی بەردی بە نرخ هەیە دەنوێنن. ئەگەر گەڵای دار و درەخت لە بەهاردا تەنیا سەوز بێ، لەم کەژی گەڵاڕێزانەدا هەموو ڕەنگێکیان تێدایە زەوی باغ وەکو ئەوە وایە بە مافووری گوڵبەهار نەخشێنرابێ.

گوڵی داوودی زەرد لەم ڕۆژانەدا لە دواهەناسەیەتی، کەچی داوودی ڕەنگاوڕەنگ هێشتا هێزی تێدا ماوە، چونکە وەکو ئەوی دیکەیان ناسك نییە ڕۆژ بیباتەوە لای خۆی.

هەر لەو ڕۆژانەدا بەیانییێك زوقم باغ و باغچەی داپۆشت بوو، خوناوی سەرگیا و لقی دار بەستبووی، دیمەن وەکو بەفرێکی تەنگ بوو، هەموو شتی داپۆشت بوو. گەڵێ ساردبوو، ڕیشۆڵە گەرمایی دابووە دار و درەختی ڕووت. ئەم ڕیشۆڵانە لە خێڵی کۆچەرانن، گەرمیان و کوێستان دەکەن، خەڵکی سەرگۆی ڕووی زەوین، لە زستانی سەختی وڵاتی خۆیان کۆچدەکەن، دێنە ئەم ناوە چونکە فێنکترە، بۆ ئەوان هاوینە هەوارە.

کاری ئەمانە ئاساییە وەکو ئەو باڵندانەن لە گەرمیان دەژین، لەبەر ئەوە لە هاویندا ڕوو دەکەنە کوێستان.

ڕیشۆڵەی ڕەش کە لەسەر زەوی سپی بە زوقم داپۆشراو چینە دەکا وەك جریوەی ئەو ئەستێرانەی کە لە ئاسمانی بێ پایاندا دەژین، لەوێ ئاسمان ڕەش و ئەستێرە سپییە، کەچی لێرە زەوی سپی و ڕیشۆڵە ڕشە.

ئەم باغ و باغچەیە هەوارەگەی ئەم کۆمەڵە ڕیشۆڵەیەیە، هەموو ساڵ بە زستان ڕووی تێدەکەن چونکە لە هاوینی خۆیان دەکا.

لەپڕ هەوری ڕەش لە ئاسماندا پەیدابوو و کردی بە باران، ئینجا هەورەکە سپی هەڵگەڕاو کردی بە کڕێوە، با هەست و خوستی نەما، ناو باغ و باغچە کپ بوو، ڕیشۆڵە و چۆلەکە پاسارییەکان خزینە ناو بن میچی سابات و کونی بن دالانەکان.

**٤ی کانوونی یەکەم ٢٠٠٢**

# (٢٠٣)

# چاوی سروشت

**تابلۆی دەیەم**

٢١ی کانوونی یەکەم

دار و دەوەن رووت بۆتەوە، گەڵای پێـوە نـەماوە، ئـاونگ لەشـە لـووس و بـێ بەرگەکـەی داگیرکردووە، دەڵێی فرمێسکی ئەو ئاه و ناڵەیەیە کە لە ناخی دەروونی دێتـە دەرەوە بـۆ ئـەو پەژمردەییەی تێیدا دەژی. درەخت سێبەری نەماوە بۆیە لایێکی زەوی ژێر لقی درەختـەکان بـە زوقم داپۆشراوە، لایێکی دیکەی گەڵای وەریو نـەخش و نیگـارێکی مـۆزاییکی دروسـتکردووە هەموو رەنگەکان دەبینرێن.

ئەگەر چەند بنە نێرگسێك بکەونە بەرچاو، ئەمە سـەر لێـشێواوی نییـە، بـەڵکو مـوژدەی ئەوەیە لە بەهاری نزیکدا، لەم باغ و باغچەیەدا نێرگس زۆر دەبێ و بەهاری ئەو ساڵە بە سـاڵی نێرگس ناوزەد دەکرێ.

لەو رۆژانەدا هەوری رەش و سپی ئاسمان داگیر دەکەن، ئەگـەر هـەوری رەش دیـار بکـەوێ چاوەنۆڕی باران دەکرێ، بەڵام ئەگەر هەوری سپی ببینرێ بەڵگەی تـەرزە و بـەفرە، لـەو رۆژەدا هەردوو جۆرە هەور بە ئاسمانەوە بوون، زۆرانبازی لە نێوانیاندا بوو، هەوری سپی بەسەر هەوری رەشدا زاڵبوو، باران و تەرزە پێکەوە دەهاتنە خوارەوە. تەرزە بارانی بەزاند، باغ و باغچە سپی هەڵگەڕا، ئەم گەشتەی باران و تەرزە بۆ زەوی زۆری نەخایاند، هەوری رەش و سـپی بـوون بـەو مافوورە سپییەی کە وەك کڵاوێکی سپی گرێچنە بە ئاوریشمی زێرین و زیوین نەخشێنرابێ.

شنەباییێکی تەنگ هەڵیکرد، فرمێسکی درەخت و دەوەنەکانی کـرد بـە مـرواری، بـوو بـە سایەقە، هەندێ بنەگوڵ زیاتر قووچانەوە و هەندێکیان مردن، بەڵام رەگیان زیندوو بوو. خۆر بە دەرەوە بوو کەچی هێزی ئەوەی تێدا نەمابوو بە فریای ئەم هەموو گیایە بکـەوێ، لـە ئاسـۆوە نزیك بوو، لە باغەکەدا لە کەلێنی لقەکانی دار هەنجیر بەرێوەبوو بەرەو ئاوا بوون، لـەپێش بنـە هەنجیرەکە هەست بە بزووتنەوەی خۆری رەنگ پرتەقاڵ دەکرا، پەلەی بوو بە چەند چاوقۆچـانێك لە چاو ون بوو، بەڵام ئەگەر لە پشت بنە هەنجیرەکەوە چاودێری بکرایە وێنـەی لقـە رووتـەکانی بنە هەنجیر لەسەر لاپەڕەی گۆی خۆری زەردی خوێناوی بەدی دەکرا.



کۆمەڵێك بنە مێخەك لەسـەرمانا کۆببوبوونـەوە و دەسـتیان لـە ملـی یـەکتری کردبـوو، گوڵێکی بچووکی سپی خۆی لەناو گەڵاچڕەکانی مێخەك شاردبووە، لەبەرچاو نەبوو، رەنگی بـە رەنگی زەوی سپی هەڵگەڕابوو، لەوە دەترسا لەناو ببرێ لەبەر ئەوەی چۆن زاتی کـردووە و لـەم کەژە تووشەدا خۆی بە باغچە پیشانبدا.

لایێکی باغچەکە گۆیژی کوێستانی خۆی کردبوو بە پەرژین، ئەمە دەوەنێکە لـە سروشـتی دارودرەخت دایە لە گەورەیی و بەرزیدا، گەڵای ورد و هەمیشە کەسکە، بەری بچووك و رەنـگ نارنجییە، سەرمای پێ خۆشە، بەڵام لە گەرماشدا بێ هەوەس نابێ، دڕکـی زۆرە وەکـو هـەموو جۆرە گوڵێکی ئەشرەفی. لەناو پەرژینی چڕی دەوەنی گۆیژ وردە وەنەوشە لـە نێـوان دارەکانـدا سەریان دەرهێنابوو، بێدەنگ و هێمن بوون، بزووتنـەوەیان نـەبوو، لـە دڕکـی تیـژی گۆیژەکـە دەترسان، ئەم وردە وەنەوشانە بەهۆی رەنگە شین و مۆرەکـەیان لـەناو خـاکی سـپی زۆر جـوان دەبینران، ئازار نەدەدران چونکە دڕکی داری گۆیژەکە دەیپاراستن.

ئەو شەوە ژیانی ساماڵی ئاسمان و مانگ و ئەستێرەکانی ماوەییێکی زۆری نەخایاند، بـاغ و باغچە لە رۆژانی رابردوودا بارانی زۆری دی بوو، وردە باران، تاوە باران، رێژنـە بـاران، بـارانی سەر بە کڵاوە، بارانی سووری قوڕاوی، تەرزە و کرێوە، خاك هەمووی هەڵمژیبووە خۆی.

هەموو شت هێمن و کپ و لەسەرخۆ بوو، هەوری سپی پـەردەی بـەڕووی ئاسمـان گرتـەوە، مانگ و ئەستێرەی شاردەوە، باغ و باغچە تاریك نەبوو، چونکە پەردەکەی تەنك و سـپی بـوو، پێشەنگی بەفر دەستیپێکرد، وەکو باران خۆشڕەو نەبوو، لەسەرخۆ و بەناز و فیزەوە کلۆی بـەفر دەکەوتە سەر زەوی، نەرم و نیان بوو، دەنگی نەدەهات، تەنیا ئەوە بوو هەسـت بـە دەنگێکـی نهێنی دەکرا لە جێگەیەکی نادیارەوە روو دەکاتە باغ و باغچەکە. بەفری خـاوێن هەنـدێ جـار کلۆکانی بە سووڕدان و سەماکردن لە جێی خۆیان دەهاتنە خوارەوە، هەندێ جاریش بە هێڵێکی راست دەکەوتنە سەر زەوی. کلۆی بـەفر کـە دەکەوتـە سـەر کلۆکـانی پێـشوو ئەمانـە وایـان هەستدەکرد دڵدارە و هاتووە دەست لە ملی دلبەر دەکا.

بەیانی باغ و باغچە هەمووی سپی هەڵگەڕا، بەفر هەموو شـتێکی داپۆشـت، ئـەو شـتانە بوون بە پەیکەرێکی لە بەفر دروستکراو.

**١٢ی کانوونی یەکەم ٢٠٠٢**

## (٢٠٤)

# چاوی سروشت

**تابلۆی یازدەم**

٢١ی کانوونی دووەم

خاکی باغ و باغچە تێربووە بە باران و تەرزە و کرێوە و بەفر، بەزۆری چاوەنۆڕی تیشکی ڕۆژە بۆ ئەوەی هەندێ کزری بکاتەوە. بە شەو سایەقە بۆی هەیە هەندێ لە گیاو بنەگوڵی هاوینی بە تەواوی بتوێنێتەوە و لەسەر خاك شوێنەواریان نەمێنێ و لە ژێر ئەرزیش دەمارەکانیان زیندوون، بەڵام لەناو ئاوی گەرمی ژێر زەوی خەویان لێکەوتووە.

دوا هەڵمەتی زستان لەو ڕۆژانەدا گەلێك بەهێز دەبێ، بەڵام زۆر خایەن نییە، هەندێ لە سەرمای چللە ساردتر دەبێ کەچی بەردەوام نابێ، لەبەر ئەوە بە سەرمای درۆزن ناو دەبرێ. لەگەڵ ئەو سەرمایەی زۆربەی هەرە زۆری گیا و دەوەن و دار و درەختی باغ و باغچەی ترساندووە، هەندێ لە درەختەکان، ئەوانەی بەرەو ڕۆژن خەریکە چرۆ دەردەکەن، بەڵام ئەوانەی ڕۆژیان کەمە یا هەر نیانە و سێبەریان زۆرە تاکە تاکە گەڵایان پێوە ماوە، ئەمانە وەکو بڵێی دیمەنی زستان تێکدەدەن، ئەو دیمەنە دەبێ لە دار و دەوەن رووت بن، گیا زەرد هەڵگەڕابێ، ئەگەر بە چاوی هونەر تەماشای ئەو دیمەنە پڕ لە تەنگوچەڵەمەیە بکرێ لەوانەیە وەك سەرچاوەیێك بێ بۆ داهێنانێکی هونەری یا نووسینێکی ئەدەبی.

بنەوشەی کێوی بزێو و سەرکێشە، هەرچەندە ورد و ناسکە ئەوەندە چڕ و خۆگرە، ئەگەر گەرمای تەمووز نەبێ کە زۆر لێی دەترسێ لە هەموو سەردەم و ڕۆژگارێکدا لەناو بەفر و سەهۆڵبەندان، لەناو زوقم و ئاوەنگی سارد سەری دەردەکا. بنەماڵەی وەنەوشە گەورەیە، هەموو بابەتێکیان تێدایە، گەورە و بچووك، درشت و ورد، شین و مۆر، بەڵام یەك خاسیەتییان هەیە لەخۆبایین، حسێب بۆ گوڵی دیکە ناکەن، ڕەنگە ئەمەیان لەبەر ئەوە بێ بە ژمارە زۆرن، بە دیمەن جوانن، بە بۆن عەتریان لێ دەبژێ.

لەو ڕۆژانەدا بەهار و زستان بۆ یەکتری دەچنە مەیدانەوە، زستان ناتوانێ بەرهەڵستی بکا، چونکە بەرەو پیری کەوتۆتە ڕێ، لەو کاتەی کۆتایی پێدێ بەهار دەزێ، چونکە بەهار لەناو منداڵدانی زستان پێدەگا، بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە ئەوەی لەدایك ببێ.



بە چرۆکردنی لقێکی ئەم درەختە یا ئەوەکەی دیکەیان زستان کۆتایی نایە، هەروەها ئەگەر یەك دوو بنە ئەشرەفی چرۆ دەربکەن، بەم هۆیەوە قیڕەیان لێ هەڵسێ و داوای بڕینەوە و قەڵەم کردن بکەن، مانای ئەوە نییە بەهار زۆر نزیکە، چونکە لەو ڕۆژەدا کە ئەشرەفی چرۆی کردووە هێشتا زۆری ماوە گوڵ بکا. هەندێ جار شەپۆلێکی سەرما یا تەرزەیێکی زۆر دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو ئەو گیا و دەوەنانە بکوژێنەوە کە بۆنی بەهاریان کردووە و بەخۆ هاتوونەتەوە. چرۆی هەندێ لەو درەختانە و بنە ئەشرەفییەکان دەپووکێنەوە تا ئەو سەرمایە بەسەر دەچێ.

لەم ڕۆژانەدا داری قەیسی لە هەموویان هوشیارترە، لە پێشانا گوڵ دەکا، گوڵی پەمەیی، گوڵەکان وەك گەڵا خۆیان دەنوێنن، وا دەکەونە روو وەکو بڵێی گەڵایان لەباتی ئەوەی کەسك بێ پەمەییە، کەچی لە ڕاستیدا گەڵای دار نین، بەڵکو گوڵن، لە دوای ئەوەی بۆ ماوەیێك دەبنە هۆی جوانی دیمەنی باغ و پەڕی گوڵەکان هەڵدەوەرێن و میوەی قەیسی بن دادەنێ، ئینجا گەڵای کەسك لە دەوری قەیسییەکە سەر دەردەکەن و پێکەوە گەورە دەبن و لەناو خۆیانا قەیسی دەپارێزن تا بە تەواوی پێدەگا و ڕەنگی زەردی پرتەقاڵی دەنوێنێ.

هەمیشەبەهار گوڵێکی زەردی سەیرە، لە هەموو کەژەکاندا دەبینرێ، بە مەرجێك لەو ڕۆژانەی لە بەهار دەکەن، لەبەر ئەوە هەمیشە بەهاریان پێوتووە، چونکە لە هەموو کەژێکدا هاوین، پاییز، زستان، جگە لە بەهار هەر ڕۆژانێك لە بەهار بکەن ئەو گوڵە سەری دەردێنێ.

مام کیسەڵ لەو ڕۆژانەدا کەوتبووە بزووتنەوە، بەڵام ماوەی هاتوچۆی کەم بوو، بە تەواوی لەلانەی زستانەی نەهاتبووە دەرەوە، نازانرێ ئەم کیسەڵە لەکەیەوە لەم مەرز و بوومەدا دەژی، بێگومان نەك تەنیا خۆی بەڵکو باب و باپیرانیشی لە جێی ئەم باغ و باغچەیەدا ژیاون، لە کاتێکدا خاکێکی سەر بە سروشت و بەهاری جوان و ڕەنگین بووە. جا کە مێرگ و مێرغوزار سروشتی بووبێ کە بووە بە باغ و باغچە گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر ئەو خاکەدا نەهاتووە، بەڵکو دارو دەوەن و درەختی زیاتر بووە، لەبەر ئەوە لەوانەیە کیسەڵ هەستی بەو گۆڕانە نەکردبێ، یاخود ئەگەر کردبێتیشی بە چاکەی ئەو گەڕاوەتەوە، لەبەر ئەوە ئەو گۆڕانەی پێ خۆش بووە و هەوڵی نەداوە ئەو مەرزوبوومە بەجێبهێڵێ، بێگومان چاوەنۆڕی ئەوە بووە بۆقەکانیش لە دوای ئەو لەخەو هەڵسن و بە ئاوازە خۆشەکانیان ژینگە ئاوەدان بکەنەوە.

**١٩ی کانوونی یەکەم ٢٠٠٢**

# (٢٠٥)

# چاوی سروشت

**تابلۆی دوازدەم**

٢١ی شوبات

ئەگەر ئەم رۆژانە بە سەردەمی شێتی سروشت دابنرێن، ئەم راستییە لە ناو باغ و باغچەدا بە روونی ئاشکراو دیارە.

هەروەها لە خۆڕایی هەفتەکانی بەسەرچوونی سەرما و سۆڵەی زستان دروست نەبووە، ئەو هەفتانەی هیچ یەکێکی لە ئەوی دیکەیان ناکا.

دار و درەخت لە هەڕەتی گوڵ کردنیانن، بەتایبەتی داری قەیسی و چواڵە (باوی). لە پڕ دەکا بە بارانێکی سەر بە کڵاوەی دڵۆپی پڕ ئاو. دڵۆپی باران لەسەر پەڕەی گوڵی درەخت بڵاودەبنەوە، دڵۆپی وردتر دروستدەکەن و لاپەڕەیێکی گژنیژی دەنوێنن. لەولاوە لە کەلێنی پەڵە هەورەکانەوە کە تیشکی رۆژ شەوقی لە ئاونگی سەر پەڕەی گوڵ دەداتەوە، تابلۆییێکی مۆزاییێکی دروستدەبێ لە رەنگی گوڵی درەخت و گەڵا و تیشکی رۆژ.

ئەگەر چاو بتروکێنرێ بۆ لاییێکی دیکە تیشکی رۆژ وا دەکەوێتە بەرچاو بە چرۆی هەموو درەختەکان شاد بووە، خۆ ئەگەر ئاوڕێك لە لقی دار و درەختەکان بدرێتەوە لەلاییێك وردە باران دەڕژێتە سەریان و لەلاییێکی دیکەوە تیشکی خۆر سەما بە دڵۆپە وردەکانی باران دەکا، ئەو کاتە زیاتر هەست بە رەنگاوڕەنگی سروشت دەکرێ.

لەو رۆژانەدا تەنیا رۆژ ملکەچی ئەو گۆڕانانە نییە، شەو دەورێکی باڵای هەیە، شەو ئەگەر لە پەناوە رووداوی لێ نەدزرێ، وا دەزانرێ لەبەر تاریکی گێتییێکی نهێنییە و هەموو کردەوەییێکی شاراوەیە و کەس لە جادوو و ئەفسانەکانی ناگا، بەڵام راستی ئەوە نییە. لەو سەردەمانەدا دیمەنی لەمجۆرە لە ئاسمانی باغ و باغچەکەدا دەبینرێ: لاییێکی ئاسمان لە پەڵە هەورەکانەوە بارانێکی ورد و لەسەرخۆ و بە هێمنی دێتە خوارەوە، ناوە ناوە دڵۆپی مەییوو لەگەڵ ئەوانی دیکە تێکەڵ دەبێ، واتە دەبێتە کڕێوە، ئەمە نە بەفرە، نە تەرزەیە، نە بارانە، بەڵکو هەموویانە و تێکەڵ بە یەکتری بوون.



لایەکەی دیکەی ئاسمان ساماڵە، مانگ بە دەرەوەیە، رووناکییە شینەکەی دار و درەخت و دەوەن وەك تارماییێکی بوونەوەر دەخاتەڕوو، بینینی دیمەن لای تاریکەکە دەبێ، لەو دیوەی کە هەوری رەش و سپی ئاسمانیان داپۆشیوە، لێرەدا لە کەلێنی درەختەکان مانگ دەبینرێ، هەست بە رووناکی زیوین دەکرێ، دیمەنی سروشت بە جۆرێك هەستی پێدەکرێ دڵۆپی وردە بارانی تێکەڵ بە کڵۆی بچووکی بەفر لەلاییێك لقی دار و درەخت دەشوا، لەلاییێکی دیکە یاری بە تیشکی مانگ دەکا.

لە جێگەییێکی باغ و باغچەکە هەست بە زستان دەکرێ، بارانی سارد و بەفر و کڕێوە هەیە، بەڵام هەر لەناو ئەم بڕە سروشتەدا، لە دەوری حەوز و بەردەم دێراوی درەختەکان و قەراغ جۆباری باغچە گوڵی فیزیا بە رەنگ و بە بۆن بەهارێکی تەواوی لەگەڵ خۆی هێناوە، ئەمە یەکەمین گوڵێکە لە دواڕۆژانی زستان موژدەی بەهار لەگەڵ خۆیدا دێنێ. ئەم گوڵە وا دەردەکەوێ لە گێتییێکی نهێنی و نائاشکرا دەژی، کە بەچاو دەبینرێ هەست بە بەهار دەکرێ، کەچی ئەگەر لەبەرچاو نەبێ کەژ هێشتا زستانە. ئەو گوڵە وێنە و بەڵگەی شتێکە هارمۆنیاییێکی جوانی لێ بەدیدەکرێ، لەو رەنگانە پێکهاتووە کە لە یەکترییەوە دەوەشێنەوە، شین و مۆر و پەمەیی و سپی، وەکو ئەشرەفی و مێخەك (قەنەفڵ) هەموو رەنگەکانی پەلکە زێڕینەیان تێدا نییە.

رۆژ بە رۆژ گێروگرفت و تەنگوچەڵەمە لە سروشتدا روونتر و ئاشکراتر دەردەکەوت. بەیانییێك کپ بوو، باغ و باغچە لە ژیانێکی پڕ لە هێمنی دابوو، جگە لە ئاوازێکی وردی لەسەرخۆ هەست بە هیچ شتێکی دیکە نەدەکرا، بەڕاستی هێمنییێکی ترسێنەر بوو، چونکە لەوانە بوو ئەم کپییە ببێ بە جووڵانەوەییێکی نائاسایی.

راستییەکەش ئەوەبوو، لە ماوەییێکی زۆر کەمدا، هەور بەری ئاسمانی گرت، باغ و باغچە تاریك بوو، ناوە ناوە برووسك رووناکی دەدایە دیمەنی سروشت، لەو چاو قوچانانەدا دیمەن جوان بوو، بەڵام هەورە تریشقە گوێی کاسدەکرد، دەتوت نەعرەتە و نەڕەی دێوە لەناو هەور یەکتری دەکوژن، دار و بەرد و گیا و دەوەن و درەخت لەرزیان لێدەنیشت، ئینجا باران، بارانێك لەوەی تۆفانی دروستکرد و هەموو رووی زەوی بوو بە ئاو.

بارانی بەخوڕ پشووی نەبوو، باغ و باغچە نوقمی ناو ئاو بوو، گیا و دەوەنە وردەکان کەوتنە ژێر ئاوەوە، دەوەن و دار و درەختەکان ئاو تا ناوقەدیان هاتبوو. چەند رۆژێك باران و لافاو بەردەوام بوون.

سروشت زیانێکی زۆری لێکەوت، رووەکی ناو باغ و باغچە شپرزە بوو، بەڵام نەمردن لە دوای رۆژگارێك لە بەهاردا زیندوو بوونەوە. ئایا ژیان و سروشت بێ بەهار دەبن؟!

**٢٦ی کانوونی یەکەم ٢٠٠٢**

# (٢٠٦)

# مالاوایی

## ١

هۆی بنچینەیی ئەم ((مالاوایی))یە تەنیا لە هەفتەنامەی ((گولان)) نییە، بەڵكو لە رۆژنامەگەرییە بەگشتی. ئێستا كارێكی ئەدەبی بە قەوارە گەلێ گەورەم بەدەستەوەیە، بە درێژایی تەمەنی خوێندەواریم خۆم بۆ ئامادەكردووە، سەرچاوەم دۆزیوەتەوە، كەرەستەم بۆ كۆكردۆتەوە، پێموایە لە حەوت بەرگ كەمتر نابێ، ناوی كارەكە ((مێژووی ئەدەبی كوردی))یە. تا ئێستا دوو بەرگی لێ بلاوكراوەتەوە، ئەمە كەمەكەیەتی و زۆری ماوە. جا ئەگەر واز لە زۆربەی كارە رۆشنبیرییەكانم نەهێنم تەنیا موحازەرەی زانستگا نەبێ ناتوانم ئەو پرۆژە گرنگە بگەیەنمە ئەنجام. پێموایە كاتی ئەوە هاتووە خۆم بخەمە ناو جۆرە گۆشەگیرییێكەوە ئەگەر وا نەكەم ناتوانم ئەو پرۆژەیە بگەیەنمە ئەنجام. جارێ ئەم مەسەلەیە با لەوی بوەستێ.

## ٢

لە پاییزی ساڵی ١٩٩٨ كاربەدەستانی گولان داوایان لێكردم گۆشەییێكی تایبەتی لە رۆژنامەی ((گولان))ی رۆژانەی ئێواران بەڕێوە ببەم. وابوو رەزامەندیم پیشاندا، لە ژمارەی ئێوارەی چوارشەمووی هەموو هەفتەییێك وتارێك لە ستوونێك و لاپەڕەییێكی دیاریكراوی رۆژنامەكە بلاوبكرێتەوە. ئەڵقەی یەكەمی زنجیرە وتارەكە لە رۆژی ٢٧ی تشرینی یەكەمی ١٩٩٨ بلاوكرایەوە. لە دوای زیاتر لە ساڵێك دەسگای گولان بڕیاریدا رۆژنامەكە لە بلاوكردنەوە بوەستێ. دوا ژمارەی زنجیرە وتارەكانم لە رۆژی (٢٣)ی شوباتی ٢٠٠٠ بلاوكرایەوە، وتاری من لەو ژمارەیەدا (٥٩)یەمین وتار بوو.

لە دوای وەستانی رۆژنامەی ((ئێوارە گولان)) دووبارە كاربەدەستانی دەسگای رۆشنبیری گولان داوایان لێكردم گۆشەكەم بگوێزمەوە سەر لاپەڕەكانی كۆواری ((گولان))ی هەفتانە. ئیتر لەبەر ئەوەی ئەم كۆوارە هەفتەی جارێك رۆژی پێنج شەمووان دەردەچوو، ناوی گۆشەكەی من نرا ((پێنج شەمووان)) یەكەمین ئەڵقەی گۆشەكەم لە ژمارەی رۆژی (١)ی مارتی ٢٠٠٠



بلاوكرایەوە، لەم كارەدا بەردەوام بووم تا ئاوابوونی سەدەی بیستەم، دوا ژمارە لە رۆژی (٢١)ی كانوونی یەكەمی ٢٠٠٠ كەوتە بازاڕەوە.

لەسەر داوای كاربەدەستانی دەسگای گولان هەموو وتارەكانی رۆژنامەی ((ئێوارەی گولان)) و كۆواری ((گولان))ی هەفتانە كۆكرانەوە، ژمارەیان (١٠٢) ئەڵقە بوو، بە ئومێدی ئەوەی لە كتێبێكدا چاپ بكرێن، ئەركی سەرپەرشتی كتێبەكەم خستە سەر شانی خۆم، كە لە هەموو شتێكی تەكنیكی كتێبەكە بووینەوە ناوم نا ((دیجلەی هزرم)). لەو رۆژانەی كتێبەكە دەبوو بدرێتە چاپخانە بەهۆی ئەوەی وەزعی دارایی لەبار نەبوو هەندێ لەو شتانەی پارەی تێدەچوو پێویست بوو بوەستێنرێ. ئیتر نازانم كەی ئەو پارەیە دەبێ و كتێبەكە دەگاتە دەست خوێنەر و خوێندەواری كوردەوە!.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ وە بەردەوام بووم لە بلاوكردنەوەی وتارەكان تا دوارۆژانی ساڵی ٢٠٠٢، لەم ماوەیەدا ژمارەی وتارەكان گەیشتە (١٠٢). بەمجۆرە لە ماوەی چوار ساڵ و دوو مانگ (١٩٩٨-٢٠٠٢) ژمارەی هەموو وتارەكان بەگشتی بوو بە (٢٠٦) وتار. لێرەدا لەگەڵ تەواوبوونی ساڵی ٢٠٠٢ مالاواییەكە دەست پێدەكا.

## ٣

وەكو لەسەرەوە وتم مەبەستی بنچینەیی لە بەردەوام نەبوونی ئەم گۆشەیە و بڕیاری دواخستنی هەموو كارێكی رۆشنبیری لە پێناوی ئەوە دایە ((مێژووی ئەدەبی كوردی)) تەواو بكەم، بەلام وەنەبێ گلەییم نەبێ. بە چاكی دەزانم لەگەڵ ئەم مالاواییە هەندێكیان دەربڕم. بەڕاستی رۆژنامەگەری لای ئێمە بەتایبەتی دەسگای ((گولان)) كارێكی وای نەكردووە هێندەی سەرە دەرزییێك دڵم بیەشێنێ، هەستم بەوە كردووە هەندێجار ئەوەی من دەیڵێم یەكێكی دیكە نەیتوانیوە بیدركێنێ. من لێرەوە دەست پێدەكەم، ئایا دیموكراتیزم هەیە؟ دەربڕینی بیروڕا سەربەستە؟ ئەمە كارێكە نیسبییە، هەندێ كەس وا دەزانن ئازادی بیروباوەڕ بەوەیە رەخنە لە كۆمەڵی پێش شۆڕش بگری، هەر شۆڕشێك. ئەمە وانییە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی مەلیكی لە عێراق نەدەبوو بە خراپە ناوی مەلیك ببەی، نەدەبوو بە ئینگلیز بڵێی ئەمپریالیست. لە دوای رووداوەكانی (١٤)ی تەمووز ئازادی بیروباوەڕ لەوە دابوو نەك رەخنە بەڵكو پێویست بوو جنێو بە مەلیك و ئینگلیز بدەی. ئەمە سەربەستی نییە لە بیروباوەڕدا، بەڵكو سەربەستی ئەوەیە رەخنە لە بەڕێوەبەرایەتییەكەی پاش شۆڕش بگری، هەر شۆڕشێك.

هاتنه خوارەوەی پلەی رۆژنامەگەری لای ئێمە دیاردەییێکی دژوار و کوشندەیە. کۆوار و رۆژنامە زۆرن، ئەو کادیرەی لە ناوەوەیە کەمە، بەشیان ناکا، زیاد لەسەر ئەمە بەرنامەی بەهێز و پتەو لە ناوەوە نییە لەبەر ئەوە زوو ماندوو دەبن. کۆواری رۆشنبیری لای ئێمە بەگوڕ دەستپێدەکا، بەڵام ئەوەی پێیەتی زوو هەڵیدەڕێژێ و تەواو دەبێ و پەکی دەکەوێ.

ئەوەی پێوەندییێکی زۆری بەم دواکەتووییە هەیە ((موکافەئە))یە! ئایا دەزانی لەم وڵاتەدا کەسی وا هەیە کوردی نازانن، بەڵام بە کوردی زان ناسراون. وتاریان بۆ دەنووسرێتەوە. عەیب نەبێ، بە ناوی ئاشکرای خۆیان بڵاوی دەکەنەوە! ئەمە و جگە لەوانەی ناوی نهێنی بەکار دێنن، تەنیا خودا خۆی دەیزانێ ئەمانە کێن!

کیژێکی منداڵکار، رەنگە زۆر جوانیش نەبێ، دەبێ بە گۆرانیبێژی هەڵکەوتوو، بە شاعیری گەورە، بە هونەروەری بێ هاوتا، ریپۆرتاجی لەگەڵدا دەکرێ. نەوەکانی پاش ئەوانەی ئێستا لە تەمەنی دوای چل ساڵی ریپۆرتاجیان لەگەڵدا دەکرا، دەترسم بڵێن ئەوان دواکەوتوو بوون، بەڵام ئەوەی ئێستا پێشکەوتوون.

گەلێ جار بە هاوڕێیانی رۆژنامەنووسم وتووە: بەس بێ نووسەری یەکەم، شاعیری یەکەم، دوکتۆر و موکتۆر، پرۆفیسۆر و مرۆفیسۆر، بەڵام بێ سوود بوو. هەمووجار کە ئەم قسانە دەکەم وا دەزانم دەبێ من نەزان و نەخوێندەوار بم بۆیە بە قسەم ناکەن.

## ٤

پێش ئەوەی کۆتایی بەم دوو قسەیە بێنم، خوێنەر و خوێندەواری کورد ئاگادارە دوازدە ئەڵقەی زنجیرە وتارەکانی ((گوڵان)) بە ناوی ((چاوی سروشت))ەوە بوو، دوور لە ئادەمیزاد و کۆمەڵانی مرۆڤایەتی بوو، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئیشارەتێك بوو بۆ گۆشەگیری، دوورکەوتنەوە لە رووداوی سیاسی رۆژانە، چونکە لەم رۆژانەدا ئەم سیاسەتە گەلێك نالەبارە، نازانین سبەینێ چی روودەدا، ئەوەی دەبێ لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نادۆزرێتەوە، ئەگەر بە دەسەڵات بوومایە ئەوەی دەسەڵاتداران لە هەر پێنج کۆنتینێنتەکە کردوویانە و دەیکەن من نەمدەکرد و نایکەم، ئەو کاتە حاڵ بەمە نەدەگەیشت. ئیتر لەبەر ئەوەی من هیچم بۆ ناکرێ لە گۆشەگیریدا شۆڕشگێڕی دەبینم، ئەگەر ئەوە نەکەم ئەو کتێبەی بۆ کورد ئامادەی دەکەم بۆم تەواو نابێ.

ئیتر ماڵی گوڵان و ماڵی کوردەواری و ماڵی عێراق و ماڵی هەموو مرۆڤایەتی ئاوابێ.

**١ی کانوونی دووەم ٢٠٠٣**